# Appendix 1

## The ST and TT Corpora

**Text 1**

| ST | TT |
|---|---|
| Dangerously silent on human rights<br>*By Jackson Diehl* | **ترسناکی بێ دەنگ بون لە مافەکانی مرۆڤ**<br>جاکسن دیێڵ |
| In a speech to the U.N. General Assembly last September Barack Obama suggested that his administration's notoriously weak defense of human rights around the world would be invigorated. "We will call out those who suppress ideas and serve as a voice for those who are voiceless," he said. He went on to urge other democracies: "Don't stand idly by, don't be silent, when dissidents elsewhere are imprisoned and protestors are beaten." | لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەیدەری<br>لە وتارێکیدا بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مانگی ئەیلولدا، باراك ئۆباما رایگەیاند کە ئەو بەرگرییە لاوازەی لە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئیدارەکەیەوە لە سەرانسەری جیهان دەکرێت دەبێ چارەسەر بکرێت و وتی: "ئێمە بانگی ئەوانە دەکەین کە بیر و هزری خەڵکی کپ دەکەن بۆ خزمەتکردنی ئەوانەی دەنگیان نییە"، بە وڵاتە دیموکراسییەکانیشی راگەیاند: "دەستەوەستان مەوەستن و بێ دەنگ مەبن کاتێك دەبینن چەوساوەکان لە هەرشوێنێك دەخرێنە بەندیخانەو ئەوانەی دەنگی نارەزاییشیان بەرزدەکەنەوە ئازار دەدرێن". |
| Just over two months later, Secretary of State Hillary Rodham Clinton visited Bahrain, an important Persian Gulf ally that hosts the U.S. Fifth Fleet. The emirate was in the midst of a major crackdown on its opposition. Two dozen dissidents, including intellectuals, clerics and a prominent blogger, had been rounded up, charged under anti-terrorism laws and allegedly tortured. A human rights group that had received U.S. funding was taken over by the government. Human Rights Watch had concluded that "what we are seeing in Bahrain these days is a return to full-blown authoritarianism."<br>Clinton's response? Extravagant and virtually unqualified praise for Bahrain's ruling al-Khalifa family. "I am very impressed by the progress that Bahrain is making on all fronts - economically, politically, socially," she declared as she opened a town hall meeting. Her paeans to Bahrain's "commitment to democracy" continued until a member of parliament managed to gain access to the microphone and asked for a response to the fact that "many people are arrested, lawyers and human rights activists."<br>Clinton's condescending reply was a pure apology for the regime. "It's easy to be focused internally and see the glass as half empty. I see the glass as half full," she said. "Yes, I mean people are arrested and people should have due process . . . but on the other hand the election was widely validated. . . . So you have to look at the entire picture." | هەر دوای دو مانگ دواتر، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هیلاری رۆدهام کلینتن سەردانی میرنشینی بەحرەینی کرد، کە هاوپەیمانێکی گرنگە لە ناوچەی کەنداو میوانداری پێنجەمین کەشتیگەلی ئەمەریکا دەکات لە ناوچەکە، میرنشینەکە خەریك بو لەناو بچێت بەرامبەر بەرهەڵستکارەکانی. بەشێکی زۆر لەو بەرهەڵستکارانە، کە پێکهاتبون لە رۆشنبیر و پیاوی ئایینی بە ناوی یاساکانی دژە تیرۆر بە مەبەست ئازاردران و بلۆگەرێکی بەناوبانگیش داخرا، گروپێکی مافەکانی مرۆڤیش کە لەلایەن ئەمەریکاوە یارمەتی دارایی پێشکەش دەکرا، لەلایەن حکومەتی بەحرەینەوە دەستی بە سەرداگیرا. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێیوایە: "ئەو شتەی لە بەحرەین دەبینرێ سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، گەڕانەوەیەکی تەواوە بۆ دەسەڵاتدارێتی رەها".<br>وەڵامی کلینتۆن چی بو بۆ ئەو هەمو شتەی لە بەحرەین رو دەدا؟ وەڵامێکی نامەنتیق و بەتەواوی پیاهەڵدانێکی نەشیاو بو بەسەر بنەماڵەی خەلیفەدا، ئەو لەکاتێکدا هۆڵێکی کۆبونەوەی کردەوە رایگەیاند: "من زۆر دڵخۆشم بەو پێشکەوتنانەی بەحرەین کە لە هەمو بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەدەست هاتون"، دڵخۆشییەکانی بە دیموکراسی بەحرەین بەردەوام بو تا ئەو کاتەی یەکێك لە لە ئەندام پەرلەمانەکان گەیشتە سەر میکرۆفۆنەکەو داوای وەڵامێکی کرد بۆ ئەو هەمو خەڵکەی کە گیراون لە پارێزەر و چالاکوانانی مافی مرۆڤ، وەڵامە بەفیزەکەی کلینتۆن لێبوردنێکی پاکانە بو بۆ رژێمی بەحرەین، کلینتۆن وتی: "بە ئاگابون لە رەوشی ناوخۆی وڵات ئاسانە و هەروەکو دەتوانی شتە خراپ و نێگەتیڤەکانیش چاودێری بکەیت، من حاڵەتەکە بە خراپ دەبینم"، وتیشی: "بەڵێ، من مەبەستم ئەوەیە خەڵك دەست بەسەر کراوە و پێویستە ئەوان بەپێی یاسا مافەکانیان پارێزراو بێت...، بەڵام هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی فراوان پشگیریان لێ دەکرێت... بۆیە تۆ پێویستە تەماشای رەوشەکە بەگشتی بکەیت". |
| So much for a fresh start on human rights. Clinton's Bahrain visit reflected what seems to be an intractable piece of the Obama administration's character: a deeply ingrained resistance to the notion that the United States should publicly shame authoritarian regimes or stand up for the dissidents they persecute. | هێشتا زۆری ماوە بۆ دەستپێکردنێکی نوێ لەسەر مافەکانی مرۆڤ، سەردانەکەی هیلاری بۆ بەحرەین رەنگدانەوەی ئەو کێشە قورسانەیە کە بەشێکن لەو کێشانەی ئیدارەکەی ئۆباما روبەڕوی دەبێتەوە: بەرەنگاربونەوەیەکی رەگ داکوتراوە لەسەر ئەوەی ئایا پێویستە ئەمەریکا بە ئاشکرا رژێمە دەسەڵاتخوازەکان شەرمەزار بکات، یان بەرگری لە چینی چەوساوە بکات. |
| Yes, Obama made a public statement the day an empty chair represented Chinese dissident Liu | بەڵێ، لەو رۆژەدا کە ئۆباما وتارێکی لە ئاهەنگی پێدانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە رەخنەگری چینی لو خیاوبۆدا پێشکەش کرد رەخنەگرەکە بەشدار نەبو لە ئاهەنگەکەدا، هەروەها هەفتەی رابردوش ئۆباماو کلینتۆن هەردوکیان وتارێکیان پێشکەش کرد |

| | |
|---|---|
| Xiaobo at the Nobel peace prize ceremony, and both he and Clinton issued statements last week when Russia's best-known political prisoner, Mikhail Khodorkovsky, was convicted on blatantly trumped-up charges. But in all sorts of less prominent places and cases, the U.S. voice remains positively timid - or not heard at all.<br><br>After Egypt's terrible elections in November, in which ballot boxes were blatantly stuffed and the opposition brutally suppressed, the administration's commentary was limited to bland statements issued by "the office of the press secretary" at State and the spokesman of the National Security Council. Three weeks earlier, at a widely watched joint press conference in Washington with Egypt's foreign minister, Clinton made no mention of the elections, the crackdown or anything else related to human rights.<br>In Latin America, friends of the United States marvel at its passivity as Hugo Chavez and Daniel Ortega systematically crush civil society organizations and independent media. "I don't see a clear policy," Venezuelan opposition leader Leopoldo Lopez - a good example of the sort of dissident Obama promised to defend - told me.<br>When the administration touts its record it often focuses on the declarations it has engineered by multilateral forums, such as the U.N. Human Rights Council. The ideology behind this is that the United States is better off working through such bodies than acting on its own. The problem is that, in practice, this is not true. Set aside for the moment the fact that the U.N. council is dominated by human rights abusers who devote most of the agenda to condemnations of Israel. Who has heard what the council said about, say, the recent events in Belarus? The obvious answer: far fewer people than would have noticed if the same critique came from Obama or Clinton.<br><br>Back to Bahrain for a moment. The "entire picture" Clinton referred to is that virtually no one, outside the Bahraini royal family and the State Department, shared her judgment that the parliamentary election was "free and fair." The dissidents are still on trial; their defense lawyers resigned en masse last month because of the court's refusal to consider any of their motions.<br><br>Recently, Human Rights Watch spoke up again on behalf of Nabeel Rajab, the president of the Bahrain Center for Human Rights, who has been repeatedly harassed by security forces, prevented from traveling and called a terrorist by the state news agency.<br>Has the Obama administration spoken up for this relatively obscure and "voiceless" dissident? Of course not. | کاتێك میخایل کۆدۆرکۆڤۆسکی بەناوبانگترین بەندکراوی سیاسی روسیا بە ئەنقەست تاوانبار کرا، بەلاَم لە هەمو حاڵەتەکان و شوێنە دیارەکاندا، رۆڵی ئەمەریکا زۆر کەمە، یان هەر نییە.<br><br>دوای هەڵبژاردنە خراپەکەی میسر لە مانگی تشرینی دوەم، کە تیایدا سندوقەکانی دەنگدان بە کارتی دەنگدانی زیادە پڕ کرانەوە و بەرهەڵستکارەکانیش بەشێوەیەکی درندانە چەوسێنرانەوە، لێدوانەکانی حکومەت سنوردار بون سەبارەت بە رونکردنەوەکانی ئۆفیسی سکرتێری رۆژنامەوانی لە ئەمەریکا و راویژکاری کونسولی ئاسایشی نەتەوەیی، سێ هەفتە پێشتر، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی بەرفراوانی بەرچاودا لە واشنتن هاوشان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی میسر، هیلاری کلینتۆن باسی هیچ کام لە هەڵبژاردنەکانی میسر و پێشێلکردنەکانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ لەو ولاَتەدا نەکرد.<br><br>لە ئەمەریکای لاتین، دۆستەکانی ئەمەریکا سەریان سوڕماوە لە سستی وەلاَمدانەوەی ئەو ولاَتە بەرامبەر کردارەکانی هۆگۆ چاڤێز و دانییێل ئۆرتیگا لە سەرکوتکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوەکان و میدیای سەربەخۆ لە ولاَتەکانیاندا. لیۆپۆلدۆ لۆپێز سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی ڤەنزوێللا -کە پەیمانی پاراستنی لە لایەن ئۆباماوە پێدرابو- پێی گوتم، (من سیاسەتێکی ڕون نابینم لە لایەن ئەمەریکاوە).<br><br>کاتێك ئیدارەکە تۆماری پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ بلاَو دەکاتەوە، ئەم تۆمارە جەخت لە سەر هەمو ئەو جارنامانە دەکاتەوە کە لە لایەن کۆر و دەزگا فرە چەشنەکانی وەکو ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دارێژراون. بیرۆکەی پشت ئەم شتە ئەوەیە کە ئەمەریکا باشترە لەگەڵ ئەو کۆمەلاَنەدا ئیش بکات نەوەك بە تەنها، کێشەکە ئەوەیە ئەمەریکا بە کردار ئەم شتە ناکات، بۆ ساتێك ئەو راستییە لە بیر بکەن کە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لایەن پێشێلکارانی مافی مرۆڤەوە، کە زۆربەی کاتەکانیان تەرخان کردوە بۆ رەخنەگرتن و تاوانبارکردنی ئیسرائیل، دەستی بەسەردا گیراوە. کێ گوێبیستی ئەوە بوە کە ئەنجومەن دەربارەی ئەو روداوانەی ئەم دوابییەی بیلارۆس چی وت و چی دەڵێت؟ وەڵامەکە ئەوەیە: خەڵکێکی زۆر کەمتر لەوەی کە تێبینی دەکرا گوێبیستی شتەکە بوە بە شێوەیەك ئەگەر هەمان رەخنەکان لە لایەن ئۆباماو هیلاری کلینتۆنەوە گیرابان.<br>دوبارە کەمێك دەربارەی بەحرەین: کاتێك هیلاری کلینتۆن وتی: (رەوشە گشتییەکە)، ئەو بە هیچ شێوەیەك مەبەستی کەس نەبو جگە لە بنەماڵەی شاهانەی بەحرەین و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، کاتێك گوتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە (ئازاد و دادپەروەر بو)، بەندکراوەکان هێشتا هەر دادگایی دەکرێن و پارێزەرەکانیشیان لە مانگی رابردو بە کۆمەڵ کشانەوە، چونکە دادگا هیچ حسابێکی بۆ نەکردن.<br>لەم دواییانەدا، رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دوبارە کەیسی نەبیل رەجەبی، کە سەرۆکی سەنتەری مافەکانی مرۆڤە لە بەحرەین، وروژاندەوە کە ئەو کەسە چەند جارێك لەسەر یەك لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بێزار کراوە بە رێگەنەدانی بە گەشتکردن و ناوزەنکردنی بە تیرۆرست لە لایەن دامودەزگا هەواڵییەکانی دەوڵەتەوە.<br>ئایا ئەمەریکا تائێستا هیچ وەلاَمێکی هەبوە بۆ ئەم (دەنگ کپکراوە)؟ بێگومان نەخێر.<br>سەرچاوە: واشنتن پۆست |
| **Text 2** | |

| ST | TT |
| --- | --- |
| **This Is Just the Start**<br>**By THOMAS L. FRIEDMAN**<br>Future historians will long puzzle over how the self-immolation of a Tunisian street vendor, Mohamed Bouazizi, in protest over the confiscation of his fruit stand, managed to trigger popular uprisings across the Arab/Muslim world. We know the big causes — tyranny, rising food prices, youth unemployment and social media. But since being in Egypt, I've been putting together my own back-of-the-envelope guess list of what I'd call the "not-so-obvious forces" that fed this mass revolt. Here it is:<br>**THE OBAMA FACTOR** Americans have never fully appreciated what a radical thing we did — in the eyes of the rest of the world — in electing an African-American with the middle name Hussein as president. I'm convinced that listening to Obama's 2009 Cairo speech — not the words, but the man — were more than a few young Arabs who were saying to themselves: "Hmmm, let's see. He's young. I'm young. He's dark-skinned. I'm dark-skinned. His middle name is Hussein. My name is Hussein. His grandfather is a Muslim. My grandfather is a Muslim. He is president of the United States. And I'm an unemployed young Arab with no vote and no voice in my future." I'd put that in my mix of forces fueling these revolts.<br>**GOOGLE EARTH** While Facebook has gotten all the face time in Egypt, Tunisia and Bahrain, don't forget Google Earth, which began roiling Bahraini politics in 2006. A big issue in Bahrain, particularly among Shiite men who want to get married and build homes, is the unequal distribution of land. On Nov. 27, 2006, on the eve of parliamentary elections in Bahrain, The Washington Post ran this report from there: "Mahmood, who lives in a house with his parents, four siblings and their children, said he became even more frustrated when he looked up Bahrain on Google Earth and saw vast tracts of empty land, while tens of thousands of mainly poor Shiites were squashed together in small, dense areas. 'We are 17 people crowded in one small house, like many people in the southern district,' he said. 'And you see on Google how many palaces there are and how the al-Khalifas [the Sunni ruling family] have the rest of the country to themselves.' Bahraini activists have encouraged people to take a look at the country on Google Earth, and they have set up a special user group whose members have access to more than 40 images of royal palaces."<br>**ISRAEL** The Arab TV network Al Jazeera has a big team covering Israel today. Here are some of the stories they have been beaming into the Arab world: Israel's previous prime minister, Ehud Olmert, had to resign because he was accused of illicitly taking envelopes stuffed with money from a Jewish-American backer. An Israeli court recently convicted Israel's former president Moshe Katsav | **ئەمە تەنها سەرەتایە**<br>**تۆماس فریدمان**<br>**لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەیدەری**<br>مێژونوسان لە داهاتودا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ باس لە خۆسوتاندانەکەی هاوڵاتیە تونسیەکە، محەمەد بو عەزیزی، دەکەن لە ئەنجامی نارەزایی بەرامبەر قەدەغەکردنی سەوزە فرۆشتن، کە بوە هۆی هەڵگیرسانی راپەڕینی جەماوەری لە سەرتاسەری جیهانی موسڵمان و عەرەب. ئێمە هۆ گەورەکانی ئەوە دەزانین کە دیکتاتۆریەت و بەرزبونەوەی نرخی خواردن و بێکاری گەنجان و میدیای کۆمەڵگا بون. بەڵام لەو کاتەوەی من لە میسرم من هەمیشە لێکدانەوەی تایبەت بە خۆم بۆ هۆی ئەم خۆپیشاندانانە هەبوە کە پێیان دەڵێم "هێزی نارۆشن". لەبەر ئەم هۆیانە:<br>فاکتەری ئۆباما: هاوڵاتیانی ئەمەریکا هەرگیز بە تەواوی ئەو شتە رادیکاڵەی کە کردیان بە باش تەماشا ناکەن _لە چاوی زۆربەی جیهاندا_ لە هەڵبژاردنی ئەمەریکیەکی ئەفریقی کە ناوی دوەمی حسێنە و سەرۆکە. من قەناعەتم وایە بە گوێگرتن لە وتارەکەی ئۆباما لە قاهیرە لە ساڵی 2009، لە وشەکان نا، بەڵکو بە بیر کردنەوە لە کەسایەتیەکەی ئۆباما، زۆربەی گەنجەکان بە خۆیان دەوت: "ئەها، تەماشاکە. ئۆباما گەنجە و منیش گەنجم. ئەو پێستی رەشە و منیش پێستم رەشە. ئەو ناوی دوەمی حسێنە و ناوی منیش حسێنە. باپیری ئەو موسڵمانە و باپیری منیش موسڵمانە. ئەو سەرۆکی ئەمەریکایە، بەڵام من گەنجێکی عەرەبی بێکاری بێدەنگ و بێ داهاتوم." من ئەو هۆیە دەخەمە ریزی ئەو هێزانەوە کە بونە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانانە.<br><br>نەخشەی جیهانی گوگڵ: لە کاتێکدا فەیسبوك میسری تەنیوە، تونس و بەحرەین نەخشەی جیهانی گوگڵیان بیر ناچێتەوە، کە دەستی کرد بە بێزارکردنی سیاسەتی بەحرەینی لە ساڵی 2006دا. کێشەیەکی گەورە لە بەحرەین، بە تایبەتی بۆ پیاوانی شیعە کە دەیانەوێ ژن بخوازن و ماڵ بۆخۆیان بنیات بنێن، نایەکسانی دابەشکردنی زەوییە. لە 27ی تشرینی دوەمی 2006دا، رێك لە کاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی بەحرەین، رۆژنامەی واشنتۆن پۆست راپۆرتێکی بەم شێوەیە دابەزاند: "مەحمود، کە لەگەڵ دایك و باوکی و چوار خوشك و برا و منداڵەکانیان لە یەك خانودا دەژی، دەڵێت کە ئەو کاتێك لە گوگڵ تەماشای بەحرەین دەکات دەبینێت خاکێکی زۆری بەتاڵ لەم وڵاتەدا هەیە، لە کاتێکدا بە دەیان هەزار خێزانی هەژاری شیعە لە شوێنێکی بەرتەسك و چڕوپڕدا کۆکراونەتەوە. مەحمود دەڵێت "ئێمە 17 سەر خێزانین تەنها لە خانویەکی بچوکدا، وەکو زۆربەی خەڵکی تر لە ناوچەکانی باشور. بەڵام لە گوگڵ دەبینم کە خەلیفەی بەحرەین (کە سوننەیە) چەندان کۆشك و هەمو خاکی وڵاتی خستۆتە ژێر دەستی خۆی. چالاکوانانی بەحرەین هانی خەڵکیان داوە تەماشای وڵاتەکەیان لەسەر نەخشەی گوگڵ بکەن و ئەکاونتی تایبەتی گروپێکیشیان کردۆتەوە کە ئەندامەکانی دەتوانن زیاتر لە 40 کۆشك و تەلاری پادشایەتی بەحرەین ببینن."<br><br>ئیسرائیل: تۆڕی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە لەمڕۆدا خاوەنی تیمێکی گەورەیە کە هەواڵ دەربارەی ئیسرائیل بڵاو دەکاتەوە. لێرەدا ئەمانە چەند هەواڵێکی ئەو کەناڵەن کە دەربارەی ئیسرائیل ورژاندویەتی: (سەرۆك وەزیرانی پێشوی ئیسرائیل، ئیهود ئۆلمێرت، پێویست بو دەست لە کار بکێشێتەوە چونکە ئەو تاونبار کرابو بە وەرگرتنی پارە بەشێوەیەکی نایاسایی لە پشتیوانێکی جولەکەی ئەمەریکی.<br>دادگایەکی ئیسرائیلی لەم دواییانەدا مۆش کاتسای سەرۆکی پێشوی ئیسرائیلی بە دو جار دەستدرێژیکردنی سێکسی تاوانبار کرد، بە پێی زانیاریەکانی فەرمانبەرەکانی پێشوی کابینەکەی. هەروەها چەند هەفتەیەکی کەمی رابردو، ئیسرائیل، لە کۆتاییدا، جەنەراڵ یۆی گالانتی سەرۆکی نوێی سوپای لە پلەکەی هێنایە خوارەوە چونکە هەندێك لە ژینگەوانان لێکۆڵینەوەیەکی حکومەتیان دەست کەوتوە کە ئەو جەنەراڵە دەستی بەسەر موڵکی حکومەتدا گرتوە لە نزیك ماڵەکەیدا (تۆ دەتوانی ئەم ماڵە لەسەر نەخشەی گوگڵ ببینی). |

| | |
|---|---|
| on two counts of rape, based on accusations by former employees. And just a few weeks ago, Israel, at the last second, rescinded the appointment of Maj. Gen. Yoav Galant as the army's new chief of staff after Israeli environmentalists spurred a government investigation that concluded General Galant had seized public land near his home. (You can see his house on Google Maps!) This surely got a few laughs in Egypt where land sales to fat cats and cronies of the regime that have resulted in huge overnight profits have been the talk of Cairo this past year. When you live right next to a country that is bringing to justice its top leaders for corruption and you live in a country where many of the top leaders are corrupt, well, you notice.<br>**THE BEIJING OLYMPICS** China and Egypt were both great civilizations subjected to imperialism and were both dirt poor back in the 1950s, with China even poorer than Egypt, Edward Goldberg, who teaches business strategy, wrote in The Globalist. But, today, China has built the world's second-largest economy, and Egypt is still living on foreign aid. What do you think young Egyptians thought when they watched the dazzling opening ceremony of the 2008 Beijing Olympics? China's Olympics were another wake-up call — "in a way that America or the West could never be" — telling young Egyptians that something was very wrong with their country, argued Goldberg.<br>**THE FAYYAD FACTOR** Palestinian Prime Minister Salam Fayyad introduced a new form of government in the Arab world in the last three years, something I've dubbed "Fayyadism." It said: judge me on my performance, on how I deliver government services and collect the garbage and create jobs — not simply on how I "resist" the West or Israel. Every Arab could relate to this. Chinese had to give up freedom but got economic growth and decent government in return. Arabs had to give up freedom and got the Arab-Israeli conflict and unemployment in return.<br>Add it all up and what does it say? It says you have a very powerful convergence of forces driving a broad movement for change. It says we're just at the start of something huge. And it says that if we don't have a more serious energy policy, the difference between a good day and bad day for America from here on will hinge on how the 86-year-old king of Saudi Arabia manages all this change. | ئەم بابەتە جێگای پێکەنین بو لە میسر کاتێك دەیان بینی ئەو پشیلانەی رژێم لە چاوتروکانێکدا دەکەوتنە ناو قازانجێکی زەبەلاحی مادیەوە، کە بە درێژایی ساڵی رابردو لە قاهیرە باسی لێوە کراوە. سەرنج بدە کاتێك دەبینیت وڵاتێکی دراوسێ سەرکردە گەندەڵەکانی روبەڕوی دادگا دەگاتەوە، بەڵام تۆ لە وڵاتێکدا دەژیت کە زۆربەی سەرکردەکانی گەندەڵن و هیچ لێپێچینەوەیەکیشیان بەرامبەر ناکرێت.<br><br>ئۆلۆمپیادی بەیجین: ئیدوارد گۆڵبێرگ، کە مامۆستای ستراتیژی بازرگانیە، لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی گلۆبالیست دەڵێت، چین و میسر دو شارستانیەتی گەورە بون کە قوربانی ئیمپریالیزم بون و هیچ پاڵپشتێکی ئەوتۆیان نەبو لە ساڵی 1950کان، کە چین هەژارتریش بو لە میسر. بەڵام لەمڕۆدا چین دوەم وڵاتە لە جیهاندا لە بنیاتنانی پێگەیەکی ئابوری بەهێز، بەڵام تائێستاش میسر لەسەر خزمەتگوزاری بیانی دەژی. رات چییە بەرامبەر گەنجێکی میسری کە تەماشای بۆنە سەرنجراکێشەکەی کردنەوەی ئۆلۆمپیادی 2008ی بەیجین دەکات. گۆڵدبێرگ هەروەها دەڵێت، ئۆلۆمپیادی چین هۆیەکی تر بو لە بەخەبەرهێنانی میسریەکان-"بە شێوەیەك کە ئەمەریکا و خۆرئاوا بەهیچ شێوەیەك نەیاندەزانی"- کە بەو گەنجە میسریانەی گوت وڵاتەکەیان هەندێ هەڵەی تێدایە.<br><br>فاکتەری فەییاد: سەرۆك وەزیرانی فەلەستین، سەلام فەییاد، شێوازێکی نوێی حکومەتی لە جیهانی عەرەبدا هێنایە کایەوە لە ماوەی سێ ساڵی رابردودا، کە من بە "فەیادیزم" ناوی دەبەم کە دەیگوت، "بەپێی کردارەکانم هەڵم بسەنگێنن لەسەر ئەوەی چۆن خزمەت دەکەم لە حکومەتدا و ئیش بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر دەکەم، نەك لەسەر ئەوەی چۆن بەرەنگاری خۆرئاوا و ئیسرائیل دەبمەوە. هەمو عەرەبێك دەکرێت وا بیر بکاتەوە." چینیەکان پێویست بو دەست لە ئازادی هەڵگرن، بەڵام لە بەرامبەردا گەشەی ئابوری و حکومەتێکی شارستانیان دەست کەوت. عەرەبەکان پێویست بو دەست لە ئازادی هەڵگرن، بەڵام لەبەرامبەردا کێشەی عەرەب-ئیسرائیل و بێکاریان بەدەست هێنا.<br><br>ئەمەی سەرەوە هەموی کۆ کەرەوە، چی دەڵێت؟ دەڵێت کە تۆ زۆر هۆی بەهێزت بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بهێنێتە کایەوە. دەڵێت کە ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی شتێکی گەورەیە. هەروەها دەڵێت ئەگەر ئێمە سیاسەتێکی جددی ترمان نەبێت، ئەوا جیاوازی لە نێوان رۆژێکی خراپ و رۆژێکی چاکدا بۆ ئەمەریکا لە ئێستاوە بەدواوە ئاماژە بەو دەکات کە چۆن پادشا 82 ساڵیەکەی سعودیە دەتوانێ هەمو ئەو گۆڕانکاریانە بکات.<br>سەرچاوە: نیۆرك تایمز |

| Text 3 | |
|---|---|
| **ST** | **TT** |
| **Behind Iraq's protests, a call for better democracy**<br>***By Daniel Serwer***<br>The mood in Iraq has shifted with the uprisings across the Arab world. Frustration over jobs, corruption and services inspired Iraqis to take to the streets last Friday and over the weekend, | **لە پشت خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە، بانگەوازێك بۆ دیمکراسیەکی باشتر**<br>**دانیاڵ سێروەر**<br>**لە ئینگلیزییەوە: ئاراس حەمەجەزا ئەمین**<br>بیروباوەڕ لە عێراق لەگەڵ خۆپیشاندانە سەرتاسەریەکانی وڵاتانی عەرەبیدا گۆڕا. بێزاری و تورەییان لە بێکاری، گەندەڵی و نەبونی خزمەتگوزاری وای لە عێراقیەکان کرد کۆتایی هەفتەی رابردو و |

precipitating the resignations of at least three provincial governors and prompting calls for long-promised local elections. While turnout was not overwhelming, Iraqis across the country demonstrated. The government tried to stifle the demonstrations by claiming they would be infiltrated by al-Qaeda. Security forces reacted violently, killing at least 17.

The forecast, however, is not all bad. When I was in Baghdad in January, just as Tunisia's revolution was unfolding, Iraqi politicians were pleased with the "national partnership" government that was taking power. The government includes most everyone who is anyone, except former prime minister Ayad Allawi (whose slate placed first in the parliamentary elections last March but who hesitated too long in joining Prime Minister Nouri al-Maliki, only to see others in his mostly Sunni coalition jump on board once Shiite firebrand Moqtada al-Sadr signed up).

Overall violence was down, though suicide bombings and targeted assassinations of key people in the security forces continued. Sadr has made it clear that he intends to play politics, while holding his militia forces in reserve. The Sunni militia equivalents had burned their bridges with al-Qaeda and likewise taken up politics.

Arabs and Kurds, who dispute control over a wide arc of northern Iraq, agreed to restart oil exports from Kurdistan in February. Kuwaitis and Iraqis, who have been at odds over various issues since the Persian Gulf War, are also talking with each other.

Iraqis have been thinking about what they need to do to achieve national reconciliation: Redefine the relationship between citizens and the state, reform education at all levels, suppress incitement, limit foreign interference in domestic politics. Members of parliament I spoke with wondered what it would take to produce a "culture of forgiveness." There was a healthy debate.

Although the protests could grow, it is significant that Iraqis are demanding not regime change but better democratic government. Grand Ayatollah Ali Sistani, Iraq's leading Shiite cleric, has endorsed the calls for better services. Demonstrators have criticized the ethnic and sectarian quotas used to form the new government, which encourage corruption and hamper efficient delivery of services. But few are calling for less democracy.

Maliki has given his ministers 100 days to deliver. Oil prices have risen well above the level used to calculate Iraq's budget, which is good news for Baghdad. Production is still increasing, and international companies have signed contracts to boost it further. The windfall allows Baghdad to imagine that it can begin to deliver electricity, water, sanitation and other services at levels not seen since 2003. The government is planning to

رۆژی هەینی بڕژێنە سەرشەقامەکان، ئەوەش وایکرد 3 پارێزگار دەستلەکار بکێشێتەوە و ئەگەری داواکردنی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی بەهێزتر کرد. لەکاتێکدا ڕێژەی بەشداریکردن تیایدا زۆر فراوان نەبو. عێراقیەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا خۆپیشاندانیان کرد. حکومەتی هەوڵیدا ڕێگە لە خۆپیشاندانەکان بگرێت بەوەی کە ڕەنگە لە لایەن قاعیدەوە بکرێتە ئامانج. هێزەکانی ئاسایش بەتوندوتیژی وەڵامیان دانەوە، لانی کەم 17 کەس کوژرا.

پێشبینیەکان، هەرچەندە هەمویان خراپ نین. کاتێك لە مانگی کانونی دوەمی ڕابردو لە بەغداد بوم، کە تازە شۆڕشی تونس رویدابو، سیاسیەکانی عێراق بە حکومەتێکی "نیشتیمانی هاوبەش" خۆشحاڵ بون. حکومەت زۆرینەی لایەنەکانی لەخۆگرتوە، هەرکەسێکیش بن، جگە لە ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیری پێشو.

بەشێوەیەکی گشتیش توندوتیژی کەمبۆتەوە، جگە لە تەقینەوە خۆکوژییەکان و هەوڵەکانی تیرۆرکردن بۆ سەر کەسایەتیە دیارەکانی ناو هێزە ئەمنیەکان. سەدر ئارەزوی خۆی بۆ یاریکردن لە مەیدانی سیاسیدا پیشاندا، میلیشیاکانیشی لە خەزێنەدا هەڵگرتوە. میلیشیا هاوتا سونییەکانیشی لەگەڵ قاعیدەدا لە پەیوەندیدان و دەیانەوێت لە سیاسەتدا بەشداربیکەن.

عەرەبەکان و کوردەکان، ناکۆکن لەسەر ناوچەیەکی بەرفراوان لە باکوری عێراق، لە مانگی کانونی دوەمی ڕابردودا ڕازیبون بە دەستپێکردنەوەی ناردنەدەرەوەی نەوت لە کوردستان. کوێتی و عێراقیەکان، لە شەڕی کەنداوەوە لەسەر زۆر بابەت ناکۆکن، هەروەها پێکەوە گفتوگۆ دەکەن.

عێراقیەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە چی پێویستە بیکەن لەپێناو ئاشتەوایی نەتەوەییدا: پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و حکومەتیان پێناسە کردەوە، چاکسازییان لە هەمو ئاستەکانی پەروەردەدا کرد، کەمکردنەوەی هاندان بۆ توندوتیژی، سنوردارکردنی دەستێوەردانی دەرەکی لە سیاسەتی ناوخۆییدا. ژمارەیەك پارلەمانتار کە من قسەم لەگەڵ کردن سەرسام بون بە سەرهەڵدانی "کلتوری لێبوردەیی". گفتوگۆیەکی تەندروست لە ئارادا بو.

هەروەها دەگونجا خۆپیشاندانەکان پەرە بسەنن، ئەوەش کە گرنگە ئەوەیە کە عێراقیەکان داوای گۆڕینی ڕژێمەکە ناکەن بەڵکو حکومەتێکی دیموکراتی باشتر. عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان پشتیوانی لە داواکان بۆ خزمەتگوزاری باشتر کرد. خۆپیشاندەران ڕەخنەیان لە جیاوازی ڕەگەزی و بەش بەشێنەی نەتەوەیی گرت کە لە دروستکردنی حکومەتی نوێدا کاری پێکرا. هێشتا کەمینەیەکیش داوای دیموکراتی کەمتر دەکەن.

مالیکی ماوەی 100 ڕۆژی بۆ وەزیرەکانی دانا. نرخی نەوت بەشێوەیەکی باش بەرزبۆوە و لە بودجەی عێراقدا حسابی بۆکرا، ئەوەش بۆ بەغداد هەواڵێکی خۆش بو. بەرهەمهێنانیش لە زیادبوندایە، کەمپینێکی نێودەوڵەتیش بۆ زیادکردن و پەرەپێدانی دەستیپێکردوە.

خاوبونەوەی ئەو گەردەلولە لە ناکاوە دەرفەتێك بۆ بەغداد دەڕەخسێنێت تاکو کارەبا، ئاو، خزمەتگوزاری تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی تر دابین بکات بەجۆرێك کە لە ساڵی 2003وە نەکرابێت. حکومەت لە هەوڵی میوانداریکردن و لە ئامێزگرتنی لوتکەی کۆمکاری عەرەبی ئەم مانگەدایە. هۆتێلەکانی ناوەندی شار سەرقاڵی چاکردنەوەی زیانەکانی شەڕدان، خاوێنکارەکانیش بەجلی یەك ڕەنگەوە سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی ناوچەی سەوزن، کە تیایدا باڵەخانەی نوێی میوانەکانی سەرۆك وەزیر بە شەو دەدرەوشێتەوە.

هێشتا ململانێی نێوان ئیسلامی عەلمانیەکان بەردەوامە، عەلاوی هیواخوازە ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژیەکان کە خۆی بۆ سەرۆکایەتیکردنی کاندیدکراوە، کاری پێویست بکات لە پێناو وەرچەرخانی عێراق بەرەو وڵاتێکی زیاتر عەلمانی. شیعە و سوننەکان بێدەنگن بەڵام ئەشێ دوبارە پێکدا هەڵشاخێنەوە. عەرەب

host the Arab League summit this month. Downtown hotels are replacing their war-scarred facades, and uniformed street sweepers are cleaning the Green Zone, where the prime minister's new guest house is lit at night.

Yet the tussle between Islamists and secularists continues, with Allawi hoping that the national council for strategic policies that he is slated to chair will provide the vehicle he needs to turn Iraq in a more secular direction. The Shiite-Sunni divide is quiet but could rumble again. Arabs and Kurds have not yet agreed on the boundaries of Kurdistan, including important oil fields and the city of Kirkuk. As Americans withdraw, the United Nations needs to ensure that tensions between the Iraqi army and the Kurdish pesh merga do not get out of control.

From an American perspective, the most important problems awaiting resolution pertain to Iraq's military and oil.

Sadrists oppose the presence of U.S. forces on Iraqi territory past the agreed deadline of Dec. 31. But the Iraqi air force and navy will not be ready for prime time by then. We risk leaving Iraq exposed to aerial and maritime military pressure from neighbors, particularly Iran, unless a major American military training mission - numbering at least 1,000 - is attached to the U.S. Embassy.

Oil is a separate issue. Iraq can produce great volumes at low cost from giant reserves - possibly on the order of those in Saudi Arabia - but it does not have the infrastructure to get the oil to world markets. Iraq traditionally has exported most of its oil through the Persian Gulf, a route that is exposed to Iranian pressure. A safer option would be to use pipelines north and west to Turkey and Syria, which would send crude into European markets at lower cost than shipping through the Gulf while also reducing Iranian leverage.

The United States must live with the mistake of having gone to war in Iraq, but it can still get some return on its enormous investment if Iraq becomes a reliable, high-volume supplier of oil to world markets and a country that can defend itself with only a modicum of U.S. support. If at the same time Iraq remains a state in which leaders are chosen in relatively free and fair elections that put in power people who reflect the wide diversity of the population and feel real pressure to delivery services efficiently, something approaching a modest postwar success is possible. As U.S. troops draw down, American diplomats and aid workers have a tough, but potentially rewarding, challenge.

*Daniel Serwer is a scholar at the Middle East Institute and a professorial lecturer at the Johns Hopkins School of Advanced International Studies. He blogs at www.peacefare.net.*

و کوردەکان هێشتا لەسەر سنوری کوردستان رێکنەکەوتون، تیایدا شاری کەرکوکی گرنگ و پڕ لە نەوت. هەر کە ئەمەریکیەکان کشانەوە، نەتەوە یەکگرتوەکان پێویستی بە دڵنیاییە سەبارەت بەوەی کە کێشەکان لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت.

لە چاوی( دیدی ) ئەمەریکاوە، گرنگترین کێشەکانی عێراق کە چاوەڕێی چارەسەرە پرسی سوپا و نەوتە.
سەدریەکان لە دژی هەبونی هێزەکانی ئەمەریکان لەسەر خاکی عێراق کە دوا وادەیان کۆتایی ئەمساڵە بەڵام هێزە ئاسمانی و دەریاییەکانی عێراق لە کاتی پێویستدا ئامادە نابن. جێهێشتنی عێراق لە بەرامبەر فشاری هێزە ئاسمانی و دەریاییەکانی دراوسێدا روبەڕوی کێشەمان دەکاتەوە، بە تایبەت ئێران، بەبێ ئەوەی کە هێزەکانی ئەمەریکا لە رێگەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغداد کە ژمارەیان لە هەزار راهێنەر کەمتر نەبێت راهێنان بە سوپای عێراق بکات .

نەوت پرسێکی تایبەتە. عێراق دەتوانێت بڕێکی زۆری نەوت لە یەدەگە زەبەلاحەکەی بەرهەمبهێنێت لە بەرامبەر تێچونێکی کەمدا – ئەشێ بە ئەندازەی ئەو خواستە بێت کە لەسەر نەوتی عەرەبستانی سعودیە هەیە – بەڵام دەرفەتی گەیاندنی بە بازاڕەکانی جیهان باش نیە. عێراق بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی بەرهەمی نەوتی خۆی لە کەنداوەوە رەوانەی دەرەوە دەکات، کە ئەوەش رەنگە بکەوێتە ژێر فشاری ئێرانەوە. چارەسەری گونجاو ئەوەیە کە سود لە بۆرییەکان بەرەو باکور و خۆرئاوا بە ئاراستەی تورکیا و سوریا وەربگرێت، کە لێیانەوە دەتوانێت بە تێچونێکی کەمتر نەوتی خاو بەرەو بازاڕەکانی ئەوروپا بنێرێت وەك لەوەی لە رێگەی کەشتییەوە و لە کەنداوەوە رەوانەی بکات ئەوە جگە لەوەی مەترسی ئێرانیش کەمدەکاتەوە .

پێویستە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەو هەڵەیەوە بژێت کە شەڕی عێراقی کرد، بەڵام هێشتا دەتوانێت ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ بەرهەمهێنانی فراوان ئەوکاتەی کە عێراق باوەڕپێکراو، دابینکەری بڕێکی زۆری پێویستی بازاڕەکان و ببێتە وڵاتێك کە خۆی پێناسە بکات و ئەمەریکاش تاکە پشتیوانی بێت. ئەگەر لەهەمان کاتدا عێراق وەکو وڵاتێك بمێنێتەوە کە سەرۆکەکانی لە هەڵبژاردنێکی خاوێن و ئازادا لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن کە هێز بە خەڵك ببەخشێت و لە فرەیی دانیشتوانەکەیدا رەنگبداتەوە و وابکات کە فشارێکی راستەقینە لە پێناو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا دروستبکات، بەوەش ئەگەری سەرکەوتنێکی مۆدێرن لە دوای شەڕ مسۆگەر دەبێت. کاتێکیش هێزەکانی ئەمەریکا کشانەوە، دیبلۆمتکار و کارمەندە هاوکارییەخشەکانی ئەمەریکا کاریان قورس دەبێت.

سەرچاوە: واشنتۆن پۆست

**Text 4**

| ST | TT |
| --- | --- |
| **Is Islam the Problem?**<br>By NICHOLAS D. KRISTOF<br>A wise visitor from outer space who dropped in on Earth a millennium ago might have assumed that the Americas would eventually be colonized not by primitive Europeans but by the more advanced Arab civilization — and that as a result we Americans would all be speaking Arabic today. | **ئایا ئیسلام کێشەکەیە؟**<br>**نیکۆلاس کریستۆف**<br>**لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەیدەری**<br>ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر سەردانکەرێکی ژیر کە لە گەردونەوە هاتە سەر زەوی لەوانەیە وا پێشبینی کردبێت کە قارەی ئەمەریکا وردە وردە لە لایەن شارستانیەتی عەرەبەوە داگیر دەکرێت نەك لە لایەن ئەوروپیە کۆنەکانەوە، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئێمەی ئەمەریکی لەمڕۆدا هەمومان بە زمانی عەرەبی قسە دەکەین. |
| Yet after about 1200, the Middle East took a long break: it stagnated economically, and today it is marked by high levels of illiteracy and autocracy. So as the region erupts in protests seeking democracy, a basic question arises: What took so long? And, a politically incorrect question: Could the reason for the Middle East's backwardness be Islam? | هێشتا دوای 1200 ساڵ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پشویەکی درێژی وەرگرتوە: ئابوریەکی وەستاوی هەیە و لەمڕۆدا رێژەیەکی بەرزی نەخوێندەواری و ئۆتۆکراسی تێیدا بونی هەیە. کەواتە لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە خۆپیشاندانی گەورە روی تێکردوە، پرسیارێك لێرەدا دێتە کایەوە: چی درێژی خایاند؟ هەروەها، پرسیارێکی سیاسی ناڕاست ئەوەیە: ئایا دەکرێ هۆی دواکەتنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئیسلام بێت؟ |
| The sociologist Max Weber and other scholars have argued that Islam is inherently a poor foundation for capitalism, and some have pointed in particular to Islamic qualms about paying interest on loans. | کۆمەڵناس ماکس وێبەر و لێکۆڵەرانی تر تاوتوێی ئەوەیان کردوە کە ئیسلام بنیاتنەرێکی بێهیزی بۆماوەیی کاپیتالیزمە و هەندێکیش ئاماژەیان بە حەرام و حەڵاڵی سوی قەرز کردوە لە یاسا ئیسلامیەکاندا. |
| But that doesn't seem right. Other experts note that Islam in some ways is more pro-business than other major religions. The Prophet Muhammad was a successful merchant and much more sympathetic to the wealthy than Jesus was. And the Middle East was a global center of culture and commerce in, say, the 12th century: if Islam stifles business now, why didn't it then? | بەڵام پێناچێت ئەمە راست بێت. هەندێکی تر لە شارەزایان پێیان وایە کە ئیسلام زیاتر لە ئایینەکانی تر شیاوە بۆ ئیش و کار و بازرگانی (پرۆ-بیزنس). پێغەمبەر محەمەد بۆخۆی بازرگانێکی سەرکەوتو بوە و زۆرتریش لە جولەکەکان بەسۆز بوە بەرامبەر دەوڵەمەندەکان. هەروەها خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەنتەرێکی کەلتوری و بازرگانی جیهانی بو لە سەدەی 12دا: ئەگەر لە ئێستادا ئیسلام ئیش و بازرگانی کپ کردوە، ئەی بۆچی لە رابردودا وانەبو؟ |
| As for hostility toward interest on loans, similar teachings are found in Jewish and Christian texts, and what the Koran bans isn't interest as such but "riba," an extreme form of usury that could lead to enslavement for failing to pay debts. Until the late 18th century, Muslims were as likely to be money-lenders in the Middle East as Christians or Jews. And today paying interest is routine even in the most conservative Muslim countries. | هەروەکو ئیسلام دژی سوی قەرزە، ئاینەکانی مەسیحی و جولەکەش بەهەمان شێوە دژی سون و ئەوەی قورئان قەدەغەی دەکات سو نیە بەڵکو "ریبا"یە، کە جۆرێکی زۆر خراپی سوە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆیلایەتی بەرامبەر نەدانەوەی قەرزەکان. تاوەکو کۆتایی سەدەی 18، موسڵمانەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو مەسیحی و جولەکەکان پارەیان بە قەرز دەدا. ئەمڕۆ پێدانی سو بوە بە رۆتین هەتا لە محافیزکارترین وڵاتی ئیسلامی لە ناوچەکەدا. |
| Many Arabs have an alternative theory about the reason for the region's backwardness: Western colonialism. But that seems equally specious and has the sequencing wrong. "For all its discontents, the Middle East's colonial period brought fundamental transformation, not stagnation; rising literacy and education, not spreading ignorance; and enrichment at unprecedented rates, not immiserization," writes Timur Kuran, a Duke University economic historian, in a meticulously researched new book, "The Long Divergence: How Islamic Law Held Back the Middle East." | زۆربەی عەرەبەکان بیروڕایەکی جیاواز لەوەی سەرەوەیان هەیە لەسەر هۆکانی دواکەوتویی ناوچەکە: ئەویش هۆی داگیرکاریە (کۆلۆنیالیزم). بەڵام پێدەچێت ئەمەش بیرۆکەیەکی هەڵە بێت و ئەنجامی ناڕاستی لێدەردەکەوێت.<br><br>تیمور کوران، مێژونوسی ئابوری لە زانکۆی دیوك لە ئەمەریکا، لە کتێبێکی لێکۆڵینەوەیی بەهێزدا بە ناوی "پەلهاویشتنە درێژ خایەنەکە: چۆن یاسای ئیسلامی پارێزراوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا" دەڵێت، "بۆ هەمو هۆی نارەزایی و بێزاریەکان، ماوەی داگیرکاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوە هۆی گواستنەوەیەکی بنچینەیی لە ناوچەکەدا نەك وەستانی، بوە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی خوێندەواری و پەروەردە نەك بڵاوبونەوەی نەزانی، بوە هۆی دەوڵەمەندی بە رێژەیەکی فراوان نەك نارەحەتی." |
| Professor Kuran's book offers the best explanation yet for why the Middle East has lagged. After poring over ancient business records, Professor Kuran persuasively argues that what held the Middle East back wasn't Islam | کتێبەکەی پرۆفیسۆر کوران رونکردنەوەیەکی باشیش دەدات بە دەستەوە کە بۆچی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دواکەوتوە یان وەستاوە. دوای چاوپێداخشاندنەوە بەسەر تۆمارە بازرگانیە کۆنەکاندا، پرۆفیسۆر کوران ئەوە دەخاتەڕو کە ئەوەی وای لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردوە بە وەستاوی بمێنێتەوە ئیسلام یان داگیرکاری نیە، بەڵکو پراکتیزەکردنی ئەو یاسا ئیسلامییانەن کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا شیاوی بەکارهێنان نین. |

as such, or colonialism, but rather various secondary Islamic legal practices that are no longer relevant today.

It’s a sophisticated argument that a column can’t do justice to, but for example, one impediment was inheritance law. Western systems most commonly passed all property intact to the eldest son, thus preserving large estates. In contrast, Islamic law stipulated a much fairer division of assets (including some to daughters), but this meant that large estates fragmented. One upshot was that private capital accumulation faltered and couldn’t support major investments to usher in an industrial revolution.

Professor Kuran also focuses on the Islamic partnership, which tended to be the vehicle for businesses. Islamic partnerships dissolved whenever any member died, and so they tended to include only a few partners — making it difficult to compete with European industrial and financial corporations backed by hundreds of shareholders.

The emergence of banks in Europe led long-term British interest rates to drop by two-thirds leading up to the Industrial Revolution. No such drop occurred in the Arab world until the colonial period.

These traditional impediments are no longer a problem in the 21st century. Muslim countries now have banks, corporations, and stock and bond markets, and inheritance law now isn’t an obstacle to capital accumulation. So if Professor Kuran’s diagnosis is correct, that should bode well for the region — and Turkey’s boom in recent years underscores the potential for a renaissance.

Yet one challenge is psychological. Many Arabs blame outsiders for their backwardness, and cope by rejecting modernity and the outside world. It’s a disgrace that an area that once produced outstanding science and culture (giving us words like algebra) now is an educational underachiever, especially for girls.

The crisis in the Arab world provides a chance for a new start. I hope we’ll have some tough, honest conversations on all sides about what went wrong — as a starting point for a new and more hopeful trajectory.

The Muslim Brotherhood has often used the slogan, “Islam is the solution.” And to the West, the unstated feeling upon looking across the bleak Middle East landscape has often been: “Islam is the problem.” Professor Kuran’s research suggests that, at least looking forward, the more correct view is: Islam isn’t the problem and it isn’t the solution, it’s simply a religion — meaning that the break is over, there are no excuses, and it’s time to move forward again.

*I invite you to comment on this column on my blog, On the Ground. Please also join me on*

ئەمە وتوێژێکی ئاڵۆزە کە بابەتێك/کۆڵیۆمێك ناتوانێ بیسەلمێنێ، بۆ نمونە، کە تەگەرەیەك بۆ ئەم وەستانە یاسایەکی بۆماوەییە. سیستەمی خۆرئاوایی بەشێوەیەکی عادەتی هەمو سامانەکەی بۆ گەورەترین کوڕ لە خێزانەکەدا بەجێدەهێلێت، بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی پاراستنی سەروەت و سامان. بە پێچەوانەوە، یاسای ئیسلامی دابەشکردنێکی زۆر دادپەروارانەتری سامان پەیڕەو دەکات (کە کچیش دەگرێتەوە)، بەڵام ئەمە مانای ئەوەبو کە سامانە گەورەکە نەدەما. ئەنجامێکی ئەمە ئەوەبو کە کۆی سەرمایەی تایبەت لاواز بو نەیتوانی پشتیوانی لە وەبەهێنان بکات بۆ ئەوەی شۆڕشێکی پیشەسازی بهێنێتە کایەوە.

پڕۆفیسۆر کوران هەروەها تیشك دەخاتە سەر هاوکاری/هاوپەیمانێتی ئیسلامی، کە بە داینەمۆی ئیش و کارو بازرگانی دادەنرا. ئەو هاوپەیمانێتیە ئیسلامیانە لەگەڵ مردنی ئەندامێك لەو گروپە بونی نەدەما، بۆیە تەنها ژمارەیەکی کەم لە ئەندامەکان دەمانەوە، کە وای کرد پێشبرکێکردن لەگەڵ پێکهاتە دارایی و پیشەسازیەکانی ئەوروپا کە لە لایەن سەدان پشکدارەوە پاڵپشتی دەکرا قورس بێت.
سەرهەڵدانی بانك لە ئەوروپا بوە هۆی گرنگی دانی درێژخایەنی بەریتانیا بە سو بە داشکاندنی 3/2 کە بوە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی. هیچ شتێك لەم جۆرە لە جیهانی عەرەبدا روینەدا هەتاوەکو سەردەمی داگیرکاری.

ئەم تەگەرە کۆنانە هیچی تر کێشە نین لە سەدەی 21دا. وڵاتە موسڵمانەکان ئێستا بانك و کۆمپانیا و بازاڕی بۆرسەیان هەیە و یاسا بۆماوەییەکانیش ئێستا کۆسپ نین لەبەردەم گەشەی سەرمایەداری.
کەواتە ئەگەر لێکدانەوەکەی پڕۆفیسۆر کوران راست بێت، ئەوا دەبێت بەقازانجی ناوچەکە بشکێتەوە و گەشەکردنەکەی تورکیاش لەم ساڵانەی دواییدا هێزی نوێبونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.
بەڵام تا ئێستا کۆسپێکی دەرونی هەیە. زۆر لە عەرەبەکان سەرزەنشتی بێگانە دەکەن لەهۆی دواکەوتنیان و مۆدێریزم و دنیای بێگانە رەت دەکەنەوە. ئەمە شەرمە بۆ ناوچەیەك کە رۆژێك لە رۆژان زانست و کەلتوری بەرهەم دەهێنا و (وشەی وەکو جەبری فێر دەکردین) ئێستا شوێنێکی دواکوتوە لە روی پەروەردەییەوە، بە تایبەت بۆ کچان.

قەیرانەکە لە جیهانی عەرەبیدا هەلێك بۆ سەرەتایەکی نوێ دەستەبەر دەکات. هیوام وایە لە داهاتودا بە هەمو لا چەند تاوتوێیەکی چڕوپڕی ئەوە بکەین کە لە رابردودا چی هەڵە بوە، وەکو خاڵێکی دەستپێکی نوێ و رێچکەیەکی هیواخوازانە تر.
هەندێکجار ئیخوان ئەم دروشمەی بەکارهێناوە کە دەڵێت، "ئیسلام تەنها چارەسەرە." بەڵام لە لای خۆرئاوا دیمەنەکانی دواکەوتویی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە گەڕێنراوەتەوە بۆ ئەوەی کە "ئیسلام کێشەکەیە." لێکۆڵینەوەکەی پڕۆفیسۆر کوران ئەوە دەخاتەڕو کە، بەلای کەمەوە بە بیر کردنەوە لە داهاتو، بیروڕا راستەکە ئەوەیە: ئیسلام کێشەکە نییە و چارەسەریش نییە، بەڵکو تەنها ئاینێکە و بەس، مانای وایە پشوەکە کۆتایی هات، بەسە پۆزش هێنانەوە، کاتی ئەوە هاتوە دوبارە بەرەو پێشەوە بڕۆن.

سەرچاوە: نیۆرك تایمز

<table>
<tr><td>Facebook, watch my YouTube videos and follow me on Twitter.</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Text 5</td></tr>
<tr><td>ST</td><td>TT</td></tr>
<tr><td>The Arab world isn't clamoring for our help<br>By Anne Applebaum<br>I'm listening hard, but I just can't hear the "voices around the world" that my colleague Charles Krauthammer said last week are "calling for U.S. intervention to help bring down Moammar Gaddafi." It's true that John Bolton, former U.N. ambassador and present Fox News employee, has declared that "strong American words (and actions) were amply warranted" in Libya. It's also true that a clutch of American politicians and writers have come out in favor of a similarly muscular response as well.<br>But outside America's borders, all is silent. Certainly nobody in the Arab world is clamoring for American military intervention, or indeed any American intervention: Egyptian democrats are even wary of taking our development money. ("Help from America can be misunderstood," one would-be Egyptian politician delicately explained to The Post a few days ago.)<br>Nobody in Asia and nobody in Europe is calling for the Marines to be sent back to the shores of Tripoli either. The French, feeling guilty for having failed to support (or even foresee) the revolution in Tunisia, have sent humanitarian aid to Benghazi - but have simultaneously argued against military involvement. The British have already bungled their first solo attempt to see what could be done. On Saturday, a British special forces team and an MI6 intelligence officer touched down near Benghazi, intending simply to make contact with the rebels. They were promptly arrested, handcuffed, interrogated and sent out of the country. The last thing the rebels want, apparently, is the stigma of contact with foreigners.<br>Why the Arab anxiety about American and Western help? Why the reluctance among our allies? The answer can be summed up in a single word: Iraq. Far from setting "an example for the entire region," as Krauthammer put it, Iraq serves as a dire warning: Beware, for this could be the fate of your country. When the U.S. Army entered Iraq, we knew nothing about the Iraqi opposition, except what we'd heard from a couple of exiles. Our soldiers didn't speak Arabic and hadn't been told what to do once they got to Baghdad. Chaos followed incompetence, which begat violence: Tens of thousands of people died in an eight-year civil war. Although a fragile democracy has emerged, this isn't an example anyone, anywhere, wants to follow.<br>It's not hard to understand why Libyans and others might fear a repeat performance. In truth, the time to contact the Libyan opposition was a</td><td>خۆ لادان لە عێراقێکی تر<br>ئان ئەپلیبۆم<br>لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەیدەری<br><br>من زۆر بەجوانی گوێدەگرم، بەڵام ناتوانم گوێم لە "دەنگەکان بێت لە سەرانسەری جیهاندا" کە هاوڕێکەم چارلس کرۆسەمەر هەفتەی رابردو دەیوت "ئەو دەنگانە بانگی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکەن بۆ یارمەتی لە وەدەرنانی موعەمەر قەزافی." جۆن بۆڵتن، باڵیۆزی پێشوی نەتەوە یەکگرتوەکان، راستی کرد کاتێك رایگەیاند "وشەی بەهێز و کرداری جددی پێویست بو لە لایەن ئەمەریکاوە بدرێن" سەبارەت بە لیبیا. هەروەها ئەمە راستە کە کۆمەڵێك لە سیاسەتمەداران و نوسەرە ئەمەریکیەکان وەڵامێکی هەمان شێوەیان بۆ ئەم دۆخە هەبوایە.<br><br>بەڵام لەدەرەوەی سنورەکانی ئەمەریکا، هەمو شتێ بێدەنگە. بە دڵنیاییەوە هیچ کەسێك لە جیهانی عەرەبیدا حەز بە هاتنە ناوەوەی سوپای ئەمەریکا یان هەر دەستێوەردانێکی ئەو وڵاتە ناکات: دیموکراتەکانی میسر لە بنەڕەتەوە بە گومانن لە وەرگرتنی پارەکانمان بۆ گەشەکردنیش.<br><br>سیاسەتمەدارێکی میسری چەند رۆژێك لەمەوبەر لە لێدوانێکیدا بە ورياییەوە بە واشنتۆن پۆستی راگەیاند، "یارمەتی لە لایەن ئەمەریکاوە دەکرێ بەهەڵە لێکدانەوەی بۆ بکرێت."<br>هیچ کەسێك نە لە ئاسیاو نە لە ئەوروپا حەز بە گەڕانەوەی کەشتیە دەریاییەکان بۆ کەنارەکانی تریپۆلی ناکات. فەرەنسا، کە هەست بە تاوانباری خۆی دەکات لە سەرنەکەوتنی لە پشتگیری کردنی (یان پێشبینی) شۆڕشی تونس، یارمەتی مرۆیی بۆ بن غازی ناردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لێدوانی دژی دەستێوەردانی سوپا داوە. بەریتانیاش هەر لە زوەوە هەمو هەوڵە یەك لایەنەکانی بێ هودە بون لە ئەنجامدانی هەر شتێکدا. رۆژی یەکشەممە، تیمێکی تایبەتی سوپای بەریتانیا و ئەفسەرێکی دەزگای زانیاریMI6 لە نزیك بن غازی نیشتنەوە لە پێناو دروست کردنی پەیوەندیەك لەگەڵ یاخیبوەکاندا، بەڵام راستەوخۆ دەستگیرکران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراو دواتریش لە لیبیا وەدەرنران.<br><br>دواهەمین شت کە ئەو یاخیبوانە دەیانەوێ، بە شێوەیەکی سەرەکی، پەیوەندیەکی شەرمنانەیە لەگەڵ بێگانەدا.<br><br>بۆچی عەرەبەکان دڵخۆش نین بە یارمەتی ئەمەریکا و خۆرئاوا؟ بۆچی هاوپەیمانەکانمان ساردو سڕن؟ وەڵامی ئەمە دەکرێ تەنها بە یەك وشە بدرێتەوە، کە ئەویش وشەی: عێراقە. هەروەکو کرۆسەمەر دەڵێت، دور لە بونی عێراق بە "نمونەیەك بۆ هەمو ناوچەکە،" عێراق بە ئاگادارکەرەوەیەکی بەهێز دادەنرێت: ئاگادار بە، لەوانەیە وڵاتەکەی تۆش روبەڕوی هەمان چارەنوسی عێراق ببێتەوە. کاتێك سوپای ئەمەریکا چوە ناو عێراقەوە، ئێمە هیچ شتێکمان لەبارەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نەدەزانی، جگە لە چەند شتێك کە لە هاوڵاتیە نەفی کراوەکانی ئەو وڵاتەوە بیستبومان.<br><br>سەربازەکانمان زمانی عەرەبیان نەدەزانی و پێشیان نەوترابو چی بکەن کاتێك دەگەنە بەغدا. ئاژاوە و ناسەقامگیری لە ئەنجامی ناکارامەییەوە سەری هەڵدا، کە بوە هۆی دروست بونی توندوتیژی. دەیان هەزار کەس لە جەنگێکی ناوخۆیی هەشت ساڵە مردن.<br>هەرچەندە دیموکراسیەکی لاواز لە عێراقدا سەری هەڵداوە، بەڵام ئەم نمونەیە نە هیچ کەسێك و نە هیچ شوێنێك قبوڵی دەکات بۆ خۆی.<br>شتێکی زەحمەت نییە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین بۆچی لیبیاییەکان ترسیان لە دوبارە بونەوەی هەمان پێشینەی عێراق هەیە. لە راستیدا، کاتی</td></tr>
</table>

<table>
<tr><td>year ago - or five years ago - back when Tony Blair was shaking hands with Moammar Gaddafi inside desert tents and Western oil companies were going in to do business. But the British didn't. We didn't either. Now we don't even know who they are. Various colonels have emerged as "spokesmen" for the rebels - but for all of the rebels? Or just some of the rebels? News reports cite "secondhand reports through rebel networks" as sources; in other words, somebody told somebody else what's going on. As the failed British escapade shows, the spies don't know any better.<br>We should enforce sanctions in Libya, offer humanitarian aid and put in place a no-fly zone, to be activated if the rebels really begin to lose. But at the moment, even if our military had unlimited funding - which it doesn't - the Pentagon is not equipped to launch democracy in Libya. That is a job for our underfunded international radio networks, especially the ones that broadcast in Arabic; for independent institutions like the National Endowment for Democracy; for groups that train judges and journalists. Unfortunately, we don't have the contacts such groups need. We should start making them now.<br>It's nice to be on the right side of history, and I'm not surprised that George W. Bush's remaining supporters now feel good about the "freedom agenda" he sometimes advocated and sometimes forgot while in office. But being right, even morally right, isn't everything. It is also important to be competent, to be consistent, and to be knowledgeable. It's important for your soldiers and diplomats to speak the language of the people you want to influence. It's important to understand the ethnic and tribal divisions of the place you hope to assist. Let's not repeat past mistakes: Before sending in the 101st Airborne, we should find out what people on the ground want and need. Because right now, I don't hear them clamoring for us to come. They are afraid of what American "assistance" might do to their country.</td>
<td>پەیوەندی کردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی لیبیا دەبوایە ساڵێك-یان پێنج ساڵ-لەمەوبەر بوایە کاتێك تۆنی بلێر تەوقەی لەگەڵ موعەمەر قەزافی دەکرد لە ژێر خێمەکانی بیاباندا و کۆمپانیاکانی نەوتی خۆرئاواش بۆ ئیش و کار هاتبونە لیبیاوە. بەڵام بەریتانیا ئەمەی نەکرد. هەروەها ئێمەش نەمان کرد. ئێستا ئێمە نازانین ئەو ئۆپۆزسیۆنانە کێن. هەندێك لە سایتە ئەلیکترۆنیەکان "دەستی دوەمی راپۆرتەکان لە راپۆرتە ئەلیکترۆنیەکانی یاخیبوەکانەوە" وەکو سەرچاوە، یان بە شێوەیەکی تر، یەکێك بە یەکێکی تری گوتوە کە چی رودەدات ئاماژە بەوە دەکەن کە چەند عەقید و کۆلۆنۆلێك خۆیان بە "وتەبێژ"ی یاخیبوەکان دادەنێن، بەڵام ئایا بۆ هەمو یاخبوەکان؟ یان هەندێکیان؟ هەروەکو لە راپۆرتە چڕوپڕەکانی بەریتانیاش دەبینرێت، سیخوڕەکانیش هیچ شتێکی زیاتر لەم بارەیەوە نازانن.<br><br>ئەگەر مەترسی لەناوچونی ئەو یاخبونانە هەبێت لە لیبیادا، پێویستە ئێمە گەمارۆی ئابوری بەسەر لیبیادا بسەپێنین و یارمەتی مرۆیی و ناوچەی دژەفڕین لە بەرژەوەندی یاخیبوەکان دابین بکەین. بەڵام ئەگەر سوپاکەمان سەرچاوەیەکی دارایی بێسنوریشی هەبێت، کە نیەتی، هێشتا پنتاگۆن کەرەستەی تەواوی بۆ گواستنەوەی دیموکراسی بۆ لیبیا نییە، یان بۆ گروپەکان کە راهێنان بە دادوەرەکان و رۆژنامەوانان دەکەن. بەداخەوە، تائێستا ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو گروپانەدا نییە. پێویستە ئێستا دەست بە بنیاتنانی ئەو پەیوەندیە بکەین.<br><br>خۆشە لە بەرەی راستی مێژودا بیت و من سەرسام نیم بە پشتیوانیکەرانی "ئەجێندای ئازادی" جۆرج بوش کە هەندێکجار خۆی پشتیوانی لێدەکرد و هەندێکجاریش لەبیری دەکرد کاتێك سەرۆك بو. بەڵام راستگۆیی و هەروەها راستگۆییەکی ئەخلاقیانە، هەمو شتێك نیە. زۆر گرنگە بە توانا و پشتپێبەستو و خاوەنی زانیاری تەواو بێت. گرنگە بۆ سەربازەکان و دیبلۆماتکارەکان بە زمانی خەڵك قسە بکەن ئەگەر دەیانەوێ کاریگەریان بەسەر ئەو خەڵکانەوە هەبێت. هەروەها گرنگە لە رەگەز و دابەشکردنی هۆزەکان تێبگەیت لە هەر شوێنێك کە دەتەوێ یارمەتی بدەیت. با هەڵەی رابردومان دوبارە نەکەینەوە: پێش ناردنی فڕۆکەی ژمارە 101، پێویستە ئەوە بزانین کە خەڵکی لە خوارەوەی ئەو فڕۆکانەوە چییان پێویستەوە و چییان دەوێت، چونکە ئێستا من گوێم لێ نیە خەڵك داوای یارمەتی ئێمە بکات. ئەوان لەوە دەترسن کە دەبێت "یارمەتی" ئەمەریکا چی بەسەر وڵاتەکەیان بهێنێت.<br><br>سەرچاوە: واشنتۆن پۆست</td></tr>
<tr><th colspan="2">Text 6</th></tr>
<tr><th>ST</th><th>TT</th></tr>
<tr><td>IRAQ REFLECTION: The State of the People's Uprising<br>Michele Naar-Obed<br><br>The people's uprising against corruption and lack of basic rule of law in the Kurdistan Regional Government (KRG) Iraq, has come to an end for now. For 62 days, the people of Suleimaniya Province fought a valiant nonviolent campaign in the form of street demonstrations and strikes which started on February 17, 2011. During these days, the people held "open mike" rallies in the public squares of a number of cities where a host</td>
<td>حاڵەتی راپەڕینی هێمنانەی خەڵك لە شاری سلێمانی/ عێراق<br>میشێل نارئۆبید<br>لە ئێستادا راپەڕینی خەڵکی دژ بە گەندەڵی و نەبونی بنەمای حوکمی یاسا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا کۆتایی پێهاتوە. بۆ ماوەی (62) رۆژ خەڵکی پارێزگای سلێمانی کەمپینێکی ئازایانەی هێمنانەیان لەشێوازی خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان و مانگرتنیان بەرپاکرد، کە لە 2011/2/17 دەستیپێکرد و لە 2011/4/18 کۆتاییهات. لەو ماوەیەشدا لەڕێگای "مایکی کراوە"وە خەڵکی چەندین کۆبونەوەیان لە مەیدانە گشتییەکانی شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدا، وەك شاری سلێمانی، رانیە، هەڵەبجە، کەلار، قەڵادزێ و چەمچەماڵ. هەمو کەسێك، هەر لە مۆسیقاژەن و ئەکتەر و نوسەر و رۆشنبیر و ژن و خوێندکار و چینی کرێکار و کەسانی بێکار و کەسانی ئاینی و سەربازانیش، هەمو دەرفەتی دەربڕینی</td></tr>
</table>

of people from different sectors of society had a chance to express their ideas about how to move forward as a society.

They presented a list of demands and structural changes, developed the "Road map to the Peaceful Transition of Power in Southern Kurdistan", and appealed to the international community for backing and support.

Following the demonstration of February 17, the two ruling parties, Patriotic Union of Kurdistan (PUK) run by Jalal Talabani and the Kurdistan Democratic Party (KDP) run by Massoud Barzani, called in their personal military troops to crack down on the demonstrations. The demonstrators appealed to the soldiers to lay down their weapons and join in the people's campaign. They shared flowers, candies, handshakes and hugs with the soldiers and from the open mike, greeted them as " brothers".
The soldiers eventually left the squares throughout the Suleimaniya Province and the people continued the hard work of organizing and defining their voices. They proved themselves to be a real challenge to the ruling powers who often used violent methods to sabotage their movement.

In the end, the authorities won this round of the battle by creating scenarios that allowed for the violent, massive and repressive military crackdown which wiped out all public demonstrations and organizing through the use of live ammunition, beatings, kidnaping, arrests, and psychological terror. The anti-terrorism unit, headed by a member of the Talabani family and trained and armed by the United States, branded the demonstrators as terrorists and used every method available to silence its own people.

Within the two months of demonstrations, ten people were killed and hundreds wounded by the ruling party's armed forces. Hundreds of arrests were made and many were beaten and tortured during their detainment. Soldiers are still present in Suleimaniya City but are slowly returning to their bases.

Now, the struggle is being fought on the political level, but politics is a dirty game as politicians tend to fight for their own agenda, marginalizing the people and paying lip service to their demands.

The demonstrators are currently in a time of healing, physically and psychologically. They are evaluating, strategizing and learning from other nonviolent campaigns. They are in growing pains but firm in their commitment to grow, not by the

خەم و بیرۆکەکانی خۆیان هەبو سەبارەت بەچۆنێتی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش. هاوڵاتیان لیستێکی داواکارییەکانیان و گۆڕانکارییە بنەڕەتیە پێویستەکان و هەروەها نەخشەڕێگای "گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات"یان لە باشوری کوردستان خستەڕو. هەروەها داوای پشتگیریان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد بە تایبەت لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا.
لەپاش یەکەمین خۆپیشاندان لە 2011/2/17، هەردو حیزبی دەسەڵاتدار (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و (پارتی دیموکراتی کوردستان)، بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، هێزە سەربازییەکانی خۆیان کۆکردەوە بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان.
خوپیشاندەران، کە رۆژانە رێژەیان دەگەیشتە 5,000 خۆپیشاندەر، داوایان لە سەربازەکان دەکرد کە چەکەکانیان فڕێبدەن و بچنە پاڵ کەمپینی خەڵکییەوە، کە لەبەرژەوەندی هەمو خەڵکی کوردستانی عێراق بو. هەروەها خۆپیشاندەران ترسی ناو دڵی سەربازەکانیان رەواندەوە کە ئەوان هیچ نیازێکیان نییە ئازاریان پێبگەێنن. جگەلەوە خوپیشاندەران گوڵ و شیرینیان بەسەر سەربازەکاندا دابەش دەکرد و تەوقەیان لەگەڵدا دەکردن و باوەشیان پیادا دەکردن. هەر لە "مایکە کراوە" کەوە سەربازەکانیان بە "برا سەبازەکانمان" بانگ دەکرد.
لەپاش (10) رۆژ، سەربازەکان مەیدانەکانیان لەسەرانسەری پارێزگای سلێمانیدا چۆڵکرد و خەڵکیش شوێنی گشتییان لەبەردەستدابو بۆ بەردەوامیدان بە کارەکانیان لە رێکخستن و ناساندن و گەیاندنی دەنگەکانیان لە خەباتیاندا بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنوسین و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە. خۆپیشاندەران خۆیان سەلماند وەك بەرەیەکی راستەقینە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی سەرکوتکار کە زۆربەی کات رێگای توندوتیژیان گرتۆتەبەر بۆ شکستپێهێنانی بزوتنەوەکەیان.
لەکۆتاییشدا، دەسەڵات ئەم خولەی ململانێکەی بردەوە لەڕێی دروستکردنی چەند سیناریۆیەك کە رێگەخۆشکەر بون بۆ ئەنجامدانی سەرکوتکردنی بەرفراوانی سەربازی توندوتیژانە، کە بە هۆیەوە هەمو خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی راماڵی بە بەکارهێنانی فیشەکی راستەقینە و لێدان و فڕاندن و رەشبەگیری و تیرۆری دەرونی. یەکەی دژە تیرۆر، کە یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی تاڵەبانی سەرکردایەتی دەکات و لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە مەشق و پڕچەککراوە، خۆپیشاندەرەکانیان وەك تیرۆرست لەقەڵەم دەدا و یەکەیەکە هەمو رێگایەکیان گرتەبەر بۆ دەمکوتکردنی خەڵکانی خۆیان. لەکۆتاییدا، (10) کەس گیانیان لەدەستدا و بەسەدانیش برینداربون. سەدەها کەسیش دەستگیرکران، هەرچەندە زۆربەیان لەدواییدا ئازادکران، کە زۆربەیان بەتوندی دوچاری لێدان و ئەشکەنجەدان ببونەوە لەماوەی دەستگیرکردنیاندا. تائێستاش سلێمانی سەربازی تێدایە بەڵام هێدی هێدی دەگەڕێندرێنەوە بۆ مۆڵگەکانی خۆیان.
ئێستاش ململانێکە ئاستێکی سیاسی وەرگرتوە، وەك زانراوە لەسەرانسەری جیهاندا سیاسەت گەمەیەکی قێزەونە کاتێك سیاسەتمەداران دەجەنگن بۆ جێبەجێکردنی ئەجندای خۆیان، کە زۆربەی کات لەسەر حسابی کەنارخستنی (تهمیش) خەڵکییە و راگوزەر سەیرکردنی داواکارییەکانی خەڵکە. لەم بەشەی جیهاندا، دەسەڵاتە سیاسییەکان دەرفەتێکی کەم بەو کەسانە دەدەن کە بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە دادەنرێن.
خۆپیشاندەران ئێستا لە قۆناغی سارێژبونەوەی برینەکانیاندا تێدەپەڕن، چ برینداری جەستەیی و چ برینداری دەرونی. ئەوان ئێستا لەحاڵەتی هەڵسەنگاندن و بەستراتیژەکردندان و سورن لەسەر بەردەوامیدان بە خەباتیان لەسەر تێهەڵکێشکردنی دەنگ و بۆچونەکانیان بە گەشەپێدانی کۆمەڵگەکەیان. ئەوان لە گەڕاندان بۆ فێربون لەو کەمپینە هێمنانانەی کە بەدرێژایی مێژو رویانداوە. ئازارەکانیان لە زیادبوندایە و سوربونیان لە سەربەردەوامی لە گەشەدایە، نەك بە چەك، بەڵکو بە عەقڵ و بە دڵ، (هەست و نەست).
لەئێستادا بزوتنەوەی ناتوندوتیژی خەڵك لەسەرانسەری جیهاندا لە پەرەسەندندن و گەشەسەندندایە. هەمو ئەوانەمان کە خەباتمانکردوە بۆ

<table>
<tr><td>weapon, but by the mind and heart.<br><br>All of us who have ever engaged in nonviolent struggle for change where the common good is more important than the ideology of the few, whether it be religious, economic or political, should embrace the people of the Kurdish north of Iraq in the recognition that we are all part of the same struggle.</td><td dir="rtl">گۆڕانكاری بۆ گەیشتن بە جیهانێكی دادپەروەرانە و شیاو، جیهانێك كە تیایدا چاكەی گشتی گرنگتر بێت لە ئایدیۆلۆژیای كەمینەیەك، جا چ ئاینی بێت یان ئابوری بێت یان سیاسی بێت، ئەوا دەبێت هەمومان مرۆڤی كوردی باكوری عێراق لەخۆبگرین بەو تێگەیشتنەی كە ئێمە هەمومان بەشێكین لە هەمان خەبات. "ئەو خەڵكانەی یەكیانگرتوە هەرگیز دابەش نابن، و ڕۆژێكیش دێت سەردەكەوین."<br>میشێل نارئۆبید كار بۆ ڕێكخراوی (تیمەكانی دروستكەری ئاشتی) دەكات، كە ڕێكخراوێكی مافی مرۆڤە و كار بۆ كەمكردنەوەی توندوتیژی دەكات لەگەڵ تیمێك كە لەشاری سلێمانی جێگیربوە لە ساڵی (2006)ەوە. كاتێكیش كە ناوبراو لەعێراقدا نابێت لەگەڵ خێزانەكەی لە شاری (دولوس) لەویلایەتی مینیسۆتای لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكادا دەژی. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێكخراوی تیمەكانی دروستكەری ئاشتی مەسیحی.<br>سەرچاوە: ماڵپەڕی www.cpt.org</td></tr>
<tr><td colspan="2">Text 7</td></tr>
<tr><td>ST</td><td>TT</td></tr>
<tr><td>Text 7 A<br>Trento’s Take: The Other Other Iraq<br>Joseph Trento<br>The Kurds call themselves the other Iraq. They even have an advertising campaign:<br>Have you seen the Other Iraq?<br>It’s spectacular.<br>It’s peaceful.<br>It’s joyful.<br>Fewer than two hundred US troops are stationed here.<br>Arabs, Kurds and Westerners all vacation together.<br><br>What this Kurdish PR campaign omits is that the hospitable Kurds hire the U.S. generals and diplomats who helped them – the former U.S. government officials who made the other Iraq possible.<br>I bet you didn’t know there is another other Kurdish Iraq. It’s based in Washington, D.C., in a beautiful, revamped multi-million dollar building. It uses a plagiarist as its spokesperson. It hires former military generals who commanded U.S. troops and rewards former diplomats with oil deals. It maintains several homes in the Washington area and runs up Newt-Gingrich-sized jewelry store accounts. It gives away $25,000 watches for gifts.<br>The equivalent of Mario Puzo’s The Godfather is playing out in the Kurdish region of Iraq. Its two main political families grow wealthier by the day on the oil riches. They build huge mansions back home with large staffs and private jets. They own radio and television stations and control the media. The Talabani and Barzani families have made a temporary peace as they divide up the riches of power and use former American generals and diplomats to tend to the details of keeping Washington happy enough so the Kurdish gravy train does not run off the tracks.<br>That makes our generals and diplomats working for these two political gangs the equivalent of the</td><td dir="rtl">عێراقێكی تر<br>جۆزیف ترینتۆ<br>لە ئینگلیزییەوە: شوان بورهان لەكی<br><br>كوردەكان بە خۆیان دەڵێن عێراقەكەی دیكە، تەنانەت كەمپەینێكیان بۆ بانگەشەكردن بۆی هەیە.<br>ئایا تۆ عێراقەكەی دیكەت بینیوە؟<br>سەرسوڕهێنەرە.<br>ئارامە .<br>خۆشە.<br><br>كەمتر لە دوسەد سەربازی ئەمەریكی لەوێیە، عەرەب و كورد و ڕۆژئاوایەكان بەیەكەوە گەشت دەكەن.<br>ئەم كەمپەینە ئەو جەنراڵ و دیبلۆماسە ئەمەریكیانەی كە یارمەتیانداون و ئەو بەرپرسانەی حكومەتی پێشوی ئەمەریكاش، كە بون بەهۆی بونی ئەو عێراقەی دیكە بە كرێ دەگرن.<br><br>گرەو دەكەم كە نەتزانیوە كە عێراقێكی دیكەی تریش هەیە، كە لە واشنتۆنی پایتەختە، لە تەلارێكی جوانی چەند ملیۆن دۆلاری، دزێكی فیكریش وتەبێژی ئەو كەمپەینەیە. ئەم عێراقەی دیكە جەنەڕاڵەكانی پێشوی سوپای ئەمەریكا بەكرێدەگرێ و دیبلۆماتەكانی پێشو خەڵات دەكات بە بەشداری كردنیان لە مامەڵە نەوتیەكان، ئەم عێراقەی دی چەندین خانو لەخۆ دەگرێت لە واشنتۆن و تەنانەت كۆگای خشڵی (نیوت گینگریچ) لە خۆدەگرێت و 25,000 دۆلاریان بە هەدەرداوە بۆ كڕینی چەند كاتژمێرێك وەكو خەڵات.<br><br>هاوتای (ماریۆ پوزۆ)ی گادفازەر لە كوردستانی عێراقدا ڕۆڵدەگێرێت، ئەو دو بنەماڵە سیاسیە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن لەسەر حسابی سامانی نەوت، تەلاری گەورەیان لەو وڵاتە دروستكردوە و فڕۆكە و ستافی تایبەتیان هەیە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆیان هەیە و كۆنترۆڵی میدیان كردوە، بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی ئاشتیەكی كاتیان دەستەبەركردوە، چونكە سەروەتی ئەو وڵاتە دابەش دەكەن و جەنەڕاڵ و دیبلۆماتە ئەمریكیەكانی پێشو بەكاردەهێنن بۆ دڵخۆشكردنی واشنتۆن لە بالاەی بارودۆخی هەرێمەكە. ئەمەش وایكردوە كە جەنەراڵ و دیبلۆماتەكانمان كار بۆ ئەم دو باندە سیاسییە بكەن هاوتای ئەو ئەفسەرە گەندەڵەی نیۆرك بەناوی مایكل كۆرلیۆن كە لە ڕۆمانێكدا باس كراوە.<br><br>دو پارتە سیاسییە كوردیە سەرەكیەكە هاوڕێیەتی باشیان لەگەڵ جەنەراڵەكانی پێشودا هەیە وەكو جەنەراڵ (جەی گارنەر)، كە دەتوانن كارەكانیان لە واشنتۆن بۆ بكەن، ئەوانە ئەو باشترین جەنەراڵ و دیبلۆماتەنەی پێشون كە دەتوانرێت بە پارە بكڕدرێن.<br>ئەو جەنەراڵانەی كە سەربازە گەنجەكانی ئێمەیان نارد بۆ جەنگی</td></tr>
</table>

corrupt New York police official who Michael Corleone dispatches in the novel.

The two main Kurdish political parties have friendly former U.S. general officers, starting with Jake Garner, on their payroll to do their bidding in Washington. They are the best ex-generals (and a few diplomats) that money can buy.

The generals who sent our young soldiers to war in Iraq are cashing in by serving the interests of families who are fundamentally refusing to share Iraq's oil wealth which is leading to more conflict and death. It is a mindlessly corrupt former U.S. general officer corps that will do anything for cash and a business class ticket.

And now there is trouble back home. The wealth is not being shared beyond these two political families. The gleaming new business hubs of Kurdistan offer little to those who are not members of the clans. The people who are not affiliated with either clan are protesting the mansions and brazen corruption that is the new Kurdistan, increasingly with violence.

When things get out of hand, the Kurdish leaders call in the vaunted peshmergas to take care of the troublemakers. Protests, after all, are bad for business, and business is booming in Kurdistan.

There is no democracy, only corruption. One Kurdish candidate says, "Money is everything on the ground. They buy votes. It's the only reason they are in power. …No banks. Envelopes. If you are not with the Kurdish party, you have nothing. There are no government books. No accounting. It's a cash society."

Most average Kurds do not get to live in huge mansions or stay in luxury hotels made possible by American blood and tax money and our pliable former military officers and fast buck ex-diplomats.

Iraqi President Talabani's slipping of cash to wounded warriors during visits at Walter Reed is an image of a man who had the most to profit from U.S. intervention handing out tips to American soldiers who sacrificed body parts to make his oil empire possible.

We at the National Security News Service helped unearth the scandal that became David Barstow's Pentagon consultants' story a few years ago. We know a great deal about American general officers who peddle their reputations to sell wars and military hardware. These guys are nothing more than mercenaries who wrap themselves in the flag and get wealthy on the backs of the men and woman they once commanded.

The photographs of our very best generals and diplomats rushing to the Kurdish faction to cash in make this tawdry tail even uglier. General officers get a decent pension. They get medical care and PX privileges.

How much money is enough? When does going on the payroll of Kurdish political bosses or

عێراق، خزمەتی بەرژەوەندی ئەو بنەماڵانە دەکەن، کە ئامادەنین سەروەتی نەوتی عێراق دابەش بکەن و بونەتە هۆی بەریەککەوتن و مردن. گەندەڵیەکی زۆر قێزەونە کە ئەو جەنەراڵانە هەمو شت دەکەن بۆ دەوڵەمەند بون و بازرگانی.

ئێستا کێشە هەیە سامان لە پشتی ئەو دو بنەماڵەیەوە دابەش ناکرێت، هەندێك بازرگانی دروست بون، کە سەر بە بنەماڵەکان نین، هاوکات ئەو کەسانەی کە سەر بەو بنەماڵانە نین خۆپیشاندان دەکەن و توندوتیژی لەئارادایە.

کاتێك شتەکان لەدەست دەردەچێت، ئەوا داوا لە پێشمەرگە دەکەن کە چارەسەری کێشە دروستکەرەکان بکات. چونکە خۆپیشاندان لەدوای هەموشت کاریگەری خراپی بۆ بازرگانی دەبێت.
دیموکراسی نییە، تەنها گەندەڵی بونی هەیە. یەکێك لە کاندیدە کوردەکان دەڵێت: "پارە هەمو شتێکە لە ئەرزی واقیعدا، دەنگ دەکڕن، ئەوەش تەنها هۆکارە بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا. بانك نییە، ئەگەر لەگەڵ پارتێکی کوردی نەبیت ئەوا تۆ هیچت نییە. حکومەت تۆماری نییە، ئەکاونتی نییە، لەم کۆمەڵگایەدا کار بە کاش دەکرێت." زۆربەی چینە ناوەندەکەی کوردەکان ناتوانن لە باڵەخانە و ئوتێلە گرانبەهاکاندا بمێننەوە، کە بەخوێنی ئەمەریکیەکان و بە باج وەرگرتن بە دەست هاتوە.

بەخشینی پارە لەلایەن جەلال تاڵەبانی بە بریندارەکانی شەڕ لە سەردانێکیدا بۆ (والتەر رێد) وێنەی کەسێکە کە زۆرترین بەرژەوەندی لە داگیرکاری ئەمەریکا بە دەستهێناوە، ئەمەش وەك پاداشتێك بو بۆ ئەو سەربازە ئەمەریکیانەی کە بەشێك لە جەستەیان کرد بە قوربانی بنیادنانی ئیمپراتۆریەتیەکی نەوت.

ئێمە لە تۆڕی هەواڵی ئاسایشی نەتەوەی یارمەتی ئاشکراکردنی ئابڕوچونێکمان داوە، کە بوە بە چیرۆکی دەیڤد بارستۆی راوێژکار لە پەنتاگۆن لە چەند ساڵی رابرودا، ئێمە ئاگارداری مامەڵەی گرنگی جەنەراڵە ئەمەریکیەکانین کە کەسایەتی خۆیان روشاندوە بە فرۆشتنی جەنگ و یەکەکانی سوپا. ئەوانە هیچ نین جگە لە کۆمەڵێك کە لەسەر حسابی کۆمەڵێك ژن و پیاوی ئەم وڵاتە خۆیان دەوڵەمەند دەکەن.
وێنەی باشترین جەنەراڵە و دیبلۆماتەکانی ئێمە، کە لەم کارانەوە دەگلێن زۆر ناشرین تردەبێت، چونکە ئەو جەنەراڵانە موچەی شایستە وەردەگرن و چاودێری تەندروستی و ئیمتیازاتی باشیان هەیە.
چەندە پارە بەسە؟ کەی وەرگرتنی پارە لە سەرکردە کوردەکان و ئەوانەی لە جەنگ سود مەندبون دەبێتە کارێکی نا ئەخلاقی؟
سەرچاوە: دی سی بیریۆ

| | |
|---|---|
| others profiting from the wars become conduct unbecoming? | |
| **Text 8** | |
| **ST** | **TT** |
| **Hard times looming for Iraq's Kurds**<br>**Posted By Thomas E. Ricks**<br>**By Sarah Reinheimer**<br><br>The United States has long counted on Iraq's Kurds to be a relatively stable political partner in a volatile country. Yet after months of pro-democracy demonstrations that triggered violent crackdowns and media suppression by the Kurdistan Regional Government, the United States government needs to keep a much closer eye on the Kurdish region to ensure that simmering problems there do not boil over, according to a June 15 session at the Washington Institute for Near East Policy.<br>One of Iraqi Kurdistan's worst problems is its weak economy. As WINEP's Michael Eisenstadt explained, "The Iraqi Kurds believe that their economic situation will continue to improve" as it becomes more urban, but in reality its economy "suffers from structural shortcomings." Due to the lack of jobs, the government pays students to go to night school so they have something to occupy their time. Even more troubling, out of 5 million citizens, half are children and 1.3 million are employed by the government. Many Iraqi Kurds are unwilling to do menial tasks, and the government and industries are forced to import foreign workers to do jobs normally reserved for citizens.<br>This patronage system "hinders the Kurdistan population from reaching its potential," warned Eisenstadt, and will only worsen as the Iraqi Kurds become more dependent on foreign workers. Nevertheless, the economic situation is "viewed as not so bad" by Iraqi Kurds, a startling complacency لەخۆڕازیبوون given the scope of the challenges.<br>What truly worries the Iraqi Kurds and could bring the most instability to the country is the coming departure of U.S. troops. The Iraqi Kurds feel surrounded on all sides by unfriendly neighbors, despite the economic and political partnership they have developed in recent years with Turkey, a country that continues to disenfranchise its own large Kurdish population. Baghdad and Arbil share no intelligence, and Iraqi Kurds worry that as soon as most U.S. troops leave, Baghdad will turn on the Kurds, just as it did during Saddam's reign, with the weapons and training the United States has provided.<br>Given these difficulties, the United States needs to re-evaluate its policy towards Iraqi Kurdistan. The United States, as WINEP's Michael Knights advocates, should encourage intelligence sharing between Baghdad and Arbil while maintaining | **کاتە دژوارەکان بۆ کوردەکانی عێراق لە دەرکەوتندان**<br>تۆماس ریکس<br>لە ئینگلیزیەوە: شوان بورهان لەکی<br><br>ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی درێژە بە شەریکێکی سیاسی جێگیری کوردەکان هەژماردەکرێت لە وڵاتێکی نائارامدا (عێراق)، بەڵام هێشتا دوای چەند مانگێك لە خۆپیشاندانی دیموکراسیانە کە هەڵمەتی توندوتیژ و سەرکوکردنی رۆژنامەنوسانی بەدوای خۆیدا هێنا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، ویلایەتە یەکگرتوەکان پێویستە وریاتر ئاگای لە بارودۆخی ئەو هەرێمە کوردیە بێت بۆ دڵنیابون لەوەی کە پەنگخواردنەوی کێشەکان بەرزنەبێتەوە، ئەمەش لە خولێکی پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی خواروودا ئاماژەی بۆ کراوە.<br>یەکێك لە خراپترین کێشەکانی کوردستانی عێراق لاوازی ئابوریە وەکو ئەوەی کە مایکڵ ئیزنستات لە پەیمانگای واشنتۆن رونیکردوەتەوە کە "کوردەکانی عێراق پێیان وایە ئابورییان بەردەوام دەبێت لە بەرەوپێشچون" وەکو ئەوەی کە ئەو هەرێمە بوە بە شاری، بەڵام لە راستیدا ئابوری کوردستان "بەدەست کەموکورتی هەیکەلیەوە دەناڵێنێت."<br><br>بۆ نمونە کەمی کارکردن و خەرج کردنی پارە لەلایەن حکومەت بۆ خوێندکار بۆ خوێندنی شەوانە تەنها بۆ ئەوەی کاتەکەیانی پێ بەسەربەرن، لەوەش زیاتر لە کۆی 5 ملیۆن کەس نیوەی منداڵن و 1 ملیۆن و 300 هەزار کەسیش فەرمانبەری حکومەتن. زۆربەی کوردەکانی عێراق نایانەوێت کار بکەن کە حکومەت و لایەنە پیشەسازیەکانی ناچار کردوە کە کرێکاری دەرەکی بێنن بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان.<br><br>ئەم سیستەمی مەحسوبیەتە "رێگە لەبەرەوپێشچونی دانیشتوانی کوردستان دەگرێت بۆ ئەوەی بەدەستهێنانی زەمینەی پیشکەوتن" ئایزنستات کوردەکانی عێراق ئاگادار دەکاتەوە لە مەترسی پشت بەستن بە کرێکاری بیانی.<br><br>لەگەڵ ئەوەی لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە بارودۆخی ئابوری "زۆر بە خراپ نابینرێت"، بەڵام کوتوپڕی ئەو لە خۆباییبونە رێژەی ئەوە روبەڕوبونەوەیە دیاری دەکات.<br><br>ئەوەی کە بە راستی جێگەی نیگەرانی کوردەکانە و رەنگە ببێتە هۆی نائارامی ئەو وڵاتە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە. کوردەکانی عێراق هەست دەکەن کە لە هەمو لایەکەوە لەلایەن دراوسێ نەیارەکانەوە دەورەدراون سەرەڕای ئەو شەراکەتە سیاسی و ئابوریەی کە لەم ساڵانەی دوایدا لەگەڵ تورکیا (ئەو وڵاتەی کە دانیشتوانە کوردەکەی خۆی پشتگوێ خستوە) بەرەوپێشچوە.<br>بەغداد و هەولێر هاوکاری یەکتر ناکەن لەڕوی زانیاری هەواڵگریەوە، کوردەکانی عێراق لەوە دەترسن کە لەگەڵ کشانەوەی سوپای ئەمەریکا، بەغداد بەو چەك و مەشقەی کە سوپای ئەمەریکا پیشکەشی کردون بێتوە سەریان هەروەکو سەردەمی رژێمی سەدام.<br>لەڕوی ئەم ئاڵۆزیانەوە ویلاتە یەکگرتوەکان پێویستە بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە بەرامبەر بە کوردستانی عێراق.<br><br>ئەمەریکا پێویستە هانی گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگری بدات لەنێوان هەولێر و بەغدا لەگەڵ بەردەوامی پارێزگاری کردن لە چاودێری ئەمنی کوردستان لەلایەن ئەمەریکاوە لە هەولێر.<br><br>لە کاتێکدا کە عێراق یەك وڵاتە و لە نێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزی متمانە نیە و لەگەڵ ئابوری شکستخواردی کوردستان، |

| | |
|---|---|
| some form of U.S. military observation mission in Arbil to monitor Kurdish security. While Iraq is one country, the distrust between the Kurds and the central government in Baghdad, coupled with Kurdistan's dysfunctional economy, could further destabilize the country in the months ahead. | پێدەچێت نائارامی لەو وڵاتەدا بەدوادا بێت لە چەند مانگی داهاتودا.<br><br>سەرچاوە: فۆڕێن پۆلیسی |
| **Text 9** | |
| **ST** | **TT** |
| **Turkish PM sets out on mission to become leader of Arab world**<br><br>Erdogan tours revolutionary countries as he looks to build power<br><br>By Patrick Cockburn<br><br>The Turkish Prime Minister, Tayyip Erdogan, arrived in Egypt yesterday at the start of a three-nation tour as Turkey toughens its stance towards Israel and seeks to become the predominant power among Muslim states in the Middle East and North Africa.<br>After Egypt, Mr Erdogan will visit Tunisia and Libya to show Turkey's support for both countries after the overthrow of long-standing police states in the Arab Spring. Turkey's strong, democratic and mildly Islamic regime makes it a model for new governments in all three countries.<br>Mr Erdogan's assertive and critical attitude towards Israel, until recently a close ally of Turkey, makes him attractive to the Arab world. In Cairo, the burning down of the Israeli embassy last weekend was the latest incident marking the hostility at street level between post-Mubarak Egyptians and Israel.<br>At the same time, the perception among Arab states that President Barack Obama has failed to help the Palestinians, while lending Israel his total support, has diminished US popularity and influence in the region.<br>Mr Erdogan said in an interview before leaving for Cairo that he had seen "grounds for war" against Israel last year after nine Turks had been killed by Israeli commandos on the Turkish aid ship Mavi Marmara bound for Gaza, but had "decided to act with patience". He hinted that in future the Turkish navy would protect any Turkish aid flotilla going to Gaza.<br>"Turkey will get most of what it wants if it does not overplay its hand," said one commentator.<br>Turkey has already imposed sanctions on Israel in retaliation for the aid-boat raid, but according to his aides Mr Erdogan appears to have abandoned, for the moment, his declared long-term intention to visit Gaza.<br>Turkey has benefited from the Arab Spring because it is likely to be in tune with new democratic governments, even when it had good | **سەرۆك وەزیرانی توركیا لە هەوڵی ئەوەدایە كە ببێت بە پێشەوای جیهانی عەرەبی**[1]<br><br>پاتریك كۆكبۆرن<br>لە ئینگلیزییەوە: سبەی<br>ئەردۆگان گەشتی ئەو وڵاتانە دەكات كە شۆڕشیان تیا ئەنجام درا و هەوڵ دەدات<br>دوێنی 2011/9/12 سەرۆك وەزیرانی توركیا و ڕەجەب تەیب ئەردۆگان گەێشتە میسر لە سەردانێك كە سێ وڵات دەگرێتەوە، ئەمەش لە كاتێكدایە كە توركیا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئیسرائیل توندتر دەكات و هەوڵ دەدات كە ببێت بە هێزی سەرەكی لە ناو وڵاتە موسڵمانەكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقا.<br>دوای میسر، ئەردۆگان سەردانی هەردو وڵاتی تونس و لیبیا دەكات بۆ نیشاندانی هاوپشتی توركیا بۆ ئەو وڵاتانە دوای ئەوەی توانیان حكومەتە پۆلیسیە درێژخایەنەكانیان بڕوخێنن لە بەهاری عەرەبیدا. ڕژێمی بە هێزی ئێستای توركیای دیموكراتی و نیمچە ئیسلامی دەكرێ مۆدیلێك بێت بۆ حكومەتی هەرسێ وڵاتەكە.<br><br>هەڵوێستی توند و ڕەخنەئامێزی ئەردۆگان لەمەڕ ئیسرائیل كە هەتا ئەم دواییە هاوپەیمانێكی نزیكی توركیا بو نزیكی دەخاتەوە لە جیهانی عەرەبی. سوتاندنی باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە قاهیرە لە كۆتایی هەفتەی ڕابردو دوا ڕوداو بو كە ئاستی دوژمنایەتی نێوان میسری پاش موبارەك و ئیسرائیل نیشان دەدات. هاوكات لەگەڵ ئەمەدا بیروبۆچونی بڵاو لە جیهانی عەرەبیدا ئەوەیە كە سەرۆك ئۆباما هیچ یارمەتیەكی فەلەستینیەكانی نەدا لە كاتێكدا پشتگیری تەواوی ئیسرائیلی كرد، ئەمەش بوە هۆی لاوازبونی ڕۆڵی وڵاتە یەكگرتۆكانی ئەمەریكا لە ناوچەكە.<br><br>لە چاوپێكەوتنێكدا پێش بەڕێكەوتنی بەرەو میسر، ئەردۆگان گوتی كە پارساڵ لە كاتی كوشتنی نۆ كەسی توركی لە سەر كەشتی "ماڤی مەڕمەڕە" كە یارمەتی بار كردبو بۆ غەزە لە سەر دەستی كۆماندۆی ئیسرائیل "دەكرا بنەمایەك بێت بۆ جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل"، بەڵام بڕیاری دا كە ئارامتر ڕەفتار بكات، لە هەمان كاتدا ئاماژەی بەوە كرد كە هێزی دەریایی توركی پارێزگاری هەر كەشتیەكی یارمەتی مرۆڤانەی توركی دەكات كە بەرەو غەزە بڕوات لە داهاتودا.<br>بە پێی قسەی كۆمێنتاتۆرێك "توركیا دەكرێت زۆربەی ئەوەی كە دەیەوێت بە دەستی بهێنێت ئەگەر زیادەڕۆیی نەكات لە یاریكردن بە دەستەكەی". توركیا ماوەیەكە سزای سەپاندوە بە سەر ئیسرائیلدا لە ئەنجامی هێرشكردنە سەر كەشتیەكە، بەڵام بەپێی قسەی هاوكارەكانی، ئەردۆگان لەئێستادا وازی لە بڕیاری سەردانی غەزە هێناوە كە ماوەیەكە دەیەوێت بیكات. توركیا لە بەهاری عەرەبی قازانجی كردوە، چونكە لەوانەیە لەگەڵ حكومەتە دیموكراتیە نوێیەكان گونجاو بێت، هەتا ئەگەر پەیوەندی باشی هەبوبێت لەگەڵ حكومەتەكانی پێشتر.<br><br>هەروەها توركیا دەكرێت ئەو بۆشاییە پڕ بكاتەوە كە لە ئەنجامی بێهێزبونی وڵاتانی بە هێزی وەك میسر و سوریا دروست بوە و عێراقیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە لە دەرئەنجامەكانی حوكمی ڕژێمی سەددام و ئەو توندوتیژییەی پاش ڕوخانی ئەو ڕژێمە ڕویدا |

[1] http://sbeiy.com/ku/ByaniArticleDetail.aspx?id=1207

| | |
|---|---|
| relations with their predecessors.<br>The country can also move to fill a vacuum since most of the more powerful Arab states, such as Egypt and Syria, are weaker than they were before their governments were overthrown. Iraq has never recovered from the rule of Saddam Hussein and the violence that followed.<br>In sharp contrast to Iran, Turkey has few serious enemies. It has sought to mediate over Iran's nuclear programme between the Iranian government, which it regards with suspicion, and the US and Europeans. The two countries also have a common foe in the shape of festering Kurdish insurgencies which engage in persistent guerrilla attacks. An attack by Kurdistan Workers Party (PKK) guerrillas in Hakkani Province in eastern Turkey overnight killed five people, including two security men.<br>The PKK has killed about 50 Turkish security personnel in recent weeks since it ended its ceasefire earlier in the year. Although Mr Erdogan has brought the Turkish army under civilian control, his government does not want to look weak in any confrontation with the PKK.<br>It is putting pressure on the Iraqi Kurdish President, Massoud Barzani, to isolate the PKK from its mountain strongholds inside Iraq. Mr Barzani, who would like Turkey as a counter-balance to Baghdad, has demanded in recent days that the PKK and the Kurdish guerrilla movement in Iran give up armed resistance.<br>Turkey has been playing an increasingly influential role in Iraqi politics because it is able to mediate between different parties, sects and ethnic groups. It also plays a growing commercial role: Turkish companies have even won contracts to collect the rubbish in Baghdad and Basra.<br>In Syria, Mr Erdogan has criticised President Bashar al-Assad's repression of protests, probably calculating that his regime is not going to survive, at least in its present form. Similarly in Libya, Turkey was at first slow to break with Colonel Muammar Gaddafi, but when it did so, it advanced $300m to the rebels at a time when they were short of money. Turkey was heavily involved in construction in Libya.<br>Overall, the isolation of Israel, the democratic uprisings in the Arab world, the weakness of the Arab states, and the diminished strength of the US in the region have all worked to Turkey's advantage.<br>Its influence is growing throughout the region but it is a long way from being in control of events. | هەڵبستێتەوە.<br>بەپێچەوانەی ئێران، تورکیا دوژمنی جدی کەمن، هەروها لە کاتی قەیرانەکەی پرۆگرامی وزەی ئەتۆمیی ئێران، تورکیا ویستی ناوبژی بکات لە نێوان رژێمی ئێران، کە بە گومانەوە لێی دەڕوانێ و ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو ئەوروپیەکان. هەردو وڵاتی تورکیا و ئێران دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش یاخیبونە کوردیەکانە کە بە بەردەوامی چالاکی گەریلایی ئەنجام دەدەن. لە هێرشێکدا کە لەلایەن گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە ناوچەی هەکاری لە رۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجام درا، 5 کەس کوژران کە دوانیان لە هێزەکانی ئاسایش بون.<br><br>لەچەند هەفتەی رابردودا گەریلاکانی PKK نزیکەی 50 کەسیان لە هێزەکانی ئاسایشی تورکیا کوشتوە دوای ئەوەی کە ئاگربەستیان کۆتایی پێ هێنا. ئەگەرچی ئەردۆگان توانی سوپای تورکیا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی مەدەنیەوە بەڵام حکومەتەکەی نایەوێت بە هیچ جۆرێك بە لاواز دەربکەوێت لە هەر بەرەنگاریەك لەگەڵ PKK، بەڵکو فشار دەخاتە سەر سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، مەسعود بارزانی بۆ تاکخستنەوەی PKK لە چیاکانی کوردستانی عێراق. بەڕێز بارزانی کە تورکیای دەوێت وەك هاوسەنگیەك لە بەرامبەر بەغدادا، لەم رۆژانەی رابردو داوای لە پەکەکە و پژاك کرد کە واز لە بەرەنگاری چەکدارانە بهێنن.<br><br>تورکیا توانیویەتی رۆڵێکی بەهێز بگێڕێ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، چونکە دەکرێت ناوبژی بکات لە نێوان لایەنە جیاوازەکان و مەزهەبە جیاوازەکان و گروپە نەژادییە (نەتەوە) جیاوازەکان، هەروها رۆڵێکی ئابوری گەورەش دەگێڕێ بە رادەیەك کە کومپانیای تورکی کۆنتراکتی کۆکردنەوەی زبڵی بەغدا و بەسرەشیان دەستەبەر کردوە.<br>ئەردۆگان رەخنەی لە سەرۆکی سوریا بەشار ئەلئسەد گرت لە سەر سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان، کە پێدەچی ئەردۆگان پێی وابێت رژێمەکەی رزگاری نابێت لای کەم لە سەر شێوازی ئێستای.<br>بەهەمان شێوە لە لیبیا، تورکیا لە سەرەتادا زۆر لەسەر خۆبو لەخۆجیاکردنەوە لە کۆلۆنێل موعەمەر قەزافی، بەڵام کاتی کە خۆی جیاکردەوە یەکسەر 300 ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە شۆڕشگێڕەکان کرد لەو کاتەدا کە پێویستیان بە پارە بو. تورکیا رۆڵی گەورەی هەبوە لە کەرتی بیناسازی لە لیبیا.<br><br>بەگشتی تاکخستنەوەی ئیسرائیل و راپەڕینە دیموکراتیەکانی جیهانی عەرەبی و لاوازبونی رۆڵی ئەمەریکا لە ناوچەکە هەمو لە بەرژەوەندی تورکیا بون. هەژمونی لە ناوچەکەدا لە زیادبوندایە، بەڵام هێشتا دورە لەوەی کۆنترۆڵی روداوەکانی لە دەست بێت.<br>سەرچاوە: ئیندپێندێنت |
| **Text 10** | |
| **ST** | **TT** |
| **Is Iraq the model for the Mideast after all?**<br>**By Jackson Diehl**<br>In Syria, elite army units are bloodily assaulting a now-armed resistance. Supporters of dictator Bashar al-Assad are being picked off in targeted | **ئایا دوای هەمو شتێك عێراق مۆدێلێکە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست**<br>جاکسن دیێڵ<br>لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەیدەری<br>لە سوریا، سوپای حکومەت هێرش دەکاتە سەر بەرهەڵستییەکی سوپایی تازە دروستبو. پشتیوانانی بەشار ئەسەد لە ئامانجە |

assassinations while opposition activists are tortured to death. Western countries stand fecklessly by as Russia and China veto action by the U.N. Security Council. At least 2,900 dead have been counted — and the carnage may be just getting started.

I could write a column about all of this. But I'd like to propose, instead, that we think again about the war in Iraq.

With U.S. troops less than three months away from withdrawal, that mission is now generally regarded in Washington as, at best, a waste of American lives and resources, and at worst a monumental folly — and that's among the Republican presidential candidates. But the misnamed Arab Spring, which has turned from a euphoric winter in Tunisia and Egypt to a savage summer in Libya, Yemen and Syria, casts Iraq in a different light.

It turns out that the end of autocracy in the Arab Middle East, unlike in Central Europe or Asia, will not happen peacefully. People power isn't working. Dictators such as Assad, Moammar Gaddafi and Yemen's Ali Abdullah Saleh, backed by mountains of weapons and armies bound to them by tribe or sect, prefer to fight to the death rather than quietly yield. Despite seeing Hosni Mubarak in his courtroom cage — or maybe because of it — they don't shrink from crimes against humanity.

The carnage might be seen as regrettable but acceptable if the bad guys were losing. But with the notable exception of Gaddafi, they are not. Assad has been written off by most of the West's intelligence services, but his tanks and artillery are proving more than a match for the ragtag groups of army defectors in towns such as Homs and Rastan. Saleh was nearly killed by a bomb, but on his return after three months in a Saudi hospital, forces commanded by his son still held the presidential palace in Sanaa.

Gaddafi, of course, is losing, though still at large — thanks to the military intervention by NATO. When the air campaign began last spring, he was on the verge of massacring the opposition in the rebel stronghold of Benghazi. Western planes and drones proved just enough to tip the balance against him. But Libya was the limit for the Obama administration, Britain and France: There will be no such operation in Syria or Yemen, goes the constant refrain.

This means that the bloodshed in those countries could drag on indefinitely, and grow steadily worse. Tribal war, and the anarchy of nearby Somalia, beckons for Yemen. In Syria we could see, at worst, a repeat of the history of Lebanon: sectarian war, interspersed with interventions by neighbors and transnational operations by terrorists.

This brings us back to Iraq. As former Bush

کوشتارییەکاندا دەسنیشان دەکرێن لە کاتێکدا چالاکانی ئۆپۆزسیۆن بە ئازاردان روبەڕوی مەرگ دەکرێنەوە. وڵاتانی خۆراوا بێدەنگ وەستاون لە ئاست بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ دژی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لایەن روسیاو چینەوە. بەلای کەمەوە 2900 هاوڵاتی کوژراوەو پێدەچێت ئەم رەشە کوژییە سەرەتای دەستپێکردنی بێت.

من دەتوانم وتارێکی تەواو لەسەر ئەم بابەتە بنوسم. بەڵام حەزدەکەم لەجیاتی ئەوە جارێکیتر بیر لە شەڕی عێراق بکەینەوە.

لە کاتێکدا تەنها سێ مانگی ماوە بۆ کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق، لە ئێستادا میشنەکە بەشێوەیەکی گشتی لە ئەمەریکا بە بەفیرۆدانی ژیان و سەرچاوەی ئەمەریکییەکان دەدرێتە قەڵەم، لەوەش خراپتر بڕیارێکی گەورەی شێتانە، ئەمەش لەناو کاندیدە کۆماری خوازەکانی سەرۆکایەتی بەدی دەکرێت. بەڵام، بەهاری عەرەبی بە هەڵە ناوبراو، کە لە زستانێکی دڵخۆشکەری تونس و میسر گۆرا بۆ هاوینێکی سەخت لە لیبیا، یەمەن و سوریا، عێراق دەخاتە رێژ رۆشنایی بارێکی جیاوازەوە.

پێدەچێت کۆتایی هێنان بە ئۆتوکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە پێچەوانەی ناوەڕاستی ئەوروپاو ئاسیا، بەشێوەیەکی ئاشتیانە نەبێت. دەسەڵاتی خەڵك ئیش ناکات. دیکتاتۆرەکانی وەکو ئەسەد، موعەمەر قەزافی و عەلی عەبدوڵا ساڵحی یەمەن کە بەهۆی شاخێك لە چەك و هێز پشتیان قایمە کە لە لایەن هۆزو عەشیرەتەکانەوە بۆیان دابین دەکرێت، دەیانەوێ تاوەکو مردن شەر بکەن لەجیاتی ئەوەی بەبێ دەنگی دەست هەڵگرن. سەرەڕای بینینی حوسنی موبارەك لە قەفەزی دادگادا، یان لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە، سڵ ناکەنەوە لە تاوانەکانیان دژی مرۆڤایەتی.

ئەو قەفەزە لەوانەیە پەشیمانی لەدوا بێت، بەڵام جێگای قبوڵکردنە کاتێك ئەو دیکتاتۆرانە دەدۆڕێن. بەڵام کاتێك دەڕوانیتە قەزافی، ئەم شتە راست دەرناچێت. لە لایەن زۆربەی دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆرئاواوە، ئەسەد سڕاوەتەوە، بەڵام تانك و تۆپەکانی بەهێزترن لەو گروپە کەمانەی رێزەکانی سوپایان جێهێشتوە لە شارەکانی وەکو حومس و رەستەن. عەلی عەبدوڵا ساڵحیش کە بەهۆی بۆمبەکەوە لە مەرگ نزیك بویەوە، دوای بەسەبردنی سێ مانگ لە نەخۆشخانەیەکی سعودیە گەڕایەوە، هێزەکانی کە لەلایەن کوڕەکانیەوە سەرپەرشتی دەکرێت هێشتا لە کۆشکی سەرۆکایەتی لە سەنعا زاڵن.

بێگومان قەزافی بەشێوەیەکی گشتی دۆڕاندویەتی، سوپاس بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە لایەن ناتۆوە. کاتێك بەهاری رابردو هێرشەکان دەستیان پێکرد، قەزافی لەوپەری ئەنجامدانی رەشەکوژییەکدا بو دژی ئۆپۆزسیۆن لە شاری بنغازی. فرۆکەکانی خۆرئاوا باڵانسی هێرشەکانی قەزافی پاراستبو. بەڵام لیبیا سنوردار بو بۆ ئیدارەی ئۆباماو بەریتانیاو فەرەنسا، هیچ ئۆپەراسیۆنێکی لەم جۆرە لە سوریا و یەمەن رونادات.

ئەمە مانای ئەوەیە خوێنرشتن لەو وڵاتانەدا دەکرێت بەشێوەیەکی خراپتر پەرە بسێنێت. شەری هۆزگەرایی و پەشێویەکانی سۆماڵ وێنەی یەمەن پیشان دەدەن. لە سوریاش دەکرێت مێژوی دوباری لوبنان ببینین، شەری تایەفی هاوکات لەگەڵ دەستێوەردانی دڕواسێکان و کردەوە تیرۆرستییەکان.

ئەمە بۆ عێراق دەمانگێڕێتەوە. هەروەکو بەرپرسی پێشوی ستراتیژییەکانی ئیدارەی بۆش بەم دواییانە لە واشنتن پۆست نوسیویەتی، عێراق لەچاوی پێشبینیەکانی ئەمەریکاو عێراقییەکانیشدا شکستی هێناوە. ئازارو تێچوەکانی ئەم جەنگە هۆکارێگەلێکن کە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بریاریانداوە دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا ئەنجام نەدەن و ئیدارەکەی ئۆباماش هەولێکی نیوە بەنیوەی لە لیبیادا خستەگەڕ.

هەرچەندە عێراق ئەو وڵاتەیە کە سوریاو زۆرێك لە وڵاتە

<table>
<tr>
<td>administration strategist Meghan O’Sullivan recently wrote in The Post, Iraq has fallen well short of both American and Iraqi expectations. The pain and cost of that war are some of the reasons the United States and its allies have sworn off intervention in Syria and why the Obama administration made a half-hearted effort in Libya.<br>Iraq, however, looks a lot like what Syria, and much of the rest of the Arab Middle East, might hope to be. Its vicious dictator and his family are gone, as is the rule by a sectarian minority that required perpetual repression. The quasi-civil war that raged five years ago is dormant, and Iraq’s multiple sects manage their differences through democratic votes and sometimes excruciating but workable negotiations. Though spectacular attacks still win headlines, fewer people have died violently this year in Iraq than in Mexico — or Syria.<br>Just as significantly, Iraq remains an ally of the United States, an enemy of al-Qaeda and a force for relative good in the Middle East. It is buying $12 billion in U.S. weapons and has requested that an American training force remain in the country next year. It recently helped get two U.S. citizens out of prison in Iran.<br>All of this happened because the United States invaded the country. Saddam Hussein demonstrated how he could handle a homegrown, Arab Spring-style rebellion when he used helicopter gunships to slaughter masses of Shiites in 1991. Even had his regime somehow crumbled, without the presence of U.S. troops nothing would have stopped Iraq from spiralling into the bottomless sectarian conflict that now threatens Syria.<br>The Arab Spring, in short, is making the invasion of Iraq look more worthy — and necessary — than it did a year ago. Before another year has passed, Syrians may well find themselves wishing that it had happened to them.</td>
<td>عەرەبییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هیوادەخوازن هاوشێوەی بن. دیکتاتۆرە دڕندەکەو خانەوادەکەی لەبەر چاو ون بون، هەروەکو دەسەڵاتەکەی کە لە لایەن هۆزێکی کەمینەوە بەردەوامی بە سەرکوتکارییەکانی دەدا. نیمچە شەڕەکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر وەکو نوستو وایەو هۆزەو تیرە جیاوازەکانی عێراق حوکمی جیاوازییەکانیان لەرێگەی دەنگدانی دیموکراسی و هەندێك جاریش لەرێگەی دانوستانی قورس و زەحمەتەوە. هەرچەندە هێشتا هێرشە لەناکاوەکان سەردێری هەواڵەکانیان داگیر کردوە، خەڵکانێکی کەمتر بەشێوەیەکی توندوتیژ لە عێراقدا لەناوچون بە بەراورد لەگەڵ مەکسیکۆ یان سوریا.<br>ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە عێراق بە هاوپەیمانی ئەمەریکا و دوژمنی ئەلقاعیدە هێزێکی باش بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەمێنیتەوە. ئەو وڵاتە سەرقاڵی کڕینی چەکە لە ئەمەریکا کە بایی 12 ملیار دۆلارە و داوای کردوە هێزێکی مەشق پێکردنی ئەمەریکا ساڵی داهاتو لە عێراقدا بمێنێتەوە. بەم دواییانە عێراق یارمەتی ئازادکردنی دو هاوڵاتی ئەمەریکیدا لە بەندینخانەی ئێران.<br><br>هەمو ئەو شتانە لە ئەنجامی داگیرکردنی وڵاتەکەوە رویدا لە لایەن ئەمەریکاوە. سەدام حسین ئەوەی نیشادا چۆن توانی ماڵەکەی بەڕێوە بەرێت، لەشێوەی سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی کاتێك هێلیکۆتەرە پڕچەکەکانی بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتیانی شیعە لە ساڵی 1991.<br>لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا رژێمەکەی شکسیت هێنا، بەبێ بونی هێزەکانی ئەمەریکا هیچ شتێك نەیدەتوانی عێراق لە شەری قوڵی تایەفی و مەزهەبی رزگار بکات، وەك ئەوەی ئێستا هەرەش لە سوریا دەکات.<br>بەکورتی، بەهاری عەرەبی زیاتر گەواهی و پێویستی داگیرکردنی عێراق دەخاتەڕو بە بەراورد لەگەڵ سالێك لەمەوبەر. پێش ئەوەی سالێکی تر تێپەرێت، سوریەکان هەست بەوە دەکەن کە ئەوەی لە عێراقدا هەیە بەسەر ئەوانیش هاتبا.<br>سەرچاوە: واشنتن پۆست</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">Text 11</td>
</tr>
<tr>
<td>ST</td>
<td>TT</td>
</tr>
<tr>
<td>The Kurdish strategy for Iraq: divide and exploit<br><br>By facilitating a dysfunctional coalition driven by suspicion in Baghdad, Kurdistan has been able to further its own ambitions<br>Ranj Alaaldin<br>Keep Baghdad weak and sustain political divisions – that is the Kurdish strategy for Iraq, underpinned by an astute game of manipulation and patience.<br>Arab Iraq remains divided and the Baghdad coalition government is dysfunctional. Disputes over territory, natural resources and power-sharing, including the implementation of key legislation, and ongoing security problems stand</td>
<td>ستراتیژی کورد لە عێراق: دابەش بوون و سودمەندبوون<br><br>بە هۆی ئاسانکاری کردن لە هاوپەیمانیەتیەکی ناعەمەلی لەسەر بنەمای گومان لە بەغداد، کوردستان توانیویەتی تموحەکانی خۆی زیاد بکات.<br>’لاواز کردنی بەغداد و بەردەوامیدان بە دابەش بوونی سیاسی‘ بریتیە لە ستراتیجی کورد لە عێراق، کە بە پشت ئەستورە بە سیاسەتی زیرەکانەی دەستبە سەرداگرتن و پشوودرێژی.<br>عێراقی عەرەبی بە شێوەیەکی دابەش بوو دەمێنێتەوە و حکومەتی هاوپەیمانی بەغداش حکومەتێکی ناعەمەلی یە. ناکۆکیەکان لەسەر ناوچەکان و سەرچاوە سروشتیەکان و بەشداری دەسەڵات و تەنانەت جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتی و بەردەوامی کێشەی ئاسایش ڕێگرن لە بەردەم سەقامگیری درێژخایەن و بەرەوپێشچوون.<br>بەڵام هەرێمی سەقامگیری کوردستان لە بەرەو پێشچووندایە سەرەڕای ناکۆکیەکان. لە هەڵبژاردنە پارلەمانیەکەی ئازاری 2010 دا کورد دەنگی پێویستی هێنا بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت</td>
</tr>
</table>

in the way of enduring stability and progress.
The stable Kurdistan region, however, is moving ahead, despite being at the centre of these disputes. It garnered enough votes during the March 2010 parliamentary elections to position itself as a kingmaker, since top vote-winners Ayad Allawi and the prime minister Nouri al-Maliki struggled to form a coalition independent of the Kurds.
After nine months without leadership and amid continuing terror attacks, Arab Iraq finally got a government – but only because the Kurdistan president, Massoud Barzani – having kept everyone guessing as to which individual the Kurds were going to back – brokered an agreement that paved the way for a coalition of Iraq's major political blocs.
Yet, that agreement never came to fruition; Allawi and Maliki failed to come to agreement over the distribution of power. Through the allocation of ministries, however, just about enough was done to appease various segments of Iraq's political spectrum, including key Sunni-Arab politicians who contested the elections alongside Allawi but, as a result of their new-found status and prestige, refuse to heed any calls to withdraw and go into opposition.
Arab Iraq was thus given a fragile and dysfunctional government, and the Kurds facilitated this, ensuring that a government of national unity was actually a government of unlikely bedfellows driven by suspicion. The politics is still divided along sectarian lines: hostility exists between the Shia Dawa party of Maliki and powerful politicians belonging to the Sunni-Arab dominated Iraqiyah bloc, who remain wary of his grip on power and suspicious of his and other Shia blocs' links with Iran.
That works for the Kurds. It keeps Baghdad weak and unable to move forward. It allows them to exploit tensions to further their own ambitions. For example, when Baghdad recently moved to revise an earlier version of an oil and gas law to the detriment of the Kurds, the Kurdistan regional government recalled Kurdish officials in Baghdad and, at the same time, invited Maliki's foe, Allawi, to Erbil for emergency talks.
That response was aimed at exerting pressure on Maliki and his government, and the Kurds may be winning: the revised law is now unlikely to be approved and the Baghdad oil and gas licensing round, scheduled for January 2012, has been postponed. Similarly, while Baghdad may be adamant that the Kurds will never get oil-rich Kirkuk, the issue, unresolved, provides the Kurds with a powerful bargaining chip that allows them to push for other objectives in the meantime.
This includes objectives related to their own energy sector. Kurdistan is establishing itself as an industry champion, hosting the world's oil and

لەکاتێکدا دوو براوەی پێشەنگی هەڵبژاردنەکان ئەیاد عەلاوی و نوری مالیکی سەرکەوتوو نەبوون لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەک بێ بەشداری کورد.

دوای نۆ مانگ دواکەوتنی پێکهێنانی و لە گەرمەی هێرشە تیرۆریستیەکان، عێراقی عەرەبی دواجار حکومەتی پێکهێنا دوای ئەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دەستپێشخەری کرد بۆ ڕێککەوتنێك کە ڕێخۆشکەربوو بۆ هاوپەیمانیەتی لایەنە سیاسیە سەرەکیەکانی عێراق، ئەمە لەکاتێکدا کە هەموو لایەک لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون کە ئایا کورد پشتگیری لە کام یەک لە عەلاوی و مالیکی دەکات.

بەڵام ئەم ڕێککەوتنە هەرگیز نە هاتە بەرهەم هەروەک عەلاوی و مالیکی سەرکەوتوو نەبوون لە دابەشکردنی دەسەڵات. هەرچەندە هەوڵی تەواو درا لە ڕێگەی دابەشکردنی وەزارەتەکان لایەنە جیاوازەکانی ساحەی سیاسی عێراق ڕازی بکەن، لە ناویشیاندا سیاسەتمەدارە دیارەکانی عەربی سونە کە لەڕیزی عەلاویدا بوون لە هەڵبژاردنەکاندا، کە دواتربە هۆی پێگە و ئیمتیازاتی نوێ داواکاری پاشەکشێ و چوونە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنیان رەتکردەوە.
بۆیە عێراقی عەرەبی بوو بە خاوەن حکومەتێکی لاواز و ناعەمەلی، وە کوردیش هاوکاری ئەوە بوو، وە دڵنیا بوو لەوەی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی لەوجۆرە حکومەتی چەندلایەنێکی هاوپەیمانی نەگونجاو دەبێت کە لەسەر گومان بنیادنرابێت. سیاسەتی عێراق هێشتا لە نێوان لایەن تایەفیەکاندا دابەشبووە: دوژمنایەتی حیزبی دەعوەی مالیکی و سیاسەتمەدارە دەسەلاتدارەکانی عەرەبی سونەی سەربە لیستی ئەلعراقیە کە بەدگومانن لە دەسەڵات گرتنەدەستی مالیکی، وە گومانیشیان هەیە لە پەیوەندی مالیکی و لایەنە شیعەکانی تر لەگەڵ ئێران.

هەموو ئەمانە لە سودی کورد بوون، هەروەک بەغدای بە لاوازی هێشتووەتەوە کە نەتوانێت هەنگاو بەرەو پێش بەرێت. هەر ئەمەش وا دەکات کورد سود لە تەنگژەکان وەرگرێت و لەڕێگەیەوە تموحەکانی خۆی زیاد بکات. بۆ نمونە، لەم دواییەدا کاتێک بەغداد پێشنیازی چاوپێداخشاندنەوەی یاسای نەوت و گازی پێشووی کرد کە بە زیانی کورد تەواو دەبوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی بەرپرسە کوردەکانی کردەوە لە بەغداد، هاوکات بانگهێشتی عەلاوی نەیاری مالیکیشی کرد بۆ هەولێر بۆ گفتوگۆی بەپەلە.

ئەمەش وەک وەڵامێک وابوو ئامانج لێی فشار بوو بۆ سەر مالیکی و حکومەتەکەی، کە تیایدا کورد سەرکەوتوو دیارەو پێ ناچێت یاسای پێشنیازکراوی نەوت وگاز پەسەند بکرێت، وە خولی مۆڵەتپێدانی نەوت و گاز کە بڕیاربوو لە کانونی دووەمی 2012 دا ئەنجامبدرێت، دواخرا. بەهەمان شێوە، پێدەچێت بەغداد سوربێت لەسەر ئەوەی کورد هەرگیز نابێت بە خاوەنی کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت، ئەمەش کە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوە وەک کارتێکی بەهێز لە دەستی کورد دایە بۆ دروستکردنی فشار بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی تری.
لەو ئامانجانەش کەرتی ووزە یە لە کورستان. کوردستان خەریکی دامەزراندی پێشبڕکێی پیشەسازی خۆیەتی، هەروەک میوانداری کڕیارە جیهانیەکانی نەوت و گاز دەکات بۆ کۆنفڕانسی چاوەڕوانکراوی نەوت و گاز لە هەولێر. ڕێکخەری ئەم کۆنفڕانسە بریتیە لە ڕێکخراوی CWC کە بۆیەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان کۆنفڕانس ڕێکدەخەن، کۆنفڕانسەکانی پێشوتریان دەربارەی عێراق بووە بەگشتی.

هەرێم سەرنجی کڕیارە گەورەکان ڕادەکێشێ، وەک بەڵگەش گرێبەستی نەوتی (تۆنی هەیوەدی) بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی بەریتانی (BP) یە بە بڕی **2.1** ملیار دۆلار لە هەرێمدا. نزیکەی 40 کۆمپانیای بیانی لە 17 وڵاتی جیاوازەوە بە نیازن بە بڕی 10 ملیار دۆلار وەبەرهێنان بکەن لە کەرتی بەرهەمهێنانی ووزەدا.

gas players at a forthcoming oil and gas conference in Erbil. For the event organisers, CWC, this is a first; their previous conferences focused on Iraq as a whole – not any more, though.

That is because the region is attracting major players, evidenced none other by former BP chief Tony Hayward's $2.1bn deal for oil assets in the region. Around 40 foreign companies from 17 different countries are committed to investing some $10bn in the energy sector.

But does Kurdistan need Iraq? Iraq has control over pipelines that allow for oil to be exported more efficiently. Exporting oil via tanker trucks, although inefficient, is still feasible, but at some point a pipeline will be needed if Kurdistan is to become a viable exporter able to manage its huge reserves. So far, though, Kurdish energy ambitions have not been impeded by Baghdad's control of the pipelines and its messy politics.

Baghdad also provides additional revenues, which allow for better basic services, infrastructure, education and a better equipped military – for the Kurds. In addition to their own resources and revenues – which Baghdad is unable to audit and benefit from – the KRG gets 17% of the annual Iraqi budget, worth, at the very least, almost $10bn a year.

Ultimately, it is about keeping any enemies in the making close; that is, have a foot in Baghdad, be aware of behind-the-scenes developments and have constant access to the political elite, providing an opportunity to promote regression.

Of course, the Kurds do not have to be part of Iraq and could declare independence tomorrow. There is little that Turkey and other neighbours like Iran could do, given their billions of dollars worth of trade with Kurdistan, domestic problems and the general volatility in the region, as well as the impossibility of invading and occupying Kurdistan's cities.

However, the Kurds will not declare independence because they have a good thing going for them. It makes little sense to sacrifice this when any unilateral declaration of independence would put them "in the wrong", perhaps land-lock them and justify counter-responses from Baghdad and regional neighbours.

Instead, they want to declare independence as part of a sustainable and regional framework, and so long as this framework gives them Kirkuk. In the meantime, the Kurds will continue to operate in the interests of the Kurds and Kurdistan, and that means exploiting Baghdad for all it has got – a price Iraq and Iraqis have to pay to keep the country intact.

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کورد پێویستی بە عێراق هەیە؟ عێراق کۆنترۆلی هەیە بەسەر بۆڕیە نەوتیەکاندا کە لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی ئابوریانە نەوت دەنێردرێتە دەرەوە. ناردنەدەرەوەی نەوت لە ڕیگەی تانکەرەوە، سەرەڕای ئەوەی نا ئابوریانەیە، کارێکی گونجاوە. بەڵام ڕۆژێک دێت کوردستان پێویستی بە بۆڕی نەوتی دەبێت ئەگەر بیەوێت سەرکەوتوو بێت لە ناردنە دەرەوەی نەوتدا و سەرپەرشتی ئەو نەوتە زۆرە یەدەگەی بکات کە هەیەتی. تا ئێستا، کۆنترۆڵی بەغداد بەسەر بۆڕیە نەوتیەکان و ئاڵۆزیی سیاسی لە عێراقدا نەبوونەتە لەمپەر لە ڕێگەی ئامانجەکانی کورد لە بەرهەم هێنانی ووزەدا.

هەروەها بەغدا داهاتی زیاتریش بۆ کورد دابین دەکات، کە لەڕێگەیەوە کورد دەتوانێت خزمەتگوزاری و ژێرخانی ئابوری و کەرتی پەروەردە و هێزی چەکدار باشتر بکات. سەرەڕای سەرچاوە و داهاتەکانی هەرێم کە بەغدا توانای سەپەرشتی کردن و سودمەنبوونی نیە لێیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 17% لە بودجەی عێراق وەردەگرێت، کە بەلای کەمەوە ساڵانە دەگاتە 10 ملیار دۆلار.

دواجار گرنگە لە دوژمنەکان دورنەکەویتەوە، واتا پێیەکت لە بەغداد قایم بکەیت و ئاگاداری گۆڕانکاریەکانی پشت پەردەبیت و بەردەوام لە پەیوەندی دابیت لەگەڵ نوخبە سیاسەکاندا، کە لە هەوڵی پاشەکشێ پێکردندان.

بێ گومان مەرج نیە کورد بەشێک بێت لە عێڕاق و دەگونچێ سبەینێ سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت. تورکیا و درواسێکانی تری وەک ئێرانیش کارێکی وایان لە دەست نایات لە کاتێکدا بە ملیارەها دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن لەگەڵ کوردستان و کێشەی ناوخۆیی خۆیان هەیەو بارو دۆخی ناوچەکە بەگشتی ناسەقامگیرە، هەروەها ناشگوجێت پەلاماری شارەکانی کوردستان بدەن و داگیری بکەن.
بەلام کورد سەربەخۆیی ڕاناگەیەنێت چونکە دەرفەتی باشی دەست کەوتووە. وە کارێکی زۆر عاقڵانە نیە ئەم دەرفەتە بکات بە قوربانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی تاک لایەنە و خۆی بخاتە هەڵەوە، کە لەوانەیە قەتیس بکرێت و پاساو بدات بە بەغداو دراوسێکانی ناوچەکە وەڵامی پەرچەکردار بنوێنن.

لە جێگەی ئەوە، کورد دەیەوێت سەربەخۆییەک ڕابگەیەنێت وەک بە شێک لە چوارچیوەی هەرێمێکدا کە توانای مانەوەی هەبێت، بەمەرجێك ئەو چوارچێوەیە کەرکوکیش بگرێتەوە. هاوکات، کورد بەردەوام دەبێت لە کارکردن بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان، واتا سود لە هەموو دەرفەتەکان وەردەگرێت لە بەغداد – ئەمە ئەو باجەیە کە دەبێت عێراق وعێراقیەکان بیدەن بۆ هێشتنەوەی ووڵات بە یەکپارچەیی.

**Text 12**

| ST | TT |
| --- | --- |
| **Obama’s bold gamble on Iraq**<br>**By L Paul Bremer, III**<br><br>*The opinions expressed are his own.*<br>In announcing that all American troops will be out of Iraq by year’s end, President Obama has placed a big bet on the future of Iraq and on America’s position in a restive Middle East. While the initial public response to his decision, in America and in Iraq, may be positive, this will not shield him from the consequences if his bet goes sour.<br>The single most salient lesson in countries emerging from tyranny is the importance of providing security for the population. This is not just one of many tasks that must be addressed: security is the essential prerequisite to progress in the other two foreseeable challenges—in Iraq, Egypt and now Libya: beginning a process of political reform and starting economic reconstruction.<br>The American government learned this lesson the hard way in Iraq. For several years after Saddam was thrown out, we lacked the comprehensive counter insurgency strategy and sufficient forces needed to provide security to the Iraqi people. Predictably, security deteriorated as an unholy alliance of Sunni and Shia terrorists, the first backed by al Qaeda, the other by Iran, took advantage the situation. The deficiencies in strategy and troops while Iraq’s own national security forces were still in training produced a bloody and chaotic year in 2006.<br>There were two game-changers in Iraq.<br>1. President Bush’s courageous decision to change strategy and to surge forces. Contrary to widespread skepticism in the American political class, these decisions gradually brought the security under much better control.<br>2. The almost unimaginable stoicism of the Iraqi people. In many individual months in 2006 and early 2007, Iraqi casualties from terrorism were greater, as a percent of the country’s population, than the casualties America experienced on 9/11. Fortunately by the summer of 2011, violence had fallen against both Americans and Iraqis.<br>Despite this progress, every Iraqi—Sunni or Shia, Arab or Kurd, man or woman– I have spoken to over the past year has insisted on the importance of keeping American forces in Iraq even after the expiration of the current Status of Forces Agreement. Despite a ramped up program of military training, Iraqi military leaders have privately and publicly asserted that Iraq’s security forces are not yet prepared to protect the country. American military commanders share this assessment, which is one of several reasons a year ago the commanders on the ground | **قوماری بوێرانەی ئۆباما لەسەر عێراق**<br><br>لە ئینگلیزیەوە: شوان بورهان لەکی<br><br>بە راگەیاندنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە کۆتایی ئەمساڵدا، ئۆباما رەهنێکی گەورەی کرد لەسەر داهاتوی عێراق و پێگەی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئاڵۆزدا. لە کاتێکدا کە کاردانەوەی گشتی بۆ ئەم بڕیارە لە ئەمەریکا و عێراق رەنگە پۆزەتیڤ بێت، بەڵام ئەمە ئۆباما لە دەرئەنجامەکان ناپارێزێ ئەگەر رەهنەکەی خراپ بکەوێتەوە.<br>تاکە وانەیەکی زۆر بێدەنگ لەو وڵاتانەی کە لە ژێر حوکمی ستەمکار رزگاربون، گرنگی دابینکردنی ئاسیشە بۆ دانیشتوانەکەی. ئاسیش تەنها یەکێك نیە لەو بابەتانەی کە پێویستە چارەسەر بکرێن، ئاسیش مەرجێکی بنەڕەتیە بۆ روبەڕوبونەوەکانی تر لە عێراق و میسر و لیبیاشدا، بنەمایە بۆ پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی و بنیادنانەوەی ئابوری.<br><br>حکومەتی ئەمەریکا ئەم وانەیە بە رێگایەکی قورس لە عێراقدا فێربو. چەند ساڵێك دوای ئەوەی کە سەدام لەسەر کار لابرا، ئێمە ستراتیجیەکی تەواو و هێزی پێویستمان نەبو بۆ روبەڕوبونەوەی گروپە یاخیەکان بۆ ئەوەی ئاسیشی عێراقیەکان دابین بکەین. وەك چاوەڕوان دەکرا بارودۆخی ئەمنی شێوێنرا لەلایەن هاوپەیمانیەکی ناپیرۆزی تیرۆرستە شیعە و سوننەکان، قاعیدە لە لایەك و ئێران لە لایەکی تر بارودۆخەکەیان قۆستەوە. کەمی ستراتیجی و سەرباز لە کاتێکیشدا کە سوپای عێراق لە مەشقدا بون ساڵی 2006ی خوێناوی لێکەوتەوە.<br><br>دو گۆڕەری یاریەکە (بارودۆخەکە) لە عێراقدا هەبون.<br>1.بڕیاری بوێرانەی سەرۆك بوش بۆ گۆڕینی ستراتیج و زیادکردنی هێز. بە پێچەوانەی ئەو گومانە بڵاوانەی کە لە ناو چینە سیاسیەکاندا هەبون، ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بارودۆخی ئەمنی باشتر کرد.<br>2.خۆڕاگری چاوەڕوان نەکراوی گەلی عێراق. تەنها لە چەند مانگێکی ساڵی2006 دا ژمارەی قوربانیەکانی عێراق بە دەستی تیرۆرستان زۆر بەرز بوەوە، بە رادەیەك زیاتر لە قوربانیەکانی ئەمەریکا لە روداوەکەی 11ی سێپتەمبەردا، بەڵام خۆشبەختانە لە هاوینی 2011دا توندوتیژی لە دژی ئەمەریکی و عێراقیەکان روی لە کەمی کرد.<br><br>بەڵام سەرەڕای ئەم بەرەوپێشچونە، ساڵی رابردو لەگەڵ هەر عێراقیەك قسەم کردبێت جا سوننە بێت یان شیعە، کورد یان عەرەب، ژن یان پیاو، جەختی لەسەر گرنگی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کردوە تەنانەت لە دوای تەواوبونی ئەو وادەیەش کە دیاری کراوە. سەرەڕای بەرزبونەوەی سیستەمی راهێنانی سەربازی، بەڵام سەرکردە سەربازیەکانی عێراق چ بە نهێنی بێت یان ئاشکرا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە، کە هێزە عێراقیەکان هێشتا توانای پاراستنی ئەو وڵاتەیان نیە، سەرکردە سەربازیەکانی ئەمەریکاش لە عێراق هەمان شتیان دوپات کردوەتەوە بۆیە ساڵی پێشو داوای ئەوەیان کرد کە20  هەزار سەربازی ئەمەریکی لە دوای ساڵی 2011 لە عێراقدا بمێنێتەوە.<br><br>بەبێ رێگەدان بە گۆڕینەوەی دیبلۆماسیانە لە نێوان وڵاتەکانماندا، ئەوە قورسە کە بتوانین چاوەڕوانی دەرئەنجامێکی باش بین. بە دڵنیاییەوە هەستی نەتەوەیی عێراقی رێگربو لە گەرەنتی بەخشینی حەسانە بۆ هێزەکانی ئەمەریکا. ئەوە رونە هیچ سەرۆکێك رازی نابێت بە مانەوەی هێزەکان بە بێ پێدانی حەسانە پێیان، بەڵام لە راستیدا ئەوە خۆی جەوهەری حوکمێکی راستیە بۆ چارەسەر کردنی بەرژوەندیە دژیەکەکان. لە قسە کردن و جوڵەی لەشی ئۆبامادا بە رونی دەرکەوت کە ئۆباما دڵی لەگەڵ بردنەوەی جەنگ نەبو لە عێراق. بە هەرحاڵ |

recommended seeking Iraqi agreement to keep some 20,000 American troops there after 2011. Without access to all the diplomatic exchanges between our countries, it is difficult to judge whether a better outcome was possible. Certainly Iraqi national feeling against granting American forces immunities was strong. Clearly no President could agree to station them there without those immunities. But it is the essence of good statecraft to resolve conflicting interests. And it is clear from his words and body language that President Obama’s heart was not in winning the war in Iraq. Indeed when he announced the withdrawal he merely noted that “America’s war in Iraq is over.” That is cold comfort to the millions of Iraqis who are left to fend for themselves in one of the world’s most dangerous regions.
The Administration’s ill-disguised desire to get out of Iraq, mirrored by its decision to wage the war in Afghanistan on a political timetable, placed Iraqi politicians who wanted a residual American presence in an impossible situation. How could they stick their necks out to push for American troops when the administration gave them no cover?

In his announcement the President noted that American troops have been in Iraq nine years. But no war can be waged or won on a timetable. NATO forces are still in the Balkans after almost 20 years. American forces have been in Europe and Asia for more than a half-century. During my service in Europe I saw firsthand how those troops added to American security by deterring conflict in two vital areas of the world.

Perhaps quiet negotiations can still find a way to reverse this policy. American troops in Iraq would serve our joint interests in four ways:
First, by finishing the job of training Iraqi forces to defeat domestic enemies and deter foreign ones. Effective training requires professional American troops and Iraqis working side by side until the Iraqis are capable of handling the job themselves.
Second, by fighting al-Qaeda and Iranian-backed terrorists. Both are still active in Iraq. Our retreat will leave them a tempting vacuum.

Third, by continuing to provide an unspoken “buffer” along the Green Line that separates Iraqi Kurdish and Arab forces in the north;
Most importantly, a continuing American military presence would make it clear that America has enduring interests in the volatile Middle East and does not intend to let al Qaeda or Iraq’s neighbors, especially the terrorist states of Iran and Syria, benefit from any weakness of ours.

کاتێك کشانەوەی هێزەکانی راگەیاند ئاماژەی بۆئەوە کرد کە "جەنگی ئەمەریکا لە عێراق کۆتایی هات". ئەمەش پشویەکی سارد بو بۆ ملیۆنەها عێراقی کە جێهێڵران بۆ ئەوەی خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن لە ترسناکترین ناوچەی جیهان.

خواستی لاوازی ئیدارەی ئۆباما بۆ کشانەوەی هێزەکان لە عێراق، لە ژێر کاریگەری بڕیارێکیدا بو بۆ گۆڕینی جەنگەکە لە ئەفغانستان لە خشتەیەکی زەمەنی سیاسیدا، ئەو سیاسەتمەدارە عێراقیانەی خستە بارودۆخێکی نالەبارەوە کە دەیانویست هێزەکانی ئەمەریکا بمێننەوە، ئایا ئەوان چۆن بتوانن یەك رای گشتیان هەبێت کە ئیدارەکەی ئۆباما پشتگیریان نەکات؟

لە راگەیاندنەکەیدا سەرۆك وتی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ نزیکەی 9 ساڵە لە عێراقن. بەڵام هیچ شەڕێك دەستپێناکرێت یان نابردرێتەوە لە خشتەیەکی کاتیی دیاری کراودا. هێزەکانی ناتۆ هێشتا لە بەلقانن دوای نزیکەی 20 ساڵ لە جەنگ .هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەوروپا و ئاسیا بۆ نزیکەی نیو سەدە ماونەتەوە .لە کاتی کارکردنمدا لە ئەوروپا بۆ خۆم بینیم کە چۆن ئەو هێزانە بۆ هێزی ئەمەریکا زیاد کران بە وەستاندنی روبەڕوبوونەوەکان لە 2 ناوچەی گرنگی جیهاندا.
رەنگە بتوانرێت لە رێگەی گفتوگۆیەکی هێمنانەوە ئەم سیاسەتە بگۆردرێت .هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانن خزمەتی بەرژوەندیە هاوبەشەکانی هەردولا بکەن بەم چوار رێگەیە:

.1بە کۆتایی هێنانی راهێنانی هێزەکانی عێراق بۆ ئەوەی روبەڕوی دوژمنی دەرەکی و ناوەکی ببنەوە، هێزە راهێنەرەکانی ئەمەریکا و هێزەکانی عێراق پێکەوە کار بکەن تا ئەو کاتەی هێزەکانی عێراق خۆیان توانای ئەرکی پاراستنی عێراقیان دەبێت.

.2روبەڕوبونەوەی قاعیدە و دەستە تیرۆرستیەکانی ئێران، کە هەردوکیان لە عێراقدا چالاکن، گەڕانەوەی ئێمە چانسێك بە ئەوان دەبەخشێت.

.3بەردەوام بون لە درێژەدان بە بونی هێڵی سەوزی جیاکەرەوە لە نێوان هێزە کوردیەکان و عەرەبەکان بە شێوەیەکی رانەگەیەنراو.
.4لە هەموشی گرنگتر مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە کاتێکدا کە ئەمەریکا بەرژوەندی تری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاڵۆزدا هەیە، رێگری دەکات لە پیلانەکانی قاعیدە و وڵاتە دراوسێکانی عێراق بە تایبەت وڵاتە تیرۆرستیەکانی وەکو ئێران و سوریا کە سود لەهەر لاوازبونێکی ئێمە وەردەگرن.
سەرچاوە: رۆیتەرز

**Text 13**

| ST | TT |
|---|---|
| **Obama's Happy Talk Doesn't Change Iraq Reality**<br>**Max Boot**<br>Those were some pretty astonishing statements that President Obama made after his meeting in Washington with Prime Minister Maliki of Iraq: He said that "what we have now achieved is an Iraq that is self-governing, that is inclusive and that has enormous potential."<br>Only the last part of that sentence is true: Iraq does have "enormous potential"–both good and bad. It could become another opulent petrostate–or it could revert to a hellish state of civil war. Either is possible at this point because Iraq is only barely "self-governing" and its government is acting in ways that are less "inclusive" all the time–witness Maliki's arrest of more than 600 people on vague charges of "Baathism."<br>Obama's happy talk is seriously at odds with reality–and I'm sure Obama knows it. He is only attempting to put his abandonment of Iraq in the best possible light.<br>In the process he is taking an enormous gamble, not only with the security of Iraq, the United States, and the entire Middle East but also with his own historical reputation. True, the pullout from Iraq is popular today. It won't be so popular a year or two from now if the result of the U.S. pullout is greater instability or tyranny. Obama will then shoulder the bulk of the blame for messing up the end game of a war that he never supported.<br>I hope Obama's optimism is vindicated. I really do. But there are many troubling signs which suggest that his statements this week could be remembered much as George W. Bush's proclamation of "Mission Accomplished" is today.<br>For more see these excellent articles by K2 (that would be Fred and Kim Kagan) and by the *Washington Post* editors. | **قسە دڵخۆشکەرەکانی ئۆباما راستی عیراق ناگۆڕن**<br>**ماکس بوت**<br>**لە ئینگلیزییەوە: کاروان حەیدەری**<br><br>دوای کۆبونەوەکەی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە واشنتن، ئۆباما چەند وتەیەکی دڵخۆشکەری پێشکەشکرد. وتی کە "ئەوەی تائێستا بەدەستمان هێناوە عێراقێکە کە خۆی بەڕێوە دەبات، کە حکومەتێکی کامڵ و هێزێکی شاراوەی زۆری هەیە."<br><br>تەنها کۆتا بەشی ئەم قسەیە راستە کە دەڵێ عێراق "هێزێکی شاراوەی" هەیە، ئەویش لەروی خراپی و باشیەوە. لە لایەکەوە دەکرێت ببێت بە وڵاتێکی تری دەوڵەمەندی نەوتدار، لە لایەکی تریشەوە دەکرێت ئەمە بگۆڕێت بۆ دۆزەخێك لە شەڕی ناوخۆ .<br>هەریەکێك لەمانە شیاوی رودانی هەیە لەبەرئەوەی عێراق بە ئاستەم توانای خۆ بەڕێوەبردنی هەیەو زۆربەی جارەکانیش حکومەتی ئەو وڵاتە لەسەر بنەمای تێنەگەیشتن هەڵسوکەوت دەکات، هەروەها گرتنی زیاتر لە 600 کەس بەشێوەیەکی ناڕۆشن لە لایەن مالکییەوە بە گومانی "بەعسیەت."<br><br>قسە دڵخۆشکەرەکانی ئۆباما بەشێوەیەکی جدی دژی حەقیقەتە، من دڵنیام ئۆباما ئەوە دەزانێت. ئەو تەنها هەوڵ دەدات بڕیارەکەی بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بە سوکترین شێوە لەسەر بکەوێت. لەم پرۆسەیەدا ئۆباما قۆمارێکی گەورە دەکات، نەك تەنها لەگەڵ ئاسایشی عێراق، ئەمەریکاو هەمو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەگەڵ ناوبانگی مێژویی خۆیشی. راستە بەشێکی زۆر لەگەڵ کشانەوەی هێزەکاندان لەمڕۆدا. بەڵام دو ساڵ دواتر ئەنجامەکە بەمشێوەیە نابێت ئەگەر کشانەوەکە ببێتە هۆی زیاتر ناسەقامگیری و دیکتاتۆریەت. لە دواییشدا ئۆباما پەنجەی خۆی دەگەزێ بۆ ئەوەی لە کۆتایی یارییەکەدا هەمو شتێکی لە جەنگێکدا دۆڕاند کە خۆی هەرگیز پشتیوانی لێنەکردوە.<br><br>هیوام وایە گەشبینیەکەی ئۆباما راست دەرچێت. بەراستی هیواخوازم. بەڵام زۆر ئاماژەی پر کێشە هەن کە پێشبینی ئەوە دەکەن وتەکانی ئەم هەفتەیەی ئۆباما زۆر لە راگەیاندنەکەی جۆرج بۆش دەچن کاتێك وتی: "میشنەکەمان بەدەستهێنا ". |

**Text 14**

| ST | TT |
|---|---|
| **In Iraq, a return to old enmities**<br>**By Editorial Board**<br>PRESIDENT OBAMA struck a "mission accomplished" tone when he greeted Nouri al-Maliki at the White House last week, heaping praise on the Iraqi prime minister and declaring that he "leads Iraq's most inclusive government yet." It didn't take long for those words to boomerang. No sooner had Mr. Maliki returned to Baghdad than he launched what looks like an attempted coup against the country's top Sunni leaders. Though the outcome is still in doubt, Iraq's fragile political order appears in danger of crumbling just days after the departure of U.S. troops.<br>Mr. Maliki's strike took the form of criminal charges against Vice President Tariq al-Hashimi, | **لە عێراق، گەڕانەوەیەك بۆ دوژمنایەتییە کۆنەکان**<br>لە ئینگلیزییەوە :کاروان حەیدەری<br><br>هەفتەی رابردو، کاتێك سەرۆك ئۆباما پێشوازی لە نوری مالیکی کرد لە کۆشکی سپی ، لە تۆنی "میشنەکەمان بەدەستهێنا" گیری خواردبو، ستایشی سەرۆك وەزیرانی دەکرد و رایگەیاند کە "حکومەتێکی تەواو بەڕێوەدەبات." کاتێکی زۆری بۆ گەڕانەوەی ئەو وشانە نەبرد. کەمێك دوای ئەوەی نوری مالیکی گەڕایەوە بۆ بەغدا، هەوڵێکی شێوە کودەتایی دژی سەرکردە دیارەکانی سوننە بەرپاکرد. هەرچەندە ئەنجامەکە تائێستا رون نییە، رێڕەوی سیاسی لەرزۆکی عێراق ترسی شکستهێنانی هەیە بە تەنها چەند رۆژێك دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لەو وڵاتە.<br><br>هێرشی مالیکی شێوازی تاوانبارکردنی لە دژی تارق هاشمی، جێگری سەرۆك کۆمار بەخۆوە بینی، لە کاتێکدا ئەو سەرکردە سوننەیە ناسراوە بە هەوڵەکانی بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرکردە شیعەکاندا. هەفتەی رابردو، سێ سەربازی ئاسایش دەستگیر کران و |

a Sunni known for his attempts to find accord with Shiite leaders. Three security guards arrested last week were paraded on state television Monday, where they confessed to acts of terrorism and alleged that Mr. Hashimi had directed them. Mr. Maliki, meanwhile, asked parliament for a no-confidence vote against Deputy Prime Minister Saleh Mutlaq, another Sunni. Sunni members of parliament and cabinet ministers responded by suspending their work — threatening a governmental collapse.

We haven’t seen enough to judge the charges against Mr. Hashemi, and few Sunni or Shiite leaders are free of any link to the violence that has wracked Iraq since 2003. But both the timing and the televised form of Mr. Maliki’s charges against the vice president were blatantly political. They followed what has been a mounting campaign by the prime minister, a Shiite with close ties to Iran, against perceived Sunni enemies. Hundreds of former members of Saddam Hussein’s Baath party have been arrested in recent weeks. Security forces controlled by Mr. Maliki have surrounded the compounds of Sunni leaders in Baghdad.

The Obama administration appears blindsided by the crisis. It shouldn’t be so surprised. It risked just such a breakdown when it disregarded the recommendation of its military commanders that some U.S. forces remain in Iraq to help guarantee against a return to sectarian conflict. Sunni and Kurdish leaders also urged U.S. officials to broker a deal for a stay-on force with Mr. Maliki; now they say their worst fears may be coming to pass. “The Americans pulled out without completing the job they should have finished,” Iyad Allawi, the leader of the secular political bloc supported by most Sunnis, told the Reuters news agency Tuesday.

The U.S. withdrawal was forced in part by a deal struck by the Bush administration, as well as domestic pressure on Mr. Maliki from Iran’s proxies. But White House aides who argued that no stay-on force was necessary will now see their argument tested. U.S. diplomats in Baghdad are trying to help Iraq’s Kurdish president and foreign minister defuse the incipient conflict; Vice President Biden was on the phone Tuesday to Mr. Maliki and the Sunni speaker of parliament. Washington’s leverage includes the promised sale to Mr. Maliki’s government of F-16 warplanes and training for Iraqi pilots.

Mr. Maliki has said he wishes to maintain a strategic partnership with the United States. If that’s true, Mr. Obama might still rescue the situation by delivering the message he failed to communicate in public last week: Such an alliance cannot be maintained with an Iraqi government that pursues a sectarian agenda or seeks authoritarian power.

رۆژی دو شەممە خرانە سەر شاشەی تەلەفزیۆنی حکومەت، کە تێیدا دانیان بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی دا  نا و تارق هاشمیان بە رابەری ئەنجامدانی ئەو کردەوانە تاوانبار کرد. لە هەمان کاتدا، مالیکی داوای لە پەرلەمان کرد بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە ساڵح موتڵەگی جێگری سەرۆك وەزیران، کە ئەویش یەکێکی ترە لە سوننەکان. پەرلەمانتار و وەزیرە سوننەکان بە هەڵپەساردنی کارەکانیان وەڵامی ئەو تۆمەتانەیان دایەوە و هەڕەشەی روخاندنی حکومەتیان کرد.

ئێمە بەڵگەی تەواومان لەبەردەست نییە بۆ تاوانبارکردنی هاشمی، چەند سەرکردەیەکی کەمی سوننی یان شیعی بەشێوەیەکی ئاشکرا پەیوەندیان بە توندوتیژییەکانی عێراقەوە هەیە لە ساڵی 2003وە. بەمە هەردو کات و قسەکانی سەر تەلەفزیۆنی مالیکی دژی جێگری سەرۆك کۆمار تاوانبارکردنێکی بە ئەنقەستی سیاسی بون. ئەمانە هەموی دوای کەمپینێکی کەڵەکەکراوی سەرۆك وەزیران دێت، شیعەیەك بە پەیوەندی پتەو لەگەڵ ئێران، دژی دوژمنە سوننەکانی. بەسەدان ئەندامی پێشوی حیزبی بەعس لەم چەند هەفتەیەی دواییدا دەستگیرکراون. هێزەکانی ئاسایشی سەر بە مالیکی گەمارۆی ئەو ناوچانەیان داوە کە سەرکردە سوننەکانی تێدا جێگیرە لە بەغدا.

پێدەچێت ئیدارەکەی ئۆباما لەم قەیرانەدا گیری خواردبێت. پێویست ناکات زۆر سەرسام بێت. ئیدارەکە ئەو مەترسییەی هێنایە ئاراوە هەر دوای ئەوەی رەتی کردەوە بۆ هێشتنەوەی ژمارەیەك لە هێزەکانی ئەمەریکا بۆ بەرگرتن لە گەڕانەوەی ئاژاوەی مەزهەبی لەو وڵاتەدا. سەرکردە سوننە و کوردەکان داوایان لە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا کرد بۆ هێشتنەوەی چەند هێزێك بە رێکەوتن لەگەڵ مالیکی، ئێستا ئەو سەرکردانە دەڵێن لەوانەیە ئەو ترسەی هەیانبو خەریکە بەسەریاندا تێدەپەڕێت. ئەیاد عەلاوی، کە سەرکردەی پارتێکە کە لە لایەن زۆرینەی سوننەوە پشتیوانی لێدەکرێت، لە پەیامێکیدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز رایگەیاند کە، "ئەمەریکییەکان بەبێ تەواوکردنی ئەرکەکانیان کە دەبوایە تەواویان کردبا لەعێراق کشانەوە".

بەشێك لە هۆکاری کشانەوەی ئەمەریکا لەعێراق بریتی بو لە رێککەوتنێکی ئیدارەکەی بوش، لە هەمان کاتدا فشارێکی ناوخۆیی بۆ سەر مالیکی لەلایەن پرۆ-ئێرانییەکانەوە. بەڵام کۆشکی سپی کە پێیوابو مانەوەی بەشێك لەهێزەکان پێویست نییە، دەبینن کە چۆن ئەو قسانەیان دەکەونە ژێر تاقیکردنەوە .دیبلۆماتە ئەمەریکییەکان لە هەوڵی یارمەتیدانی سەرکردە کوردەکان و وەزیری دەرەوەدان بۆ راگرتنی ئەو بارە نالەبارەی ئێستای عێراق. رۆژی سێشەممە جۆزێف بایدن پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ مالیکی و سەرۆکی سوننەی پەرلەمان ئەنجامدا. دەسەڵاتی واشنتۆن بەسەر مالیکیدا بریتییە لە بەڵێنی فرۆشتنی فرۆکەی ئێف-16و مەشقپێکردنی فرۆکەوانە عێراقییەکان. مالیکی رایگەیاندوە کە دەیەوێت هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژی لەگەڵ ئەمەریکادا بپارێزیت. ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا بەڕێز ئۆباما لەوانەی هێشتا توانای رزگارکردنی لەو قسانەی هەبێت کە هەفتەی رابردو شکستی هێنا لە دەربڕینیان. هاوپەیمانێتییەکی وەها ناتوانرێت بمێنێتەوە لەگەڵ حکومەتێك کە ئەجێندای مەزهەبی هان بدات و بەدوای دەسەڵاتی رەهادا بگەڕێت.

**Text 15**

| ST | TT |
| --- | --- |
| **The End, for Now**<br>By THOMAS L. FRIEDMAN<br>With the withdrawal of the last U.S. troops from Iraq, we're finally going to get the answer to the core question about that country: Was Iraq the way Iraq was because Saddam was the way Saddam was, or was Saddam the way Saddam was because Iraq is the way Iraq is — a collection of sects and tribes unable to live together except under an iron fist. Now we're going to get the answer because both the internal iron fist that held Iraq together (Saddam Hussein) and the external iron fist (the U.S. armed forces) have been removed. Now we will see whether Iraqis can govern themselves in a decent manner that will enable their society to progress — or end up with a new iron fist. You have to hope for the best because so much is riding on it, but the early signs are worrying.<br>Iraq was always a war of choice. As I never bought the argument that Saddam had nukes that had to be taken out, the decision to go to war stemmed, for me, from a different choice: Could we collaborate with the people of Iraq to change the political trajectory of this pivotal state in the heart of the Arab world and help tilt it and the region onto a democratizing track? After 9/11, the idea of helping to change the context of Arab politics and address the root causes of Arab state dysfunction and Islamist terrorism — which were identified in the 2002 Arab Human Development Report as a deficit of freedom, a deficit of knowledge and a deficit of women's empowerment — seemed to me to be a legitimate strategic choice. But was it a wise choice?<br>My answer is twofold: "No" and "Maybe, sort of, we'll see."<br>I say "no" because whatever happens in Iraq, even if it becomes Switzerland, we overpaid for it. And, for that, I have nothing but regrets. We overpaid in lives, in the wounded, in tarnished values, in dollars and in the lost focus on America's development. Iraqis, of course, paid dearly as well.<br>One reason the costs were so high is because the project was so difficult. Another was the incompetence of George W. Bush's team in prosecuting the war. The other reason, though, was the nature of the enemy. Iran, the Arab dictators and, most of all, Al Qaeda did not want a democracy in the heart of the Arab world, and they tried everything they could — in Al Qaeda's case, hundreds of suicide bombers financed by Arab oil money — to sow enough fear and sectarian discord to make this democracy project fail.<br>So no matter the original reasons for the war, in the end, it came down to this: Were America and | **كۆتایی، بۆ ئێستا**<br>لە ئینگلیزییەوە :کاروان حەیدەری<br><br>لەگەڵ کشانەوەی کۆتایی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق، لە کۆتاییدا دەگەینە وەڵامی پرسیارە گرنگەکە سەبارەت بە وڵاتەکە: ئایا عێراق بەو شێوەیە بو لەبەرئەوەی سەدام بەو شێوەیە بو؟، یان سەدام ئەو شێوە سەدامە بو لەبەرئەوەی عێراق بەو شێوەیە بو؟، کۆمەڵێك لە گروپی تایەفی و مەزهەبی کە ناتوانن بەیەکەوە بژین ئەگەر لەژێر زەبری دەستێکی پۆڵاییندا نەبن .ئێستا ئێمە ئەو وەڵامەمان دەست دەکەوێت لەبەرئەوەی هەردو دەستی پۆڵایینی ناوخۆ کە ئەوانەی بەیەکەوە دەبەستەوە (سەدام حوسێن) و دەستی پۆڵایینی دەرەکی (هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا) لە وڵاتدا لابراون. ئێستا دەبینین ئاخۆ عێراقییەکان دەتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن بەشێوەیەکی رێك و پێك کە کۆمەڵگاکە بەرەوپێش بەرێت، یان دیسان بە دەستێکی پۆڵایین کۆتایی دێت .پێویستە هیوا بۆ باشترین بخوازین چونکە ئەمە شتێکی زۆری پێوە پەیوەستە، بەڵام ئاماژە نوێکان جێگای شپرزەیین.<br><br>عێراق هەمیشە جەنگێکی هەڵبژێردراو بوە. لەبەرئەوەی من تائێستا گفتوگۆی ئەوەم نەکردوە کە سەدام وزەی ناوەکی هەبوبێت و پێویستە بدۆزرێتەوە، بڕیاری جەنگ لە لایەن منەوە هەڵبژاردنێکی جیاوازبو. ئایا دەتوانین یارمەتی عێراقییەکان بدەین بۆ گۆڕینی رێڕەوی سیاسی ئەو وڵاتە گرنگە لەناو جەرگەی جیهانی عەرەبی و یارمەتی چەسپاندنی بدەین و هەرێمەکە بخەینە سەر رێڕەوێکی دیموکراسی؟ دوای 11ی سێپتەمبەر، بیرۆکەی یارمەتیدانی گۆڕینی ناوەرۆکی سیاسەتی عەرەب و دیاریکردنی هۆکارەکانی ناچالاکی دەوڵەتە عەرەبییەکان و تیرۆریزمی ئیسلامی، کە بەگوێرەی راپۆرتەکانی گەشەی مرۆیی عەرەب لە ساڵی 2002دا بەهۆی کەمی ئازادییەکان و زانیاری و بەشداری ژنان لە سیاسەت سەریان هەڵداوە، بەرای من هەڵبژاردنێکی ستراتیژی یاسایی بو. بەڵام ئایا هەڵبژاردنێکی ژیرانە بو؟<br><br>وەڵامەکەی من دو روی هەیە: "نەخێر" و "لەوانەیە، یان بەشێوەیەکی تر، لە داهاتودا دەبینین".<br>دەڵێم "نەخێر" لەبەرئەوەی هەرچییەك رودەدات لە عێراق، تەنانەت ئەگەر ببێت بە سویسرا، زیاد لە پێویست گرنگیمان پێدا. بۆ ئەمەش، جگە لە پەشیمانبونەوە هیچی ترم نییە بۆ وتن. زیادەڕۆییمان لە بەهەردانی ژیانی خەڵك و بریندارەکان کرد، لە بەهاکاندا و، هەروەها لە دۆلار و لەدەستدانی تەرکیز لەسەر گەشەکردنی ئەمەریکا.<br>بێگومان، عێراقییەکانیش بەهەمان شێوە ئەو باجەیان داوە.<br>هۆکارێك بۆ ئەوەی کە تێچونەکان زۆر بون ئەوەبو کە پرۆژەکە قورس بو .هۆکارێکی تر بریتی بو لە نالێهاتویی تیمەکەی جۆرج بوش لە رێکخستنی جەنگەکە .هۆکارەکەی تر، هەرچەندە، بریتی بو لە سروشتی دوژمن. ئێران، دیکتاتۆرە عەرەبەکان و لە هەموشیان ترسناکتر ئەلقاعیدە دیموکراسییان لەناوجەرگەی جیهانی عەرەبدا نەویست، بۆیە هەر شتێك کە توانییان کردیان بۆ داکوتانی رەگی ترس ناسەقامگیری مەزهەبی بەمەبەستی شکستپێهێنانی پرۆژەی دیموکراسی، لەوانەش ئەلقاعیدە، کە بە سەدان تەقینەوەی خۆکوژی لەسەر حیسابی پاری نەوتی عەرەب ئەنجامداوە.<br><br>کەواتە کێشە نییە هۆکارە راستەقینەکانی ئەو جەنگە چی بون، لە کۆتاییدا ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە: ئایا ئەمەریکا و هاوپەیمانە عێراقییەکانی بەنیازبون ئەلقاعیدە و هاوپەیمانەکانی لەناوجەرگەی جیهانی عەرەبدا بڕوخێنن یان بە پێچەوانەوە؟ سوپاس بۆ بزوتنەوەی نەهزەی سوننی لە عێراق، هەروەها هەڵمەتەکە، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی ئەوانیان شکست پێهێنا و بارێکی لەباریان بۆ گرنگترین بەرهەمی جەنگی عێراق رەخساند: یەکەمین پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆبەخش لەنێوان سوننە و کورد و شیعەکان بۆ ئەوەی چۆن بتوانن دەسەڵات و سەرچاوەکان هاوبەشی پێبکەن لە وڵاتێکی عەرەبیدا و بەڕێوەبردنی خۆیان بەشێوەیەکی تازەی دیموکراسی. |

its Iraqi allies going to defeat Al Qaeda and its allies in the heart of the Arab world or were Al Qaeda and its allies going to defeat them? Thanks to the Sunni Awakening movement in Iraq, and the surge, America and its allies defeated them and laid the groundwork for the most important product of the Iraq war: the first ever voluntary social contract between Sunnis, Kurds and Shiites for how to share power and resources in an Arab country and to govern themselves in a democratic fashion. America helped to midwife that contract in Iraq, and now every other Arab democracy movement is trying to replicate it — without an American midwife. You see how hard it is.

Which leads to the “maybe, sort of, we’ll see.” It is possible to overpay for something that is still transformational. Iraq had its strategic benefits: the removal of a genocidal dictator; the defeat of Al Qaeda there, which diminished its capacity to attack us; the intimidation of Libya, which prompted its dictator to surrender his nuclear program (and helped expose the Abdul Qadeer Khan nuclear network); the birth in Kurdistan of an island of civility and free markets and the birth in Iraq of a diverse free press. But Iraq will only be transformational if it truly becomes a model where Shiites, Sunnis and Kurds, the secular and religious, Muslims and non-Muslims, can live together and share power.

As you can see in Syria, Yemen, Egypt, Libya and Bahrain, this is the issue that will determine the fate of all the Arab awakenings. Can the Arab world develop pluralistic, consensual politics, with regular rotations in power, where people can live as citizens and not feel that their tribe, sect or party has to rule or die? This will not happen overnight in Iraq, but if it happens over time *it would be transformational*, because it is the necessary condition for democracy to take root in that region. Without it, the Arab world will be a dangerous boiling pot for a long, long time.

The best-case scenario for Iraq is that it will be another Russia — an imperfect, corrupt, oil democracy that still holds together long enough so that the real agent of change — a new generation, which takes nine months and 21 years to develop — comes of age in a much more open, pluralistic society. The current Iraqi leaders are holdovers from the old era, just like Vladimir Putin in Russia. They will always be weighed down by the past. But as Putin is discovering — some 21 years after Russia’s democratic awakening began — that new generation thinks differently. I don’t know if Iraq will make it. The odds are really long, but creating this opportunity was an important endeavor, and I have nothing but respect for the Americans, Brits and Iraqis who paid the price to make it possible.

ئەمەریکا یارمەتی پەرەپێدانی ئەو پەیوەنییەی لە عێراقدا کرد، ئێستاش هەمو بزوتنەوە دیموکراسییەکانی تری عەرەب هەوڵی کۆپیکردنی دەدەن، بەبێ یارمەتی ئەمەریکا. دەبینیت چەندێك ئەم شتە قورسە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە "لەوانەیە، یان بەشێوەیەکی تر، لە داهاتودا دەبینین." شتێکی شیاوە کە باجی زیاتر بدەی لەپێناو شتێك کە هێشتا لە قۆناغی گواستنەوەدایە. عێراق سودی ستراتیژی تایبەت بەخۆی هەیە:

لابردنی دیکتاتۆرێکی تاوانبار بە جینۆساید، شکستی ئەلقاعیدە لەوێ، کە توانای هێرشکرنە سەر ئێمەی لەناوبرد، ترسی لیبیا، کە هانی دیکاتۆرەکەی دەدا پەرە بە وزە ناوەکییەکی بدات (هەروەها یارمەتی عەبدولقادر خانی دا بۆ ئەنجامدانی تەقینەوەیەکی ئەتۆمی)، لەدایکبونی کوردستانێك لە خاکی مەدەنییەت و بازاری ئازاد و لەدایکبونی چاپەمەنی سەربەخۆ لە عێراق. بەڵام عێراق تەنها لە حاڵەتێکدا وڵاتێکی ئینتقالی دەبێت کە بەراستی ئەو وڵاتە ببێت بە مۆدێلێك کە تێیدا شیعە و سوننە و کوردەکان، بە عەلمانی و ئایینی و موسڵمان و ناموسڵمانەکان بتوانن بەیەکەوە بژین و هاوبەشی دەسەڵات بکەن.

هەروەك لە سوریا، یەمەن، میسر، لیبیا و بەحرەین دەبینین، ئەوە هەمان مەسەلەیە کە دەتوانێت لە داهاتودا چارەنوسی هەمو راپەڕینە عەرەبییەکان دیاری دەکات. ئایا جیهانی عەرەبی دەتوانێت سیاسەتی گشتگیر و یەکتر قبوڵکردن پەرەپێبدات، بەبونی پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ دەسەڵاتدا، کە تێیدا خەڵك وەکو هاوڵاتی بژین و هەست نەکەن کە هۆزەکەیان، تایەفەکەیان یان حیزبەکەیان دەبێت یان دەسەڵاتدار بێت یان بمرێت؟ ئەمە تەنها لە شەو و رۆژێکدا رونادات لە عێراق، بەڵام ئەگەر بەپێی کات روبدات ئەوا شێوازێکی ئینتقالی دەبێت، چونکە مەرجێکی پێویستە بۆ دیموکراسی بۆ ئەوەی لەناوچەکەدا رەگی خۆی داکوتێت. بەبێ ئەم شتە، جیهان دەبێتە شوێنێکی ترسناك بۆ ماوەیەکی زۆر دورو درێژ.

باشترین سیناریۆش بۆ عێراق ئەوەیە کە دەبێتە روسیایەکی تر )دیموکراسییەکی ناتەواو، گەندەڵ و بشتبەستو بە نەوت کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە و دەبێتە وەسیلەی گۆڕانکاری، جیلێکی نوێ، کە 9 مانگ و 21 ساڵی پێدەچێت تا گەشە دەکات) دێتە ئاراوە بە کۆمەڵگایەکی زۆر کراوە و گشتگیرتر. سەرکردەکانی ئێستای عێراق هەڵگری بیرۆکەی سەردەمە کۆنەکانن، هەروەکو فلادیمێر پوتینی روسیا. هەمیشە لەسەر حیسابی رابردو مامەڵە دەکەن. بەڵام هەروەکو پوتین بۆی دەرکەوت، دوای 21 ساڵ بەسەر بەخەبەرهاتنەوەی دیموکراسی روسیا، کە جیلی نوێ بەشێوەیەکی نوێ بیر دەکاتەوە. نازانم عێراق سەرکەوتو دەبێت یان نا. خاڵە ناکۆکەکان زۆرن، بەڵام بەرجەستەکردنی ئەم هەلە هەوڵێکی گرنگ بو، هەروەها من جگە لە رێز هیچی ترم نییە بۆ ئەمەریکییەکان، بەریتانییەکان و عێراقییەکان کە باجیان دا بۆ ئەوەی ئەم شتە ببێت بە شیاو بۆ کردن.

**Text 16**

| ST | TT |
| --- | --- |
| **The Joy of Teaching in Iraq**<br>**Jim Owens**<br><br>News reports out of Iraq tend to focus on the same sad, familiar themes of violence, uncertainty and sectarianism. Among the many articles on car bombings, political stalemate and social instability, the larger story of personal and educational development in the country sometimes gets lost. In fact, the Iraqi people are moving on with their lives, and young adults are preparing themselves for careers in a country free from the ravages of sanctions and war. Students are working hard to acquire the knowledge and skills they need to succeed in a new, more modern and internationally engaged society, but their efforts are seldom recognized in the international media. I've been in Iraq for a little over a month now, teaching mathematics at the American University of Iraq- Sulaimani (AUI-S), and I can assure you -- that's a story worth telling.<br><br>So, what's it like for an American educator to work with Iraqi college students in the classroom? Well, to be honest, they had me at "hello." From the first moments of my first class, I knew there was something different about these students, something special. At first I couldn't put my finger on what it was. This was my Mathematics II section, a class of 13 students in their second year of the academic program, after having spent anywhere from one to four semesters bringing their English up to speed with university level. Mathematics II, an intermediate algebra course, is the second of two math courses in the university's core curriculum. In Mathematics I students explore geometry through Book I of Euclid's *Elements of Geometry*, followed by a review of basic algebra concepts.<br>Working with these students that first day was *fun*. I wondered whether my next two classes, both sections of Mathematics I -- and therefore filled with freshmen -- would have the same feel. Three hours later, walking back to my office after meeting these two sections, I should have been exhausted: I had just spent four and a quarter hours straight in the classroom, meeting a total of 53 students in three periods of 75 minutes each. Instead, I felt exhilarated, even a bit giddy. Who knew that teaching mathematics at the college level could be this rewarding, this much fun? Four weeks later, the feeling is as strong as ever.<br>This is not my first teaching experience. I began teaching in the mid-1990s, first in high schools and then as a technical educator in a large software company. Since 2002, I have taught courses in mathematics, business, information technology and computer science at two | **چێژی وانەوتنەوە لە عیراق**<br>**جیم ئۆوینز**<br><br>ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە دەرەوەی عیراق هەمیشە جەخت لەسەر هەمان چیرۆکە هەواڵە باوەکانی توندوتیژی و نائارامی و تایەفەگەرێتی دەکاتەوە. لەنێوان بابەتە زۆرەکانی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکرا و گرێ کوێرەی سیاسی و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی، زۆر لە چیرۆکی پێشکەوتنە تایبەتی و فێرکارییەکان لەوڵاتدا زۆرجار وندەبن. لەڕاستیدا گەلی عیراق ژیانی خۆیان دەژین و لەوڵاتێکدا کە بەدوورە لە ئەنجامەکانی گەمارۆ و جەنگ، گەنجەکان خۆیان بۆ چەند پیشەیەك ئامادەدەکەن.<br><br>فێرخوازان زۆر بەجدی کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و لێهاتوویی کە پێویستیان دەبێت لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنتر و زیاتر بەجیهانیبوودا، بەڵام بەدەگەن هەوڵەکانیان لە میدیای نێودەوڵەتیدا دەناسرێت.<br><br>من ئێستا بۆ ماوەیەکی کەم بۆ ماوەی مانگێکە هاتووم بۆ عیراق، و وانەی بیرکاری لە زانکۆی ئەمریکی لە عیراق- سلێمانی دەڵێمەوە، دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە ئەمە چیرۆکێکە شایانی باسکردنە.<br>لەبەرئەوە، وەکو چی وایە کە مامۆستایەکی ئەمریکی لەگەڵ فێرخوازانی کۆلێژ لە عیراق وانە بڵێتەوە؟ بەڵێ، لەڕاستیدا لەسەرەتاوە خۆشیان ویستم.<br><br>لەسەرەتای ساتەکانی یەکەم وانەمەوە، زانیم ئەم فێرخوازانە جیاواز و تایبەتن. لەسەرەتاوە نەمتوانی بزانم جیاوازی و تایبەتی ئەم فێرخوازانە چییە.<br><br>لەبەشی دووەمی وانەی بیرکاریدا پۆلەکەم پێکهاتووە لە 13 فێرخوازی قۆناغی دووەم و ئەوان چوار کۆرسیان خوێندووە و زمانی ئینگلیزییان لە ئاستی زانکۆدایە. بیرکاری 2، کە کۆرسێکی مام ناوەندی جەبرە، بریتیە لە بەشی دووەمی دوو کۆرسی بیرکاری لە مەنهەجی گشتی زانکۆدا. لە بیرکاری 1دا فێرخوازان ئەندازە دەخوێنن لەڕێگەی کتێبی 1 کە بایەخدەدات بە ڕەگەزەکانی ئەندازە و دواتر پێداچوونەوەیەك بۆ بنەما سەرەکیەکانی جەبر دەخوێنرێت.<br><br>لە یەکەم ڕۆژدا کارکردن لەگەڵ ئەم فێرخوازانەدا خۆش بوو.<br>بیرمدەکردەوە دوو وانەی داهاتووم- هەردوو بەشەکەی بیرکاری 1- هەمان هەستم دەبێت.<br><br>دوای سێ کاتژمێر و دوای وتنەوەی هەردوو وانەکە کاتێ گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم پێویستبوو من شەکەت و ماندووبم: من هەر ئێستا چوار کاتژمێر و چارەکێکم لە ژووری پۆلدا لە سێ ماوەی 75 خولەکیدا بەسەربرد، چاوم کەوت بە 53 فێرخواز، بەڵام لەجیاتی ئەوە زۆر هەستم بەشادمانی دەکرد و تەنانەت تۆزێ گێژبووم. کێ دەیزانی وتنەوەی وانەی بیرکاری لەئاستی کۆلێژدا ئەوەندە چێژبەخشە؟ چوار هەفتە دواتر ئەم هەستەم لەهەموو کاتەکان بەهێزتربوو.<br><br>ئەمە یەکەمین ئەزموونی وانەوتنەوەم نییە. من لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا دەستمکرد بە وانەوتنەوە، سەرەتا لە ئامادەییەکان و دواتر وەکو مامۆستایەکی تەکنیکی لە کۆمپانیایەکی گەورەی سۆفت وێردا. لە ساڵی 2002وە چەند کۆرسێکی بیرکاری، بیزنس، تەکنەلۆژیای زانیاری و زانستی کۆمپیوتەرم لە دوو کۆلێژ، کۆلیژێکی گشتی و زانکۆیەکی تایبەتدا وتۆتەوە. لەگەڵ سەدەها، لەوانەیە هەزارەها فێرخوازی هەموو ئاستەکاندا وانەم وتۆتەوە.<br><br>لە ڕاستیدا هەلی ئەوەم هەبووە لەماوەی ئەو ساڵانەدا لەگەڵ فێرخوازی زۆرباشدا کاربکەم، بەڵام هەرگیز پۆلەکەم پڕنەبووە لە فێرخوازی باش و زیرەك. |

community colleges, a state college and a private university. I've worked with hundreds, maybe thousands of students at all levels. To be sure, I've had the opportunity to work with some wonderful students over the years -- but never a class full of wonderful students. Never *three* classes full of wonderful students.

The moment I heard about AUI-S last fall, I knew I had to join its faculty. On a personal level, there was my previous experience in the Kurdistan region as a member of an Air Force civil engineering team. In the weeks immediately following the first Gulf War, my team provided humanitarian relief to hundreds of thousands of refugees on the Turkish-Iraqi border. I have followed developments in the region with interest ever since. More importantly, following decades of persecution and isolation, the people of this region finally have the opportunity to determine their own future. I simply could not pass up the chance to observe firsthand the formation of this new, post-conflict society.

Now, what's so special about these Iraqi students? Let me give you a list:

Students here come to class wide awake and cheerful. Even those students in the 8 a.m. Mathematics II class show up on time and ready to work; the same applies to the students in the later sections.

Students here show up for class *without* a bunch of electronics. Cell phones are plentiful here, but I've never seen one in class. Last spring, at my university in the United States, I spent countless weeks wrestling with my calculus students over texting in class.

In both their dress and demeanor, students here display a positive attitude toward learning. There's no "slacker" mentality. Students are nicely dressed, most at a business casual level. There are no pajamas, flip-flops, or t-shirts with profane or sexually explicit messages, nor do you see a lot of skin. These kids are dressed to learn.

Although my students come from a variety of ethnic and religious backgrounds, I haven't noticed that they split up into cliques. To some extent, this may just reflect a lack of cultural understanding on my part, but my strong sense is that students work well together across these differences.

Students here readily raise their hands to ask or answer questions and to contribute to class discussions. (Again, the slacker mentality is totally absent.)

Students here have a great deal of respect for their teachers. There's no anti-intellectual vibe, no iconoclastic edge to their demeanor. Instead, students here display a deep respect for learning and accomplishment.

Finally, and most importantly, the students here are willing to take risks. They readily volunteer

پایزی ڕابردوو، ئەو ساتەی ناوی زانکۆی ئەمریکی لە عیراق-سلێمانی-م بیست زانیم پێویستە پەیوەندی پێوەبکەم. لەئاستێکی تایبەتیدا وەکو ئەندامێکی تیمێکی ئەندازیاری مەدەنی هێزی ئاسمانی ئەزموونێکی پێشووترم لە هەرێمی کوردستان هەبوو.

دوابەدوای جەنگی کەنداوی یەکەم، تیمەکەمان یارمەتی مرۆیی پێشکەش بە سەدان و هەزارەها ئاوارەکرد لە سەر سنووری تورکیا-عیراق.

هەرلەوکاتەوە بەدواداچوونم کردووە بۆ گۆڕانکاریەکانی هەرێمەکە. لەوەش گرنگتر دوای دەیان ساڵ لە سەرکوتکردن و دابڕان، خەڵکی ئەم هەرێمە دواجار هەلی ئەوەیان هەبوو بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. بەسانایی نەمدەتوانی ئەو هەلە ڕەتبکەمەوە کە ڕاستەوخۆ تێبینی پێکهێنانی ئەم کۆمەڵگا نوێیەی دوای تەنگژە بکەم.

ئێستا، چی لەبارەی ئەم فێرخوازە عیراقیانەوە ئەوەندە تایبەت و ناوازەیە؟ ڕێگەم پێبدەن لیستێکتان بۆ باسبکەم:

*فێرخوازانی ئێرە کەدێن بۆ پۆل تەواو چاوکراوە و دڵخۆشن. تەنانەت فێرخوازانی وانەی 8ی بەیانی بیرکاری 2 لە کاتی خۆیدا ئامادەن بۆ کارکردن و وانەخوێندن و هەروەها فێرخوازانی بەشەکانی دواتریش هەر بەوشێوەیەن.
*فێرخوازانی ئێرە بەبێ کۆمەڵێك ئامێری ئەلکترۆنی ئامادەن بۆ وانەخوێندن.

لێرە مۆبایل زۆرە، بەڵام هەرگیز لەپۆلدا موبایلێکم نەبینیوە. بەهاری ڕابردوو لە زانکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا من چەندین هەفتەم بەسەربرد بەمشتومڕکردن لەگەڵ فێرخوازەکانمدا لەبارەی نامەناردن لەناوپۆلدا.

*لەهەڵسوکەوت و جلوبەرگیاندا فێرخوازانی ئێرە هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ دەردەخەن لەبارەی فێربوونەوە. عەقڵیەتی "کارنەکردن و بێ مەبەستی" لێرە نییە.

* فێرخوازەکان ڕێکپۆشن. بیجامە، جلوبەرگی خەت خەت و نەخش و نیگار، یان تیشێرتی پڕ نامەی ڕوونی سێکسی یان ڕووت و قوتی نابینیت. ئەم فێرخوازانە بۆ فێربوون جلوبەرگیان پۆشیوە.

*هەرچەندە فێرخوازەکانم لە باکگراوندی ئیتنیکی و ئاینی جیاوازەوە هاتوون، تێبینیم نەکردووە دابەشببن بەسەر گروپی جیاجیادا.
تاڕادەیەك لەوانەیە ئەمە ڕەنگدانەوەی تێنەگەیشتنی کلتووری من بێت، بەڵام هەستی بەهێزم ئەوەیە لەنێوەندی ئەم جیاوازیانەدا فیرخوازەکان زۆر بەباشی پێکەوە کاردەکەن.

*فێرخوازان لێرە بەپەرۆشیەوە دەستیان هەڵدەبڕن بۆ پرسیارکردن یان وەڵامدانەوەی پرسیار یان بەشداریکردن لە گفتوگۆکاندا. دووبارە عەقڵیەتی "کارنەکردن و بێ مەبەستی" بەتەواوی لێرە نییە.

*فێرخوازان لێرە ڕێز زۆر لە مامۆستاکانیان دەگرن. هیچ هەستێکی دژە-ڕووناکبیری لێرە نییە. فێرخوازان لێرە ڕێزێکی قووڵ دەردەبڕن بۆ فێربوون و سەرکەوتن.

*لەکۆتایشدا و لەهەمووی گرنگتر، فێرخوازان لێرە حەزدەکەن ڕیسك بکەن. ئەوان بەخۆشحاڵیەوە وەڵامی ئەو پرسیارە ئاڵۆزانەی لەناوپۆلدا دەوروژێنرێت دەدەنەوە و ئەوان ناترسن بەکراوەیی لە بیرۆکە و چەمکی نەناسراو بکۆڵنەوە و پرسیاری زۆر لە میانەی وانەکاندا دەکەن. بەچەند وشەیەکی دیکە، ئەوان متمانەم پێدەکەن.

بەدڵنیایشەوە هەر متمانە بە من ناکەن، ئەوان متمانە بە مامۆستاکانیان

| | |
|---|---|
| answers to complicated questions that come up in class, and they are not afraid to openly explore unfamiliar ideas and concepts, asking numerous questions along the way. In other words, they trust me. Of course, it's not me in particular they trust. They trust their instructors, and they trust each other. This is the aspect of teaching in Iraq that has taken me the longest time to figure out; maybe because it has been such a rare phenomenon in my previous teaching experiences.<br>To sum up, the young men and women I've had the pleasure to interact with so far at AUI-S are the perfect students. They're bright, cheerful, engaged, respectful, and highly motivated. They come to class on time, ready to learn, with all the required equipment and attitude -- and they participate eagerly.<br>And so, for the first time in 15 years of teaching, I feel completely free to ply my craft as an educator without boundaries, without other major concerns. Sulaimani is an extremely safe city, the local population is welcoming and respectful of our university, and my students are eager, willing participants. The only limitations on how far they can go, on how much they can achieve, are defined by the limits of my own gifts and abilities as a teacher. And there you have it. The biggest challenge I face teaching in Iraqi Kurdistan is not the threat of terrorism, cultural boundaries, or my craving for a good cup of brewed coffee -- it is to live up to my students' expectations, to be as good and wise a teacher as they believe me to be. Frankly, it scares the hell out of me. But I have to tell you, for a teacher, it doesn't get any better than this.<br><br>Bio<br>*Jim Owens is a senior lecturer at the American University of Iraq - Sulaimani.* | دەکەن و متمانەشیان بە یەکدی هەیە.<br><br>ئەمەیە دیمەنی وانەوتنەوە لە عیراق کە درێژترین کاتی لەمن گرت تا بۆ ئەمەم بۆ دەربکەوێت، لەوانەیە بەهۆی ئەوەوەبێت کە دیاردەیەکی ئەوەندە دەگمەنە لە ئەزموونی پێشوتری وانەوتنەوەمدا.<br><br>بەکورتی ئەو کوڕ و کچە گەنجانەی کە من ئەو خۆشحاڵیەم پێبڕاوە لە زانکۆی ئەمریکی لە عیراق - سلێمانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم، فێرخوازی پێرفێکتن. ئەوان دڵخۆشن، بەڕێزن و بۆ خوێندن بەپەرۆشن. ئەوان لەکاتی خۆیدا دێنە پۆل، ئەوان بەهەموو پێداویستی و هەڵوێست و تێڕوانینەوە ئامادەن بۆ فێربوون و بەپەرۆشیەوە بەشداری دەکەن.<br><br>بۆیە بۆیەکەم جار لەماوەی 15 ساڵ لە وانەوتنەوەدا بە تەواوی هەست بەئازادی دەکەم پیشەکەم وەکو مامۆستایەك بەبێ سنوور، نیگەرانی گەورە جێبەجێبکەم.<br><br>سلێمانی شارێکی زۆر ئارامە، خەڵکی ئەم شارە پێشوازی دەکەن و ڕێزیان هەیە بۆ زانکۆکەمان و فێرخوازەکانیشم بەشداربووی بەپەرۆشن. تەنها سنووری ئەوەی تاچەند دەتوانن بەدەستیبهێنن بریتیە لە سنوورەکانی توانا و بەهرەکانم وەکو مامۆستایەك. گەورەترین ئاستەنگ کە ڕووبەڕووی وانەووتنەوەم لە کوردستانی عیراق دەبێتەوە بریتی نییە لە هەڕەشەی تیرۆریزم، سنووری کلتووری، یان ئارەزووم بۆ کوپێکی باشی قاوەی ئامادەکراو، بەڵکو بریتیە لەوەی لەگەڵ پێشبینی فێرخوازەکانمدا بێمەوە، ئەوەندە مامۆستایەکی باش و دانابم کە ئەوان لە من ڕادەبینن. بەڕاستی ئەوە زۆر دەمترسێنێت، بەڵام پێویستە پێتان بڵێم، ئەم ڕەوشە بۆ مامۆستایەك هیچ لەوە باشتر نابێت.<br><br>*جیم ئۆوینز: مامۆستایە لە زانکۆی ئەمریکی لە عیراق - سلێمانی.<br><br>سەرچاوە: http://www.insidehighered.com<br>لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب |

**Text 17**

| ST | TT |
|---|---|
| **In Sudan, an Election and a Beginning**<br>By BARACK OBAMA<br><br>NOT every generation is given the chance to turn the page on the past and write a new chapter in history. Yet today — after 50 years of civil wars that have killed two million people and turned millions more into refugees — this is the opportunity before the people of southern Sudan.<br><br>Over the next week, millions of southern Sudanese will vote on whether to remain part of Sudan or to form their own independent nation. This process — and the actions of Sudanese leaders — will help determine whether people who have known so much suffering will move toward peace and prosperity, or slide backward into bloodshed. It will have consequences not | **وادەی وەرچەرخانی سودان**<br>**باراك ئۆباما**<br><br>هەموو نەوەیەك لە نەوەکان دەرفەتی هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕابردوو نووسینەوەی قۆناغێکی نوێی لە تۆماری مێژووی گەلەکەیدا چنگ ناکەوێت، لەبەرئەوە ئێستا دوای شەڕێکی ئەهلی دڕندانە کە (50) ساڵ درێژەی کێشا و گیانلەدەستدانی دوو ملیۆن کەسی لێکەوتەوە و ملیۆنانی تریشی ئاوارە و پەناهەندە کرد، ئێتر ئەو دەرفەتە لەبەردەم گەلی باشووری سوداندا فەراهەم بووە. لەماوەی (7) ڕۆژی داهاتوودا ملیۆنان لە باشوورییەکانی سودان دەنگدەدەن و بڕیاردەدەن ئایا دەیانەوێت وەکو بەشێك لە سودان بمێننەوە یاخود دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبێنن. ئەم پرۆسەیە هاوکات لەگەڵ ڕەفتاری سەرکردە سودانییەکاندا یارمەتیدەر دەبێت لە دیاریکردنی بڕیاری ئەو گەلەی کە زۆرێك مەینەتی و دەردەسەری چەشتووە کە ئایا بەرەو ئاشتی و گەشانەوە هەنگاوەکانی دەنێت یاخود جارێکی تریش بەرەو دواوە بۆناو گێژاوی خوێنڕشتن هەڵدەخلیسکێت کە پڕیشکی بۆ نەك هەر بۆ سودان، بەڵکو بۆ ئەفریقای خوار بیابان و جیهانیش دەبێت. |

only for Sudan, but also for sub-Saharan Africa and the world.
The historic vote is an exercise in self-determination long in the making, and it is a key part of the 2005 peace agreement that ended the civil war in Sudan. Yet just months ago, with preparations behind schedule, it was uncertain whether this referendum would take place at all. It is for this reason that I gathered with leaders from Sudan and around the world in September to make it clear that the international community was united in its belief that this referendum had to take place and that the will of the people of southern Sudan had to be respected, regardless of the outcome.

In an important step forward, leaders from both northern and southern Sudan — backed by more than 40 nations and international organizations — agreed to work together to ensure that the voting would be timely, peaceful, free and credible and would reflect the will of the Sudanese people.
The fact that the voting appears to be starting on time is a tribute to those in Sudan who fulfilled their commitments. Most recently, the government of Sudan said that it would be the first to recognize the south if it voted for independence.

Now, the world is watching, united in its determination to make sure that all parties in Sudan live up to their obligations. As the referendum proceeds, voters must be allowed access to polling stations; they must be able to cast their ballots free from intimidation and coercion. All sides should refrain from inflammatory rhetoric or provocative actions that could raise tensions or prevent voters from expressing their will.

As the ballots are counted, all sides must resist prejudging the outcome. For the results to be credible, the commission that is overseeing the referendum must be free from pressure and interference. In the days ahead, leaders from north and south will need to work together to prevent violence and ensure that isolated incidents do not spiral into wider instability. Under no circumstance should any side use proxy forces in an effort to gain an advantage while we wait for the final results.

A successful vote will be cause for celebration and an inspiring step forward in Africa's long journey toward democracy and justice. Still, lasting peace in Sudan will demand far more than a credible referendum.
The 2005 peace agreement must be fully implemented — a goal that will require compromise. Border disputes, and the status of

ئەو دەنگدانە مێژووییەی کە یەکشەممە دەستیپێکرد بۆخۆی بریتییە لە پەیڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین و بەشێکی سەرەکیشە لە ڕێککەوتنی ئاشتی کە لە ساڵی 2005دا ئیمزاکراوە و کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی سودان هێنا، بەڵام پێش چەند مانگێکی کەم هاوکات لەگەڵ دواکەوتنی ئامادەکارییەکان لەوادەی خۆیان، جێی دڵنیایی نەبوو کە ڕیفراندۆم هەر بکرێت، بەڵام من لە سێپتەمبەری ڕابردوو کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرکردەکانی سودان و چەندین سەرکردەی جیهان کرد بۆ ئەوەی بەڕوونی هێما بۆ ئەوە بکرێت کۆمەڵی نێدەوڵەتی لەسەر ئەوە یەکدەنگە کە دەبێت ڕیفراندۆم ئەنجامبدرێت و ڕێزیش لە ئیرادەی گەلی باشووری سودان بگیرێت ئیتر ئەنجامەکەی هەرچیەك بێت.

لە هەنگاوێکی گرنگدا بەرەو پێشەوە، سەرکردەکانی باشوور و باکووری سودان بە پشتیوانی زیاتر لە (40) دەوڵەت ڕازیبوون پێکەوە کاربکەن بۆئەوەی زامنی ئەنجامدانی ڕایفراندۆم لەوادەی خۆیدا بکەن بەشێوەیەکی ئاشتیانە و ئازادانە و بەمیسداقیەتەوە بۆئەوەی ببێتە ڕەنگدانەوەیەك بۆ ویستی گەلی سودان. ڕاستی دەستپێکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە لە سودان بە بەڵێن و پەیمانەکانیانەوە پابەندبوون، ئەوەبوو حکومەتی سودان بەمدواییانە ڕایگەیاند کە ئەگەر دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن یەکەمین لایەن دەبێت کە دان بە هەرێمی باشووردا بنێت.

ئێستاش ئەوەتا جیهان چاودێری دۆخەکە دەکات، ئێمەش لەسەر سووربوونی خۆمان کۆکین کە دەبێت هەموو لایەنەکانی سودان بە بەڵێنەکانیانەوە پابەند بن. لەکاتێکدا کە پرۆسەی ڕیفراندۆمی باشوور بەردەوامە، پێویستە یارمەتی دەنگدەران بدرێت لە گەیشتنیان بۆ ناوەندەکانی دەنگدان تاوەکو بە ئازادی و بێترس و ناڕەحەتی دەنگی خۆیان بدەن، لەسەر سەرجەم لایەنەکانیش پێویستە کە خۆیان لە وتاری ئاگرین و بریندارکار و کاری ئیستیفزازی بپارێزن کە پشێوی دەنێتەوە و نابێت ببنە ڕێگر لەبەردەم دەنگدەران لەکاتی دەربڕینی بیروڕای خۆیاندا.

کاتێك جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان دەستپێدەکات واپێویستە هیچکام لە لایەنەکان پێشوەخت حوکم لەسەر ئەنجامەکان نەدەن، چونکە بۆئەوەی ئەنجامەکان خاوەنی میسداقیەت و باوەڕپێکراو بن، پێویستە لەسەر لیژنەی سەرپەرشتیاری ڕیفراندۆم لە هەموو فشار و دەستتێوەردانێك دوور بێت.

سەرکردەکانی باکوور و باشوور لە ڕۆژانی جێی نیگەرانی داهاتوودا پێویستیان بەوەیە پێکەوە کاربکەن لەپێناو ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی توندوتیژی و بەرگرتن لە ڕووداوی جیاجیا و دروستبوونی بارودۆخێکی ناسەقامگیر، جگە لەوەش نابێت هیچ لایەك لەژێر هەر بارودۆخێکدا پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزێك لەجیاتی خۆی ببات لە هەوڵدانیدا بۆ پچڕینی دەستکەوت لەسەر حسابی ئەوانی تر، ئێمەش لە چاوەڕوانی ئەنجامی کۆتاییداین. دەنگدانی سەرکەوتوو شایەنی خۆشی و ئاهەنگێڕانە و هەنگاوێکی گرنگیشە لە کاروانی دوورودرێژی کیشوەری ئەفریقا بەرەو پێشەوە لەسەر ڕێگەی دیموکراسی و دادوەری، لەپاڵ ئەمەشدا ئاشتی هەمیشەیی لە سودان پێویستی بە زۆر هەنگاوی زیاتر لە ڕیفراندۆمێکی باوەڕپێکراو بە ئەنجامەکانی هەیە.

ئەگەر باشوورییەکان سەربەخۆیی هەڵبژێرن ئەوا کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە بەرژەوەندییان لەوەدایە کە هەردوو گەل لە باکوور و باشووردا وەکو دوو دراوسێی سەقامگیر و پێکەوەژیاو لەڕووی ئابوورییەوە بێکێشە و سەرکەوتوو بن، چونکە چارەنووسیان پێکەوە گرێدراوە. بەتایبەتیش باشووری سودان لەو

the Abyei region, which straddles north and south, need to be resolved peacefully. The safety and citizenship of all Sudanese, especially minorities — southerners in the north and northerners in the south — have to be protected. Arrangements must be made for the transparent distribution of oil revenues, which can contribute to development. The return of refugees needs to be managed with extraordinary care to prevent another humanitarian catastrophe.

If the south chooses independence, the international community, including the United States, will have an interest in ensuring that the two nations that emerge succeed as stable and economically viable neighbors, because their fortunes are linked. Southern Sudan, in particular, will need partners in the long-term task of fulfilling the political and economic aspirations of its people.

Finally, there can be no lasting peace in Sudan without lasting peace in the western Sudan region of Darfur. The deaths of hundreds of thousands of innocent Darfuris — and the plight of refugees like those I met in a camp in neighboring Chad five years ago — must never be forgotten. Here, too, the world is watching. The government of Sudan must live up to its international obligations. Attacks on civilians must stop. United Nations peacekeepers and aid workers must be free to reach those in need.

As I told Sudanese leaders in September, the United States will not abandon the people of Darfur. We will continue our diplomatic efforts to end the crisis there once and for all. Other nations must use their influence to bring all parties to the table and ensure they negotiate in good faith. And we will continue to insist that lasting peace in Darfur include accountability for crimes that have been committed, including genocide.

Along with our international partners, the United States will continue to play a leadership role in helping all the Sudanese people realize the peace and progress they deserve. Today, I am repeating my offer to Sudan's leaders — if you fulfill your obligations and choose peace, there is a path to normal relations with the United States, including the lifting of economic sanctions and beginning the process, in accordance with United States law, of removing Sudan from the list of states that sponsor terrorism. In contrast, those who flout their international obligations will face more pressure and isolation.

Millions of Sudanese are making their way to the polls to determine their destiny. This is the

ئەركە ماوە درێژەیدا پێویستی بە شەریك دەبێت لەپێناو بەدیهێنانی خواست و ئامانجە سیاسی و ئابوورییەكانی گەلەكەیدا. لە كۆتاییشدا بەبێ ئاشتییەكی هەمیشەیی لە دارفۆر ئاشتی هەمیشەیی لە سودان نایەتەدی، چونكە مەینەتی سەدان هەزار كەس لە خەڵكی بێتاوانی دارفۆر و دژواری ژیانی هەموو ئەو پەنابەرانەی كە پێش (5) ساڵ لە خێوەتگەی وڵاتی چادی دراوسێ بینیم، نابێت هەرگیز لەیادمان بچێت.

لێرەش جیهان چاوی لەسەر ڕووداوەكانە و پێویستە حكومەتی سودانیش پابەندی بەڵێنە نێودەوڵەتییەكانی بێت و دەبێت دەستدرێژییەكان بۆ سەر خەڵكی سیڤیل بووەستێنرێت، هەروەك دەبێت ڕێگە بۆ هێزە ئاشتیپارێزە نێودەوڵەتییەكان و كارمەندانی بواری یارمەتییە مرۆییەكان خۆشبكرێت بۆئەوەی سەربەستانە بگەنە لێقەوماوان.

سەروتاری (نیویۆرك تایمز)
و: سابیر عەبدوڵڵا كەریم

<table>
<tr><td>moment when leaders of courage and vision can guide their people to a better day. Those who make the right choice will be remembered by history — they will also have a steady partner in the United States.<br><br>*Barack Obama is the president of the United States.*</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">**Text 18**</td></tr>
<tr><td>**ST**</td><td>**TT**</td></tr>
<tr><td>**How Democracy Can Work in the Middle East**<br>**By Fareed Zakaria**<br><br>When Frank Wisner, the seasoned U.S. diplomat and envoy of President Obama, met with Hosni Mubarak on Tuesday, Feb. 1, the scene must have been familiar to both men. For 30 years, American diplomats would enter one of the lavish palaces in Heliopolis, the neighborhood in Cairo from which Mubarak ruled Egypt. The Egyptian President would receive the American warmly, and the two would begin to talk about American-Egyptian relations and the fate of Middle East peace. Then the American might gently raise the issue of political reform. The President would tense up and snap back, "If I do what you want, the Islamic fundamentalists will seize power." The conversation would return to the latest twist in the peace process.<br>It is quite likely that a version of this exchange took place on that Tuesday. Mubarak would surely have warned Wisner that without him, Egypt would fall prey to the radicalism of the Muslim Brotherhood, Egypt's Islamist political movement. He has often reminded visitors of the U.S.'s folly in Iran in 1979, when it withdrew support for a staunch ally, the Shah, only to see the regime replaced by a nasty anti-American theocracy. But this time, the U.S. diplomat had a different response to the Egyptian President's arguments. It was time for the transition to begin. And that was the message Obama delivered to Mubarak when the two spoke on the phone on Feb. 1. "It was a tough conversation," said an Administration official. Senior national-security aides gathered around a speakerphone in the Oval Office to listen to the call. Mubarak made it clear (modulation) how difficult the uprising had been for him personallyObama pressed the Egyptian leader to refrain from any violent response to the hundreds of thousands in the streets. But a day later, those streets — which had been remarkably peaceful since the demonstrations began — turned violent. In Cairo, Mubarak supporters, some of them wading into crowds on horseback, began battering protesters. It was a reminder that the precise course that Egypt's revolution will take over the next few days and weeks cannot be known. The clashes</td><td>**ديموكراسی له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا**<br>فه‌رید زه‌كه‌ریا<br>كاتێك فرانك ویزنه‌ری دیپلۆماتكار و نوێنه‌ری سه‌رۆك ئۆباما له 1ی شوباتدا چاوی به حوسنی موباره‌ك كه‌وت، له دیمه‌نێكدا هه‌ردووكیان زۆر ئاسایی ده‌ركه‌وتن. وا بۆ 30 ساڵ ده‌چێت دیپلۆماتكاره ئه‌مریكیه‌كان سه‌ردانی یه‌كێك له كۆشكه‌كان ده‌كه‌ن له هێلیۆپۆلیس ئه‌و ناوچه‌یه‌ی قاهیره كه تێیدا موباره‌ك فه‌رمانڕه‌وایی میسر ده‌كات. وه‌ك هه‌میشه موباره‌ك به‌گه‌رمی پێشوازی له ئه‌مریكییه‌كان ده‌كات و هه‌ردوولا ده‌ستیان ده‌كرد به تاووتوێكردنی په‌یوه‌ندییه دوو قۆڵیه‌كانی ئه‌مریكی -میسری و چاره‌نووسی پرۆسه‌ی ئاشتی له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا.<br><br>پاشان وه‌ك هه‌رده‌م ئه‌مریكییه‌كان بابه‌تی چاكسازی سیاسیان ده‌هێننه ناوه‌وه و موباره‌كیش به‌و بابه‌ته قه‌ڵس ده‌بێت، وه‌كو به‌هانه‌یه‌ك باسی ئه‌وه ده‌كات "ئه‌گه‌ر وه‌ها چاكسازیه‌كی سیاسی به‌دی بێت، ئه‌وا توندڕه‌وه ئیسلامیه‌كان ده‌سه‌ڵات ده‌گرنه‌ده‌ست". به‌م شێوه‌یه جارێكی تر ئاراسته‌ی گفتوگۆكان دێته‌وه سه‌ر پرۆسه‌ی ئاشتی و ڕیسه‌كه ده‌بێته‌وه به خوری.<br>ئه‌م دیمانه‌یه‌ی 1ی شوبات به‌دڵنیاییه‌وه هه‌مان ئه‌و سیناریۆیه‌ی 30 ساڵی پێشووی دیمانه‌كانی نێوان ئه‌مریكا و میسر ڕوویداوه‌ته‌وه.<br>هه‌روه‌ها له‌میانی دیمانه‌كه‌دا، موباره‌ك هۆشداری ئه‌وه‌ی به ویسنه‌ر داوه كه له كاتی نه‌بوونی ئه‌ودا میسر نغرۆی ڕادیكالیزمی ئیخوان موسلیمین ده‌بێت. زۆرجار موباره‌ك ئه‌وه‌ی به‌گوێی سه‌ردانكه‌ره ئه‌مریكیه‌كانیدا داوه كه داڕووخانی ده‌سه‌ڵاتی شا له ئێران و له‌ده‌ستدانی هاوپه‌یمانی شا له ساڵی 1979 ده‌ستپێده‌كات پاش ئه‌وه‌ی ئه‌مریكا پاڵپشتی خۆی بۆ شا پیشان نه‌دا و له ئاكامیشدا بینیمان ده‌سه‌ڵاتێكی دژه ئه‌مریكا و ئاینی جێگه‌ی گرته‌وه، به‌ڵام ئه‌م جاره دیپلۆماتكاره ئه‌مریكیه‌كان وه‌ڵامێكی جیاوازیان بۆ قسه‌كانی موباره‌ك پێیه. ئه‌ویش بریتییه له ده‌ستپێكردنی قۆناغی گواستنه‌وه و ئینتیقالی.<br>به‌گوێره‌ی وته‌ی به‌رپرسێكی ئیداره‌ی ئۆباما ئه‌م په‌یامه‌ش هه‌مان ئه‌و په‌یامه بوو كه له 1ی شوباتدا و له میانی گفتوگۆیه‌كی دووقۆڵی ته‌له‌فونی نێوان ئۆباما و موباره‌كدا هات تێیدا گفتوگۆ ته‌له‌فۆنیه‌كه‌ی نێوانیانی به گفتوگۆیه‌كی زۆر توند وه‌سفكرد. هاوكات و له ماوه‌ی گفتوگۆكه‌دا سه‌رجه‌م به‌رپرسانی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی له نووسینگه شێوه هێلكه‌ییه‌كه‌ی كۆشكی سپیدا خڕبوونه‌وه ته‌له‌فۆنه‌كه‌یان دابوو به بڵندگۆ و گوێیان له قسه‌كانی موباره‌ك گرتبوو. له قسه‌كانی موباره‌كدا ئه‌وه به‌دیار كه‌وت كه ناوبراو ئه‌و خۆپیشاندانانه‌ی میسری به دۆخێكی سه‌خت بۆ كه‌سایه‌تی وه‌سفكردووه و به‌وه‌ی ئۆباما فشاری خستووه‌ته سه‌ركرده میسرییه‌كان تاوه‌كو هیچ جۆره كاردانه‌وه‌یه‌كی توندوتیژی نه‌بێت بۆ ئه‌و سه‌دان و هه‌زاران كه‌سانه‌ی كه له‌سه‌ر شه‌قامه‌كان، ئه‌م دۆخه‌ش به به‌راورد به پێشوو كه زۆر ئارام بوو، زۆر توندوتیژه. له‌م باره‌یه‌وه پشتگیریكه‌رانی موباره‌ك له قاهیره خۆیان كرد به نێو خۆپیشانده‌ران و له‌گه‌ڵیاندا پێكهه‌ڵپژان.<br><br>ئه‌م حاڵه‌ته‌ش وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه‌كه بۆ ئه‌وه‌ی شۆڕشی میسرییه‌كان له چه‌ند ڕۆژ و هه‌فته‌ی داهاتوودا كۆتایی پێ دێت. ئه‌و پێكدادانانه‌ی نێوان پشتگیریكه‌رانی موباره‌ك و گرووپی دژه موباره‌ك و حكومه‌ت هێمای قۆناغێكی نوێیه له ململانێ و نائارامیه‌كان له میسر، به‌ڵام ڕژێمی میسر زۆر ده‌سته و تاقمی هه‌یه تاوه‌كو له ڕێیانه‌وه بتوانن</td></tr>
</table>

between the groups supporting and opposing the government mark a new phase in the conflict. The regime has many who live off its patronage, and they could fight to keep their power. But the opposition is now energized and empowered. And the world — and the U.S. — has put Mubarak on notice.

Whatever happens in the next few days will not change the central narrative of Egypt's revolution. Historians will note that Jan. 25 marked the start of the end of Mubarak's 30-year reign. And now we'll test the theory that politicians and scholars have long debated. Will a more democratic Egypt become a radical Islamic state? Can democracy work in the Arab world?

Backward, Corrupt, Peaceable

Few thought it ever would come to this. Egypt has long been seen as a society deferential to authority, with a powerful state and a bureaucracy that might have been backward and corrupt but nonetheless kept the peace. "This a country with a remarkable record of political stability," wrote Fouad Ajami in an essay in 1995, pointing out that in the past two centuries, Egypt has been governed by just two regimes, a monarchy set up in 1805 and the Free Officers Movement that came to power in 1952 with Gamal Abdel Nasser. (France, by comparison, has been through a revolution, two empires, five republics and a quasi-fascist dictatorship in much the same period.) In the popular imagination, Egyptians are passive, meekly submitting to religion and hierarchy. But by the end of January the streets of Cairo and Alexandria and other cities were filled with a different people: crowds of energetic, strong-willed men from all walks of life and even some women, all determined to shape their destiny and become masters of their own fate.

What changed? Well, Egyptians were never as docile as their reputation suggested. Egyptian society has spawned much political activism, from Islamic radicals to Marxists to Arab nationalists to liberals. But ever since the late 1950s, the Egyptian regime has cracked down on its civil society, shutting down political parties, closing newspapers, jailing politicians, bribing judges and silencing intellectuals. Over the past three decades Egypt became a place where few serious books were written, universities were monitored, newspapers carefully followed a bland party line and people watched what they said in public. In the past 20 years, the war against Islamic terrorist groups — often genuinely brutal thugs — allowed Mubarak's regime to clamp down even harder on Egyptian society in the name of security.

Reform and Revolution

شەڕ بۆ مانەوەی موبارەك بكەن. هاوكاتیش ئۆپۆزسیۆن دەركەوتوون و دەناسرێن و بەهێزبوون. لەگەڵ ئەوەشدا جیهان و ئەمریكاش ئەمریكایان خستووەتە ژێر چاودێرییەوە.

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەرچیەك لە میسر ڕووبدات هیچ شتێك لە ڕەوتی شۆڕشی میسر ناگۆڕێت. مێژوونووسان لەبارەی 25ی مانگی یەكەوە ئەوەیان وتووە كە سەرەتای ڕۆژێكە بۆ كۆتایهاتنی دەسەڵاتی 30 ساڵەی حوسنی موبارەك. وەئێستاش ئەو تیۆرە تاقی دەكەینەوە كە سیاسەتوانەكان و زانا و بیرمەندەكان بۆ ماوەیەكی زۆرە مشتومڕی لەبارەوە دەكەن. ئەوانیش بریتین لەوەی ئایا میسری دیموكراتی دەبێت بە دەوڵەتێكی ڕادیكاڵی ئیسلامی؟ یان ئایا دیموكراسی لە جیهانی عەرەبدا دەتوانرێ پیادە بكرێت؟

هاتنەدواوە، گەندەڵی، بەرقەراری ئاشتی

هەندێك وابیردەكەنەوە كە ڕۆژێك دێت میسر ڕووبەڕووی ئەم ئەگەرانەی سەرەوە دەبنەوە، بەڵام میسر لەمێژە وەكو كۆمەڵگایەكی جیاواز لە دەسەڵاتەوە دەركەوتووە. دەوڵەتێكی بەهێزی هەبووە و بیرۆكراتیەتی تێدا بەرقەراربووە بەم هۆیەشەوە ڕەنگە دووچاری هاتنەدواوە و گەندەڵی بووبێ، بەڵام هەمیشە ئاشتی تێدا بەرقەراربووە. لەم بارەیەوە و لە ساڵی 1995دا، فواد عەجەمی لەمیانی ووتارێكیدا دەنووسێت "میسر وڵاتێكە هەمیشە تۆمارێكی بەرچاوی هەبووە لە سەقامگیری سیاسی"

لەبەشێكی تری وتارەكەیدا ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە لە دوو سەدەی پێشوودا میسر تەنها لەلایەن دوو جۆر ڕژێمەوە حوكم كراوە ئەوانیش سیستمی پاشایەتی كە لە ساڵی 1805ەوە دامەزراوە و هەتا ئەوكاتەی بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد لە ساڵی 1952 هاتنە سەر حوكم لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا.

بەمەش ئەگەر بەراوردێكی میسر بكەین لەگەڵ فەڕەنسادا بۆمان دەردەكەوێت لەو كاتەوە فەڕەنسا بە شۆڕشدا تێپەڕیوە و دوو ئیمپراتۆر و پێنچ دەسەڵاتی كۆماری و دەسەڵاتی دیكتاتۆری بەخۆوە بینیوە. ئەگەر سەیركەین دەبینین میسریەكان پاسیڤ و ناچالاك بوون و ئایین و دەسەڵاتی هەرەمی تێدا بەرقەراربووە، بەڵام لە كۆتایی مانگی یەكدا شەقامەكانی قاهیرە و ئەسكەندەریە و شارەكانی تریش بە خەڵك تەنران، بەشێوەیەك قەرەباڵغی زۆر و كەسانی بە ورە و بەهێزی سەرجەم كایەكان و تەنانەت هەندێك لە ژنانیش، هەموو پێكەوە شێوە و شكڵی چارەنووسیان دەستنیشان دەكەن و دەبن بە پاڵەوانی قەدەری خۆیان.

چ شتێك گۆڕاوە؟ باشە، میسریەكان هەرگیز بەهێندەی ئێستا بەپەرۆشەوە نەبوون بۆ سەركردایەتیكردن.

كۆمەڵگای میسریش وەكو كۆمەڵگایەكی پڕ چالاكی سیاسی دەردەكەوێ هەر لە ڕادیكاڵی ئیسلامیەوە بۆ ماركسیست و نەتەوەپەرستەوە هەتا لیبراڵ دەگرێتەخۆ. بەڵام هەتا كۆتاییەكانی 1950كان، ڕژێمی میسر بەناو كۆمەڵگای میسریدا چووبووە خوارەوە و پارچە پارچەی كردبوو، چالاكی هەموو پارتێكی سیاسی و ڕۆژنامەكان قەدەغەكرابوو هەروەها سیاسییەكانی لە زیندان توندكردبوو، دادوەرەكانی بە بەرتیل كڕیبوو هەروەها ڕۆشنبیرانیشی دەمبەست كردبوو. لەماوەی سێ دەیەی پێشوودا میسر بووە بە پێگەیەك تێیدا تەنها چەند كتێبێكی دەگمەن نووسراون. زانكۆكان لەژێر چاودێریدابوون. ڕۆژنامەكان بەدواداچوونیان بۆ كەسانی نێو پارتەكان دەكرد و خەڵكیش چاودێری ئەوەیان دەكرد كە لە شوێنی گشتیدا چی دەڵێن. لە20 ساڵی پێشوودا، شەڕكردن لەدژی گروپە تیرۆریستییە ئیسلامیەكان ئاڵۆزی و زەبروزەنگی بەخۆوەبینی. ئەمەش وای كرد ڕژێمەكەی موبارەك لەژێر ناوی ئاسایشەوە كۆمەڵگای میسری دابپڵۆسێ.

چاكسازی و شۆڕش

میسر چەند سەركەوتنێكی بەدەستهێناوە، یەكێك لەو سەركەوتنانە یارمەتیدا گۆڕانكاری لە وڵاتدا. لە دەیەكانی پێشوودا میسر توانی چاكسازی ئابووری بكات. لە ناوەڕاستی نەوەدەكانەوە تائێستا، میسر توانیویەتی قەرز لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانكی جیهانی بكات.

هەموو لایەنە خراپەكانی سیستمی ئابووری سۆسیالیستی لە ئابووری

Egypt has had some successes, and ironically, one of them has helped foment change. Over the past decade, Egypt has been reforming its economy. From the mid-1990s on, Egypt found that in order to get loans from the IMF and the World Bank, it had to dismantle the most inefficient parts of its somewhat socialist economic system. In recent years, Mubarak — persuaded by his son Gamal, a Western-trained banker — appointed a set of energetic reformers to his Cabinet, who embarked on an ambitious effort to restructure the Egyptian economy, lowering taxes and tariffs, eliminating regulations and reducing subsidies. Egypt, long moribund, began growing vigorously. From 2006 to 2008, the economy expanded about 7% a year, and even last year, after the economic crisis, growth came in at almost 6%. Long isolated behind protectionist walls, with media in the regime's grip, Egypt also became more connected with the world through the new communication technologies.
Why would economic progress spur protests? Growth stirs things up, upsets the settled, stagnant order and produces inequalities and uncertainties. It also creates new expectations and demands. Tunisia was not growing as vigorously as Egypt, but there too a corrupt old order had opened up, and the resulting ferment proved too much for the regime to handle. Alexis de Tocqueville once observed that "the most dangerous moment for a bad government is when it begins to reform itself."

It is a phenomenon that political scientists have dubbed "a revolution of rising expectations." Dictatorships find it difficult to handle change because the structure of power they have set up cannot respond to the new, dynamic demands coming from their people. So it was in Tunisia; so it was in Egypt. Youth unemployment and food prices might have been the immediate causes, but the underlying trend was a growing, restive population, stirred up by new economic winds, connected to a wider world. (Notice that more-stagnant countries like Syria and North Korea have remained more stable.)
Mubarak coupled the forward moves in the economy with a series of harsh, backward steps politically. Having allowed somewhat more open parliamentary elections in 2005, the regime reversed course and rigged the elections massively in 2010, reducing the Muslim Brotherhood's representation in parliament from 88 to zero.
Ayman Nour, who ran against Mubarak in the presidential election in 2005, was arrested on trumped-up charges, jailed, tortured and finally released in 2009. Mubarak had allowed some freedom of speech and assembly surrounding the

وڵاتەکەی لابرد. لەم چەند ساڵەی پێشوودا، جەمالی کوڕی موبارەك کە ڕاهێنراوی بانکەکانی ڕۆژئاوایە، توانی باوکی ڕازی بکات کۆمەڵێك چاکسازی وزەیی لە کابینەکەیدا بکات و بەم هۆیەشەوە توانی دووبارە بونیادی ئابووری میسر دابڕژێتەوە و باجی ناوخۆ و هێنانی شمەکی دەرەوە بۆ میسر کەم بکاتەوە و هەموو یاسایەك کە لەم بارەیەوە بووبێ، هەڵوەشاندەوە. میسر کە بۆ ماوەیەکی درێژ کە گەشەنەسەندوو بوو، لەئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند.
لە ساڵی 2006ەوە بۆ 2008، ئابووری وڵات بەڕێژەی 7% لەماوەی ساڵێکدا گەشەی سەند. پاش قەیرانە داراییەکەی جیهانیش، هەر بەڕێژەی 6% گەشەی سەند.
پاش ماوەیەکی دووررودرێژ لە نامۆیی میسر لە ڕووی سیاسەتی هاوردە و ناردەنی و هەروەها میدیاوە، بەڵام دواجار میسر توانی پێوەندی زێدەتر بە دونیای دەرەوە بکات ئەمەش لەڕووی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەوە.
بۆچی پێشکەوتنی ئابووری بووەهۆی نارەزایی؟ گەشەسەندن شتەکانی تێکەڵ و پێکەڵ کرد و بووەهۆی بەرهەمهێنانی نایەکسانی و نادڵنیایی. هەروەها بووەهۆی دروستبوونی داخوازی و پێشبینی لەلای خەڵکی.

پەرەسەندنی ئابووری تونسی هێندەی میسر بەهێز و بەگوڕ نەبوو، بەڵام گەندەڵی تێدا بوو، بەڵام لە ئاکامیشدا گەشە و پەرەسەندن ڕوویدا. لەم بارەیەوە جارێك ئەلێکسیس دی تۆکوڤێل تێبینی ئەوە دەکات و دەڵێت "ترسناکترین کاتێك بۆ حکومەتی خراپ بریتیە لە ئەوکاتەی کە دەیەوێت چاکسازی خۆی بکات".

ئەمەش دیاردەیەکە زاناگەلی سیاسی ناوی "شۆڕشی زیادبوونی پێشبینیەکان"یان لێناوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ڕۆحیەتی دیکتاتۆرانە ڕێگەیان پێ نادا تاوەکو گۆڕانکاری لە خۆیان ئەنجام بدەن بەو هۆیەی پێکهاتە و بونیادی دەسەڵاتیان ناهێڵێت بەرەو داواکاری نوێ و زیندوو کە لەلایەن خەڵکەوە دەکرێت، بڕۆن و نوێببنەوە.

نموونەی ئەمەش لە تونس و میسر ڕوویان دا. بێ کاری گەنجان و نرخی خواردەمەنی هۆکارەکەن، بەڵام لە ناواخنی ئەم بابەتانەشدا بێگومان گەشەسەندن هەیە و تەوژمی ئابووری نوێش ئەوەندەی تر دۆخەکە دەوروژێنێ و پەیوەندیدارە بە جیهانێکی گەورەترەوە.

موبارەکیش بەرەو وەها هەنگاوێکی ئابووری شەقاوی نا و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئابووری بەرەو داچوونی سیاسی بەدیهێنا. ئەمەش لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی 2005دا دەرکەوت و تەنانەت ئەم دۆخە هەتا ساڵی 2010شی خایاند تێیدا دەسەڵاتی خۆی لەهەموو کایەکاندا سەپاند ئەمەش لە کەمکردنەوەی نوێنەری ئیخوان موسلیمین لە پەرلەماندا دەرکەوت و تێیدا پێشتر 88 ئەندامیان هەبوو، بەڵام ئێستا هیچ.

ئەیمەن نوریش کە خۆی لەدژی موبارەك پاڵاوتبوو لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی 2005دا هەڵبژاردبوو، دەستگیرکراو تۆمەتی دراوە پاڵ و زیندانی و ئەشکەنجە دراو پاشان لە ساڵی 2009دا ئازادکرا.
موبارەك ڕێگەی بە بڕێکی کەم لە ئازادی ڕادەربڕین دەداو لەم بارەیەشەوە دادوەران و پارێزەران هاتنە دەنگ، بەڵام موبارەك دەمکوتی کردن.

لەبارەی ئەو پرسیارە گرنگەی میسریەکانەوە کە تایبەتە بە حوکمی سیاسی بنەماڵەوە. پێشتر موبارەك میسریەکان و تەنانەت چەندین کەسی نێو کابینەکەشی نائومێد کرد، چونکە پێیانوابوو بۆ ساڵی 2011 ساڵی قۆناغی گواستنەوە دەبێت بۆ میسریەکان بەبێ بوونی حوسنی موبارەك. زۆرێك لە هاوکارانی جەمال موبارەك بەهیوای ئەوەبوون کە ناوبراو لە دیار بکەوێت. ساڵی پێشووش موبارەك ئاماژەی بەوە کرد خۆی ئامادەکردووە بۆ شەشەمین جار خۆی هەڵبژێرێت ئەمەش سەرباری 82 ساڵ لە تەمەن و بوونی ڕەوشێکی خراپی تەندروستی.

2005 elections, then reversed what little opening there had been. Judges and lawyers who stood up to the regime were persecuted.

On the crucial question of political succession, Mubarak bitterly disappointed many Egyptians, including several in his Cabinet, who believed that 2011 would be the year for a transition to an Egypt without him. (Many of his aides, to be clear, hoped that their patron, Gamal Mubarak, might rise in a controlled political atmosphere. But even they thought the system would have to become far more open.) Last year, Mubarak signaled that he intended to run for a sixth term, despite being 82 and in poor health.It was a sign that whatever progress might take place with the economy, serious political reform was unthinkable.

The Case for Hope

Had Mubarak made the speech promising not to run again last year rather than on Feb. 1, he would have been hailed as a reformer ushering his country into a new era. Today, it seems too little, too late. But his reputation will depend in large part on what sort of regime succeeds him. If Egypt does descend into chaos or become an Iranian-style theocracy, people might look back at Mubarak's regime fondly. Ironically, if Egypt does better and turns into a functioning democracy, his legacy as the dictator who ruled his country before it moved to greater freedom will be more mixed.

Which will it be? Anyone making predictions with confidence is being foolhardy. Egypt is a vast, complex country and is in the midst of unprecedented change. There are certainly troubling signs. When the Pew Research Center surveyed the Arab world last April, it found that Egyptians have views that would strike the modern Western eye as extreme. Pew found that 82% of Egyptians support stoning as a punishment for adultery, 84% favor the death penalty for Muslims who leave the religion, and in the struggle between "modernizers" and "fundamentalists," 59% identify with fundamentalists.

That's enough to make one worry about the rise of an Iranian-style regime. Except that this is not all the Pew surveys show. A 2007 poll found that 90% of Egyptians support freedom of religion, 88% an impartial judiciary and 80% free speech; 75% are opposed to censorship, and, according to the 2010 report, a large majority believes that democracy is preferable to any other kind of government.

I remain convinced that fears of an Egyptian theocracy are vastly overblown. Shi'ite Iran is a

ئەمەش مانای ئەوەیە هەرجۆرە پێشکەوتنێکیش ڕوویدات لەڕووی ئابووریەوە ئەوا چاکسازی جدی سیاسی بیری لێ نەکراوە.

حاڵەتی بوونی هیوا

باشە ئەگەر موبارەك ساڵی پار بەڵێنی بدایە کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی وڵات هەڵنابژێرێت باشتر نەبوو تا 1ی شوبات. ئەوکات ناوبراو چاکساز لەهەموو لایەنێکەوە پێشوازی لێ دەکراو میسریشی بەرەو قۆناغێکی نوێ دەبرد، بەڵام ئەو قسانە لەم ڕۆداو لەم کاتەدا زۆر درەنگە، بەڵام شەخسیاتی پشت بە جۆری ئەو ڕژێمە دەبەستێ کە سەرکەوتن بۆ موبارەك بەدەستدەهێنێ. ئەگەر میسر بەرەو نائارامی و توندوتیژی هەنگاو بنێ یان ببێت بە وڵاتێکی شێوە ئێرانی ئیسلامی، ئەوا ئەوکات خەڵك ڕەنگە ئاوات بۆ دەسەڵاتەکەی موبارەك بخوازێت.

بەمانایەکی تر، ئەگەر میسر باشتر بێت و بەرەو پیادەکردنی دیموکراسی هەنگاو بنێ ئەوکات میراتگری ئەو وەکو دیکتاتۆر کە وڵاتی بەڕێوەبردووە و پێش ئەوەی بەرەو فەزایەکی ئازادی گەورەتر هەنگاو بنێ تێکەڵ بەیەکتر دەبێت.

کامیان دەبێت، کێ دەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە بەدڵنیاییەوە ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت بابەتێکی ژیرانە نییە. میسر وڵاتێکی گەورە و ئاڵۆزە و لە ناوەڕاستی گۆڕانکاریدایە. بەدڵنیاییەوە ئاماژەی کێشەدار لە میسردا بەدی دەکرێت. کاتێك ناوەندی توێژینەوەی پێو لەمانگی نیسانی پێشوودا توێژینەوەیەکی لەمەڕ وڵاتانی جیهانی عەرەب ئەنجامداو بەو ئاکامە گەشت کە میسریەکان تێڕوانینیان وایە کە ڕۆژئاوای مۆدێرن وەکو توندڕەو وەسف دەکەن. ناوەندەکە ئەوەی بەدەستخستووە کە 82%ی میسرییەکان پشتگیری سزادان بەهۆی بەرد دەکەن بۆ ئەوانەی کە زینا دەکەن و 84%یش لەگەڵ سزای مردنن بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە واز لە ئاینەکەیان دەدەن. ئەمەش وەکو ململانێیەك لەنێوان مۆدێرنیزە و ئوسوڵیەکان 59%ی میسریەکان لەگەڵ ناسنامەی ئوسوڵیدابوون.

ئەمەش مایەی نیگەرانیە کاتێك ببینین ڕژێمێکی شێوە ئێرانی ئیسلامی دروست دەبێت. سەرباری ئەو دەرەنجامانەی کە ناوەندی پێو ئەنجامی دا، لە ڕاپرسیەکی ساڵی 2007دا ئەوە دەرکەوتووە 90%ی میسریەکان پشتگیری سەربەستی ئاینی دەکەن و 88%یشیان لایەنگری دەسەڵاتی دادوەری نەبوون و 80%ی تر لایەنگری ئازادی ڕادەربڕینن و 75%یش لەدژی سانسۆرن و بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی 2010ەش زۆرینەی خەڵکی پێیانوایە دیموکراسی پەسەنددیدەیە و بە بەراورد بە هەرجۆرە حکومەتێکی تر.

هەر لەبارەی مەترسییەکانی دەوڵەتی ئاینی میسری دەمێنمەوە و وای وێنا دەکرێت کە ئەم بابەتە نزیك بێت.

شیعەی ئێران مۆدێلێکە بۆ دەوڵەت نەبوون بەدڵنیایشەوە ئەمەش بۆ نەتەوەیەکی عەرەبی سوننەی وەکو میسر ڕاست نییە. گەلی میسر نە موبارەکیان دەوێت و نە شێوازی مەلاکانی ئێرانیشیان دەوێت. ئەوەی کە پەسەندە بۆ میسر بریتیە لە لیبراڵی دیموکراسی کە تێیدا میسر ببێ بە وڵاتێك کە هەڵبژاردنی ئازاد و پاکی تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام پێشتر زۆرینەی هەڵبژێردراو ڕێگرییان لە مافی تایبەت و ئازادیەکان دەکرد و ڕێگرییان دەخستە بەردەم کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها دەوڵەتیان وەکو ئامرازێك بۆ دەسەڵات بەکاردەهێنا. مەترسییەکە بەمانایەکی تر، بریتییە لە کەمتر لە ئێران و زیاتر لە ڕوسیا.

هیوادارم میسر بتوانێت لەم ڕێگەیەوە دەرباز بێت. ناتوانم بڵێم کە کامەشیان دەبێت، بەڵام زۆربەی بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دیموکراسی دەتوانرێت لە میسردا پیادە بکرێت. سەرەتا بەوەی کە سوپا بە عیلمانی ماوەتەوە و لەهەر هەوڵێك بەدوورە کە بتوانێت لەڕووی ئاینیەوە بجوڵێنرێت.

سوپای میسری زۆر بەباشی شەڕی دیموکراسی دەکات بۆ تێکشکاندنی ڕەگەزەکانی دیکتاتۆری، لەبەرئەوەی دەستەبژێرێك لە هێزەکانی سوپا سوودمەندن لە سیستمەکە، بەڵام بەهێزیان و ناوبانگیان بەسە بۆئەوەی بتوانن هەندێك هێڵی گشتی بکێشن.

model for no country — certainly not a Sunni Arab society like Egypt. The nation has seen both Mubarak and Iran's mullahs and wants neither. More likely is the prospect of an "illiberal democracy," in which Egypt becomes a country with reasonably free and fair elections, but the elected majority restricts individual rights and freedoms, curtails civil society and uses the state as its instrument of power. The danger, in other words, is less Iran than Russia.

My hope is that Egypt avoids this path. I cannot tell you in all honesty that it will. But much evidence suggests that democracy in Egypt could work. First, the army, which remains resolutely secular, will thwart any efforts to create a religious political order. The Egyptian army may well fight the efforts of democrats to dismantle some elements of the military dictatorship — since the elites of the armed forces have benefited mightily from that system — but it is powerful and popular enough to be able to draw certain lines. In Egypt, as in Turkey, the army has the opportunity to play a vital role in modernizing the society and checking the excesses of religious politics.

Egyptian civil society is rich and complex and has within it a persistent liberal strain. Since Napoleon's invasion of Egypt in 1798, Egyptians have wanted to catch up with the West. Liberal currents of thought and politics have repeatedly flourished in the country — prominently in the 1880s, the 1920s and the 1950s. Egypt's Fundamental Law of 1882 was an advance over almost all Asian and Middle Eastern constitutions at the time.

Egypt also retains some core elements of a liberal constitutional order, chief among them a judiciary that has fought excessive state power for decades. In a fascinating and timely book published in 2008, Egypt After Mubarak, Bruce Rutherford of Colgate University details the long and persistent struggle of the judiciary to carve out an independent role for itself, even under a military dictatorship. The recent moves toward a more open and market-based economy have also created a new business elite that has some stake in a liberal, constitutional order.

It is possible, of course, that the economic reforms will not continue. As in many countries, policies that revoke subsidies and dismantle protected industries provoke public anxiety and spirited opposition from business oligarchs (who often turn out to be those who have been protected). But given that Egypt will need economic growth, it will not be possible to turn back the basic movement toward freer markets.

لە میسر، هەروەکو تورکیا، سوپا دەرفەتی ئەوەی هەیە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگا و پشکنینی ڕێگەکانی سیاسەتی ئاینی.

کۆمەڵگای مەدەنی میسری دەوڵەمەندە و هەروەها ئاڵۆزە لەنێویشیدا بەرەیەکی بەرگریکاری لیبڕاڵ هەیە. لەکاتی داگیرکردنی میسرەوە لەلایەن ناپلیۆن لە ساڵی 1798، میسریەکان ویستوویانە بە ڕۆژئاوا بگەن. ئەو تەوژمە لیبراڵە هزری و سیاسیەی ئێستا بۆ هەمیشە گەشە دەکات لەو وڵاتەدا بەتایبەت لە ساڵانی 1880کان و 1920ەکان و 1950کاندا. یاسای بنەڕەتی میسر لە ساڵی 1882دا نیشانەی پێشکەوتنێك بووە لەسەر ئاستی زۆربەی زۆری دەستوورەکانی وڵاتانی ئاسیایی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

تەنانەت میسر هێندێك لەو بەندە دەستوورییە لیبراڵیانەی ماوەتەوە. دیارترینیان بریتیە لە دەسەڵاتی دادوەرییە کە بۆ چەندین دەیەیە شەڕێکی توند دەکات بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت. لەمیانی کتێبێکی بروس ڕوسەرفۆرد لە زانکۆی کۆلگەیت کە لەساڵی 2008دا بڵاوکرایەوە و بەناوی میسری پاش موبارەکەوە و بە وردی ململانێی دوورودرێژی دەسەڵاتی دادوەری دەخاتەڕوو کە بۆ سەربەخۆبوونی خۆی داویەتی، تەنانەت کاتێك کە لەژێر باری دیکتاتۆریش دابووبێتن. ئەم هەنگاوانەی دوایش کە بەئاقاری کرانەوە و دەستەبژێری سەرمایەداری بواری ئابووری نوێی دروستکردووە کە هێندێك مەترسیان بۆ لیبڕاڵیەت و بەندە دەستوورییەکانیش هەیە.

ئەگەری ئەوەش هەیە لە وەها دۆخێکدا چاکسازی ئابووری بەردەوام نەبێت. هەروەکو لە زۆر وڵاتدا ڕوودەدات، وەها ڕەوشێك کە ببێتە مایەی هەڵتەکان و وێرانکردنی پیشەسازی و هەروەها ئیستفزازی نیگەرانی خەڵکی بکات و ئەو ڕۆحیەتە بە ئۆپۆزسیۆن بدا کە بڵێت دەسەڵات لە حاڵەتی ئۆلیگارشیەتی بیزنسدایە، بەڵام پێویستە ئەوە بۆ میسر لەبەرچاو بگیرێت کە پێویستی بە گەشەسەندنی ئابووریە. ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە میسر واز لەو هەنگاوانە بهێنێت کە بەرەو بازاڕی ئازاد دەینێت. وەها سیاسەتێك پێویستی بە دادگاگەل و یاساگەلێکی باشترە و هەروەها پێویستی بە هەوڵە بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی گەندەڵی و بەرەوپێشچوونی بواری پەروەردە. لەگەڵ بەردەوامی کاتدا، دەتوانن توێژی ناوەند دروست بکەن و سەربەخۆتربن لە وڵاتەکەدا.

داواکاری و پێداچوونەوە و ڕێگرییەکان و ئیسلام
تاکە تەحەدای ڕاست بریتیە لە ڕۆڵی ئیسلام، ئەو ئیسلامیانەش بریتین لە ئیسلامیە ئوسوڵیەکان و ئیخوان موسلیمین. ئیسلام لە میسر و وڵاتانی عەرەبی داواکاری و پێداچوونەوەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەوە گرنگە لێرەدا ئەمە بۆچی. دیکتاتۆرە عەلمانیەکان وا بۆ چەندین دەیە دەچێت ئەم ناوچەیە بەڕێوەدەبەن و بێ گوێدانە هیچ بەهایەك هەموو چالاکیەکی سیاسی سەرکوت دەکەن. تاکە شتێك کە ئەو دەسەڵاتانە ناتوانن دایبخەن مزگەوتەکانە. بۆیە مزگەوتەکانیش بووە بە ناوەندێك بۆ ئەنجامدانی چالاکییە سیاسییەکان و بەم شێوەیەش ئیسلام بووە بە زمانی نەیار و ئۆپۆزسیۆن.

ئەم حاڵەتە بۆ زۆرێك لە میسرییەکان نکۆڵی لێ نەدەکرا، وەکو ئیخوان موسلمین ئێستا دروشمی "ئیسلام و چارەسەر" بەرزدەکەنەوە، بەڵام ئەم گروپە توانا و دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لە کۆمەڵگای میسریدا خۆیان بسەلمێنن بەهۆی ئەوەی کە بۆ چەندین دەیە دەچێت ئەم گروپە ئیسلامییە کاروچالاکی لێ قەدەغەکراوە و دادەپڵۆسرێ. کاتێکیش شتەکان پڕبوون، ئەوە هەروەکو زۆرێك لە وڵاتانی تری ئیسلامی، خەڵکی نیگەران دەبێت لەکارەکانی حکومەت و هەروەها لەو گەندەڵی و گەشە ئابووری و هەروەها وتاری ئایدۆلۆجی.

هەموو ئەم کێشانە تەواو نزیك بوونەتەوە لە سەرهەڵدان کاتێك نەك تەنها ئەمە لەلای خۆپیشاندەرانی میسر، بەڵکو لەلایەن تونسەکانیشەوە دروستببوو.

Such policies require better courts and laws, plus efforts to tackle corruption and improve education. And over time, they will create a middle class more independent of the state.

The Appeal, and Limits, of Islam

The real challenge remains the role of Islam, Islamic fundamentalists and the Muslim Brotherhood. Islam has a special appeal in Egypt and the broader Arab world, but it's important to understand why. Secular dictators have ruled these lands for decades and ruthlessly suppressed all political activity. The one place they could not shut down was the mosque, so it became the center of political activism and discourse, and Islam became the language of opposition.

This is not to deny that for many Egyptians, "Islam is the solution," as the Muslim Brotherhood's slogan claims. But the group has an allure in Egyptian society largely because it has been persecuted and banned for decades. Once it has to compete in the marketplace of ideas, it might find that, as in many Muslim countries, people are more worried about issues of governmental competence, corruption and growth than grand ideological statements.

Those issues, close to home, were at the heart of the protests not only in Egypt but also in Tunisia. It has been fascinating to watch as the legendary "Arab street" finally erupted spontaneously and freely. It turned out not to be consumed with the Middle East peace process and the Palestinians. Israelis have reacted to the unrest in Egypt with horror, convinced that any change will mean less security for their country.

To an extent this is true. The peace between Egypt and Israel was never between two peoples but between their regimes. Israel might have to ask itself what policies it will have to pursue to create stability with a democratic Egypt. It would hardly be a cure-all, but were Israel to offer a deal that Palestinians accepted, it would surely help persuade Egyptians that Israel does not seek to oppress the Palestinian people.

The challenge for Israel is the challenge for the U.S. The Egyptian public's attitude toward America is poisoned by years of Washington's backing dictators and offering unflinching support for Israel. The U.S. too will have to ask what it will take to have better relations not merely with Egypt's military elite but with its people. And it will have to avoid the overreaction — common in Israel — that brands every move toward social conservatism as one toward jihad.

سەرنجڕاکێشی ئەمەش ئەوکات دروست دەبێت کاتێك شەقامەکانی وڵاتانی عەرەبی هەڵدەقوڵێن و دێن و دەچن بەئازادانە. لە داخوازی ئاشتی بۆ فەلەستین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتوون. هاوکات ئیسرائیلیش بەم نائارامیانەی میسریش تۆقیوە و وا ئەم ڕەوشە لێك دەداتەوە کە هەر گۆڕاکارییەك لە ناوچەکەدا مانای کەمبوونەوەی سەلامەتی و ئاسایشی وڵاتەکەیەتی.

تاڕادەیەکیش ئەم ترسەی ئیسرائیل لە جێی خۆیەتی، چونکە ئاشتی لەنێوان میسر و ئیسرائیلدا هەبوو هەرگیز لەنێوان دوو هاوڵاتی ئەو دوو وڵاتەدا نەبوو. ئیسرائیل لە ئێستادا لە بیرکردنەوە و پرسیار لە خۆکردندایە کە داخۆ چ جۆرە سیاسەتێك پێویستە بگرێتەبەر تاوەکو لەگەڵ میسری دیموکراتدا کاریان پێ بکات. ئەمەش هەنگاو و سیاسەتێکە سەختە هەموو بابەتەکان چارەسەر بکات، بەڵام ئیسرائیل داوای گفتوگۆی لەگەڵ فەلەستین کردووە و فەلەستینیش قبوڵی کردووە. ئەمەش بەدڵنیایەوە یارمەتی میسرییەکان دەدات تاوەکو ڕازی بن ئیسرائیل داوای چەوسانەوەی خەڵکی فەلەستین نەکەن.

تەحەدای ئیسرائیلیش تەحەدای ئەمریکایە. ڕەئی گشتی میسریش لەبارەی ئەمریکاوە زەهراویە بەهۆی ئەو پشتگیرییە چەند ساڵیەی ئەمریکا لە دیکتاتۆری میسر و پشتگیری ئیسرائیل. ئەمریکاش بەهەمان شێوە پێویستە پرسیاری ئەوە لەخۆی بکات کە چی بکات تاوەکو پەیوەندییەکی باش نەك بە تەنها لەگەڵ دەستەبژێری سوپای میسر، بەڵکو لەگەڵ میسریەکانیشدا ببەستێت. هەروەها پێویستە کارگەلێکی زۆر ئەنجام نەدات وەکو ئەوەی لە ئیسرائیل هەیە کە هەموو هەنگاوەکان بەرەو کۆنزێرڤاتیڤمی کۆمەڵایەتی بەرێت وەکو جیهاد.

هەروەها داوا لەژنان بکرێت کە پەچە و سەرپۆش لەبەر بکەن بۆئەوەی جیاوازبن لە پیاوان. ئەگەر ئەمریکا ڕووبەڕووی هەموو گوزارشتێکی ئاینی ببێتەوە، ئەوا ئەوکات ناتوانێت لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیموکراتیتر و نوێتردا کاربکات.

سەرنجڕاکێشترین لایەنی خۆپیشاندانەکانی میسر و تونس بریتییە لەوەی کە چۆن ئەو ئەمریکا بچووکە ڕەش بووە لە زاکیرەی و خەیاڵی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا.

ئەوانەی لەسەر شەقامەکانن بەشێوەیەکی بنەڕەتی نیگەران نین لە ئەمریکا، چونکە ئۆباما تەرکیزی لەسەریانە و یارمەتیان دەدات لە لابردنی موبارەکدا. لە تونس، ئەمریکا ڕۆڵێکی بچووکتری دەگێڕا. ئەمەش سەیر بوو، چونکە دوو سیاسەتی جیاوازی نزیکبوونەوە لەم ناوچەیە لەنێوان جۆرج دەبلیو بۆش و ئۆباما دەبینرا. پاش 11ی سێپتەمبەر، بۆش فشارێکی زۆری بۆ کێشەکانی دیکتاتۆرە عەرەبەکان هێناو بەشێوەیەك کە ڕەنگ نییە ئیهمال بکرێن، بەڵام بۆش بابەتەکەی بێ متمانە کرد کاتێك سیاسەتی دەرەوەی زۆر نا جۆر بوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئەمەش وەکو شەڕی عیراق و پشتگیری لە ئیسرائیل. لە ساڵی 2005دا، موبارەك توانی چالاکوانە مەدەنی و دیموکراتەکان لە زیندان بکات بەبیانووی ئەوەی ئەوانە مشتومڕ و موجامەلەی ئەجێندای ئەمریکی لە میسر دەکەن.

بەپێچەوانەوە ئۆباما سیاسەتێکی جیاوازتری پەیڕەوکرد و دوورکەوتەوە لە سیاسەتی شەڕانگێزانەی پێشووتری ئەمریکا لە ناوچەکەدا کە وای کرد میسریە لیبڕاڵەکان و دیموکراتەکان کونج و شوێن و پەنای تریان دۆزیەوە بێ ئەوەی پشت بە ئەمریکا ببەستن. بەشێوەیەك لە ئێستادا لایەنگرانی موبارەك دەیانەوێت ئەوە بڵێن کە هێزی دەرەکی دەیانەوێت ڕەوشی میسر تێکبدەن، بەڵام بێ هودە بوون. لە ڕاستیدا، خۆپیشاندانەکانی میسر و تونس و ئەردەن و شوێنەکانی تر نارەزاییەکی بەرفراوانتریان لێ چاوەڕێ دەکرێت بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و ئۆرگانی دروستبوون و نیگەرانن لە کەسانی تری عەرەب.

| | |
|---|---|
| Asking women to wear veils is different from making men wear suicide belts. If the U.S. is opposed to every expression of religiosity, it will find itself unable to understand or work with a new, more democratic Middle East.<br><br>The most interesting aspect of the protests in both Tunisia and Egypt has been how small America loomed in the public's imagination. Those on the street were not centrally concerned with the U.S., though Obama became a focus when it was clear that he could help in pushing Mubarak out. In Tunisia, the U.S. played an even smaller role. In a strange sense, this might be the consequence of both George W. Bush's and Obama's approaches in the region. After 9/11, Bush put a harsh spotlight on the problem of Arab dictatorships in a way that made them impossible to ignore. But he discredited his cause with a foreign policy that was deeply unpopular in the Arab world (the Iraq war, support for Israel, etc.). In 2005, Mubarak was able to tar democracy activists by pointing out that they were arguing for an American agenda for Egypt.<br><br>Obama, by contrast, pulled back from an overbearing, aggressive American role, which made it possible for Egyptian liberals and democrats to find their voices without being branded as U.S. puppets. (Even recently, the pro-Mubarak crowd warned that "outside forces" were trying to destabilize Egypt, but it didn't work.) In fact, the protests in Egypt, Tunisia, Jordan and elsewhere have resonated with the broader population of the Arab world because they came from within, having grown organically, and were concerned with the conditions of ordinary Arabs.<br><br>For five decades the Middle East has been force-fed a political discourse based on grand ideologies. For the Iranian protesters, America was not just a country or even a superpower but the "Great Satan." What is happening in Egypt and Tunisia might be a return to a more normal politics, fueled by the realities of the modern world, rooted in each country's conditions. In this sense, these might be the Middle East's first post-American revolutions. | وا بۆ 5 دەیە دەچێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ختابێکی سیاسی بێزراو و بەهۆی کاریگەری هێزەوە بەڕێوەدەبرێت. بەنیسبەت خۆپیشاندانی ئێرانەوە، ئەمریکا تەنها وڵاتێك یان تاکە زلهێزێك نییە، بەڵام "شەیتانێکی گەورەیە" بۆیان، بەڵام ئەوەی لە میسر و تونس ڕوودەدات ڕەنگە گەڕانبێت بەلای سیاسەتێکی ئاسایی تر و لەلایەن واقیعی جیهانی مۆدێرنەوە داڵدەبدرێت و بناغە و ڕەچەی لە هەر وڵاتێکدا هەیە.  ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی یەکەمین شۆڕشی پۆست ئەمریکا دەگرێتەخۆ.<br>و. ئازاد عەلی<br><br>فەرید زەکەریا- تایم |

| Text 19 | |
|---|---|
| **ST** | **TT** |
| **Libya and the World of Oil**<br>***Noam Chomsky***<br>Last month, at the international tribunal on crimes during the civil war in Sierra Leone, the trial of former Liberian president Charles Taylor came to an end.<br>The chief prosecutor, U.S. law professor David Crane, informed The Times of London that the case was incomplete: The prosecutors intended | **بەهاری عەرەبی و پێگەی دیموکراسی**<br>**ناووم چۆمسکی**<br><br>مانگی ڕابردوو بوو دادگاییکردنی سەرۆکی پێشووتری لیبیریا (چارلز تایلۆر) لە دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە تاوانەکانی جەنگی ئەهلی لە سیرالیۆن کۆتایی پێهات، بەڵام سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی و مامۆستای یاسای ئەمریکی (دێڤید کراین) بە ڕۆژنامەی (زی تایمز)ی لەندەنی ڕاگەیاند کە کێشەکە هێشتا تەواو نەبووە. داواکارەکان ویستبوویان قەزافی تۆمەتبار بکەن، بەڵکو کراین وتبووی: "لە کۆتاییدا |

to charge Moammar Gadhafi, who, Crane said, “was ultimately responsible for the mutilation, maiming and/or murder of 1.2 million people.”
But the charge was not to be. The U.S., U.K. and others intervened to block it. Asked why, Crane said, “Welcome to the world of oil.”
Another recent Gadhafi casualty was Sir Howard Davies, the director of the London School of Economics, who resigned after revelations of the school’s links to the Libyan dictator.
In Cambridge, Mass., the Monitor Group, a consultancy firm founded by Harvard professors, was well paid for such services as a book to bring Gadhafi’s immortal words to the public “in conversation with renowned international experts,” along with other efforts “to enhance international appreciation of (Gadhafi’s) Libya.”
The world of oil is rarely far in the background in affairs concerning this region.
For example, as the dimensions of the U.S. defeat in Iraq could no longer be concealed, pretty rhetoric was displaced by honest announcement of policy goals. In November 2007 the White House issued a Declaration of Principles insisting that Iraq must grant indefinite access and privilege to American investors.
Two months later President Bush informed Congress that he would reject legislation that might limit the permanent stationing of U.S. armed forces in Iraq or “United States control of the oil resources of Iraq” – demands that the U.S. had to abandon shortly afterward in the face of Iraqi resistance.
The world of oil provides useful guidance for western reactions to the remarkable democracy uprisings in the Arab world. An oil-rich dictator who is a reliable client is granted virtual free rein.
There was little reaction when Saudi Arabia declared on March 5, “Laws and regulations in the Kingdom totally prohibit all kinds of demonstrations, marches and sit-in protests as well as calling for them as they go against the principles of Shariah and Saudi customs and traditions.” The kingdom mobilized huge security forces that rigorously enforced the ban.
In Kuwait, small demonstrations were crushed.
The mailed fist struck in Bahrain after Saudi-led military forces intervened to ensure that the minority Sunni monarchy would not be threatened by calls for democratic reforms.
Bahrain is sensitive not only because it hosts the U.S. Fifth Fleet but also because it borders Shiite areas of Saudi Arabia, the location of most of the kingdom’s oil. The world’s primary energy resources happen to be located near the northern Persian Gulf (or Arabian Gulf, as Arabs often call it), largely Shiite, a potential nightmare for Western planners.
In Egypt and Tunisia, the popular uprising has won impressive victories, but as the Carnegie

قەزافی بەرپرسیار بووە لە شێواندن و کوشتنی 1,2 ملیۆن کەس"، بەڵام تۆمەتەکە ئاراستەی نەکراوە، چونکە ئەمریکا و بەریتانیا و دەوڵەتانی تریش تەدەخولیان کرد بۆ سڕکردنی تۆمەتەکە، کاتێکیش لەو بارەیەوە پرسیار لە کراین کرا، لە وەڵامدا وتی: "بەخێربێن بۆ جیهانی نەوت".

<td dir="rtl">پرۆسەی کوشتنی بەئامانج و کارکردن لەسەر چەسپاندنی ئەو پرۆسانە ڕاڕایی پێوە دیاربوو، چونکە تۆ کاتێك تیرۆریستان لەناو دەبەیت لەڕێگەی کوشتنیان بەفڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، ئەوا لەهەمانکاتدا خۆت لەلایەنی سیاسی پەیوەست بەچۆنێتی دەستگیرکردنی ئەو تیرۆریستانە و زیندانیکردنیان و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا ڕزگاردەکەیت ئینجا چ جای سەپاندنی حوکم بەسەریان و ئیدانەکردنیان.<br><br>سیاسەتی ئۆباماش بەرامبەر بەلیبیا، ڕەنگە نەچێتە ئاستی عەقیدەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر دوو بنەما بووە، ئۆباما لە مانگی مارسی ڕابردوودا لەمیانەی باسکردنی مەسەلەکە ڕایگەیاند "ئەگەر مەترسی دروستبوونی کوشتارگە یان جینۆساید لەئارا بوو ئەوا دەبێت دەستوەربدەین، بەڵام لێرەداو کە ئەمە بنەمای دووەمە دەڵێت "ناتوانین قەت ئەوە بەتەنها بکەین، تەنها لەحاڵەتێکدا کە ئەویش نەخوازەڵڵا ئەگەر خودی گەلی ئەمریکا ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە بووەوە".<br>ئەگەر قسەکانی ئۆباما بەپێی دەلالەتە ڕووکەشییەکەی وەربگرین ئەوا دەڵێم قسەکانی بەواتای وشە قێزەونن، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت لەهیچ کاتێکدا خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی ببێتە "پۆلیسی جیهان" ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە نابێت بڵێین ئەوە مەسەلەی مەبدەئە بەلای ئێمەوە کە هەڵنەسین بەڕاگرتنی کوشتارێکی بەکۆمەڵ کاتێك ڕوودەدات و لەهەر شوێنێك بێت کە ئێمە توانای ئەوەمان بێت، چونکە لەو حاڵەتەدا هیچ کەس نایەتە پاڵمان لەوەدا".<br><br>لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هیچ کەس تووشی سەرسوڕمان بێت لەسەر پەرۆشیمان بۆ ئەو سیاسەتە، چونکە لەهەقیقەتدا ئازایەتی بەنرخێکی هەرزان دەکڕێت، لەڕێگەی قسەکردنمان بەوەی دەبێت ئێمە شتێك بکەین و دواتر خۆمان بەدەربکەین لەپابەندبوون بەئەنجامدانی هیچ کارێك، ئەگەر خۆمان بەتەنها ماینەوە لەوەدا.<br><br>بە ڕووانێنێکی فراوانتر دەڵێین، ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئۆباما سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای لەسەر ئاگرێك لە دواوە هێشتووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لەهەمانکاتیشدا و لەڕێگەی تەرکیزکردنی تواناکانی لە کاروباری ناوخۆدا، کێشەیەکی گەورەی بۆ خۆی دروستکرد، کە ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت دوکانەکەی بۆ سیاسەتی ناوخۆیی پێویستی بەوەرگرتنی چەند وانەیەك بێت لەئێستادا.</td></tr>
<tr><td colspan="2" align="center">Text 23</td></tr>
<tr><th>ST</th><th>TT</th></tr>
<tr><td>Kurdistan can be a model for democracy in a troubled region<br>Written by Robert Halfon MP<br>Were it not for the first Gulf War, Saddam would have wiped the Kurds off the map. Why doesn't the UN recognise his violence as genocide?<br>After the Iraq war, it was often argued that the Middle East wasn’t “ready for democracy”. The Guardian for example implied this about Iraq in 2003.<br>But this is a nonsensical argument, as it seems to suggest that some people because of their background are not entitled to democracy, and the example of Kurdistan shows all too clearly how wrong this is.<br>The removal of Saddam Hussein not only saved the Kurds from being destroyed by genocide, but also brought about an independent, democratic and free nation in the shape of Kurdistan.<br><br>As Vice-Chair of the All-Party Group for Kurdistan, I have visited twice, and have seen firsthand the evidence of genocide. Despite</td>
<td dir="rtl">کوردستان دەتوانێت ببێتە مۆدێلێك بۆ دیموکراسی<br>ڕۆبێرت هاڵفۆن<br>ئەگەر جەنگی یەکەمی کەنداو نەبووایە، سەدام کوردی لەسەر نەخشە دەسڕیەوە. بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان توندوتیژی سەدام وەکو جینۆساید ناناسێنێت؟<br>دوای جەنگی عیراق زۆرجار دەوترا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست "ئامادەنییە بۆ دیموکراسی". بۆ نموونە ڕۆژنامەی گاردیان لە ساڵی 2003دا پێیوابوو لەبارەی عیراقەوە ئەو بۆچوونە ڕاستە، بەڵام ئەمە ئارگیومێنتێکی بێبایەخە، لەبەرئەوەی وا پێشنیاردەکات کە هەندێك خەڵك بەهۆی باکگراوندیانەوە شایانی دیموکراسی نین و نموونەی کوردستان زۆر بەڕوونی دەریدەخات ئەمە چەندە هەڵەیە.<br><br>ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن نەك تەنیا کوردی لە فەوتان بەهۆی جینۆسایدەوە پاراست، بەڵکو وڵاتێك و گەلێکی سەربەخۆ و دیموکراتی و ئازادی لە شێوەی کوردستاندا هێنایەگۆڕێ.<br><br>وەکو جێگری سەرۆکی گرووپی هەموو فراکسیۆنەکانی بەریتانیا کە سەردانی کوردستانیان کرد، دووجار سەردانی کوردستانم کردووە و بەڵگەی ڕاستەقینەی جینۆسایدم بینیوە. سەرەڕای ناسەقامگیری ناوچەیی، کوردستانی سەربەخۆ لە ساڵی 2003دا دامەزرێنرا.<br>حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای خۆی دەردەکات و کۆنترۆڵی سوپای تایبەت بە خۆی دەکات و بڕیار لە هەنگاوی گەشەشەندنی ئابووری تایبەت بە خۆی دەدات. بەپێچەوانەی زۆربەی بەشەکانی</td></tr>
</table>

regional instability, autonomous Kurdistan was established in 2003. The Kurdistan Regional Government (KRG) makes its own laws, controls its own army, and decides its own pace of economic development. In contrast to most other parts of Iraq, KRG is relatively terrorist-free.

Ultimately, a democracy can be judged by its respect for property rights, religious tolerance, the rule of law, equality towards women, equal access to education, a free press, and a vigorous political opposition.
It's worth looking at how far Kurdistan fulfills some of these criteria:

**PROPERTY RIGHTS**
The draft Kurdistan constitution (it's still a draft) includes several articles concerning the protection of minority, political and property rights. In Ankawa, the main Christian town in Erbil governorate, there is even special heritage protection for the property owned by the local community.

**RELIGIOUS TOLERANCE**
The Kurdish regional parliament has now officially recognised the rights of other minorities such Turkmen, and Assyrians, and these are reflected in the electoral system.In fact, Kurdistan is one of the only safe-havens for Christians and Jews in the region.
Whilst Christians are being murdered and persecuted across Iraq and Iran, in Kurdistan they are welcomed. The Kurdish President has even invited Christian refugees to take up safe haven in his region.

**THE RULE OF LAW**
Crime is very low compared to neighbouring Iraq, and the UK has helped the Kurdish Police authorities to build forensic skills, rather than relying the traditional "confession-based" policing. The Kurdish judiciary are independent, and have defended the right of free assembly during the Arab Spring.

**WOMEN'S RIGHTS**
On women's rights, the Kurdistan Parliament has recently passed tough laws against domestic violence. This made female genital mutilation, forced marriage, and child labour all criminal offences for the first time.

**FREE ACCESS TO EDUCATION**
As the Kurdish economy is booming, universities too are flourishing, and despite some set-backs there is a real focus on improving education. Illiteracy has fallen from thirty-seven to to just sixteen percent since 2003, and is now at about the same level as London in 2011.

تری عیراقەوە، هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕێژەیی تیرۆریستی تێدا نییە.

دواجار بەهۆی ڕێزگرتنی لە مافەکانی موڵکدارێتی، لێبوردەیی ئایینی، حوکمی یاسا، یەکسانی سەبارەت بە ژنان، دەستڕاگەیشتنی یەکسان بۆ خوێندن، میدیایەکی ئازاد و ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی بەهێز هەرێمی کوردستان دەتوانرێت بە دیموکراسی لەقەڵەم بدرێت.

شیاوی تێبینیکردنە هەرێمی کوردستان تاچەند هەندێك لەم پرەنسیپانە جێبەجێدەکات:
مافەکانی موڵکدارێتی
ڕەشنووسی دەستووری کوردستان (هێشتا ڕەشنووسە) چەندین ماددەی لەخۆگرتووە سەبارەت بە پاراستنی کەمینەکان و مافە سیاسی و موڵکدارێتییەکان. لە عەنکاوا، گەڕەکی سەرەکی مەسیحییەکان لە پارێزگای هەولێر، تەنانەت نەریتێکی تایبەتی پاراستنی موڵکداری هەیە.

لێبوردەیی ئایینی
پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئێستا بەڕەسمی دانیناوە بە مافەکانی کەمینە نەتەوایەتیەکانی تردا وەکو تورکمانەکان و ئاشوریەکان و ئەمانە لە سیستمی هەڵبژاردندا نوێنەرایەتیان هەیە. لەڕاستیدا کوردستان یەکێکە لەتاکە پەناگەکان بۆ مەسیحییەکان و جولەکەکان لە ناوچەکەدا.

لەکاتێکدا مەسیحییەکان لەسەرانسەری عیراق و ئێراندا دەکوژرێن و دەچەوسێنرێنەوە، ئەوان لە کوردستاندا پێشوازیان لێدەکرێت. سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەنانەت ئاوارە مەسیحییەکانی بانگهێشتکرد هەرێمی کوردستان بکەنە پەناگەی ئارامی خۆیان.

حوکمی یاسا
ئاستی تاوان بە بەراوردکردن بە عیراقی دراوسێ زۆر نزمە و بەریتانیا یارمەتی دەسەڵاتدارانی پۆلیسی هەرێمی کوردستانی داوە شارەزایی زانستی بنیاتبنێن وەك لەوەی پشتببەستن بە سیاسەتی تەقلیدی "داننان بە تاواندا". سیستمی دادوەری کوردی سەربەخۆیە و لەمیانەی بەهاری عەرەبیدا مافی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ئازادی پاراستووە.

مافەکانی ژنان
سەبارەت بە مافەکانی ژنان بەم دواییانە پەرلەمانی کوردستان چەند یاسایەکی توندی تێپەڕاندووە لەدژی توندوتیژی خێزانی. ئەمەش خەتەنەکردنی مێینە و بەزۆر بەشوودان و کارکردنی منداڵانی بۆ یەکەمجار بە تاوان لەقەڵەمداوە.

دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە خوێندن
لەکاتێکدا ئابووری کوردستان لە بوژانەوەدایە، زانکۆکانیش لە پێشکەوتندان و سەرەڕای چەند ڕێگریەك فۆکیوس و جەختکردنەوەیەکی ڕاستەقینە هەیە بۆ باشترکردنی خوێندن. ڕێژەی نەخوێندەواری لە ساڵی 2003وە لە 37%وە بۆ تەنها 16% دابەزیوە، ئێستا ڕێژەی نەخوێندەواری نزیکەی هەمان ڕێژەی ساڵی 2011ی شاری لەندەنە.

کوردستان وڵاتێکە لە ڕابردوو فێربووە، نەك لە ڕابردوودا بژی.
ئەگەر سەدام لە دەسەڵاتدا بمایەتەوە و ئەگەر جەنگی یەکەمی عیراق و دروستکردنی ناوچە ئارامەکان بۆ کوردەکان لە ساڵانی 1991 و 1992 نەبووایە ڕەنگبوو بەشەکانی تری کوردستان بە (گازی ئەعساب) داپۆشرایە و پیاوەکانی سەدام بەڵێنیاندابوو بە بیلدۆزەر بیاننێژن و بیانشارنەوە.

تەنانەت باوەڕدەکرێت هەندێك لە ئەنجامدەرانی جینۆساید لە ئەوروپا بژین و ڕەنگە لە بەریتانیاش بن و داوای مافی پەنابەرێتییان کردبێت.

| | |
|---|---|
| Kurdistan is a country that has learnt from the past, rather than living in it. Had Saddam stayed in power, it is likely that at some point, the rest of Kurdistan would have been covered with nerve gas - were it not for the first Iraq war and the creation of the Kurdish Safe Havens in 1991-2. (Saddam’s henchmen pledged to “bury them with bulldozers”.)<br>Some perpetrators of the genocide are even thought to be living in Europe, possibly even in England, having claimed asylum. Inexplicably, the genocide of the Kurds is not recognised as a genocide by the International Community, most notably the United Nations.<br>For justice to be done, the UN must fully recognise the murder of the Kurds for the genocide that it was.<br><br>The Arab Spring shows that the Middle East is ready for democracy. Of course, it doesn’t mean that it will happen all at once, and there will be many upsets along the way. But the people of the Middle East are no different to anyone else. They want bread, but they want freedom also.<br><br>I will be making this case at Party Conference, alongside Nicholas Soames MP, Nadhim Zahawi MP, David Gardner, and Ms Bayan Sami Abdul Rahman, the Kurdish High Representative to the UK. We will be at the Derby Suite of the Midland Hotel, Monday 2nd October, at 1pm. I very much hope to see you there.<br>Robert Halfon is the Member of Parliament for the UK Constituency of Harlow. | بەشێوەیەکی نامۆ جینۆسایدی کوردەکان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە و بەتایبەت لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو جینۆساید نەناسراوە.<br><br>بۆ ئەوەی دادپەروەری جێبەجێبکرێت، نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستە بە تەواوی کوشتنی کوردەکان بە جینۆساید بناسێنێت.<br><br>بەهاری عەرەبی دەریدەخات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەیە بۆ دیموکراسی. بەدڵنیاییەوە ئەوەش واناگەیەنێت کە هەمووی دەستبەجێ دێتەدی و لە داهاتوودا زۆر نائومێدبوون لەڕێگاکەدا دەبێت، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هیچ کەسێکی تر جیاوازتر نین. ئەوان نانیان دەوێت، بەڵام ئازادیشیان دەوێت.<br><br>من لە کۆنفرانسی پارتەکەمدا لەگەڵ پەرلەمانتار نیکۆلاس سوامس، پەرلەمانتار نازم زەهاوی، دەیڤید گارنەر و خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا، ئەم کەیسە دەخەمەڕوو.<br><br><br>*ڕۆبێرت هاڵفۆن: ئەندام پەرلەمانی بەریتانیایە<br>لەناوچەی  هەڵبژاردنی هارلۆ، لە ماڵپەڕی<br>وتارەکانی بڵاودەکاتەوە.roberthalfon.blogspot.com<br>لە ئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی |
| **Text 24** | |
| **ST** | **TT** |
| **Ethnic interests could trump economic sense**<br>**By Joost Hiltermann**<br>These days, Erbil has the feel of one of those gold prospecting towns of the old US west. Investors of all stripes descend on the Iraqi Kurdish capital to spend their dollars, lured by high – indeed inflated – figures for suspected oil and gas reserves and promises of commensurate returns.<br>Some need little encouragement, but with each new contract signed, and as exports climb, even relatively conservative companies are taking the plunge, fearing they might lose out if Kurdistan proves the bonanza its leaders make it out to be. ExxonMobil was the latest, and the biggest, to dip a toe in the water.<br>It has been the Kurdistan regional government’s genius to sell itself as the last frontier in oil exploration and as virgin territory receptive to private enterprise, holding out development contracts with terms far more favourable than | **بەرژەوەندی ئابووری و ئیتنیکی**<br>یوست هیڵتەرمان*<br><br>ئەم ڕۆژانە هەولێر وەکو شارەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکای کۆن،کە بە ئاڵتون دەوڵەمەندن، وایە.<br>وەبەرهێنەران بە هەموو جۆرێکەوە دەڕژێنە پایتەختی کوردستانی عیراق بۆ خەرجکردنی پارەکانیان و بە چەندین ئامار بۆ سامانی نەوت و غاز و بەڵێنی داهاتی یەکسان هاندراون.<br><br>هەندێك پێویستیان بە هاندانی کەم هەیە، لەگەڵ واژۆکردنی هەر گرێبەستێکی نوێدا و کاتێ هەناردەکردنەکان بەرزدەبێتەوە تەنانەت کۆمپانیا نیمچە کۆنزێرڤاتیڤەکان شتێکی گرنگ ئەنجامدەدەن و دەترسن ڕەنگە زیان بکەن و ئەو هەلەیان لەدەستبچێت ئەگەر کوردستان ئەو سامانە دەربخات و بیسەلمێنێت کە سەرکردەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن. ئیکسۆن مۆبیل دواترین و گەورەترین کۆمپانیایە کە بێتە هەرێمەکەوە.<br><br>زیرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە وەکو دوا سنوور لە گەڕان بەشوێن نەوتدا خۆی بفرۆشێت و وەکو خاکێکی بەکارنەهاتوو ی کراوە بۆ دەستپێشخەری تایبەتی و ژمارەیەك گرێبەستی پەرەپێدانی بە چەند مەرجێکی باشتر لەوانەی بە غدا پێشکەشی دەکات بۆ کێڵگە |

those Baghdad offers for Iraq’s huge southern fields.

Few seem to understand, or care, what Kurdistan’s strategy is, and appear content to be part of the game if it generates huge profits. Yet, that strategy, and its success or failure, will determine how much oil and gas will be exported and how much money stands to be made.

The Kurdish government has long seen its attempt to attract international oil companies as a strategic imperative, building up from small wildcatters such as Norway’s DNO via bigger companies such as Houston-based Marathon Oil to supermajors such as ExxonMobil.

It has made every effort to diversify the countries of provenance, signing contracts with outfits from the US, UK, France, Germany, China and others to bring international recognition and legitimacy to itself – and perhaps also to secure the region’s protection, should the need arise, or support for an eventual bid for statehood.

Underlying this strategy is Kurdish leaders’ drive to maximise the territory they control and the autonomous powers they exercise within it.

Hence their expansive interpretation of an Iraqi constitution they were instrumental in drafting, and their unrelenting struggle to incorporate “disputed territories” they claim were part of a historic – albeit undefined and undelineated – Kurdistan.

Several factors will probably constrain the Kurdish leadership in its attempt to free the region from the chains binding it to Iraq, a profoundly unhappy relationship of duelling nationalisms.

One is precisely those disputed territories. When Kurdish leaders say they hold reserves of 45bn barrels of oil and upward of 100,000bn cubic feet of gas, they neglect to mention that most of these reserves lie outside the Kurdistan region in areas whose status is yet to be determined – through a process that has become increasingly obscure – and whose riches constitute a potential casus belli for both Baghdad and Erbil.

When ExxonMobil entered the disputed-territories fray in October, by signing exploration blocks across the Green Line – the Kurdistan region’s constitutional boundary – it further increased the area’s strategic importance.

A second constraint is the unresolved relationship with the rest of Iraq.

Negotiations have dragged on for years over draft federal hydrocarbon legislation that would define Erbil’s powers, especially in signing contracts, as well as its right to export the region’s oil and gas through the national pipeline network.

The two sides have been far apart on an issue that goes to the very heart of their federal

فراوانەکانی باشووری عیراق، ئەنجامدا.

وادیارە هەندێکی کەم تێدەگەن یان بایەخدەدەن بەوەی ستراتیژی کوردستان چییە و وادیارە ڕازیین بەشێکبن لە یارییەکە ئەگەر قازانجی گەورە بهێنێتەئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ستراتیژە و سەرکەوتنی یان شکستهێنانی بڕیار لەوەدەدات کە چەندە نەوت و غاز هەناردەبکرێت و چەندێك پارە پەیدابکرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆماوەیەکی درێژە هەوڵیداوە سەرنجی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت ڕاکێشێت وەکو ستراتیژێکی زۆر گرنگ کە لەکۆمپانیا نەوتییە بچووکەکانی وەکو DNO ی نەرویژی-یەوە بنیاتنرا بۆ کۆمپانیا گەورەکانی وەکو کۆمپانیای ماراسۆن و دواتر بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان وەکو ئیکسۆن مۆبیل.

حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵێکیدا بۆ ئەوەی وڵاتەکان هەمەجۆر بن و گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و چین و وڵاتانی تردا واژۆکرد تا ئیعترافی نێودەوڵەتی و ڕەوایەتی بۆ خۆی بهێنێت و ڕەنگە پاراستنی هەرێمەکەش زامنبکات یان پشتگیری بۆ هەوڵێکی کۆتایی بۆ بەدەوڵەتبوون کۆبکاتەوە.

پشتبەستن بەم ستراتیژە دەستپێشخەری سەرکردە کوردەکانە بۆ فراوانکردنی ئەو خاکەی کۆنترۆڵی دەکەن و ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆیانەی پیادەی دەکەن.

لەبەرئەوە لێکدانەوەی فراوانی ئەوان بۆ دەستورێکی عیراق، کە کاریگەربوون لە داڕشتنیدا، و خەباتی سەختیان بۆ لکاندنی "ناوچە کێشەلەسەرەکان" کە ئەوان بەهی خۆیانی دەزانن لەڕووی مێژووییەوە بەشێکە لە کوردستانێکی دیارینەکراو.

چەند فاکتەرێك ڕەنگە سەرکردایەتی کوردی ناچاربکات لە هەوڵەکەیدا بۆ ڕزگارکردنی هەرێمەکە لەو زنجیرانەی بە عیراقەوە دەیبەستێتەوە.

یەکێك لەفاکتەرەکان بە ووردی بریتییە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان. کاتێ سەرکردە کوردەکان دەڵێن یەدەگی 45 ملیار بەرمیل نەوت و زیاتر لە 100 هەزار ملیار پێی چوارگۆشە لە غاز یان هەیە، ئەوان ئەوە پشتگوێدەخەن باسی بکەن کە زۆربەی ئەم یەدەگە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانە لە چەند ناوچەیەکدا کە ڕەوشەکەیان هێشتا دەبێت بڕیاری لێبدرێت لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە کە خەریکە زۆر ناڕوون دەبێت و سامانەکانی خەریکە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێك لەنێوان بەغدا و هەولێردا.

کاتێ ئیکسۆن مۆبیل لە مانگی تشرینی یەکەمدا بە واژۆکردنی گرێبەستێك بۆ گەڕان بە شوێن نەوتدا هاتە ناوچە جێناکۆکان بەدرێژایی هێڵی سەوزی سنووری دەستووری هەرێمی کوردستان، گرنگی ستراتیژی ئەو ناوچانەی زیادکرد.

ئاستەنگی دووەم بریتییە لە پەیوەندی ناڕوون لەگەڵ بەشەکانی تری عیراقدا.

دانوستانەکان سەبارەت بە ڕەشنووسی یاسایەکی فیدراڵی نەوت و غاز کە دەسەڵاتەکانی هەولێر دیاریدەکات بەتایبەتی لە واژۆکردنی گرێبەستەکان و مافی خۆی لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگای تۆڕی بۆری نیشتمانیەوە بۆ چەندین ساڵە درێژەی هەیە.

هەردوولا سەبارەت بە مەسەلەیەك کە دەچێتە قوڵایی ڕێوشوێنەکانی فیدراڵیەوە ناکۆکن. بەغداد هەولێر تاوانبار دەکات بەوەی هەوڵدەدات وڵاتەکە دابەشبکات و کوردەکان فەرمانڕەواکانی عیراق تاوانباردەکەن بەوەی عەرەبی نەتەوەپەرستی تەقلیدین و سیستمێکی ماوەبەسەرچوو بۆ فەرمانڕەوایی بەکاردەهێنن.

<table>
<tr>
<td>arrangement. Baghdad is accusing Erbil of seeking to tear up the country, and has incurred the reciprocal Kurdish charge that Iraq’s rulers are unreconstructed Arab nationalists using outmoded systems of governance.<br><br>A third constraint is the fact that Kurdistan is landlocked and therefore must depend on its neighbours for access to world markets. The most likely candidate, Turkey, has indicated that, while it is eager to serve as the principal export channel for oil and gas, the Kurdish government will have to co-ordinate its sales through Iraq’s state marketing board. This throws the Kurds back on to Baghdad and its centralising tendencies.<br><br>A final constraint is the eventual ceiling on Iraqi oil exports. For now, Baghdad is content to have Kurdish exports contribute to national revenues. However, if and when Iraq succeeds in producing the volumes currently bandied about – even at the estimates’ lower end – its neighbours are bound to weigh in and, through Opec or otherwise, seek to limit Iraqi exports in order to keep control over world prices and protect their own status as producers.<br>Once that limit is reached in the next few years, and if Iraq’s southern fields can satisfy demand by themselves, would Baghdad still consider giving a share to those pesky Kurds?<br><br>Baghdad and Erbil would be well served by a fundamental deal to settle these concerns, but their conflict would not be the first in which ethno-national interests have been allowed to trump sound economic and commercial sense.<br><br>Joost Hiltermann is the deputy programme director, Middle East and north Africa for the International Crisis Group, a non-government conflict resolution organisation</td>
<td>ئاستەنگی سێیەم ئەو ڕاستییەیە کە کوردستان بە وشکانی دەورەدراوە و لەبەرئەوە پێویستە پشت بە دراوسێکانی ببەستێت بۆ دەستگەیشتن بە بازاڕەکانی جیهان. تورکیا ئاماژەیکردووە بەوەی لەکاتێکدا بەپەرۆشە ببێتە کەناڵی سەرەکی هەناردەکردنی نەوت و گاز، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لەڕێگای ئەنجومەنی مارکێتینی دەوڵەتی عیراقەوە هەمئاهەنگی بکات لە فرۆشتنەکانیدا، و ئەمەش کوردەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا و خواستە سێنترالّییەکانی.<br><br>دوا ئاستەنگ بریتییە لەدوا سەقفی هەناردەی نەوتی عیراق. بۆ کاتی ئێستا بەغدا ڕازیە هەناردەکانی هەرێمی کوردستان بەشدارییکات لە داهاتی نیشتمانیدا، بەڵام ئەگەر و کاتێ عیراق سەرکەوتوو دەبێت لە بەرهەمهێنانی ئەو بڕانەی ئێستا قسەی لێوەدەکرێت- تەنانەت بەکەمتر لە کۆتایی خەملێنراو- دراوسێکانی عیراق بەدڵنیاییەوە قسەی خۆیان دەبێت لەڕێگەی ئۆپێك یان شێوازی تر هەوڵدەدەن هەناردەکانی عیراق سنورداربکەن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی نرخەکانی جیهان بکەن و وەکو بەرهەمهێن پارێزگاری لە ڕەوشی خۆیان بکەن.<br><br>هەرکە لە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا عیراق گەیشتە بەرهەمهێنانی ئەو ئاستە و ئەگەر کێڵگە نەوتیەکانی باشووری عیراق بۆ خۆیان بتوانن داواکاری و خواستەکان دابینبکەن، ئایا بەغداد هێشتا بیردەکاتەوە لە بەخشینی بەشێك بە کوردە بیزارکەرەکان؟<br><br>بەغداد و هەولێر بە ڕێکەوتنێکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم نیگەرانیانە سوودمەنددەبن، بەڵام ململانێکەیان یەکەمین حاڵەت نابێت کە تێیدا بەرژەوەندیە ئیتنیکی- نیشتمانییەکان ڕێگایان پێدەدەرێت بڕیاردەربێت لە مانای ئابووری و بازرگانی گشتگیر.<br><br>*جوست هیڵتەرمان: جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکایە لە گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان.<br>سەرچاوە: Financial Times<br>لەئینگلیزییەوە: دانا تەیب مەنمی</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">Text 25</td>
</tr>
<tr>
<td>ST</td>
<td>TT</td>
</tr>
<tr>
<td>Iraqi Kurdistan Is Booming. Will It Ever Be a Separate State?<br>Larry Diamond<br>As American troops withdraw from Iraq, anyone searching for rays of progress amid the country’s miasma of corruption, sectarian strife, and political stalemate might look to the foothills of Sulaimaniyah, Kurdistan. There, rising rapidly out of some 400 dusty acres, is a gleaming constellation of glass, steel, and Jerusalem stone that is the new campus of American University of Iraq, Sulaimani (AUIS). The venture, which now educates some 500 Iraqi students on the American model, is a sign of Iraqi Kurdistan’s evolution toward a modern, flourishing society.</td>
<td>کوردستانی عیراق لە گەشەکردنی خێرادایە: ئایا هەرگیز دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟<br>لاری دایمۆند*<br>لەکاتێکدا هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق دەکشێنەوە، هەرکەسێک کە بەدوای تیشکەکانی بەرەوپێشچووندا دەگەڕێت لەنێوان تەمومژی گەندەڵی وڵات، ناکۆکی ئاینی توند و سیاسەتی چەقبەستوودا جێگەی خۆیەتی لە تەپۆلکەکانی دامێنی شاری سلیمانی، کوردستان ورد ببێتەوە.<br><br>لەوێ، لەڕووبەری (٤٠٠) هێکتار زەوی خۆڵاویدا کامپی تازەی زانکۆی ئەمریکی عیراق، سلێمانی کە شوشەکانی وەکو ئەستێرە دەدرەوشێنەوەو لە ستیل و بەردی ئورشەلیمی زۆر بەخێرایی بەرز دەبێتەوە. ئەو دەستپێکردنە تازە (زانکۆی ئەمریکی) کە نزیکەی (٥٠٠) خوێندکار لەسەر شێوازی ئەمریکی پەروەردەدەکات، نیشانەی پەرەسەندنی کوردستانی عیراق بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و</td>
</tr>
</table>

But when I visited the American University this past November, there seemed to be one question on the minds of nearly every Kurdish student I met: When can we get a separate state of Kurdistan?
It's understandable why Kurds are asking this question. Seeing all the construction cranes in Erbil and Sulaimaniyah, the bustling markets and the passionate youth, one gets the sense that Iraqi Kurdistan is itself living through a protracted spring—a moment of economic and political opportunity unprecedented in the modern history of the long-suffering Kurdish people (who, with some 25 to 30 million Kurds spread across four Middle Eastern states, are widely considered to be the largest stateless people in the world).
Beyond the university, Kurdistan is booming, with an estimated economic growth rate for next year predicted to be as high as 12 percent. Investment is pouring in, not just from a vast array of Turkish companies, but from American oil companies like Exxon, and from construction, hotel, and retail companies throughout the Arab world. If the claims of the Kurdistan Regional Government are correct—that it possesses 45 billion barrels of oil reserves—it would rank sixth in the world in oil wealth.
And unlike your typical Mideast oil economy—mired in corruption, falling short in democracy, and leaving a third or more of youth unemployed—Kurdistan boasts robust political pluralism. The two long-ruling parties and dominant families (Massoud Barzani's Kurdistan Democratic Party and Jalal Talabani's Patriotic Union of Kurdistan) have patched up their differences since the civil war of the mid-1990s. Though their power-sharing arrangement can appear corrupt and stifling to anyone not a member, in the 2009 regional elections the ruling coalition squeaked by with just 60 percent while facing a fresh opposition list called Gorran, Kurdish for "change." In Kurdistan today, there is a freer and more open—though far from perfect—climate for expression than in Iraq as a whole.

Kurdistan, in short, is doing so much better than the rest of Iraq that it's perfectly logical for its citizens to wonder why they can't simply head out on their own as an independent nation—as they have long aspired to. What, then, should be the American answer to the 95 percent or more of Iraqi Kurds who would vote for independence tomorrow if it were possible?

The first part of the answer is that it is not possible. A declaration of complete independence by Iraq's Kurds would be met with a campaign of military pressure, if not outright attack, and economic strangulation from every one of Kurdistan's neighbors. The remainder of

گەشەکردوو بەشێوەیەکی سەرکەوتوو. بەڵام کاتێک سەردانی زانکۆی ئەمریکیم کرد لەکۆتایی تشرینی دووەمی ئەمساڵ، پێدەچوو پرسیارێک لە زهنی نزیکەی زۆربەی زۆری هەموو ئەو خوێندکاراندابێت کە چاوم پێیان کەوت: کەی ئێمە دەتوانیین دەوڵەوتی سەربەخۆی کوردستانمان هەبێت؟
جێگەی تێگەیشتنە کە بۆچی کوردەکان ئەو پرسیارە دەکەن. بەبینینی ئەو ژمارە زۆرەی دەزگای بەرزکەرەوە کە کاری بنیاتنان ئەنجام دەدەن لە هەولێرو سلێمانی، بازارە پڕ جموجۆڵەکان و گەنجە چالاکەکان، دەگەیە ئەو بڕوایەی کە کوردستانی عیراق خۆی لە بەهارێکی بێ کۆتاییدا دەژیت- چرکەساتی هەلێکی ئابوری و سیاسی کە خەڵکی بەشمەینەتی کورد ( کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٢٥ بۆ ٣٠ ملیۆن کورد لەچوار وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا دەژین و بە گەورترین نەتەوەی بێ دەولەت هەژمار دەکرێن لە جیهاندا) لە مێژووی نوێدا بەخۆیانەوە نەبینیوە.
جگە لە زانکۆی ئەمریکی، ئابوری کوردستان کوردستان لە لوتکەی گەشەکردندایە بەخێراییەکە کە بۆ ساڵی داهاتوو بە بڕی نزیکەی لەسەدا ١٢ خەملێنراوە. لە هەموو لایەکەوە ڕوو لە کوردستان دەکرێت بۆ کاری وەبەرهێنان نەک بەتەنیا لەلایەن کۆمپانیا تورکیەکانەوە بەڵکو لەلایەن کۆمپانیای ئەمریکی وەکو ئیکسۆن، کۆمپانیاکانی بواری بیناکاری، هوتێل و فرۆشیاری لەسەرانسەری جیهانی عەرەبییەوە. ئەگەر بانگەشەکانی حکومەتی هەرێم ڕاستبن ئەوا کوردستان خاوەنی( ٤٥) بلیۆن بەرمیل نەوتی هەڵگیراوە کە ئەمەش پلەی شەشەمی پێدەبەخشێت لە دەوڵەمەندبوونی بە سامانی نەوت لەسەر ئاستی جیهانی.

جیاواز لە ئابوری نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لە گەندەڵیدا گیری خواردووە، لە دیموکراسیدا کەمی هێناوەو سێ یەکی گەنجان یاخود زیاتری بەبێ کاری جێهێشتووە- کوردستان شانازی دەکات بە فرە حیزبییەکی بەهێزو چالاک. دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەو دوو خێزانە خاوەن نفوزەکە ( پارتی دیموکراتی کوردستانی مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی جەلال تاڵەبانی) ی کوردستان جیاوازیەکانیان یەکخستووەو لە دوای شەڕی ناوخۆوە لە ناوەڕاستی نەودەکانەوە. بۆیە ڕێکەوتنی هاوبەشی نێوانیان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بەجۆرێک لە گەندەڵی و کارێکی قێزەون هەژمار دەکرێت لەلایەن هەرکەسێکەوە کە ئەندامی ئەوان نەبێت. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی( ٢٠٠٩ )دا، هەردوو هاوپەیمانەکە بەڕێژەی لەسەد( ٦٠) سەرکەوتنیان بەدەستهێناو ڕووبەڕووی لیستێکی ئۆپۆزسیۆنی تازەبوونەوە بەناوی گۆڕان.
ئەمڕۆ لە کوردستان، ژینگەیەکی ئازدترو کراوەتر (ئەگەر بێ کەموکوڕیش نەبێت) هەیە لە کوردستان بەبەراورد لەگەڵ عیراق بەگشتی.
کوردستان، بە کورتی، بارودۆخی زۆر باشترە لە بەشەکانی تری عیراق و ئەمەش بۆ هاوڵاتیەکانی شتێکی لۆژیکیە کە بیانەوێت تێبگەن کە بۆچی ناتوانن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت کە زۆر دەمێکە خەونی پێوەدەبینن. کەواتە دەبێت وەڵامی ئەمریکا چی بێت بۆ لەسەدا( ٩٥) یاخود زیاتری کوردەکانی عیراق ئەوانەی کەسبەینێ (لە داهاتوودا) دەنگ بە سەربەخۆیی خۆیان دەدەن ئەگەر هەلێکی لەبار بێتە کایەوە؟

بەشی یەکەمی وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەمە شتێکی مەحاڵە. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تەواو لەلایەن کوردەکانی عیراقەوە کاردانەوەی سەربازی، ئەگەر هێرشی ڕاستەوخۆش نەبێت، بەدوای خۆیدا دەهێنێت و هەموو وڵاتە هاوسێکانی کوردستان ئابوری وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ خنکاندنی کوردەکان. ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە عیراق ڕازی نابێت بە دابەشکردنی وڵات نەک بەهۆی لەدەستچوونی سامانێکی زۆری نەوتی هەڵگیراو بەڵکو بەهۆی هۆکارەکانی شانازی نەتەوەییەوە. تورکیا، ئێران و سوریا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەکانی عیراقەوە وەکو هاندانێک دەبینین بۆ کوردەکانی خۆیان کە ئەوانیش بکەونە خۆیان و داوای سەربەخۆیی یاخود دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی کوردی بکەن.هەرچوار

Iraq would not accept national dismemberment—not merely because of the loss of huge oil reserves, but for reasons of national pride as well. Turkey, Iran, and Syria would also view a declaration of Iraqi Kurdish independence as a provocation to their own Kurds to rise up and seek either secession or the creation of a supra-Kurdish state. All four neighbors would work to ensure that the Iraqi Kurdish state failed. And with control of Kurdish oil pipelines (which run through Turkey) and trade routes, they could do much to bring about this outcome.

Fortunately, there is a more practical option for Kurds. We should be encouraging them to summon a parallel to another small and exceptional society: Taiwan, which has long faced a similar kind of threat from China. For all intents and purposes, Taiwan functions as a completely independent country. Yet it also does not flaunt its independence from mainland China. Over the last two decades, Taiwan has cemented a pivotal security relationship with the United States by moving toward, and then deepening and reaffirming, democracy. But Taiwan also edged away from the brink of national suicide by restraining secessionist impulses and pragmatically forging cooperative economic and social ties with the mainland. Once, when a reckless leader almost went too far in pressing a pro-independence agenda, the United States reined him in, using the immense leverage that came with the American commitment to support Taiwan's security so long as it did not unilaterally—and foolishly—move to alter the status quo.

The Taiwan model should be attractive, or at least acceptable, to Kurds in part because of globalization. For many years and probably decades to come, the arbitrary boundaries drawn by Europe over the shattered pieces of the Ottoman Empire will remain the boundaries of modern states. But in a rapidly globalizing world of new kinds of trading communities and new forms of de facto sovereignty, the formal trappings of de jure statehood do not matter as much. If they are smart, Kurds will grudgingly accept their boundaries and work within the delicately negotiated features of Iraq's essentially federalist constitution to chart their own course. They can use their share of Iraq's staggering oil wealth to follow in the footsteps of their northern neighbor, Turkey, by building a prosperous and free society.
Indeed, if Iraqi Kurds can be persuaded to defer their for-now-impossible dream of Kurdish independence in exchange for the prospect of Kurdish dignity and prosperity, Iraqi Kurdistan could become an epicenter of relative freedom,

دەوڵەتە هاوسێکەی کوردستان کاردەکەن کە دڵنیابن کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردەکانی عیراق شکست دەهێنێت.

بەتایبەتی بە کۆنترۆڵکردنی بۆڕیەکانی هێڵی نەوتی کوردی کە بەتورکیادا تێپەڕ دەبن و دەروازەکانی بازرگانی ئەو مەبەستەیان بەدەستدەهێنن.

خۆشبەختانە، کوردەکان هەڵبژاردنی زیاتریان لەبەردەستدایە. پێویستە ئێمە هانیان بدەین کە خۆیان بەهێزبکەن هاوشێوەی کۆمەڵگای بچوک و نمونەیی وەکو تایوان کە ماوەیەکی دورودرێژەی ڕووبەڕووی هەڕەشەی هاوشێوە بۆتەوە لەلایەن چین-ەوە. بۆ هەموو مەبەست و ئامانجەکانی، تایوان وەکو دەوڵەتی تەواو سەربەخۆ ڕەفتار دەکات. لەهەمان کاتدا، سەربەخۆیی خۆی دەرناخات لە خاکی سەرەکی چین.

لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، تایوان پیوەندییەکی بەهێزی ئاسایشی لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بنیات ناوە لەڕێگەی بەرەوپێش بردن و بەهێزکردن و دووبارە جێگیرکردنەوەی دیموکراسییەوە. هەروەها تایوان لەکەناری خۆکوژی نەتەوەیی گەڕاوەتە ئەویش لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی حەزەکانی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی بێ بەرنامە و، دروستکردنی هاوکاری ئابوری زیرەکانە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز لەگەڵ چین.
جارێکیان سەرکردەیەکی کەمتەرخەم زۆر نزیک بووبوویەوە بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنی بەرنامەی سەربەخۆیی، بەڵام ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێنایەوە سەر ئارەستەی خۆی ئەویش بە بەکارهێنانی بارمتەی بەهێزی ئاسایش کە ئەمریکا بۆ تایوانی دابینکردووە تا ئەوکاتەی بەشێوەیەکی تاک لایەنەو گەمژانە بارودۆخەکە وەکو خۆی دەهێڵێتەوە.

مۆدیلی تایوان دەبێت جێگەی سەرنج یان بەلایەنی کەمەوە جێگەی پەسند بێت بۆ کوردەکان بەهۆی دیاریدەی جیهانگیریەوە. بۆ چەندان ساڵ یاخود دەیەی داهاتوو سنورە سەپێنراوەکان کەلەلایەن ئەوروپاوە دوای دابەشکردنی بەشەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کێشراون وەکو سنوری دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئێستا دەمێننەوە. بەڵام لە گەڵ بەجیهانی بوونی جۆری جیاوازی بازرگانی، پەیوەندیەکان و خۆبەڕێوەبردنی خۆکرد لە جیهاندا، شێوازە ڕەسمییەکانی دەوڵەتداری گرنگییەکی ئەوتۆیان نابێت. کوردەکان ئەگەر بەشێوەیەکی زیرەکان مامەڵە بکەن، بە نابەدڵانە بە سنورەکانیان ڕازی دەبن و هێمنانە کار لەگەڵ دەستوری فیدڕاڵی عیراق دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان. دەتوانن پشکی خۆیان لە سەرمایەی نەوتی عیراق بەکاربهێنن بۆ بەرەوپێشچوون هاوشێوەی ولاتی هاوسێی باکوریان، تورکیا، ئەویش بە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ئازاد. لەڕاستیدا، ئەگەر کوردەکانی عیراق ڕازی بکرێن بۆ دواخستنی خەونی سەربەخۆیی ( کە لە ئێستادا کارێکی مەحاڵە) بەرامبەر بەدەستهێنانی سەرکەوتن و شکۆمەندی، کوردستانی عیراق دەکرێت ببێتە چەقی ئازادی، کراوەیی و ئابوری گەشەکردوو کە خەڵکی بیانەوێت سەردانی بکەن نەوەک شوێنێک کە خەڵکی هەوڵی جێهێشتنی بدەن.
ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەلێک هەڵەی قێزەونی ئەنجامداوە لە لەڕووبەڕووبوونەوەکانیدا لە عیراق لەماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا.

بەڵام شتێکی باشمان ئەنجامداوە و، بۆ سەرکۆنەکردنی پۆل بریمەر نوێنەری پێشووی ئەمریکا لە عیراق و هاوڕیکانی لە پلە باڵاکانی ئیدارەی بوش بڕێکی کەمیان بەرکەوتووە، ئەویش بەزەحمەت ڕاگرتنی باڵانسبوو کە ئێمە تێی کەوتبووین لەنێوان بەرپرسیاریەتی ئەخلاقیمان بەرامبەر بە خەڵکی کورد و بەرپرسیاریەتی سیاسیمان بۆ هێشتنەوەی عیراق بە یەکگرتوویی. ئەگەر تا ئێستاش زۆر ناتەواو بێت، چیرۆکی سەرکەوتووی ئەمڕۆی کوردستان بەرهەمی ئەو سیاسەتەیە. ئەگەر سەرکردەکانی کورد ڕازی بن بە سەربەخۆیی بەشێوەیەکی خۆکرد نەک بەشێوەیەکی دەستکرد و ئەگەر دیموکراسیەکەیان بەردەوامبێت لە گەشەکردن بەو شێوەیەی کە هاتووە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەلایەنی کەمە شتێکی

<table>
<tr>
<td>openness, and economic dynamism—a place people want to come to, rather than a place people want to leave.<br><br>The United States made many terrible mistakes in its engagement in Iraq over the past nine years. But one thing we got reasonably right—and for which the much maligned American viceroy, L. Paul Bremer, and his colleagues in the senior ranks of the Bush administration have gotten too little credit—is the exquisitely difficult balance we struck between our moral obligation to the Kurdish people and our political obligation to hold Iraq together as one state.<br><br>The incipient, if still very partial, success story that is Kurdistan today is the fruit of that policy. If Kurdistan's leaders can accept de facto rather than de jure independence, and if their democracy continues to develops as it has thus far, the United States will have achieved at least something significant for its staggering investment, even if the rest of Iraq continues to flounder and disappoint.<br><br>Larry Diamond is senior fellow at the Hoover Institution and the Freeman Spogli Institute for International Studies at Stanford University.</td>
<td dir="rtl">گرنگی بەدەستهێناوە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان ئەگەرچی سەرانسەری عیراق بەردەوامبێت لە ناجێگیری و نائومێدی.<br>وەرگێڕانی: محەمەد بابەکر<br><br>سەرچاوە The New Republic<br>پرۆفایلی لاری دایمۆند:*<br>ئەندامی باڵایە لە سەنتەری (هوڤەرو فریمان سپۆگل) بۆ دیموکراسی و گەشەسەندن و سەروەری یاسا لە زانکۆی ستاندفۆرد.<br>لەماوەی 3 مانگی یەکەمی ساڵی 2004دا وەك راوێژكاری بالا لەبەڕێوەبردنی حکومەتی هاوپەیمانی عیراقدا کاری کردووە.<br>لەساڵەکانی 2002-2003 وەك راوێژكار لەدەزگای ویلایەتە یەکگرتووەکاتی ئەمریکا بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی خزمەتی کردووە.<br><br>خاوەنی 36 کتێبە کە لەبارەی دیموکراسییەوە نووسیونی و دیارترینیان ( بەدیموکراسی بوون لەئەفریقا، چۆن خەڵك دیموکراسی دەبینن، چۆن خەڵکی خۆرهەلاتی ئاسیا دیموکراسی دەبینن، تێکۆشانەکانی ئەمریکای لاتین بۆ دیموکراسی، گۆڕانەکانی سیاسی لەچین بە بەراوورد لەگەڵ تایوەند).</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2" align="center">Text 26</td>
</tr>
<tr>
<td align="center">ST</td>
<td align="center">TT</td>
</tr>
<tr>
<td>British MPs: Kurdistan Is Important for Reform In Iraq and Middle East<br>LONDON, UK -- John McDonnell MP's views on British attitudes to Kurdistan (British MP: UK-Kurdish Relations Based On Economic Interests, 17 August, Rudaw) is a storm in a teacup.<br>John is not a Labor Party leader - he failed to win the small number of nominations needed to stand for Labor Leader in 2007 and is seen as a hard-left MP on the fringe of the party although many concede that he is hard-working and sincere even when they profoundly disagree with him.<br>It is hardly news that the foreign policies of any country are based, at least in part, on their own self-interest. However, it would be more accurate to have portrayed UK Government policy in recent times as reluctant in relation to Kurdistan with a greater focus on building links with Baghdad.<br>The APPG has sought to make the argument that it is in the commercial interests of both Kurdistan and the UK and companies on both sides to take advantage of the growing market in Kurdistan.<br>We have also argued that Kurdistan is politically important to the reform process in Iraq and the wider Middle East.<br>We persuaded the Labor Government to agree to send an official trade mission to the 2010 International Trade Fair in Erbil. This was then</td>
<td dir="rtl">کوردستان گرنگە بۆ ڕیفۆرم لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست<br>بۆچوونی جۆن ماکدۆناڵ ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا لەبارەی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبە هەرێمی کوردستان، گێژەڵوکەیەکە لە نێو کوپێک چادا.<br>جۆن سەرۆکی پارتی ئازادیخوای بەریتانیا نیە، لە ساڵی 2007 نەیتوانی ژمارەیەکی کەم دەنگ بەدەسیت بێنێ تاوەکو ببێتە سەرۆکی ئەوەها بە ئەندام پەرلەمانێکی چەپڕەوی توند ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس پێیان وایە کە جۆن کەسێکی ماندووە، سەرەڕای ئەوەی هاوڕانین لەگەڵ بۆچوونەکانی.<br>شتێکی نوێ نیە کە سیاسەتی دەرەوەی هەموو وڵاتێک هیچ نەبێت بەشێکی لەسەر بنەمای بەرژەوندی تیبەتی وڵاتەکە بێت، بەڵام ڕاستتر دەبوو ئەگەر ئاماژەی بە سیاسەتی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی بەریتانیا بکردایە بەرامبەر کوردستان کە سیاسەتێکی "بەئاگای" پەیڕەو کردووە وزیاتر پێدا گیری لەسەر ئەوە کردووە کە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بەهێز بکات.<br>گروپی پارەتەکانی نێو پەرلەمانی بەریتانیا، هەوڵی داوە ئەوە بسەلمێنێ کەوا لە بەرژەوەندی ئابوری کوردستان و بەریتانیایە ئەو هەلە بقۆزنەوە کە لە بازاڕە پێگەیشتووکەی کوردستاندا هەیە.<br>هەروەها ئێمە ئاماژەمان بەوەکردوەە کە کوردستان زۆر گرنگە لە ڕووی ڕیفۆرمی سیاسی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە گشتی.<br>ئێمە توانیمان بەریتانیە بە سەرۆکایەتی پارتی ئازادیخوازی بەریتانی قایل بکەینکە ساندێکی ئابوری بنێریتە کوردستان بەمەبەستی بەشداری کردنی لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لە ساڵی 2010.<br>پاشانیش هەمان ستراتیژ لەلایەن حکومەتی هاوبەشی پارتی پارێزگاران و ئازادیخوازە دیموکڕاتەکان پەیرەوکراو ئێستاش بەردەوام کۆمپانیای بەریتانی هاندەدرێت تاوەکو کاری وەبەرهێنان لە کوردستان بکەن، بی گومان ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، بەڵام هەروەها بۆ باوەش کردنەوەش بۆ ئەو ڕوانگەبەرزە کورد هەیانەبۆ</td>
</tr>
</table>

| | |
|---|---|
| picked up by the new Conservative-Liberal Democrat government and it is driving more and more British companies to do business with Kurdistan, in their own interests of course but also in response to the often expressed views of Kurdish people that we meet in Britain as well as Kurdish ministers, universities and businesses who have a high regard for British goods and services.<br>But the article ignores the altruism in British foreign policy which was seen most clearly when the government of Sir John Major agreed to save the Kurds fleeing from Saddam in 1991 and to institute a safe haven and no-fly zone under which Kurdistan sheltered until liberation in 2003.<br>The article finds people who know little or nothing about Kurdistan. This is hardly surprising but is another reason why the APPG seeks to raise the profile of Kurdistan and to build stronger and deeper commercial, political and cultural links.<br>Such links go beyond any one government and we hope that people-to-people connections will sustain a friendship based on self-interest, on both sides, and on mutual respect.<br>*Nadhim Zahawi MP and Meg Munn MP are Co-Chairs of All-Party Parliamentary Group (APPG) on the Kurdistan Region in Iraq* | کەل و پەل و خزمەتگوزاری بەریتانی کە بۆ ئێمەی دەردەبڕن کاتێک ئێمە لە بەریتانیا دەیانبینین، یان ئەو وەزیر و خوێندکارە زانکۆیانەی کورد کە قسەیان لەگەڵدا دەکەین.<br>هەروەها ئەو ڕپۆرتەی جۆن ماکدۆنێڵ ئەو سیاسەتە خۆنەویسهتەی بەریتانیای ە بیرکردووە، کە زۆر بەڕوون و ئاشکرا بینرا کاتێک حکومەتەکەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا سیر جۆن مەیجەر، رازیبوو، گیانی ئەوکوردانە بپارێزێ کە لە ساڵی 1991 لە دەست ڕأیمی سەددەام ئاوارەببوون و هەرێمی "دژەفڕینی" دامەزراند تاوەکو ئازادکردنی عێراق لە ساڵی 2003 دا بەردەوام بوو.<br>ئەو راپۆرتە خەڵکێک دەدۆزێتەوە کە زانیاری کەم یان هیچ زانیاریەکیان دەربارەی کوردستان نییە. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە هەر بۆیە گروپی پارتەکانی بەریتانیا هەوڵی داوە ناوی کوردستان بە خەڵک بناسێنێ و پەیوەندیەکی سیاسی، ئابووری، کولتووری قوڵ دروست بکات. ئەو پەیوەندیەش لە ئاستی حکومەت دەچێتە دەرەوە و هیوادارین کە پەیوەندی تاک بۆ تاک ببێتە هۆی دروست بوونی هاوپەیمانێتییەک کە لەسەر بنەمای بەرژەوەند و ڕێزی هاوبەش بێت.<br><br>**نازم زەهاوی و مێغ مۆن، هەردووکیان ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیان، لەو وتارەدا وەلامی پەرلەمانتار جۆن ماکدۆنێڵ، دوای بڵاو بوونەوە بۆچونەکانی لە ڕاپۆرتێکی بەشی ئینگلیزی ماڵپەڕی (ڕوودا)دا. لێرەدا ڕپۆرتەکەش بە کوردی بڵاوکراوەتەوە .** |
| **Text 27** | |
| **ST** | **TT** |
| **Change and Tradition**<br>**By CHRIS BOWERS**<br>Whenever I travel to downtown Erbil from our consulate in the northern reaches of the city, I am struck by the pace of change.  Erbil, and much of the rest of the Kurdistan Regional Government (KRG), is unrecognizable from even ten years ago.  Sometimes one can see the changes weekly.  Only the mountains stay the same.  And that is a great thing.<br>It is almost as if Kurdistan has a pent-up energy, like a spring uncoiling.  Isolated for more than two long decades, the region is stretching, awakening and growing.  For those of us who have watched Kurdistan for a while from a distance, it is a joy to behold this process up close as the region makes a 'dash for modernity.'<br>For me, this opening is most easily seen in the enthusiasm across the government, society and ordinary people to engage with the outside world.  I see that on a daily basis in the faces of the students outside our office waiting to apply for and receive visas to study in the United Kingdom as part of the prime minister's Human Capacity Programme.  We are delighted that so many are choosing to come to the UK; delighted and proud, and we are doing all we can to make the visa process as simple as possible.<br>Of course, young people want to travel and see the world.  But in most of the students that I see, I | **گۆڕان و داوونەریت**<br>**کریس باوەرس***<br>هەركاتێك لە كونسولخانەكەمانەوە كە لەقەراخ شاری هەولێرە، دەچمە سەنتەری ئەو شارە، سەرسام دەبم بە گۆڕانكارییە خێراكەی. لەگەڵ 10 ساڵ لەمەوپێش، هەولێر و زۆربەی شوێنەكانی هەرێمی كوردستانیش، ناناسرێنەوە. هەندێجار یەكێك دەتوانێ هەفتانە گۆڕانكارییەكان ببینێ. تەنیا چیاكان وەك خۆیان ماونەتەوە. ئەمەش شتێكی زۆر باشە.<br>ئەمەش وا دەردەكەوێ كە كوردستان وزەیەكی شاراوەی هەیە، هەروەك چۆن سپرینگێكی چەماو راستدەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە وەلاوەنراوە، بەڵام لە هەستانەوەو گەشەسەندندایە.<br>بۆ ئەوانەی وەك ئێمە كە لە دوورەوە بۆ ماوەیەكە تەماشای كوردستان دەكەین، جێگەی خۆشحاڵییە كە لەنزیكەوە ئەو پرۆسەیە دەبینین و ئەو هەرێمە "بەرەو مۆدێرنبوونێكی خێرا دەڕوات".<br>بۆ من ئەم كرانەوەیە لەو جۆش و خرۆشییەدا دەبینم كە لەنێو حكوومەت ، كۆمەڵگە و خەڵكی ئاساییدا هەیە بەمەبەستی تێكەڵاوبوون لەگەڵ جیهانی دەرەوە. من ئەوە رۆژانە لە دەمووچاوی ئەو قوتابیانەدا دەبینم كە لەپێش ئۆفیسەكەی ئێمە چاوەڕێی داواكردنی ڤیزان تاوەكو بتوانن لە بەریتانیا بخوێنن وەك بەشێك لە بەرنامەی تواناسازیی مرۆیی سەرۆك وەزیران. ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەوەی زۆر لە خوێندكارەكان بەریتانیایان هەڵبژاردووە، خۆشحاڵین و لە هەمانكاتدا جێگەی شانازیشە و ئێمە لەلایەن خۆشمانەوە هەموو توانایەكمان بەكاردێنین بۆ ئەوەی پرۆسەی وەرگرتنی ڤیزا ئاسان بكەین.<br>بێگومان گەنجان دەیانەوێ گەشت بكەن و جیهان ببینن، بەڵام زۆربەی ئەو خوێندكارانەی من بینیومن، خاڵێكی دیكەشیان تێدا دەبینم، ئەویش بیرۆكەی نوێ و شێوازی نوێی كاركردن و ئەو حەزەی كە دەیانەوێ ئەوەی لە بەریتانیا فێردەبن، بۆ كوردستانی بهێننەوە.<br>هەربۆیە ئێمە دەمانەوێ ببینە هاوبەشی كوردستانی عێراق لە بواری پەروەردە: لەبەرئەوە ئەم هەلە بۆ بەریتانیا باشە و بۆ كوردستانیش باشە. |

<table>
<tr>
<td>note a thirst for new ideas, for new ways of doing things and a drive to bring what they learn in the UK back to Kurdistan.<br>That’s why we want to be Iraqi Kurdistan’s partner of choice in education: it’s good for the UK and it’s good for Kurdistan.<br>Change and new thinking is good. But it is rarely an easy process. I have a strong sense of where Kurdistan wants to go: a modern, prosperous, open society respected beyond its borders. But what is it that it wants to leave behind and move away from?<br>A simplistic answer would be tradition. But it is not that straightforward. This nation rejoices in its traditions, I see that in Newroz, in the solidarity of belonging and identity and particularly in music. But there are some traditions that seem to have no place in a modern and changing Kurdish society: the practice that said that it was OK to kill a member of your own family and get away with it, so-called ‘honor killings’; the tradition that treated women as less able than men; the tradition that said Kurds should not engage in a meaningful way with Baghdad – perfectly understandable under Saddam – is also being left behind. In fact, in the last few months Erbil has taken a lead in bringing Iraqi politicians together.<br>These and other changes need consensus. Some will want to move quicker than others. Others will see merit in moving slower. What is most encouraging though is to see Kurds debating these issues freely. It is only through debate that society finds equilibrium and can move forward together.<br>People sometimes ask me, why aren’t there more UK businesses here in the KRG. Well, there are more than you would think and I hope to answer that question in future columns. But I would counter that it is ideas that change the world and develop nations. And that is what I expect the scholars going to the UK to come back with: ideas and ‘know-how’ for change.<br><br>Chris Bowers is British consul general in Erbil.</td>
<td>گۆڕان و بیرکردنەوەی نویٚ شتێکی باشە. بەڵام هەرگیز پرۆسەیەکی ئاسان نییە. من هەستێکی بەهێزم هەیە بەوەی کە کوردستان دەیەویٚ بەرەو کویٚ بڕوات، ئەویش: کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، خۆشگوزەران و کراوە کە لەودیو سنوورەکانییەوە ڕێزی لێبگیرێت،بەڵام ئایا ئەو شتانە چین کە دەیەویٚ بەجێیانبێڵیٚ و لێیاندووربکەوێتەوە؟<br>وەڵامێکی سادە بۆ ئەو پرسیارە، داوونەریتە. بەڵام ئەوەش ئەوەندە سادە نییە. ئەم گەلە داوونەریتی خۆی خۆشدەوێت، من لە ڕۆژی نەورۆزدا ئەوە دەبینم، لە خاوەندارێتی و شوناسدا و بەتایبەتیش لە میوزیکدا.<br>بەڵام هەندیٚ داوونەریت هەن کە پێدەچیٚ جێگەیان نەبێتەوە لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و مۆدێرنی کوردستاندا. وەك ئەو پراکتزەی کە یەکێك لە ئەندامی خێزانەکەت بکوژیت و سزاش نەدرێی، یان “شەرەفکوژی” یان ئەو داوونەریتەی کە بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئافرەت بکەی کە لاوازترە لە پیاو، یان ئەو داوونەریتە کە نابیٚ بەهیچ شێوەیەك کورد مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات، ئەمەش لەسەردەمی سەددامدا شتێکی گونجاو بوو، بەڵام ئێستا بەجێماوەو لەڕاستیشدا لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو هەولێر ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە نزیککردنەوەی سیاسەتمەدارانی عێراقدا.<br>ئەم گۆڕانکارییە و گۆڕانکارییەکانی دیکەش پێویستیان بە ڕێککەوتنە و هەندیٚ پێیانوایە کە پێویستە زووتر بکرێن و هەندێکی دیکەش پێیان باشە بەخاوی بکرێن، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە دەبینی کورد لەنێو خۆیاندا بەئازادی گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلانە دەکەن و کۆمەڵگەش تەنیا لەڕێگەی گفتوگۆوە هاوسەنگی دەدۆزێتەوە و توانای پێشڤەچوونی دەبێت.<br>هەندیٚ جار خەڵك لێمدەپرسن کە بۆچی ئەوەندە کاری بازرگانی بەریتانیا لێرە نابینن، لەڕاستیدا کاری بازرگانی بەریتانیا زۆر زیاترە لەوەی تەسەوری دەکریٚ، هیوادارم لە وتارەکانی داهاتوومدا ئەم پرسیارە وەڵامبدەمەوە، بەڵام دەمەویٚ بڵێم کە بیرۆکە جیهان دەگۆڕیٚ و نەتەوە پێشیدەخات و هەر هەمان شتیش لەو خوێندکارانە چاوەڕێدەکەم کە دەچنە بەریتانیا و بە بیرۆکەی نویٚ بێنەوە و “بزانن چۆن” گۆڕانکاری دەکرێت.<br><br>* کریس باوەرس، ئێستا کونسوڵی گشتی بەریتانیایە لە هەولێر، پێشتر ماوەیەك لە BBC کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە. دوو هەفتە جارێك ئەم گۆشەیە بۆ (ڕووداو) دەنووسیٚ.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">Text 28</td>
</tr>
<tr>
<td>ST</td>
<td>TT</td>
</tr>
<tr>
<td>UK Business In Kurdistan<br>By CHRIS BOWERS<br>Imagine a visitor who arrives at Erbil International Airport. He passes a car showroom and heads to a hotel. He flicks a switch and is pleased to see the room illuminated by electricity.<br>The visitor strolls around town and visits one of Erbil’s new shopping malls. He is keen to do business. He seeks out banks to secure corporate investment and at the same time check his bank balance at home. The visitor finds a partner but naturally wants to check the company’s credibility and its accounts. Next he wants to find some employees familiar with</td>
<td>بازرگانی بەریتانیا لە کوردستان<br>کریس باوەرس*<br>بێنە بەرچاوی خۆت کاتێك میوانێك دەگاتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، بە پێشانگایەکی ئۆتۆمبێلدا تێدەپەڕیٚ و دەگاتە هۆتێل. پلاکێك دادەگرسێنیٚ و خۆشحاڵە بەوەی ژوورەکە بە کارەبا ڕووناك دەبێتەوە.<br>میوانەکە بەنێو شاردا پیاسە دەکات و سەردانی یەکێك لە مارکێتە نوێیەکانی هەولێر دەکات. ئەو بە پەرۆشە کاری بازرگانی بکات.<br>پاشان بە دوای بانکێکدا دەگەڕیٚ تاوەکو کاری وەربەرهێنانی هاوبەشی دەستبکەویٚ و لە هەمانکاتیشدا تەماشای بڕی هەڵگیراوەکەی دەکات لە بانکی وڵاتەکەی خۆی. پاشان میوانەکە شەریکێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی سرووشتی دەیەویٚ تەماشای نێوبانگ و حیساباتی بانکی ئەو کۆمپانیایە بکات. دواتر ئەو دەیەویٚ هەندیٚ کارمەند بدۆزێتەوە کە زمانی ئینگلیزی دەزانن کە زمانێکی نێودەوڵەتییە و</td>
</tr>
</table>

English, the international language, and familiar with international commerce.

Why am I telling you this story? Because at each stage the visitor would be in contact with British business. Erbil's fantastic new airport was British-designed by architects Scott Wilson, who are also engaged in drawing up a master-plan for Suleymaniya airport. The most striking of Erbil's car showrooms is the one for Land Rover, Range Rover and now the latest Jaguar models: all classics of British design and engineering and brands that speak to a combination of the best of British tradition and innovation.

Three British companies, Heritage, Gulf Keystone and Sterling have made significant investments into Kurdistan's oil and gas sector that will eventually be powering cars driven by people on the streets of Erbil. Two of them have made among the largest discoveries of oil and gas anywhere in the world over the last few years, and they and other hydrocarbons companies depend on the services provided by UK drilling and supplies companies. Across Iraq as a whole, Shell and BP are the largest investors.

Power is another UK strength. Parsons Brinkerhoff is working on a master-plan for electricity supply and generation in the KRG. UK firms are providing premises management and management more generally in Erbil's hotels.

Other UK companies have had a significant behind the scenes role in the development of Kurdistan's commercial sector. Companies such as Jones Lang Lasalle and BTW Shiells provide the property management advice that are making Erbil's shopping malls the envy of the rest of Iraq.

International investors and the business community need an effective and reliable financial services sector in order to make significant and sustainable investments. The banking sector is still in its infancy. The only two global banks present in Kurdistan – HSBC and Standard Chartered – are both British-based. Both are stepping up their activities here and are looking to provide substantial corporate financing; local banks with global reach.

Other financial services such as risk assessment and accounting are also crucial to growth. London, the world's financial powerhouse, is the global home of both industries. Many international companies will need the services of companies that specialise in advising investors on how to mitigate the risks that insurers associate with doing business in Iraq.

UK-based companies like Control Risk and Garda World are leaders in enabling companies to enter the market safely and effectively. The four world leaders in accountancy services, KPMG, Deloitte, PWC and Ernst and Young all

هەروەها شارەزایشیان لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا هەیە. بۆچی من ئەم چیرۆکەتان بۆ باسدەکەم؟ لەبەرئەوەی لە هەموو قۆناخێکدا میوانەکە پەیوەندی بە بازرگانی بەریتانییەوە دەبێ. فڕۆکەخانە قەشەنگە نوێیەکەی هەولێر، لەلایەن کۆمپانیای تەلارسازی بەریتانی ( Scott Wilson) نەخشەسازی بۆکراوە، کە هەمان کۆمپانیا سەرقاڵی دانانی نەخشەسازی و ماستەرپلانی فڕۆکەخانەی سلێمانیشە.

سەرنجڕاکێشترین پێشانگەی ئوتومبێل پێشانگەکانی ئۆتۆمبێلی لاندرۆڤەر، رێنجرۆڤەر و ئێستاش دواترین مۆدێلی جۆری جاکوار، کە هەموویان بەرهەمی بەریتانیان و ئاماژەیە بۆ داهێنان و داوونەریتی پیشەسازی بەریتانی.

سێ کۆمپانیای بەریتانی: (Heritage، Gulf Keystone and Sterling )، هەنگاوی باشیان ناوە لە کەرتی نەوت و گازی کوردستاندا کە لە کۆتاییدا ئەو ئۆتۆمبێلانە دەخاتە گەڕ و خەڵك لەسەر شەقامەکانی هەولێر لێیدەخوڕن. دوو لەو کۆمپانیایانە گەورەترین نەوت و گازیان دۆزیوەتەوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و ئەوان و کۆمپانیا هایدرۆکاربۆنەکانی دیکەش پشتیان بە کۆمپانیا بەریتانییەکان بەستووە لەبواری هەڵکەندن و دابینکردنی پێویستییەکانی ئەو پرۆسەیە. لەسەر ئاستی سەرتاسەری عێراقیش کۆمپانیاکانی (Shell) و BPی بەریتانی، گەورەترین کۆمپانیای وەبەرهێنن.

وزە، خاڵێکی بەهێزی دیکەی بەریتانیایە. کۆمپانیای ( Parsons Brinkerhoff) خەریکی کارکردنە لە ماستەرپلانێکدا بەمەبەستی بەرهەمهێنان و دابینکردنی کارەبا لە هەرێمی کوردستان. هەروەها کۆمپانیاکانی بەریتانیا لە هۆتێلەکانی هەولێر بەشێوەیەکی گشتی خەریکی پەرەپێدانی کاری ئیدارین لەو هۆتێلانە.

هەروەها کۆمپانیاکانی دیکەی بەریتانیا لە پشت پەردەوە، رۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە گەشەپێدانی کەرتی بازرگانی کوردستان.

کۆمپانیاکانی وەك ( Jones Lang Lasalle and BTW Shiells) راوێژکاری کاری ئیداری ئەو سوپەر مارکێتانەی هەولێر دەکەن کە بوونەتە مایەی چاوتێبڕینی هەموو عێراق.

وەبەرهێنانە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی ئابووری پێویستیان بە خزمەتگوزارییەکی لەباری ئابووری هەیە تاوەکو کاری وەبەرهێنانی درێژخایەن و بەردەوام بکەن. سیستەمی بانکیش لێرە هێشتا سیستەمێکی ساوایە و تەنیا دوو بانکی جیهانی لە کوردستان هەن، ئەوانیش HSBC و Standard Chartered و هەردووکیشیان بنکەی سەرەکیان لە بەریتانیایە. هەردووکیان چالاکییەکانیان زیاتر کردووە و لە هەوڵداندان بۆ دابینکردنی هاوئاهەنگی زیاتری دارایی تاوەکو بانکیە نێوخۆییەکان وا لێبکەن دەستکەوتی جیهانیان هەبێت.

خزمەتگوزارییە داراییەکانی دیکەش وەك هەڵسەنگاندنی مەترسی و ژمێریاری زۆر گرنگن بۆ گەشەپێدانی ئەم بوارە. لەندەن زلهێزی جیهان لە داراییدا، بنکەی سەرەکی هەردوو پیشەسازییەکە. زۆر لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان پێویستیان بە خزمەتەکانی ئەو کۆمپانیایانە دەبێ کە تایبەتمەندن بە راوێژکاری بواری وەبەرهێنان، هەروەها چۆن ئەو مەترسیانە کەم بکرێنەوە بۆ کاری بازرگانی لە عێراق.

کۆمپانیاکانی وەك Control Risk و Garda World ، کۆمپانیای نێودارن لەبواری ئامادەکردنی کۆمپانیای دیکە، کە چۆن بەشێوەیەکی ئارام و گونجاو بچنە بازاڕەوە. چوار لە گەورەترین کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکان کە تایبەتن بە بواری بەرپرسیارێتی چاودێری دارایی : KPMG، Deloitte، PWC و Ernst and Young، هەموویان ئۆفیسیان لە هەولێر هەیە و ئەو کۆمپانیا کوردیانەی کە دەیانەوێ لە سنووری عێراق دەربچن، پێویستیان بە خزمەتگوزاری ئەم کۆمپانیایانە دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکانی بەریتانیا خەریکی بەنێوبانگکردن و پاراستنی کولتووری کوردین، بۆ نموونە کۆمپانیای بەریتانی Consultancy for Conservation، لەنزیکەوە لەگەڵ یونسکۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر، کۆمپانیایەکی دیکەی بەریتانیاش خەریکی کێشانی نەخشەی مۆزەخانەی کوردستانە لە هەولێر.

یەکێك لە رۆڵی تیمەکەی ئێمە لە کونسوڵخانەی گشتی بەریتانیا لێرە ئەوەیە بە کۆمپانیا بەریتانییەکان رابگەیێنین کە کوردستان کراوەیە بۆ کاری بازرگانی و خۆشت وەرە بە چاوی خۆت بیبینە. ئەو پەیامەش

| | |
|---|---|
| have offices that they can work out of in Erbil. Kurdish companies looking to move beyond the confines of Iraq will find themselves increasingly in need of their services.<br>British companies are also working to preserve and promote Kurdish culture. For example, the British firm, Consultancy for Conservation, is working closely with UNESCO and the KRG on the restoration and redevelopment of the Citadel.<br>One of the roles of my team here in the Consulate General is to tell UK companies that Kurdistan is open for business and to come and see it for themselves. One part of the UK where that message has really taken root is Northern Ireland, home to some of the UK's most innovate and dynamic companies, and I predict that there will be an increasing number of tie-ups between Kurdish and Northern Irish companies this year.<br>In addition, a large British delegation, including companies from Northern Ireland, will be attending the Erbil International Trade Fair in October. This follows on from the UK's presence at last year's event, which was the largest British business delegation to Iraq in recent memory.We want to see a stronger UK commercial presence in Kurdistan. We are committed to doing all we can to make this happen.*Chris Bowers is British consul general in Erbil.* | له بەشێكی بەریتانیادا رەگی داكوتاوە، ئەو بەشەش، ئیرلەندای باكوورە، كە خاوەنی چەندین كۆمپانیای نێوداری بەریتانیایە و چاوەڕێشدەكەم كە ئاستی مامەڵەی بازرگانی نێوان كۆمپانیا كوردی و كۆمپانیاكانی ئیرلەندای باكوور ئەمساڵ زیاد بكات. لەگەڵ ئەوەش شاندێكی بازرگانی گەورەی بەریتانیا كە كۆمپانیاكانی ئیرلەندای باكووریشی تێدایە، لە مانگی تشرینی یەكەمی داهاتوو ئامادەی پێشەنگای نێودەوڵەتی بازرگانی هەولێر دەبن و ئەمەش بە بەشداری بەریتانیا دێت لە پێشانگای ساڵی رابردوو، كە گەورەترین شاندی بازرگانی بەریتانی بوو بۆ كوردستان لەماوەی رابردوودا.<br>ئێمە دەمانەوێ بوونێكی زۆری بازرگانی بەریتانیا لە كوردستان ببینین و سووریشین لەسەر ئەوەی كە بكرێت.<br>*** كریس باوەرس، ئێستا كونسوڵی گشتی بەریتانیایە لە هەولێر، پێشتر ماوەیەك لە BBC كاری رۆژنامەنووسی كردووە. دوو هەفتە جارێك ئەم گۆشەیە بۆ (رووداو) دەنووسێ.** |
| **Text 29** | |
| **ST** | **TT** |
| **The Queen's Birthday**<br>**By CHRIS BOWERS**<br>We are approaching the time in the diplomatic calendar when British embassies around the world celebrate the Queen's Birthday with, what else, but a party. We are no exception in Iraqi Kurdistan.<br>Fortunately, we are not expected to compete with the Royal Wedding! But it does give us an opportunity to reflect on the state of relations between the UK and its various hosts around the world.<br>This year will be special as we will celebrate the official opening of the Consulate General in Erbil: a great day and honour for us.<br>The struggle of the Kurdish people has been long and determined from before Mahabad and beyond but the UK was there at the modern birth of the KRG in 1991. It was former PM Sir John Major's initiative to say no to Saddam's tyranny and to establish the No Fly Zones that gave Kurdistan the space and chance to establish itself; an opportunity the Kurdish people grasped with both hands; as they did again when Saddam was finally toppled in 2003 with US and UK troops at the forefront with peshmerga.<br>That action sprung from a conviction within the UK that Iraqis and Kurds deserved better. That is a belief that does not go away from one day to the next. There is an unmistakeable warmth and | **رۆژی لەدایكبوونی شاژن و كوردستان**<br>**كریس باوەرس**<br><br>خەریكە لەو رۆژە نزیك دەبینەوە كە دیپلۆماتكارانی بەریتانیا لە باڵیۆزخانەكانی سەرانسەری جیهاندا ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، ئەویش رۆژی لەدایكبوونی شاژنی بەریتانیایە و ئێمەش لە كوردستانی عێراق هیچ جیاوازییەكمان نییە.<br><br>چاوەڕێ ناكەین بتوانین لەگەڵ ئاهەنگی میر ولیەمز ركابەری بكەین! بەڵام ئەم مەراسیمە هەلێكمان پێدەبەخشێ بۆ چاوخشاندنەوە بە رەوشی پەیوەندییەكانی بەریتانیا لەگەڵ وڵاتانی میواندار.<br>ئەمە رۆژێكی تایبەتی دەبێ بۆ ئێمە، لەبەرئەوەی ئەو رۆژە هاوكات دەبێ لەگەڵ مەراسیمی كردنەوەی فەرمی كونسوڵخانەی گشتی بەریتانیا لە هەولێر، كە ئەوەش رۆژێكی گەورەیە و جێگەی شانازییە بۆ ئێمە.<br><br>خەباتی خەڵكی كورد، خەباتێكی درێژ و بێوچان بووە و پێش كۆماری مەهابادیش هەبووە، بەڵام بەریتانیا ئامادەی لەدایكبوونی مۆدێرنی هەرێمی كوردستان بوو، لە ساڵی 1991. ئەوە دەستپێشخەری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا جۆن مێجەر بوو كە رێگەی بە ستەمكاری سەددام نەدا و هەرێمی "دژە فڕین"ی دامەزراند و هەلێكی دایە كوردستان بۆ دامەزراندنی خۆی. هەلێك كە كورد بە هەردوو دەستیان قۆستیانەوە، هەروەك چۆن لە ساڵی 2003 دووبارە هەلەكەیان قۆستەوە، كاتێك رژێمی سەددام رووخێندرا، لەوكاتەدا كە سەربازانی ئەمریكی و بەریتانی پێكەوە لەگەڵ پێشمەرگە لە بەرەی پێشەوە بوون.<br><br>ئەم هەڵوێستەش، بەریتانیای دڵنیاكردەوە كە عێراقییەكان و كوردەكان شایەنی باشترن. ئەم بڕوایە لە رۆژێكەوە بۆ رۆژێكی دیكە ناگۆڕێت. |

commonality to UK-KRG relations that has been brewed over the years that gives a depth, respect and openness to meetings.

UK has been a partner for this part of the world for decades. Some of our shared history is open to interpretation. But I was reminded of the strength of people to people contacts during a visit to Suleymaniya Museum this week and saw for myself some of the stunning ancient artefacts – stone axes from 100,000 BC, painted pottery from 6,500 BC, legal contracts and the most exquisite cylindrical seals from 2,500 BC – that speak to the extraordinary depth of civilisation in this region.  I was delighted to see the role that British archaeologists had played throughout the last hundred years in excavating at Shanidar, Fayda, Shamsara and equally pleased to hear of the role the British Museum hopes to play in the future.

So, the UK’s standing in Kurdistan is built on strong foundations. Iraq matters to the UK and it matters for us that Iraq works. An effective and settled federal system is central to Iraq’s political health and the fortunes of Kurdistan. Functioning democratic, federal systems are a rarity in the Middle East. But they are needed, and for the first time in decades very much in demand. Iraqi Kurdistan has made remarkable strides but it is still evolving. But it is still pretty much the best model for the region. As the most secure part of Iraq with the longest democratic roots, we see a major role for Kurdistan in Baghdad politics. Iraq needs Kurds to be as focussed and committed to Baghdad politics as they on Erbil’s. What happens in Baghdad matters for Erbil and Kurds are best placed to show the rest of Iraq a way out of the current impasse.

We want to see Kurdistan at ease with itself, secure, prosperous, engaged with key partners and free.

The advice and support that we give is focussed on that. Let me give you a snapshot. Last week, the British Council ran workshops for British, Kurdish and Arabic writers at the Erbil Literature Festival. This week, senior Kurdistan police officers are in the UK looking at how we run fire and rescue services. A UK adviser is working with the Interior Ministry on policing and women’s issues. Elsewhere, on security, we fight together in the same trench against terrorists.

UK universities are expanding their reach into Kurdistan. Bristol University’s Gender Studies Centre is doing well in Suleymaniya. I met with several university presidents each intent on developing and expanding their links with UK universities. HSBC has a group of senior investors in town.  Range Rovers and Jaguars – superb British brands – are flying out of Erbil’s showrooms as fast as they can be imported. PWC are advising the KRG on transparency. A

گەرمورگوڕیەكی ئاشكرا و تەباییەك لەبارەی پەیوەندییەكانی بەریتانیا و هەرێمی كوردستانەوە هەیە كە بۆ چەندین ساڵە پەرەپێدراوە و ئەمەش قوڵایی، رێز و كراوەیی دەداتە كۆبوونەوەكانمان.

بەریتانیا دەیان ساڵ هاوپەیمانی ئەم بەشەی جیهان بووە. هەندێ لە مێژووە هاوبەشەكەمان كراوەیە بۆ روونكردنەوە. بەڵام ئەم هەفتەیە لە سەردانێكمدا بۆ مۆزەخانەی سلێمانی، پتەویی پەیوەندی خەڵك بۆ خەڵكم وەبیركەوتەوە و بە چاوی خۆم چەندین شوێنەواری مێژوویم بینی وەك تەوری بەردین، كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ 100 هەزار ساڵ لەمەوبەر، یان گڵكاری رەنگكراو كە دەگەڕێتەوە بۆ 6500 ساڵ پێش زایین، هەروەها گرێبەستی یاسایی و نیگاركێشی كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ 2500 ساڵ پێش زایین، ئەمە بەڵگەی قوڵایی شارستانێتی ئەم ناوچەیە دەسەلمێنێ. زۆریش خۆشحاڵ بووم بە رۆڵی شوێنەوارناسانی بەریتانی لە دۆزینەوەی ئەم شوێنەوارە مێژوویانەدا لە شانەدەر، فەیدا، شەمسەرە و هەروەها خۆشحاڵیش بووم بە بیستنی رۆڵی مۆزەخانەكانی بەریتانیا كە لە داهاتوودا دەیگێڕن.

لەبەرئەوە، پێگەی بەریتانیا لە كوردستان لەسەر بناخەیەكی بەهێز بنیاتنراوە. عێراق بۆ بەریتانیا گرنگە و زۆر گرنگیشە بۆ ئێمە كە عێراق سەركەوتووە. سیستەمێكی فیدراڵی سەركەوتوو و سەقامگیر گرنگە بۆ تەندروستی سیاسی عێراق و چارەنووسی كوردستان.

كارپێكردنی سیستەمێكی فیدراڵی و دیموكرات، شتێكی بێهاوتایە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، ئەوانە زۆر پێویستن، ماوەیەكی زۆر درێژیشە لەلایەن خەڵكەوە داوادەكرێن. كوردستانی عێراق هەنگاوی گەورەی هاویشتووە، بەڵام هێشتا هەر لە گەشەكردندایە و لەگەڵ ئەوەشدا باشترین نموونەیە لە ناوچەكەدا. چونكە ئارامترین ناوچەیە لە عێراق و درێژترین رەگی دیموكراسی تێدایە، ئێمە رۆڵێكی سەرەكی بۆ كوردستان دەبینین لە سیاسەتەكانی بەغدادا. عێراق پێویستی بە كوردە كە چەند پابەندە بە هەولێرەوە، ئەوەندەش بەپەرۆش بێ بۆ بەغدا. ئەوەی لە بەغدا روودەدات بۆ هەولێریش گرنگە و كوردەكان باشترین كەسن بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ عێراق لەو بنبەستی ئێستا.

ئێمە دەمانەوێ كوردستانێك ببینین كە لەگەڵ خۆی هێمن بێ و سەقامگیر بێ و خۆشگوزەران و ئازاد بێ و لەگەڵ هاوپەیمانە گرنگەكانی تێكەڵاو بێ.

ئەو راوێژانەی ئێمەش دەیدەین زیاتر جەخت لەسەر ئەوانە دەكاتەوە. با نموونەیەكتان بۆ باسبكەم: هەفتەی رابردوو لیژنەی بەریتانی وۆرك شۆپێكی بۆ نووسەرانی كورد، عەرەب و بەریتانی بەڕێوەبرد لە فیستیڤاڵی ئەدەبی هەولێر. ئەم هەفتەیەش بەرپرسانی پۆلیسی كوردی لە بەریتانیان بەمەبەستی بینینی ئەزموونی ئێمە لە خزمەتگوزاری ئاگركوژاندنەوە و فریاكەوتن. راوێژكارێكی بەریتانی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ كار لەسەر مەسەلەكانی پۆلیس و ئافرەتان دەكات. لەلایەكی دیكەوە ئێمە هەردووكمان شان بە شانی یەكتری لە یەك سەنگەردا دژی تیرۆریزم شەڕ دەكەین.

هەروەها زانكۆكانی بەریتانیا چالاكییەكانی خۆیان گەیاندووەتە كوردستان. سەنتەری توێژینەوەی جێندەر لە زانكۆی بریستل خەریكی كاری باشە لە سلێمانی. چاوم بە چەند سەرۆك زانكۆیەك كەوتووە كە بەنیازن پەرە بە پەیوەندییەكانیان بدەن لەگەڵ زانكۆكانی بەریتانیا. كۆمپانیای HSBC كۆمەڵێك سەرمایەگوزاری هێناوەتە كوردستان. كۆمپانیاكانی ئۆتۆمبێل، وەك Range Rovers و Jaguars كە باشترین ماركەی بەریتانین بۆ ئۆتۆمبێل، دەیانەوێ بەزووترین كات بگەنە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر. كۆمپانیای PWC خەریكی راوێژكارییە لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە شەفافیەت. كۆمپانیایەكی ئیرلەندای باكوور گرێبەستێكی گەورەی بەدەستهێنا بۆ هێنانی كەلوپەلی بیناسازی بۆ كوردستان. كۆمپانیاكانی Scott Wilson و GMW خەریكی كاركردنن لەگەڵ كۆمپانیا ناوخۆییەكان بەناوی ITSC بەمەبەستی دانانی "ماستەر پلانی" فڕۆكەخانەی سلێمانی. چاوەڕێش دەكەین لە پایزی داهاتوو قوتابخانەی

| | |
|---|---|
| Northern Irish company won a significant order for construction equipment. Scott Wilson and GMW, the architects, are with their local partner ITSC hard at work on the ‘master plan’ for Suleymaniya airport. We are expecting British International Schools to open in Kurdistan in the autumn.<br>And at the Consulate we had the usual steady stream of scholars applying for and receiving visas. The UK has been Kurdistan and Iraq’s education partner of choice for decades. Iraq’s isolation disrupted that but we are now very much back on course. We are thrilled that the majority of the KRG’s scholars under the Human Capacity Development Programme are choosing to go to the UK.<br>That says to me that the UK’s relationship with the KRG is built upon solid foundations and built to last in the future.<br>** Chris Bowers is British consul general in Erbil.* | نێودەوڵەتی بەریتانی لە کوردستان بکرێتەوە.<br><br>لە کونسولخانەش، ئێمە بەردەوام پێشوازی لەو خوێندکارانە دەکەین کە داوای ڤیزا دەکەن. دەیان ساڵە بەریتانیا هاوپەیمانی سیستەمی پەروەردەی عێراق بووە و ئابڵووقەکانی عێراق، ئەو پەیوەندیەیان پچڕاند، بەڵام ئێستاکە سەرلەنوێ گەڕاوینەتەوە بۆ دۆخی ئاسایی و خۆشحاڵیشین کە زۆرینەی خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بەرنامەی تواناسازی مرۆیی بەریتانیان هەڵبژاردووە بۆ درێژەدان بە خوێندنیان.<br>ئەمەش ئەوە بە من دەڵێ کە پەیوەندی بەریتانیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بناخەیەکی پتەو دروستکراوە تاوەکو بۆ داهاتووش خۆی رابگرێ. |

**Text 30**

| ST | TT |
|---|---|
| **Being a Good Citizen**<br>**By CHRIS BOWERS**<br>I was delighted to see that a UK consortium, Spectrum C2R, has just won a major contract for waste management in Salahaddin and half of Erbil: an excellent choice and coming on top of Land Rover being awarded a significant contract with the Traffic Police, and a sizeable Kurdish business delegation in the UK it has another been a good few weeks for UK-Kurdistan trade.<br>Kurds have in recent memory fought and made extraordinary sacrifices for the right to be good citizens.  Those who fought and died in the mountains and on the plains will never be forgotten in Kurdistan.  They fought so others can be good citizens.<br><br>That is a huge task for Iraqi Kurds of today to live up: to make those sacrifices worthwhile by contributing to a free, democratic and effective Kurdistan and Iraq.<br><br>It seems therefore odd to write about something as seemingly inconsequential as litter.  But it goes, in a small way, to the heart of what it is to be a good citizen.<br><br>Kurdistan’s beautiful, historic and booming capital - a great place to live - is generally a clean city with responsible and diligent people keeping it so, but some of the roadsides are made unsightly with litter.<br><br>What goes through the mind of people when they drop litter?  Either they don’t care that they are detracting from Kurdistan’s natural beauty – shame on them – or they expect someone else to | **بوون بە هاووڵاتییەکی باش**<br>**کریس باوەرس***<br>گرووپێکی بەریتانی Spectrum C2R، گرێبەستێکی لە سەلاحەددین و نیوەی شاری هەولێر بەدەستهێناوە بەمەبەستی چاودێریکردنی پاشماوەکان، کە ئەمەش دەستنیشانکردنێکی باشە و لەدوای ئەوەش دێت کە کۆمپانیای لاندرۆڤەر گرێبەستێکی گرنگی بەدەستهێنا لەگەڵ پۆلیسی هاتووچۆدا و هەروەها شاندێکی بازرگانی گەورەی کوردستان لە بەریتانیا بوون، بەمشێوەیە هەفتەی رابردوو هەفتەیەکی باشبوو لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی بەریتانیا و کوردستان.<br><br>کورد لە رابردوودا شەڕیکردووە و قوربانی گەورەی داوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافی بوون بە هاووڵاتییەکی باش. ئەوانەی شەڕیان کرد و لە چیا و دەشتەکان گیانیان بەخشی هەرگیز لە کوردستان لەبیر ناکرێن. ئەوان شەڕیان کرد لەپێناو ئەوەی خەڵکی دیکە ببێتە هاووڵاتییەکی باش.<br>ئەمەش ئەرکێکی گەورەیە کە کوردانی ئەمڕۆ بەدیبێنن، تاوەکو ئەو قوربانیدانە بەفیڕۆ نەڕوات و لەهەمانکاتیشدا بەشداربن لە کوردستان و عێراقێکی ئازاد و دیموکرات و سەرکەوتوودا.<br><br>لەبەرئەوە پێدەچێ شتێکی نامۆبێ کە دەبارەی شتێکی بچووکی وەك پاشماوەکان بنووسی، بەڵام ئەوەش هەنگاوێکی بچووکە بۆ چوونە نێو ناخی مەسەلەکەوە، کە ئەویش ئەوەیە چۆن دەبیتە هاووڵاتییەکی باش.<br><br>پایتەختە جوان و مێژوویی و پێشکەوتووەکەی کوردستان، شوێنێکی خۆشە بۆ ژیان، بەشێوەیەکی گشتی شارێکی پاکە. چونکە خەڵکی بەرپرسیار و ماندوو بە خاوێنی رایانگرتووە، بەڵام هەندێ لە شەقامەکانی بەهۆی خۆڵ و خاشاکەوە ناشرین بوون.<br><br>ئەو کەسانە بیر لەچی دەکەنەوە کاتێك زبڵەکەیان دەڕژێننە سەر شەقامەکان و پاشماوەکان فڕێدەدەنە سەر شەقامەکان؟ ئەوان رەنگە هیچ گرنگی بەوە نەدەن کە سرووشتی کوردستان ناشرین دەکەن و ئەوە مایەی شەرمەزارییە، یان چاوەڕێدەکەن کەسێکی دیکە بۆیان هەڵبگرێتەوە. کێ؟ بێگومان حکومەت بەرپرسیارە، ئەوەش پێدەچێ هیچی تێنەچێ، بەڵام وانییە.<br><br>سامان و دروستکەری سامانی کوردستان، مووچەی فەرمانبەرانی |

<table>
<tr>
<td>pick it up for them. Who? Of course, the buck stops with the state. That sounds like it is cost free. But it is not.<br>Kurdistan’s wealth and wealth-creators pay the salaries of government employees. That means there is an obligation to make sure that the government is financing only that which is necessary. Speaking personally, I would not put spending money picking up litter that shouldn’t be dropped in the first place at the top of my list of government spending.<br><br>But, if people do drop litter, someone has got to pick it up. The questions ‘litter louts’ as we call them in the UK, should ask themselves are: who do I want to pick up after me and how much would I want to pay them to do it?<br><br>It goes to the heart of the relationship between the individual and the state. If I as an individual do a certain action, what are the implications for the government? If I as an individual drop litter, then – albeit indirectly – I and others end up paying for it.<br>Another thing that good governments do well is to encourage good behaviour among its citizens. On litter, that means providing bins and bin-liners in convenient places, encouraging people not to drop litter and, in extremis, fining them if they do.<br>That is at the heart of why Spectrum C2R won the contract – a commitment to excellence, UK experience combined with local knowledge and an understanding that the key is to dissuade ‘litter louts’ from making Kurdistan look dirty.<br><br>And it shows that the KRG recognises that citizens assess the effectiveness of any government by how well it provides good public services. Delivering good public services covers a wide range of issues. But often, it depends upon conscientious ministers picking the best contractors for every day, unglamorous work of things like waste management.<br>It doesn’t sound important. But it is. It is what good governance is all about.</td>
<td>حکومەت دەدەن. ئەوەش لێرەدا بەو مانایە دێت کە بەرپرسیارێتییەك هەیە کە هەوڵبدەی حکومەت تەنیا پارە بداتە شتە پێویستەکان.<br>بەبۆچوونی تایبەتی خۆم پارەدان بە هەڵگرتنەوەی پاشماوە نابێ بخرێتە لیستی خەرجییەکانی حکومەتەوە، لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە نابێ ئەو زبڵ و پاشماوانە فڕێبدرێنە سەر شەقامەکان و گۆڕەپانەکان .<br><br>بەڵام ئەگەر خەڵکیش پاشماوەی خۆی فڕێدا، دەبێ کەسێك هەڵیبگرێتەوە. ئەو پرسیارەی کە پێویستە "ئاژاوەگێڕانی پاشماوە" (هەروەك چۆن لە بەریتانیا بەوشێوەیە ناودەنرێن) لە خۆیانی بکەن ئەوەیە: کێ دەبێ ئەو پاشماوەیەی من هەڵبگرێتەوە و دەبێ چەند بدەم بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن؟<br>ئەمەش دەچێتە کرۆکی پەیوەندییەکانی نێوان تاك و دەوڵەت. ئەگەر من وەك تاکێك هەندێ کردار بکەم، دەرئەنجامەکەی بۆ حکومەت چی دەبێ؟ ئەگەر من وەك تاکێك پاشماوەکەم فڕێبدەم، ئەوا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ من و کەسانی دیکە پارەکەی دەدەین.<br>کارێکی دیکە کە حکومەتی باش ئەنجامیدەدات، ئەوەیە کە هانی هاووڵاتیانی بدات بۆ ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی باش. لەبارەی پاشماوە و خۆڵ و خاشاکیشەوە، دەبێ حکومەت تەنەکەی زبڵ لە شوێنە گونجاوەکان دابنێ و خەڵك هۆشیار بکاتەوە لەوەی پاشماوە فڕێنەدەن، لە توندترین کاردانەوەشدا ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە ئەو کارانە دەکەن.<br><br>ئەمەش هۆکاری سەرەکییە کە بۆچی ئەو کۆمپانیا بەریتانییە ئەو گرێبەستەی بەدەستهێناوە، کە هەوڵدەدات بۆ ئەنجامدانی باشترین کار، بەوەی ئەزموونی بەریتانی و زانیاری ناوخۆیی پێکەوە کۆبکەنەوە و تێبگەن لەوەی کە کارە گرنگەکە ئەوەیە کە رێگە بە "ئاژاوەگێڕانی پاشماوە" نەدەن بە ناشرینکردنی کوردستان.<br><br>ئەمەش پیشانیدەدات حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانێ کە هاووڵاتیان دەتوانن بڕیار لەسەر ئاستی سەرکەوتوویی هەر حکومەتێك بدەن، بەوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تاوەکو چەند سەرکەوتووە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی باش، چەندین مەسەلە لەخۆ دەگرێت، بەڵام زۆربەی کات دەکەوێتە سەر ویژدانی وەزیرەکان بەوەی باشترین گرێبەست بۆ کاری رۆژانە و کاری بچووکی وەك چاودێریکردنی پاشماوە، دەستنیشان بکەن.<br>ئەمەش پێدەچێ شتێکی گرنگ نەبێ، بەڵام گرنگیشە، حکومەتی باشیش لەم جۆرە کارانەوە دەردەکەوێت.<br>* کریس باوەرس، ئێستا کونسوڵی گشتی بەریتانیایە لە هەولێر، پێشتر ماوەیەك لە BBC کاری رۆژنامەنووسی کردووە. دوو هەفتە جارێك ئەم گۆشەیە بۆ (رووداو) دەنووسێ.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">Text 31</td>
</tr>
<tr>
<td>ST</td>
<td>TT</td>
</tr>
<tr>
<td>Oil and the Balance of Power in Iraq<br>David Romano<br>On November 15, the Kurdistan Regional Government (KRG) issued a press release stating that it had signed an oil exploration contract with ExxonMobil, the largest American oil company. Authorities in Erbil noted that “The KRG has signed 45 contracts with companies from 17 countries. In 2012, Kurdistan will export 175,000 barrels of oil a day.” ExxonMobil is the first very large, “seven sisters” class oil company to enter Kurdistan, however. They do so in</td>
<td>نەوت و هاوسەنگی هێز لە عێراقدا<br>دەیڤید رۆمانۆ*<br><br>لە 15ی تشرینی دووەمدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل،کە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکیە، گرێبەستی دۆزینەوەی نەوتی ئیمزاکردووە.<br><br>دەسەڵاتەکانی هەولێر باسیان لەوەکرد «حکومەتی هەرێمی کوردستان 45 گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ئیمزاکردووە کە سەر بە 17 وڵاتن. لە ساڵی 2012دا، کوردستان 175،000 بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردەی دەرەوە دەکات.»هەرچۆنێك بێت، لە حەوت گەورە</td>
</tr>
</table>

defiance of the oil ministry in Baghdad, which deems contracts awarded by the KRG illegal.

The dispute over oil between Erbil and Baghdad continues on since even before the ratification of the 2005 Constitution. Estimates put the reserves in Kurdistan at one fifth to over one third of Iraq's total oil reserves. Iraq as a whole contains the world's third largest deposits, which means that international actors pay close attention to the wrangling between the Kurdistan Region and the central government in Baghdad.

What many casual observers fail to understand, however, is that the KRG and Baghdad are not arguing over oil revenues. Leaders in both administrations agree that all oil produced anywhere in Iraq, including Kurdistan, will be marketed through the national-level State Oil Marketing Organization, with revenues divided equally within Iraq according to population. Kurdistan's share of total revenues is set at 17%.

Instead of revenue sharing, officials in Kurdistan and Baghdad are arguing over who has the right to draw up and award oil exploration and production contracts, as well as manage oil production activities. Kurdish leaders claim this right for new fields located in Kurdistan, while government officials in Baghdad assert the central government's right to manage all important aspects of the oil sector for the benefit of all Iraqis.

The Constitution seems to support the Kurdish position. Article 110 of the Constitution states that the federal (meaning Baghdad) government enjoys exclusive powers in three significant areas: Defence, fiscal policy and foreign relations, as well as more minor issues such as census taking, weights and measures management, and the drawing up of general investment and budget bills. Article 115 of the Constitution remains key to addressing this dispute: "All powers not stipulated in the exclusive powers of the federal government belong to the authorities of the regions and governorates that are not organized in a region. With regard to other powers shared between the federal government and the regional government, priority shall be given to the law of the regions and governorates not organized in a region in case of dispute."

In the case of oil, the Constitution's only mention of the issue comes in Articles 111 and 112. Article 111 says that "Oil and gas are owned by all the people of Iraq in all the regions and governorates." As I stated earlier, Baghdad and Erbil agree about that and the resultant formula of

کۆمپانیاکەی نەوت لەسەرئاستی جیهان، ئێکسۆن مۆبیل یەکەم گەورەترین کۆمپانیای نەوتە کە دێتە کوردستان. ئەمەش بێگوێدانە وەزارەتی نەوتی بەغدا، کە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی دادەنێت.

تەنانەت لە پێش پەسەندکردنی دەستوری 2005یشەوە ناکۆکی نێوان بەغداو هەولێر لەسەر نەوت بەردەوامە. بە پێی خەمڵاندنەکان کوردستان یەك لەسەر پێنج یان یەك لەسەر سێی تەواوی نەوتی یەدەگی عێراقی تێدایە. بە تێکڕا عێراق سێیەم گەورەترین یەدەگی نەوت لە جیهاندا لە خۆدەگرێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە گەمەکارە نێودەوڵەتییەکان لە نزیکەوە چاودێری ناکۆکیەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا دەکەن.

هەرچۆنێك بێت، ئەو ڕاستیەی زۆرێك لەو چاودێرانەی سەرنج و بایەخی پێویست نادەن و تێیناگەن ئەوەیە مشتومڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر داهاتەکانی نەوت نییە. سەرکردەکانی هەردوو حکومەتەکە کۆکن لەسەر ئەوەی لە هەر شوێنێك نەوت بەرهەم بهێنرێت، لە نێویاندا کوردستان، ئەوا لە ڕێی دەوڵەتەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی دەرەوە دەکرێت، داهاتەکانیشی بە یەکسانی و بە پێی ژمارەی دانیشتووان لە ناو عێراقدا دابەش دەکرێن، پشکی کوردستانیش لە تەواوی داهاتەکان لە سەدا 17یە.

لەبری دابەشکردنی داهاتەکان، بەرپرسەکانی کوردستان و بەغدا مشتو مڕیان لەسەر ئەوەیە کێ مافی ئەوەی هەیە گرێبەستی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت دابڕێژێت و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بکات و کێ مافی ئەوەی هەیە ئیدارەی پرۆسەی بەرهەمهێنان بکات. سەرکردەکانی کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن مافی ئەوەیان هەیە ئیدارەی ئەو کێڵگانە بکەن کە کەوتونەتە کوردستانەوە، لە کاتێکدا بەرپرسەکانی حکومەت لە بەغدا ئەوە دوپات دەکەنەوە حکومەتی مەرکەزی مافی ئیدارەکردنی هەموو لایەنە گرنگەکانی کەرتی نەوتی هەیە بۆ قازانجی هەموو عێراقییەکان.

پێدەچێت دەستوور لە بەرژەوەندی هەڵوێستی کوردەکان بێت. بە پێی ماددەی 110ی دەستوور حکومەتی فیدراڵی (مەبەستی بەغدایە) دەسەڵاتی حەسری هەیە لە سێ بواری گرنگدا: بەرگری، سیاسەتی دارایی و پێوەندییە دەرەکییەکان، هەروەها هەندێ پرس و بابەتی بچووکتر وەك سەرژمێری، پێوانەو کێشانەو داڕشتنی سیاسەتی گشتی وەبەرهێنان و یاسای بودجە. ماددەی 115ی دەستوور چارەسەرە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە:» هەموو ئەو دەسەڵاتانەی وەك دەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵی ناویان نەهاتووە دەگەڕێنەوە بۆ دەسەڵاتی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون. ئەوەی پەیوەست بێت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانەوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا، ئەوا لە حاڵەتی ناکۆکیدا، دەبێت ئەولەویەت بدرێتە یاسای هەرێم وئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا خۆیان ڕێکنەخستووە.»

ئەوەی پێوەندی بە نەوتەوە هەبێت، دەستوور تەنیا لە ماددەکانی 111 و 112دا باسیکردووە. ماددەی 111 دەڵێت «نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا.» هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بەغداو هەولێر کۆکن لەسەر ئەوەو لە دەرئەنجامدا لەسەر ئەو سیغەیەی دابەشکردنی داهاتیش ڕێککەوتن. کەواتە پێدەچێت، ماددەی 112، خاڵی مشتومڕەکە بێت. کە لە دوو بەشدا هاتووەو لەبەرئەوەی مایەی مشتومڕە ئەوا تەواوی دەقەکەی وەردەگرین:
یەکەم: حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات بە مەرجێك داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیان لێکەوتووانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون وئەوانەش کە پاشتر

revenue sharing. Article 112, then, seems to form the whole point of the argument. It comes in two parts, and since it's so contentious, I will quote the full passage:

First: The federal government, with the producing governorates and regional governments, shall undertake the management of oil and gas extracted from present fields, provided that it distributes its revenues in a fair manner in proportion to the population distribution in all parts of the country, specifying an allotment for a specified period for the damaged regions which were unjustly deprived of them by the former regime, and the regions that were damaged afterwards in a way that ensures balanced development in different areas of the country, and this shall be regulated by a law.

Second: The federal government, with the producing regional and governorate governments, shall together formulate the necessary strategic policies to develop the oil and gas wealth in a way that achieves the highest benefit to the Iraqi people using the most advanced techniques of the market principles and encouraging investment.

Oil and gas are therefore clearly meant to be an area of joint, cooperative federal and regional authority. Oil Ministry officials in Baghdad, however, remained of the opinion that they must exercise the final say in the awarding of all contracts and the management of oil production anywhere in the country. Relying on their curious interpretation of the Constitution, Baghdad then blacklisted any companies willing to sign separate deals with authorities in Erbil.

Exxon's entry into Kurdistan may throw this whole policy into disarray, however, given the company's size and the very large stake it already holds in oil fields in southern Iraq – investments that Baghdad can scarcely afford to annul. The deal represents a significant victory for Kurdish leaders, as Exxon's presence also increases the general stake of the United States in the stability and security of the Kurdistan Region. Also, Kurdistan's Minister of Natural Resources, Ashti Hawrami, recently explained the urgency and importance of the Kurds' determination to move forward with oil production: "Waiting for Baghdad to adopt a centralised oil and gas law was not an option for Kurdistan," he said. "We would have remained in the dark with two hours of electricity. We would have been without fuel for cars and factories. We would be still using not suitable drinking water and so on. This would have much bigger ramifications than things not being available for

زیانیان لێکەوت تاجۆرێك لەگەشەسەندنێکی هاوسەنگ بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: حکومەتی فیدراڵی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە یەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غازبەجۆرێك کە ببێتەمایەی دەستخستنی زۆرترین سوودو کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بەپشتبەستنی بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان.
کەواتە ڕوونە مەبەستەکە ئەوەبوو نەوت و غاز ببێتە خاڵی هاوبەش و هاوکاری لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمدا. هەرچۆنێك بێت، بەرپرسەکانی وەزارەتی نەوت، ڕایان وایە دەبێت دوا بڕیار بۆ ئەوان بێت لە پێوەندیدا بە پێدانی گرێبەستەکان و ئیدارەکردنی بەرهەمی نەوت لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەدا بێت. بە پشبەستن بەتەفسیرە نائاساییەکەیان، بەغدا هەر کۆمپانیایەك دەخاتە لیستی ڕەشەوە کە ئامادەی ئیمزاکردنی گرێبەستێکی جیا بێت لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەولێردا.
هەرچۆنێك بێت، ڕەنگە هاتنی ئیکسۆن مۆبیل بۆ کوردستان تێکڕای ئەم سیاسەتە دوچاری پشێوی بکات، لەبەرچاوگرتنی قەبارەی کۆمپانیاکەو پشکی مەزندەی وەبەرهێنانی ئەم کۆمپانیایە لە کێڵگە نەوتیەکانی باشووری عێراقدا- وا دەکات بەغدا بە دەگمەن بتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە.
گرێبەستەکە بەرجەستەی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ سەرکردە کوردەکان، هەروەها بوونی ئێکسۆن مۆبیل پشك و بەرژەوەندەی گشتی ئەمەریکا زیاد دەکات لە سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا. هەروەها، بەم دواییە، وەزیری سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان، ئاشتی هەورامی گرنگی و پێداویستی بە پەلەیی سووربوونی کوردەکانی شرۆڤەکرد بۆ ئەوەی لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێن و وتی:«چاوەڕێکردنی بەغدا بۆ تەبەنی کردنی سیاسەتێکی مەرکەزی نەوت و گاز یەکێك نەبوو لە بژاردەکانی کوردستان» ئێمە بە تەنیا دوو سەعات کارەبا لە تاریکیدا دەماینەوە. ئێمە بێ وزە بۆ سەیارەو کارگەکانمان دەماینەوە. تا ئێستاش بێ ئاوی پاکی خواردنەوەی دەبووین ...تاد.

ئەمە ئاکامی زۆر گەورەتری لێدەکەوێتەوە ئەگەر ئەم شتانەمان بۆ خەڵکەکەمان دابین نەکردایە. هەموو ئەوانە بە مانای لاوازکردن و لە ناوبردن سەقامگیری هەرێمەکە دەهات بە تەواوەتی»
سەرەڕای ئەو ڕاستییەش، باجی ناکۆکی لەسەر یاسای نەوت لە نێوان هەولێرو بەغدا، لەو داهاتەی لەم نەوتە بەدەست دەهێنرێت لەسەر تێکڕای عێراقییەکان، زۆر گەورە گران کەوتووە. ئەگەر بیانتوانیایە چەند ساڵێك پێش ئێستا لەسەر یاسای نەوت و گاز ڕێککەوتنایە، ئەوا عێراق بەڕەوتێکی خێرا وەبەرهێنانی زیاتری کێشدەکرد بۆ کەرتی نەوت و هەموو ئەو گرێبەستە نەوتیانەشی ئیمزادەکرد کەپێویستی پێیان بوو- جا لە باشوور بوایە، یان لە باکوور یان لە کێڵگەکانی مەزەندە دەکرێت لە پارێزگای ئەنباردا بوونیان هەبێت. لە ڕۆژێکیشدا بە ملیۆنەها بەرمیل نەوتی دەردەهێنا. بە ئومێدی ئەوەی گرێبەستەکەی ئیکسۆن مۆبیل بەغدا ناچار بکات دەست لە بانگەشەکەی هەڵگرێت کە دەسەڵاتی حەسری هەیە بەسەر ئەم مەسەلەیەدا، کە بانگەشەکەشی پاساوێکی لاوازی هەیە.

بەڵام بۆچی ڕێککەوتنەکە ئەوەندە درێژەی کێشا، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتەکانی هەولێرو بەغدا لەسەر دابەشکردنی داهات کۆکن؟
وەڵامە سەرەکیەکە لە پرسی متمانەدایە- ڕێککەوتن لەسەر کاغەز شتێکە، لەکاتێکدا کۆنتڕۆڵ و ئیدارەکردنی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان زەمانەتێکی زیاترە بۆ ئەوەی داهاتی نەوت بەدەست بهێنێت. هیچ لایەك وەك پێویست متمانەی بە لایەنەکەی دیکە نییە بۆ ئەوەی ئیدارەی تەواوی پرۆسەکە بکات. ڕەنگە وەڵامی کەمتر گشتی بێت: هەر لایەنێك گرێبەست بکات لە پێگەیەکدا دەبێت بۆ داواکردنی بەرتیل لەو کۆمپانیا نەوتیانەی ململانێ لەسەر بەدەستهێنانیان دەکەن.کاتێك ئەو جۆرە پارەیە لە ئارادایە هەبێت، ئەوا زەحمەتە دەست لە هیچ دەسەڵاتێك هەڵگریت.

<table>
<tr>
<td>our people. All of that would have meant undermining the region's stability completely."<br><br>The cost of the Erbil-Baghdad oil law dispute, in foregone revenue for all Iraqis, has nonetheless been enormous. If they could have agreed on an oil law a few years ago, Iraq would have quickly attracted much more investment in its oil sector and signed all the oil production deals it needed - whether in the south, the north or the suspected fields of Anbar Governorate. It would be pumping millions of barrels of oil more a day. Hopefully the Exxon agreement will now force Baghdad to cede its poorly justified claim to exclusive authority on this issue.<br><br>But why did the argument drag on for so long, especially since authorities in Erbil and Baghdad agree about revenue sharing? The main answer centers on trust – agreements on paper are one thing, while actual control and management of production on the ground does more to guarantee receipt of oil revenues. Neither side trusts the other enough to let them run the whole show. The second answer may be even less generous: Whomever awards contracts and concessions tends to be in a position to demand bribes and kickbacks from the oil companies competing for them. When that kind of money is at stake, it’s hard to relinquish any authority...</td>
<td>* ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری</td>
</tr>
<tr>
<th colspan="2">Text 32</th>
</tr>
<tr>
<th>ST</th>
<th>TT</th>
</tr>
<tr>
<td>Article by Professor D'Amato for GULAN magazine: I remain of the Opinion that Kurdistan Should Become a State<br><br>Anthony D’Amato is professor of Law in Northwestern University in Chicago, and is one of the jurists who participated in the trial of war criminals of the former Yugoslavia. We have contacted the professors D’Amato to take his views and opinions regarding to the question of the US withdrawal from Iraq, but the professor D’Amato preferred to comment briefly on his previous writings to Gulan Magazine. Therefore; with great appreciations and gratitude to the Professor D’Amato, we are publishing the brief column he wrote to us in Gulan magazine in Kurdish, as well as in English on Gulan Media Website. And the column is as the following:<br>It is an honor to present my views on Kurdistan and elaborate on my previous columns in Gulan. I remain of the opinion that Kurdistan should become a state. Its borders would then be inviolable, which is the main reason for statehood. However, it would be a mistake to proclaim statehood or to apply to the UN for statehood. It would look like an act of insurrection, and Iraq might react by sending in</td>
<td>هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەم پێویستە کوردستان ببێتە دەوڵەت پرۆفیسۆر ئەنتۆنی داماتۆ<br><br>پرۆفیسۆر ئەنتۆنی داماتۆ ئوستادی یاسایە لە زانکۆی نۆرس ویسترن لە شیکاگۆ، یەکێکە لەو دادوەرانەی کە دادگایی سلبۆدان میلۆسۆڤیچی سەرۆکی پێشووی یوگسلافیای لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی کردووەو هەروەها راوێژکاری یاسایی کۆسۆڤۆ بووە بۆ دامەزراندنی بنەما یاساییەکانی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ، پرۆفیسۆر دۆماتۆ لە لـــــەمانگی ئابی 2008 وتارێکی لە گۆڤاری (JURIST) بە ناونیشانی (ئـــــــایا کوردتـــــــان لە بیرکردووە؟- Are We Forgetting the ? Kurds) بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق زیانی بۆ کوردەکانی عێراق دەبێت، بۆیە ئەرکی ئەخلاقی ئەمریکایە کە پێش ئەوەی بکشێتەوە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنیت، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە کاتی خۆی دیمانەمان لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ داماتۆ کرد و ئەویش وەك ئەمجارە وەڵامی داینەوە و تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە کە پێویستە ئێوە وەك کورد لەڕووی یاساییەوە بنەماکانی دەوڵەت تەواو بکەن، بۆ ئەوەی کاتێك دەوڵەت رادەگەیەنن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێز لە ئیرادەتان بگرێت، بۆ ئەم ژمارەیە جارێکی دیکە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر داماتۆ کرد و سەبارەت بە پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا قسەمان لەگەڵدا کرد، بەڵام پرۆفیسۆر داماتۆ وای بە باش زانی کە بە چەند دیرێك و وەك وتاریکی کورت لە گوڵان بۆچوونەکانی خۆی وەك جارانی دیکە بڵاو بکاتەوە، بۆیە وێرای سوپاسمان بۆ پرۆفیسۆر داماتۆ ئەوا دەقی وتارەکەی بە کوردی لە گوڵان و بە ئینگلیزی لە سایتی گوڵان میدیا بڵاو دەکەینەوە، ئەمەش وتارەکەیەتی.<br><br>شەرەفمەندم کە لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە بیروبۆچوونەکانی خۆم</td>
</tr>
</table>

troops. This could result in the destruction of any form of self-government for the Kurds. Instead, the Kurds should copy be informed by other models of becoming a state.

Taiwan is the closest model. Taiwan keeps sending more and more ambassador-type officials to other countries without exactly calling them ambassadors. In international law, the most important test for statehood is the number of "missions" the entity has. At some point, if the number is high enough and includes some of the bigger states, they begin calling the missions "embassys," and the silent sift toward ambassadorial relations with other states tends to confer statehood upon the entity. At no time should Kurdistan proclaim that it is, or wishes to become, a state, for such a proclamation may incite Iraq to send in its troops to "quell an insurrection."

A second strategy is suggested by the example of Monaco, a small state on the French Riviera. Monaco has ceded all of its foreign policy to France. This removes France's biggest worry—that Monaco could drag France into an unwanted war by having too aggressive a foreign policy. Third, apply to the UN for a seat at the General Assembly. The precedent here is Palestine. Fourth, be aggressive in protecting the human rights of your Assyrian minority. The more effort you put in toward protecting groups smaller than you, the more the international community will protect you.

Fifth, you cannot rely on US intervention. The American public is unhappy about the intervention in Iraq, and will not tolerate "going back in". If you are subjected to a military attack, immediately apply to NATO for assistance.

Sixth, learn from the Chinese the desirability of having citizens owning gold. You want your citizens to be rich and prosperous, so that they will have a significant stake in the wealth and prosperity of the state itself. I would suggest selling gold bars to the public at half price. This can lead to a huge demand for gold, which can be satisfied by using a percentage of oil revenues to buy gold on the open market.
Best wishes to the people of Kurdistan,

_______________________________

/s/ Anthony D'Amato
Leighton Professor of Law
Northwestern University
Chicago, Illinois, USA

لەبارەی کوردستانەوە دەخەمەڕوو و درێژە بە ستوونەکانی پێشووم دەدەن. من هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەم کە پێویستە کوردستان ببێتە دەوڵەت. ئەو کاتە سنوورەکانی پێشێل ناکرێت، کە ئەمە هۆکاری سەرەکی بوونی دەوڵەتە. لەگەڵ ئەوەشدا، جاڕدانی دەوڵەت یاخود داوای بوونە دەوڵەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵەیە. لەبەر ئەوەی ئەمە وەك یاخیبوون دەردەکەوێت و ڕەنگە کاردانەوەی حکومەتی عێراق ڕەوانەکردنی سوپا بێت. بۆی هەیە ئەمە ببێتەهۆی لە ناوبردنی هەر شێوە خۆحکومڕانی کردنێك لەلایەن کوردەکانەوە. لەبری ئەوە، پێویستە کوردەکان هۆشیار بن بە مۆدێلەکانی دیکەی بە دەوڵەت بوون. تایوان نزیکترین مۆدێلە. تایوان بەردەوام بەرپرسی باڵیۆزئاسا بۆ وڵاتانی دیکە دەنێرێت بێ ئەوەی بە باڵیۆز ناویان ببات. لە یاسای نێودەوڵەتیدا، گرنگترین پێوەری بە دەوڵەت بوون ژمارەی ئەو «شاندانەیە-بعثات»یە کە قەوارەکە هەیەتی. لە هەندێ حاڵەتدا، ئەگەر ژمارەی ئەو شاندانە زۆر بوون و لە وڵاتە گەورەکانیشدا بوونیان هەبوو، ئەوا بەو شاندانانە دەوترێت«باڵیۆز»و وەرچەرخانی بێدەنگیش بە ئاڕاستەی پێوەندی باڵیۆزئاسا لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا دەبێتەهۆی ئەوەی قەوارەکە بۆ دەوڵەت بگۆڕێت. نابێت لە هیچ کاتێکدا کوردستان جاڕی ئەوە بدات و ڕایبگەیەنێت، یاخود گوزارشت لە خواستی بە دەوڵەت بوون بکات، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئەم جاڕدانە وا لە عێراق بکات سوپا بنێرێت بۆ «سەرکوت کردنی یاخیبوونێك کە سەریهەڵداوە»

ستراتیجیەتی دووەم بریتیە لە نموونەی مۆناکۆ، کە دەوڵەتێکی بچووکە و کەوتۆتەسەر کەنارەکانی فەڕەنسا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، مۆناکۆ دەستی لە هەموو سیاسەتی دەرەکی خۆی بۆ فەڕەنسا هەڵگرتووە. ئەمەش گەورەترین نیگەرانی فەڕەنسا دەڕەوێنێتەوە- نیگەرانی ئەوەی مۆناکۆ فەڕەنسا ڕاکێشێتە شەڕێکی نەخوازراوەوە، بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی کە مایەی هەڕەشەیەکی زۆر بێت. مۆدێلی سێیەم: بریتیە لە بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە کۆمەڵەی گشتیدا. لەم ڕووەوە فەلەستین سابقەیە.

لەوەش زیاتر، پێداگیری بکەن لەسەر پاراستنی مافی کەمینەی ئاشووری. چەند زیاتر کۆشش بکەن بە ئاڕاستەی پاراستنی ئەو گرووپانەی لە ئێوە بچوکترن، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر پارێزگاریتان لێدەکات. ڕای گشتی ئەمەریکا خۆشحاڵ نییە بە دەستێوەردان لە عێراقدا و جارێکی دیکە بوار بە«دووبارە گەڕانەوە بۆ ئەو وڵاتە» نادات. ئەگەر دووچاری هێرشی سەربازی بوونەوە، ڕاستەوخۆ داوای هاوکاری لە ناتۆ بکەن.

شەشەم، لە چینیەکانەوە ئەو دەرسە فێربن با هاووڵاتیەکانتان ببنە خاوەنی زێر. خواستی ئەوەتان هەبێت خەڵکی ئێوە دەوڵەمەندو خاوەن سەروەت بن، بەو شێوەیە بەرژەوەندیەکی گەورەیان دەبێت لە پاراستنی سەروەت و گەشەکردنی خودی دەوڵەتەکە. من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بە نیوە قیمەت زێر بە خەڵك بفرۆشن. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی داوایەکی زۆر لەسەر کڕینی زێر هەبێت، کە دەکرێت ئەم داواکاریەش بەهۆی تەرخانکردنی بەشێك لە داهاتی نەوتەوە بۆ کڕینی زێر لە بازاڕدا پڕبکرێتەوە.

***

بە هیوای خۆشبەختی بۆ خەڵکی کوردستان

**Text 33**

| ST | TT |
|---|---|
| **The dash for modernity** | **تەکانێك بەرەو مۆدێرنیزم نووسینی: ولیام هەیگ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا** |
| Foreword in the official KRG investment guide, Invest in Democracy* | تەکانێك بەرەو مۆدێرنیزم |
| By the Rt Hon William Hague MP<br>Secretary of State for Foreign and Commonwealth Affairs | لە لایەن/ ولیەم هەیگ ئەندامی پەرلەمان و وەزیری دەرەوەی بەڕیتانیا |
| I am delighted to contribute to Invest in Democracy and to set out some thoughts on the future of the Kurdistan Region of Iraq. | هەرێمی کوردستان گۆڕانێکی خێرا و بەهێزو پۆزەتیڤ بە خۆیەوە دەبینێت . لە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ لە دابڕین و ئێش و ئازار و نادیاری دواڕۆژیان، هەرێمی کوردستان ئێستا پەیوەندییەکی باش و ڕۆڵ لە جیهانی دەرەوەدا دەبینێت و پێشکەوتن و گەشەسەندنێکی باش و زیادبوونی متمانە بە دواڕۆژ لەو هەرێمە دەبینرێت . |
| The region is going through a period of dynamic change – much of it for the good. After a long period of isolation, suffering and uncertainty, the Kurdistan Region is now characterised by engagement with the outside world, growing prosperity and increasing confidence in the future. It is quite a turnaround and makes the Kurdistan Region one of the major success stories of Iraq. | ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە و هەرێمی کوردستانی کردۆتە یەکێک لە گەورەترین داستانە سەرکەوتووەکانی عیراق . |
| Buoyed by a strong and stable security and political environment, the region is going through a ‘dash for modernity’. Kurdistan is proud of its traditions, the sense of family, of loyalty to the community and its sense of identity that has been toughened through resistance to persecution. But the region is no longer inward-looking. This is a time of renewal and energy. | بەرقەراری ئەمن و ئاسایش و بارودۆخی سیاسی جێگیر وادەکات ئەم هەرێمە "تەکانێك بەرەو مۆدێرنیزم " بەخۆیەوە ببینێت. کوردستان شانازی بە داب و نەریت و هەستیاری بواری خێزانداری دەکات. هەروەها دڵسۆزی بۆ کۆمەڵگا و هەستکردن بە ناسنامەی خۆی بەهێزتر بووە بەهۆی خۆبەدەستەوە نەدان بۆ ئەو چەوساندنەوەی کە لە دژی بەکار هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەرێمە کراوەتەوە بەڕووی جیهانی دەرەوە. ئێستا کاتی نوێبوونەوە و تواناسازییە. هەر کەسێکی بیانی کە سەردانی هەولێردەکات بە تایبەت سەرسام دەبێت بەو پێشکەوتنەی بواری بنیادنان و خزمەتگوزاری. سەنتەری بازاڕی گەورەو بچووك گەشە دەسێنن لە سەرتاسەری شاردا کە هەروەك دەرگایەکی سەرەتایی شوێنی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو دەبینرێن . |
| A visitor to Erbil, particularly, would be struck by the current consumer and construction boom. Large and small shopping malls are springing up downtown, as are prosperous gated ‘villages’, hotels and amusement parks. Much of this progress is encapsulated in Erbil’s gleaming, smart and secure new international airport – which I am delighted British expertise had a hand in delivering. | هەروەها هۆتێل و پاڕکەکان بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش. زۆربەی ئەم پرۆژانە لە شاری هەولێرئە درەوشێنەوە. هەروەها فڕۆکەخانەی پێشکەوتوو و بەرقەرار لە بواری ئاسایش . هاریکاری و ڕۆڵی کۆمپانیا و شارەزایانی بەریتانیا لەو هەموو گەشەسەندنە منی خۆشحاڵ کردووە . |
| Given the good security situation and the energy of its people, Kurdistan finds itself in a position to road test plans and projects on behalf of the rest of Iraq. Central to this and the region’s success is the policy of engagement. The region’s relations with Turkey have gone through a sea change over the last few years. That is a testament to both sides commitment to look to the future not the past. I write as Prime Minister-designate Maliki is trying to compose a new government, some eight months after the election; a breakthrough which the Kurdish bloc and President Barzani personally played a significant role in bringing about. | بە ڕەچاووگرتنی بارودۆخی باشی ئاسایش و بەتوانایی هاووڵاتیانی ئەو هەرێمە، کوردستان بووەتە سەرەتایەك بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان و جێبەجێکدنی پلانەکان لە جیاتی تەواوی بەشەکانی تری عیراق. خاڵی بنەڕەتی ئەم سەرکەوتنە لە هەرێمدا دەگەڕێتەوە بۆ پەیرەوکردنی سیاسەتی بەشداریکردن و بەرپرسیارییەتی. پەیووەندیەکانی هەرێم لە گەڵ تورکیا بە گۆڕانکارییەکی گەورەدا تێپەڕیوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا. ئەمە بەڵگەیە لەسەر پابەندبوونی هەردوولا بۆ ڕووکردنە دواڕۆژ نەوەك ڕابردوو .<br><br>من لە کاتێکدا ئەم بابەتە ئەنووسم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی دیاری کراو مالیکی هەوڵ دەدات کە حکومەتی تازە پێک بهێنێت هەشت مانگ لە دوای هەلبژاردن، لیستی کوردستانی و خودی سەرۆك بارزانی ڕۆڵی گەورەیان بینی لە کرانەوەی ئەم گرێکوێرە . |
| Successful and energetic engagement with Baghdad is vital to the region’s future: a lesson that is not lost on the region’s political leadership. There is still much to do to get Baghdad-Erbil relations to where they should be. The top priority is passing legislation on revenue sharing and hydrocarbons, which will | هاوبەشیکردنی سەرکەوتوو و چالاك لە گەڵ بەغداد زۆرگرنگە بۆ ئایندەی هەرێم: وانەیەکە کە بە فیڕۆ نەڕۆیشتووە لە لایەن سیاسەتمەدارانی هەرێمەوە. هێشتاش کاری زۆر ماوە کە بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی نێوان بەغداد و هەولێر بگەنە ئاستی پێویست . |

<table>
<tr><td>enable the development of Iraq’s oil and gas wealth in one political and economic sphere.<br><br>What role can the UK play in the economic development of the region? The UK is a world leader in financial services and investment advice. The UK is a springboard for growth for companies from around the world. Our hydrocarbons companies lead the world in know-how and responsible, sustainable development. Our consultants and engineers have a global reputation for delivering world-class projects, as well as basic infrastructure needs, including schools, hospitals and health centres. Our SME sector is vibrant, innovative and internationally savvy.<br><br>The size of the UK presence at the Erbil Trade Fair in October, led by UK Trade and Investment CEO Sir Andrew Cahn, was evidence of the range of the UK offer and of the strong interest present in the UK in forging stronger trade & investment links with Kurdistan. UK companies have already had some success. We are looking to build on that and my officials in Erbil stand ready to help.<br>* Invest in Democracy will soon be available for download on the KRG.org website</td>
<td dir="rtl">خاڵی سەرەكی كەكاری بۆ بكرێت ئەوەیە كە پێویستە یاسای نەوت و غاز و یاسای دابەشكردنی داهات دەربچێت كە ڕێگە بۆ گەشەسەندنی خەزێنەی عیراق لە نەوت و غاز خۆشدەكات و گەشەی سیاسی و ئابووری بۆ ئەو وولاتە دێنێت .<br><br>بەڕیتانیا چ ڕۆڵێك دەتوانێ ببینێت لە بەرەو بێش بردنی بوواری ئابووری هەرێم؟<br>بەڕیتانیا لە سەرووی وولاتانی جیهانییەوە دێت لە بواری خزمەتگوزاری ئابووری و ئامۆژگاری لە بواری وەبەرهێنان.<br>بەڕیتانیا جێگای دەستپێكردنی گەشەسەندنە بۆ كۆمپانیاكانی جیهانی. كۆمپانیە پسپۆڕەكانمان لە بوواری نەوت و غاز پێشڕەون لە جیهاندا لە شارەزایی و چۆنییەتی و بەرپرسیارییەتی لە پاراستنی بواری گەشەسەندن. ڕاوێژكار و و ئەندازیارە بەریتانیاكان ناوبانگی جیهانیان هەیە بۆ جێبەجێ كردنی بڕۆژەی سەركەوتوو ونایاب، هەروەها بۆ گەیاندن و دابینكردنی پێداویستییەكانی ژێرخانی ئابووری وەك قوتابخانە، نەخۆشخانە و بنكەی تەنددروستی .<br><br>كەرتی كۆمپانیا بچوك و مام ناوەندییەكانمان خاوەن داهێنان و چوست و چالاكن لە جیهاندا. قەبارە وژمارەی كۆمپانیا بەڕیتانیەكان كە بە سەرۆكایەتی سێر ئەندرو كاهن سەرۆكی دەزگای وەبەرهێنانی بەریتانیا لە پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی لە مانگی ئۆكتۆبەر بەشدارییان كرد بەڵگەبوو لەسەرویست و خواستی بەهێزی بەریتانیا بۆ دروستكردنی پەیوەندییەكی بەهێز لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان لەگەڵ كوردستان. كۆمپانیا بەڕیتانیاكان توانیویانە سەركەوتوویی خۆیان بسەلمێنن لە كوردستان. ئێمە هەوڵ دەدەین كە ئەم پەیوەندیانە بەرەو پێش ببەین و فەرمانبەرەكانمان لە هەولێر لە ئامادەباشیدان بۆ هەموو هاریكارییەك .</td></tr>
<tr><td colspan="2" align="center">Text 34</td></tr>
<tr><td align="center">ST</td><td align="center">TT</td></tr>
<tr><td>Secretary of State Clinton: 16 Days of Activism Against Gender Violence<br><br>Picture a woman. She might live anywhere in the world. She could be part of any socio-economic group, of any ethnicity, of any religion. On a typical day this woman starts her day before the sun rises. She works for 8-12 hours in a store or on a farm or at a factory or in someone's home for a small wage, but her children and elderly relatives depend on her income for survival. When she comes home, she asks her children what they learned that day at school and what they want to be when they grow up. She spends hours bent over a small stove or fireplace preparing meals for an extended family. In many parts of the world, she also grows the food that feeds everyone at her table.<br>Now picture what happens when that woman is unable to do any of these things because she has experienced gender-based violence. The cost of her medical care further strains her family's tight budget. If she can no longer work or care for her children due to physical or psychological injury, her children drop out of school and take jobs to support their family. The local shopkeepers she did business with lose a customer, and their incomes also go down.<br>Chances are you recognize this woman. One in</td>
<td dir="rtl">16 ڕۆژ چالاكی دژی توندوتیژی جێندەری<br>هیلاری رۆدام كلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا<br><br>وێنای ژنێك بكە، كە لەوانەیە لە هەر شوێنێكی گۆی زەوی بژی. كە لەوانەیە بەشێك بێت لەهەر گروپێكی كۆمەڵایەتی و ئابوری. نەتەوەیی یان ئاینی. لە ڕۆژێكی نمونەییدا ئەو ژنە ڕۆژەكەی لەپێش خۆرهەڵاتنەوە دەستپێدەكات. 8-12 كاتژمێر كاردەكات لە دوكانێك یان كێڵگەیەك یان كارگەیەك یان ماڵی كەسێك بە كرێیەكی كەم، بەڵام منداڵ و كەسە پەككەوتەكانی پشت بە داهاتەكەی دەبەستن بۆ مانەوەیان. كاتێك دەگەڕێتەوە ماڵ، پرسیار لەمنداڵەكانی دەكات ئەو ڕۆژە لەقوتابخانە چی فێربون و كە گەورەبون دەیانەوێ ببن بەچی. چەند كاتژمێرێك بە خولانەوە بەدەوری ئاگردان یان شوێنی خواردن دروستكردندا بەدەم ئامادەكردنی خواردنەوە بۆ خێزانێكی گەورە بەڕێدەكات. لە زۆر بەشی جیهاندا، ئەو خۆراكەش دێنێتە بەرهەم كە دەبێتە قوتی سەرمێزی خێزانەكە.ئێستا وێنای ئەوەبكە چی ڕودەدات كاتێك ئەو ژنە ناتوانێ هیچ یەكێ لەمانە بكات بەهۆی ڕوبەڕوبونەوەی توندوتیژی جێندەری.<br><br><br>خەرجیە تەندروستیەكانی كاریگەری خراپیان لەسەر بودجە سنورردارەكەی خێزانەكەی دەبێت. ئەگەر ئەو نەتوانێ درێژە بەكارەكەی بدات یان چاودێری منداڵەكانی بكات بەهۆی بەركەوتنی سایكۆلۆجی یان فیزیكی، ئەوا منداڵەكانی واز لە قوتابخانە دێنن و بۆ یارمەتیدانی خێزانەكەیان دەست بەكاركردن دەكەن. ئەو دوكاندارە ناوچەییانەی كە ئەو شتی لێ ئەكڕین، كڕیارێك لەدەست دەدەن و داهاتی ئەوانیش بەهەمان شێوە كەم</td></tr>
</table>

three women around the world experience some form of gender-based violence; one in five will experience rape or attempted rape. It may come early in life when a mother is forced to end a pregnancy because the child is female, or when families refuse to educate girl children, or when boys receive two helpings at the dinner table before girls are allowed anything to eat. Later it may take the form of child marriage, domestic violence, or sexual exploitation.

In whatever form it takes, gender-based violence is an intolerable violation of human dignity. No one can quantify the personal pain and anguish of any form of abuse. But medical bills and legal costs, lost wages and lower productivity, health costs including an increased risk of HIV - these are things on which we can put a price. And when we do, we see - in dollars and cents - how much violence against women and girls truly costs everyone in a society.

In Uganda, for example, almost 13 percent of women reported time lost from crucial household work because of violence from an intimate partner. Some of these women lost as many as 11 paid working days each year. More than two-thirds of households surveyed in Bangladesh reported that domestic violence caused an average loss of $5 a month - nearly 5 percent of many women's incomes. These costs are exacerbated in households where a woman is the chief or sole earner, and they are likely underestimated.

The damage is also passed on to the rest of the community through increased expenses for judicial action, health care, and security services. No country or region of the world is immune to these costs. In the United States, a 2003 Centers for Disease Control study estimated that the cost of violence by an intimate partner alone exceeds $5.8 billion annually - nearly $4.1 billion spent on direct medical and health care services, and almost $1.8 billion in productivity losses.

Violence against women and girls is also an issue of international human rights and national security. The consequences of widespread violence extend beyond the immediate injury or economic loss. There are often severe and lasting health outcomes such as sexually transmitted infections, and the social and psychological damage of gender-based violence affects survivors, their children, families, and entire communities.

But where violence and abuse keep women out of the workforce and drag down communities for generations, fostering women's economic participation grows national GDPs and personal incomes. One study estimated that lowering barriers to women's economic participation in emerging economies could raise per capita incomes as much as 14 percent. Larger incomes mean more money to feed families, send children to school, and support local merchants and producers, igniting a virtuous circle of economic growth.

دەبێتەوە.ئایا تۆ ئەو ژنانە دەناسیت. یەك لە سەر سێی ژنان لە سەرانسەری جیهان ڕوبەڕوی جۆرێك لەجۆرەکانی توندوتیژی لەسەربنەمای جێندەری دەبنەوە: یەك لەسەر پێنج ڕوبەروی ئیغتیساب یان هەوڵی ئیغتیساب کردن دەبنەوە.

لەوانەیە ئەوە لەژیاندا بەئاسانی ڕویدابێت کە دایکێك ناچارکرابێت بەلەباربردنی کۆرپەلەکەی چونکە کچ بوە، یان خێزانەکان ڕەتیاکردبێتەوە منداڵە کچەکانیان بنێرنە بەرخوێندن، یان کورەکان دوو هێندەیان پێبەخشراوە لەچاو کچەکاندا لەسەر مێزی نانخواردن بەرلەوەی کچەکان ڕێگەیان پێدرابێت دەست بە خواردنی هیچ شتێك بکەن. پاشانیش لەوانەیە شێوازی هاوسەرگیری منداڵان، توندوتیژی خێزانی، یان دەستدرێژی سێکسی بگرێتەوە.هەر چ شێوازێك لەخۆ بگرێت، توندوتیژی لەسەربنەمای جێندەری توندوتیژیەکی لێبوردراو نیە بۆ سەر شکۆمەندی مرۆڤ. هیچ کەسێك ناتوانێ هەست بە ئازارو ئەشکەنجە کەسیەکانی توندوتیژی بکات. بەڵام خەرجیە پزیشکی و یاساییەکان، لەدەستدانی داهات و کەم بونەوەی بەرهەم، خەرجیە تەندروستیەکانی وەك ئەوەی مەترسیەکانی ئایدز چەند شتێکن کە ئێمە دەتوانین نرخەکانیان بەهەند وەر بگرین. کە ئەمەش دەکەین، دەبینین –بە دۆلارو بە سەنت- کەوا توندوتیژی دژی ژنان و کچان چەند لەسەر هەر ئەندامێکی کۆمەڵگا دەکەوێت.

بۆ نمونە لە ئۆگاندا لە سەدا سیانزەی ژنان تۆمارکراون بۆ لەدەستدانی کاتەکانی ئیشکردن لە ماڵاندا بە هۆی توندوتیژی هاوبەشی ژیانیانەوە. هەندێ لەو ژنانە نزیکەی 11 ڕۆژی کارکردنی بە موچەیان لەدەستداوە لە هەر ساڵێکدا. زیاترلە دوو لەسەر سێی ئەو خێزانانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە لە بەنگلادیش دەریانخستوە کەوا توندوتیژی خێزانی بۆتە هۆی لەدەستدانی تێکڕای 5 دۆلار مانگانە – نزیکەی لەسەدا 5ی داهاتی زۆربەی ژنان. ئەم لەدەستدانە خراپتر بووە لەو خێزانانەی کەوا ژنان سەرۆك یان تاکە بژێوی دابینکەرن.نەهامەتیەکانی هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە لە ڕێی زیادبونی خەرجیەکانی ڕێوشوێنە یاساییەکان، خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاسایش.

هیچ وڵات و هەرێمێکی ئەم جیهانە بێبەری نیە لەو خەرجیانە. لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا لێکۆڵینەوەکانی 2003 سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکان خەملاندویانە کە خەرجیەکانی توندوتیژی لەلایەن هاوبەشی نزیکەوە زیاترە لە 5.8 ملیۆن دۆلار ساڵانە-نزیکەی 4.1 ملیۆن دۆلاری لە خزمەتگوزاریە تەندروستی و پزیشکیەکان دا خەرجکراوە، ونزیکەی 1.8 ملیۆن دۆلاریشی کەمبونەوەی بەرهەم بووە.توندوتیژی دژ بەژنان و کچان هەروەها بابەتی مافی مرۆڤی جیهانی و ئاسایشی نەتەوەییشە. دەرەنجامەکانی توندوتیژی بەربڵاو درێژدەبێتەوە بۆ پشت بەرکەوتنێکی کاتی یان زیانێکی ئابوری. دەرەنجامی کوشندەو درێژخایەنی تەندروستی وەك نەخۆشیە سێکسیە گوازراوەکانی هەیەو نەهامەتیەکانی توندوتیژی لەسەربنەمای جێندەری کاریگەری لە سەر ڕزگاربوان و منداڵکانیان و خێزانەکانیان و هەمو کۆمەڵگا دەبێت.کاتێك توندوتیژی ژنان لە هێزی کار دەکاتە دەرەوەو کۆمەڵگاکانیش بۆ چەندین نەوە پاشەکشە پێدەکات، پەرەپێدانی بەشداری ئابوری ژنان تێکڕای داهاتی کەسی و نیشتیمانی زیاد دەکات.

یەکێ لە لێکۆڵینەوەکان دەریخستوە کەمکردنەوەی ڕێگریەکانی بەردەم بەشداری ئابوری ژنان لە ئابوریە گەشەکردوەکاندا

<table>
<tr><td>Each year, on the days between November 25, the International Day for the Elimination of Violence Against Women, and December 10, International Human Rights Day, we undertake 16 Days of Activism Against Gender Violence.  During this time, we commit ourselves to speaking out about violence against women and girls and improving the protection and participation of women worldwide.  We need everyone's involvement -- boys and men, faith and community leaders, youth, and people at all levels of society are critical to solving such a widespread pandemic of violence.<br>Abuse can happen in a family's home, on fields of armed conflict where rape is used as a weapon of war, or wherever girls are diminished and devalued simply because they are girls.  It is unacceptable in any form.  Countries simply cannot progress when half their populations are marginalized, mistreated, or subjected to discrimination.<br>This year, let us use the 16 Days to renew once again our commitment to end the abuse that traps so many women and girls around the world.  Let us call out the culture of impunity that perpetuates this cycle of violence. And let us work together, in partnership, to make all forms of violence a thing of the past.</td><td dir="rtl">لەوانەیە بە ڕێژەی لەسەدا 14 داهاتی تاکەکەس بەرزبکاتەوە. داهاتی زیاتر مانای بونی پارەی زیاترە بۆ بەخێوکردنی خێزان، خستنە بەرخوێندنی منداڵان، یارمەتیدانی بازرگان و بەرهەمهێنە خۆماڵیەکان و دەستپێکردنی بازنەیەکی باش لە گەشەی ئابوری.هەموساڵێك لەنێوان 25 نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان و 10 دیسێمبەر ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، 16 ڕۆژ چالاکی بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەنجام دەدەین. لەوماوەیەدا، خۆمان پابەند دەکەین بە قسەکردن لەسەر توندوتیژی دژی ژنان و کچان و باشترکردنی پاراستن و بەشداریکردنی ژنان لەسەرانسەری جیهاندا. پێویستمان بە هیمەتی هەمو لایەکە—کوڕان و پیاوان، سەرکردەی کۆمەڵگەو ئاینەکان، گەنجان و خەڵك لە هەمو ئاستێکی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم توندوتیژیە کوشندەو بەربڵاوە لەسەرانسەری جیهاندا.توندوتیژی لەوانیە لە ماڵی خێزانێك ڕوودات، یان لە مەیدانی ململانێی چەکداری کە تیایدا ئیغتیساب وەکو چەکی شەڕ بەکارهاتوە، یان لەهەرکاتێکدا کەوا کچان سوك و بێبەهاکراون تەنها لەبەرئەوەی کە کچن.<br>لەهەر شێوازێکدابێت قبوڵکراو نیە. ئەو وڵاتانە ناتوانن پێشبکەون کە نیوەی دانیشتوانەکەیان فەرامۆشکراون، خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە یان ڕوبەڕوی جیاکاری بۆتەوە.با لەم ساڵدا ئەو 16 ڕۆژە بەکاربێنین بۆ دوبارە نوێککردنەوەی بەڵێنەکانمان بۆکۆتاییهێنان بەو توندوتیژیانەی کە ڕوبەڕوی ژنان و کچان دەبنەوە لەسەرانسەری جیهاندا. با ئەو کەلتورەی کە بەرهەمهێنی ئەم توندوتیژیەیە بەجێبێڵین، با هەمومان بەیەکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی هەمو شێوەکانی توندوتیژی بکەین بەبەشتێك لەڕابردوو.</td></tr>
<tr><td colspan="2">Text 35</td></tr>
<tr><td>ST</td><td>TT</td></tr>
<tr><td>"The Other Iraq" not so free after all<br>Tracey Shelton<br><br>Iraqi Kurdistan, long considered a haven of democracy and security in Iraq, cracks down on protests and the press.<br><br>SULAYMANIYAH, Iraqi Kurdistan — Gunshots disrupted the evening quietude. Reports of a conflict involving police filtered through. Bryar Namiq, a local reporter for KNN TV, rushed to the scene.<br>Moments later, he was surrounded by some 50 officers beating him from all sides. Handcuffed and hooded, he was thrown into the back of a car and beaten again as officers discussed whether or not to kill him. Unconscious he was dumped near his home.<br>“I am used to the beatings and arrests now. This is normal here,” Namiq said as he nursed a dislocated hand while wincing from neck pain. “Especially as the next elections approach, I expect this will happen a lot.”<br>Amid the turmoil in central Iraq, human rights groups are now turning their attention to this semi-autonomous region, long considered to be a secure, democratic haven.<br>More than two months of anti-government demonstrations have led to violent crackdowns on what have been predominantly peaceful protests.<br>Protest leaders say 10 people have so far been killed, more than 500 injured and more than 900 arrested by police and government military forces, sparking condemnation from Amnesty International</td><td dir="rtl">دوای ئەو هەموە، عێراقەکەی دیکە زۆر ئازاد نیە<br>ترەیسی شیلتۆن<br>لەئینگلیزیەوە: شوان بورهان لەکی<br><br>کوردستانی عێراق کە بە پەناگەی دیموکراسی و ئاسایش دادەنرا سەرکوتی خۆپیشاندان و میدیا دەکات.<br><br>لە سلێمانی_کودستانی عێراق تەقەکردن ئێوارەیەکی ئارامی شڵەژاند لە روبەڕوبونەوەیەدا کە پۆلیس تێوەگلابو، بڕیار نامیق پەیامنێری KNN خێرا چو بۆ گواستنەوەی دیمەنەکە، پاش کەمێك لەلایەن چەند ئەفسەرێکەوە دەورەدرا و لە هەمولایەکەوە لێیدرا و پاش کەلەپچەکردنی و داپۆشینی فڕێدرایە پشتی سەیارەیەکەوە دوبارە لێی درایەوە و ئەفسەرەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە بیکوژن یان نا. دواتریش بە بێهۆشی لە نزیك ماڵی خۆیان فرێدرا.<br><br>بڕیار نامیق لە کاتی چارەسەرکردنی دەستی شکاوی و هات و هاواری ئازاری ملی وتی: "من ئێستا بە لێدان و گرتن راهاتوم، ئاساییە لێرە." وتیشی: "بە تایبەتی کە هەڵبژاردنی داهاتو نزیك بوەتەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکەم زۆر جاری تریش روبدات".<br>گروپەکانی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەو بارە نائارامەی عێراقدا ناچاربون ئاراستەی کارەکانیان بگوێزنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کە بە پەناگەیەکی ئارام و دیموکراسی دادەنرا.<br><br>دوای دومانگ لە خۆپیشاندانی هێمنانەی دژ بە حکومەت کە سەرکوتکردنی توندی بەدوادا هات، سەرکردەکانی خۆپیشاندان دەڵێن 10 کەس کوژراون و زیاتر لە 500 کەس بریندابون و 900 کەسیش دەستگیرکراوە لەلایەن پۆلیس و هێزەکانی حکومەت، ئەمەش بوبە جێگەی نارەزایی هەریەك لە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ و رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی.<br><br>بە کاریگەری سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکانی میسر و تونس، لە 17ی شوباتدا لە شاری سلێمانی و دەوروبەری خۆپیشاندانی</td></tr>
</table>

and Human Rights Watch.
Inspired by the success of protests in Egypt and Tunisia, thousands began to gather daily in the town square of Sulaymaniyah and towns across the province on Feb. 17, protesting government corruption, high unemployment and a lack of basic services. Violent crackdowns by party-affiliated military forces stoked anger among the protesters, who began calling for the government to step down and make way for early elections. A final and brutal crackdown by the military put an end to the demonstrations several weeks ago and a heavy military presence still guards the streets.
Amid the violence, Reporters Without Borders released a report listing numerous attacks targeting reporters and media outlets by government forces over the past two months saying these attacks make it “impossible for journalists to work in Iraqi Kurdistan.”
Over the same period, the Iraqi Association for Defending Journalists received 226 reported violations of press freedom in the city of Sulaymaniyah, including physical abuse, injury by bullets, confiscation of journalist's equipment, temporary detention and forced prevention at gunpoint from covering the events.
These figures come as no surprise to Namiq, who in his second year as a reporter for KNN has been severely beaten more than a dozen times, arrested twice, held without charge on numerous occasions, taken to court, threatened with death and his family harassed.
“Freedom is shrinking for the press,” he said. “As long as what we report is not in their [the ruling parties] best interests, we will suffer.”
With Western support, Iraq's Kurdish region gained relative independence from Saddam Hussein's regime in 1991. The region's stability has since attracted foreign investment and steady economic growth compared to the rest of Iraq, which fell into sectarian warfare following the 2003 U.S.-led invasion. Two political parties dominated by two powerful families have ruled the area for the past 20 years, however, and corruption abounds. Recent events have called into question the extent of freedom and democracy in the region, and highlighted the lengths to which the government is willing to go to suppress negative press.
Many journalists reported being specifically targeted by military gunfire.
“They were shooting directly at me,” said Araz Mohammed who was shot in the neck, stomach and leg while reporting for Radio Dang. “They knew I was media because I had my ID badge and camera. One Peshmerga (government military) was shouting at me ‘I will kill you’ as he fired. They had already beaten other journalists and taken them to hospital.”
Fearing arrest for their coverage of the protests, many journalists are now in hiding. Media offices have also been targeted. In the past two months the

رۆژانە لە دژی گەندەڵی و بێکاری و کەمی خزمەتگوزاری دەستی پێکرد، بەڵام وەڵامدانەوەی توندی چەکدارەکانی حیزب خەڵکی تورە کرد و وای کرد داوای هەڵوەشانەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پێشوەختیان کرد، دواجاریش بەهۆی سەرکوتکردنی درندانەی چەکدارەکانەوە خۆپیشاندان کۆتایی پێهێنرا و تائێستاش چەکدارەکان پاسەوانی شەقامەکان دەکەن.

لە درێژەی توندوتیژیەکاندا، رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنور لە راپۆرتێکدا لیستێك لەو پەلاماردانانەی بڵاوکردەوە کە رۆژنامەنوسان کرابونە ئامانج لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە و ئەوەشی خستۆتەرو کە ئەو پەلاماردانانە وایکردوە کاری رۆژنامەگەری مەحاڵ بێت .

هاوکات کۆمەڵەی بەرگری کردنی عێراقی لە مافەکانی رۆژنامەنوسان 226 حاڵەتی دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی رۆژنامەگەری پێگەیشتوە کە لە نێویاندا ئازاردانی جەستەیی و بریندارکردن بە گولە و دەستبەسەراگرتنی کەلوپەلی رۆژنامەنوسی و دەستگیرکردن و رێگەنەدان بە گواستنەوەی روداوەکان لە خۆدەگرێت.

ئەم روداوانە بۆ بریار نامیق جێگەی سەرسورمان نین، کە دوەم ساڵی کارکردنیەتی وەکو پەیامنێری KNN و دەیان جار لێیدراوە و دوجار دەستگیرکراوە و لە چەند روداوێکیشدا دەستبەسەرکراوە بەبێ هیچ تاوانێك و براوەتە دادگا و هەرەشەی کوشتنی لێکراوە و خێزانەکەی بێزارکراوە. بریار وتیشی:"ئازادی رۆژنامەگەری بەرتەسك دەکرێتەوە و هەرکاتێك کە راپۆرتێك ئامادە بکرێت کە بە دڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکان نەبێت ئەوا ئازار دەچێژی."

هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1991دا بە هاوکاری خۆرئاوا سەربەخۆییەکی رێژەیی لە رژێمی سەدام بە دەستهێنا، سەقامگیری هەرێمەکە بوەتە جێگەی سەرنجی بەرهەمهێنەرە بیانیەکان و پێشکەوتنی ئابوری بە بەراورد بە بەشەکانی تری عێراق، کە لە دوای داگیرکردنیەوە لەلایەن ئەمەریکاوە کەوتە نێو شەرێکی تایەفیەوە. دو حیزبی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی) کە لەلایەن دو بنەماڵەی دەسەڵاتدارەوە قۆرخکراون سەرەرای زۆریی گەندەڵی، بۆ 20 ساڵە هەرێمەکە بەرێوەدەبەن.
روداوەکانی ئەم دواییەش ئەو پرسیارەی هێنایە ئاراوە کە سنوری ئازادی و دیموکراسی لە هەرێمەکەدا چەندە و حکومەت تا چەند ئامادەیە بۆ کپکردنی ئەو میدیایانەی کە دژین.
ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنوسان بە تایبەتی کراونەتە ئامانجی تەقەی هێزە چەکدارەکان.

ئاراس محمەد لە کاتێکدا کە راپۆرتی بۆ رادیۆی دەنگ ئامادە دەکرد قاچ و ورگ و ملی بریندار کرا، ئەو دەڵێت: "راستەوخۆ تەقەیان لەمن دەکرد زانیان کە من رۆژنامەنوسم چونکە باج و کامێرام پێبو، یەکێ لە پێشمەرگەکان کاتێك تەقەی دەکرد دەیوت ئەتکوژم" وتی پێشتریش لە چەند رۆژنامەنوسێکیان دا و رەوانەی نەخۆشخانە کران.

بەهۆی روماڵکردنی خۆپیشاندانەکانەوە زۆربەی رۆژنامەنوسان لەترسی دەستگیرکردن خۆیان شاردوەتەوە. ئۆفیسی هەندێ لە تەلەفزیۆنەکانیش. کراونەتە ئامانج و لە دومانگی رابردودا بارەگای سێ تەلەفزیۆن و دو رادیۆ تاڵانکراون یان سوتێنران یان تەقەیان لێکراوە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە.

ئاسۆس هەردی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی ئاوێنە کە یەکێکە لە رۆژنامە ئازادەکانی هەرێمەکە دەڵێت: " لێرە تەنها دەروازەیەکی بچوك هەیە بۆ ئازادی رۆژنامەگەری، بەڵام لە کاتی روبەروبونەوەکاندا روی راستەقینەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان روندەبێتەوە و ئەو دەروازەیەش دادەخرێت ."

headquarters of three television stations and two radio stations have been ransacked, shot at or burned down by government military.

“There is a small window open for press freedom here,” said Assos Hardi, editor in chief of Awene, one of the only independent publications in the region. “But during times of conflict or sensitive times the real attitude of the ruling parties becomes clear and this window quickly closes.”

A spokesman for the Kurdistan Democratic Party, Hassan Jabari, said only necessary actions have been taken against protesters and media to restore security to the region. He said journalists do have freedom to report in Iraqi Kurdistan no matter which party they are affiliated with, describing the situation for journalists here as “good; not very good, but good.”

Azad Jondyani from the Patriotic Union of Kurdistan agreed.

“I think there is still freedom, but when there is chaos no one can predict what will happen,” he said.

Jondyani added that press freedom is apparent in the existence of more than 1,400 media outlets operating freely throughout the region. But Faruq Ali, the director of the Payam satellite channel, said it is not the number of media groups operating that is the problem.

“The government allows the creation of media outlets but then crackdown on the reporters in the field, preventing them from working effectively,” Ali said.

Although crackdowns on Payam reporters and TV headquarters have been harsh, Ali admits that the problems with media in Iraqi Kurdistan are not only external.

“There is much disorder and political affiliations in the Kurdish media,” he said. “The media groups do not respect each other. Many reports are based on defamation and lies. Real journalism is not possible here.”

The majority of newspapers, television news channels and radio stations in the Iraqi Kurdistan region are openly affiliated with a political party. Of the few that claim to be independent, funding often comes from a biased source and hidden political agendas prevail.

Rahman Garib, coordinator of the Kurdish-based Metro Center to Defend the Rights of Journalists, said there are many political alliances hiding behind the facade of independent journalism.

“That’s why we have a great amount of unprofessional, unbalanced, even scandalous, journalism on our streets that don’t give any attention to journalism ethics and values. Their only job is to focus their attention toward scandalous cases and some of them just produce lies,” Garib said.

Despite these problems Garib said there are “good seeds” amid the Kurdish media charade that are setting a good example. But lifting local media standards across the board would require a clear mandate of reporting ethics that all media groups

حەسەن جەباری وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: تەنها ئیجرائاتی پێویست بەرامبەر بە خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەنوسان گیراوەتەبەر بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ هەرێمەکە. وتیشی: ڕۆژنامەنوسان لە کوردستانی عێراق ئازادییان هەیە جا سەر بەهەر لایەنێك بن، بارودۆخەکەشی بە باش وەسف کرد بۆ ڕۆژنامەنوسان.

ئازاد جوندیانیش لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوڕابو، وتی: "پێموایە هێشتا ئازادی هەیە، بەڵام کاتێك دەبێتە ئاژاوە کەس نازانێ چی ڕەدەدات"، ڕاشیگەیاند کە ئازادی ڕۆژنامەگەری ئاشکرایە کاتێك 1400 دەزگای میدیایی لە هەرێمەکەدا بە ئازادی کاردەکەن. بەڵام فاروق عەلی بەڕێوەبەری کەناڵی پەیام پێیوایە چۆنیەتی کارکردن کێشەیە نەك ژمارەی میدیا، وتیشی: "حکومەت ڕێگە بە دروستکردنی دەزگای میدیا دەدات بەڵام لە واقعدا سەرکوتی پەیامنێران دەکات ڕێگەنادات بەشێوەیەکی کاریگەر کاربکەن."

سەرەڕای سەرکوتکردنی پەیامنێر و بارەگای تەلەفزیۆنی پەیام، فاروق عەلی پێی وایە کە کێشەی میدیا لە کوردستانی عێراق تەنها کێشەی دەرەکی نیە بەڵکو ئینتمای سیاسی هەیە لەلایەن میدیاکانەوە و ڕێزی یەکتریش ناگرن، زۆربەی ڕاپۆرتەکانیش تەشهیر و درۆن، بونی ڕۆژنامەنوسی ڕاستەقینە مەحاڵە لێرە.

زۆربەی ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان لە کوردستانی عێراقدا پاشکۆی حیزبە سیاسیەکانن، هەندێکی کەم بانگەشەی سەربەخۆیی دەکەن بەڵام لایەنێك یان ئەجێندایەکی سیاسی لە پشتیانە.

ڕەحمان غەریب بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ بەرگریکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان ڕایگەیاند: چەندین هاوپەیمانی نهێنی لە پشت ڕۆژنامەی ئازاد هەیە. وتیشی: "هەربۆیەش ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنوسی ناپرۆفێشناڵمان هەیە کە لە شەقامدا گوێ بە قیەم و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی نادەن، تەنها کاریان ئاگایی خستنەسەر کەیسی بێمانا و درۆکردنە."

سەرەڕای ئەو هەمو کێشانەش ڕەحمان غەریب پێی وایە چاوەڕوانی باش دەکرێت لە میدیای کوردی، پێشی وایە کە ڕۆژنامەوانی کوردی پێویستە ستاندارد و بەهای ڕۆژنامەوانی هەبێت بۆ ئەوەی پێشبکەوێت و ڕێکخراوە جیهانیە ڕۆژنامەوانیەکانیش لەو پێشکەتنەدا یارمەتیدەری بن.

ڕەحمان غەریب وتیشی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنور و کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەنوسان لە نێو ڕێکخراوەکانی تردا زۆرترین کاریان کردوە لە کوردستانی عێراق و چاویان لەسەر ئازادی و بەتایبەتی ئازادی ڕۆژنامەوانیە بۆیە بەرپرسانی حکومەت پێویستە زۆر بەئاگابن لە توندوتیژی لە دژی ڕۆژنامەنوسان چونکە زۆر زیان بە سومعەی حکومەتی هەرێم دەگەیەنێت.

لەکاتێکدا کە دەستدرێژی سەر پەیامنێران بەردەوامە، ئەحمەد میرە سەرنوسەری گۆڤاری لڤین دەڵێ مەترسی سەر ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە لەوە زیاتر هەڵدەگرێت، ئەحمەد میرە تا ئێستا چەندین هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، لە ئێستاشدا ڕوبەڕوی پێنج ساڵ زیندانی دەبێتەوە بەهۆی بابەتێك لە بارەی تاوانێکی.

ئەحمەد میرە تەنها دو ڕۆژ پێش دەستگیرکردنی وتی: "ئەوە ئەو بابەتەیە کە من شانازی پێوە دەکەم و ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مشتومڕ لە کۆمەڵگادا دروست بکات نەك ئەوەی کە لە ناوەڕاستی ڕوبەڕوبونەوەکاندا باسی ئاهەنگی ژنهێنان بکات."

<table>
<tr><td>can agree on and for international journalism organizations to assist in its development. Government attitudes, of course, will also need an adjustment.<br>“CPJ and Reporters without Borders, among other organizations, are giving a great deal of attention to the Kurdistan region and their eyes are on freedom, especially press freedom in Kurdistan,” Garib said. “That’s why KRG officials need to take a more serious look at the violations [against journalists] because this is damaging the reputation of the Kurdistan region and its reputation of freedom.”<br>While harassment against reporters continues, Akmed Mila, the editor of Lvin magazine, says the risks of “real journalism” are worth taking. He has received numerous death threats and now faces a charge of up to five years in prison for a recent article incriminating government figures.<br>“It is articles like this that I am most proud of,” he said in his office just two days before his most recent arrest. “True journalism is the kind that starts controversy in the community not the kind that talks about a wedding in the middle of conflict.”</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">Text 36</td></tr>
<tr><td>ST</td><td>TT</td></tr>
<tr><td>Kurds angry at corruption they see in their own government<br>James Calderwood<br>SULAYMANIYAH // One of Zahid Mahmoud Imam's six sons was shot to death during anti-government protests in Iraqi Kurdistan this year. The sacrifice was one the father was willing to make.<br>"If the protests begin again, not just me, all of my family are prepared to be killed in the demonstrations to get freedom," said Mr Iman, a retired Kurd aged 62. "The price is not too high - for democracy."<br>Mr Imam was speaking at his home in Sulaymaniyah, Kurdistan's second largest city and the site of weeks of protests against the Kurdish regional government.<br>For decades, Iraqi Kurds have been demanding that they be allowed to rule themselves. In northern Iraq, they have considerable autonomy. Yet, it too has endured protests during the Arab Spring. Citizens complain that even fellow Kurds are prone to corruption and abuse when they gain power.<br>"I don't want a government like this, because they just serve themselves, not the society," Mr Imam said. "Some people have everything, but most have very little. And if people demonstrate for their rights, they respond with bullets."<br>As he spoke, Mr Imam sat underneath a large portrait of a 16-year-old boy emblazoned with the words "Martyr: Serkio, a student in the fourth stage". He said his son was hit in the mid-section by a live bullet fired by Kurdish security forces on February 19 and died in hospital later that day. Eight civilians and two members of the security forces died in Sulaymaniyah and nearby villages during the</td><td>کوردەکان تورەن لەو گەندەڵیەی لە حکومەتەکەیاندا دەیبینن<br>کاڵدەرود<br>لەئینگلیزیەوە: شوان بورهان لەکی<br>یەکێك لە شەش کوڕەکەی زاهیر محەمەد لە درێژەی خۆپشاندانەکانی دژ بە حکومەت لە کوردستانی عێراق کوژرا. ئەوەش ئەو قوربانیە بو کە ئەو باوکە دەیویست پێشکەشی بکات. زاهیر محەمەدی تەمەن 62 ساڵ دەڵێت "ئەگەر جارێکی تر خۆپیشاندانەکان دەستپێبکاتەوە، نەك تەنها خۆم، بەڵکو هەمو خێزانەکەم ئامادەین لە پێناو ئازادیدا بکوژرێین و ئەو نرخە لە پێناو ئازادیدا زۆر بەرز نیە".<br><br>زاهیر محەمەد لە ماڵەکەی خۆی قسەی دەکرد لە سلێمانی کە دوەمین گەورەترین شاری کوردستانە و چەند هەفتەیەك خۆپیشاندانی دژ بە حکومەتی بە خۆوە بینی.<br>چەند دەیەیەکە کوردەکانی عێراق داوای ئەوەیان کردوە کە رێگەیان پێبدرێت خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن، ئێستا لە باکوری عێراق ئۆتۆنۆمییەکی تەواویان هەیە، بەڵام ئەم ناوچەیە لەکاتی بەهاری عەرەبیدا خۆپیشاندانی بەخۆوە بینی و هاوڵاتیانیش سکاڵای ئەوە دەکەن کە کوردەکانیش ئامادەیی ئەوەیان تێدایە گەندەڵی و خراپەکاری بکەن کاتێك دەگەنە دەسەڵات.<br><br>زاهیر محەمەد دەڵێت "حکومەتێکی لەم جۆرەم ناوێت چونکە تەنها خزمەتی خۆیان دەکەن و هیچ بۆ کۆمەڵگا ناکەن، هەندێ کەس هەمو شتێکیان هەیە و ئەوانی تر بڕێکی زۆر کەمیان هەیە، ئەگەر خەڵك خۆپیشاندانیش بکات بۆ داوای مافەکانی خۆی ئەوا بە فیشەك وەڵامیان دەدەنەوە".<br><br>کاك زاهیر کاتێك قسەی دەکرد لە ژێر وێنەی گەنجێکی تەمەن 16ساڵدا دانیشتبو کە لەسەری نوسرابو "شەهید سورکێو خوێندکاری پۆلی چوار".<br><br>زاهیر محەمەد رایگەیاند کە کوڕەکەی بە گولەی هێزە ئەمنیەکانی کورد لە 19ی شوباتدا پێکرا و دواتر لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا.</td></tr>
</table>

protests.
Kurdistan was not the only region of Iraq where disaffected citizens took to the streets. February 25 was a "day of rage" in cities all over the country, and at least 20 people were killed nationwide.
The violence eased when the president, Nouri Al Maliki, called for ministers to reform within 100 days or face the sack. His threat has produced little change, but most of Iraqis outside Kurdistan are preoccupied by the imminent withdrawal of US troops and the chaos that might follow.
In Kurdistan, Mohammed Tofiq, a spokesman for Goran, the Change Movement, said the Kurds were angry about the regional government's corruption, nepotism and poor service. He said citizens were dismayed that the two largest Kurdish political parties monopolised the economy.
The Iraqi Kurdistan region is governed by a coalition of the Kurdistan Democratic Party (KDP) and the Patriotic Union of Kurdistan (PUK). Together they hold 59 of the regional parliament's 111 seats.
"The corruption and the mismanagement of the region is becoming a threat, so we have to change," Mr Tofiq said. He said foreign powers, such as the US, "don't give a damn about what happens here" because they want to portray Kurdistan as a stable democracy to justify the invasion of Iraq.
The first rally on February 17 began as a show of support for Egypt and Tunisia's revolutions. It was at a major junction in the city centre known as Sera Square. The protesters vented their frustration by swarming the nearby branch of the KDP. Witnesses say some of the crowd threw rocks at the building and the guards responded with gunfire, killing one protester.
Mr Tofiq said the KDP had few supporters in the city and its undercover agents incited the crowd to violence so troops would have an excuse to respond with force. He said the party wanted to show the population that it was not afraid to attack citizens in areas where it was weak, and thereby send a message to its strongholds in Erbil and Dohuk, "telling them that if we can fire at people in Sulaymaniyah, imagine what we will do to you".
Shirwan Hamid, a spokesman for the PUK, which has its headquarters in the city, said the crowd started the violence at an illegal demonstration. He said opposition parties - the Change Movement and two Islamist groups - used the citizens' grievances to try to seize power after failing to get a majority in the 2009 parliamentary election.
The Change Movement split from the PUK in 2006 "and now they want to take their revenge", he said.
Mohammed Hakim, the spokesman for another party that supported the protesters, the Kurdistan Islamic Group, denied that the opposition started the protests or used the situation for political gain.
"We don't have a reliable electricity grid or a water supply; we have problems with everything," Mr Hakim said. "We are with the people against

له درێژەی خۆپیشاندانەکاندا هەشت هاوڵاتی و دو ئەندامی هێزە ئەمنیەکان لە سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری کوژران. کوردستان تاکە هەرێم نەبو کە هاوڵاتیانی ناڕازی بڕژێنە سەر شەقام. 25ی شوبات رۆژی توڕەیی بو لە هەمو شارەکانی عێراقدا و بەلای کەمەوە 20کەس کوژران.

توندوتیژیەکان کەم بونەوە کاتێك نوری مالیکی داوای لە وەزیرەکان کرد کە لەماوەی سەد رۆژدا چاکسازی بکەن. ئەم داوایەی مالیکی گۆڕانکاریەکی کەمی بەرهەمهێنا، بەڵام زۆربەی عێراقیەکانی دەرەوەی کوردستان سەرقاڵی بیرکردنەوەن لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و ئەو پشێویەی دوای کە رەنگە بکەوێتەوە.

محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان لە کوردستان رایگەیاند خەڵکی کوردستان لە گەندەڵی و خزمخزمێنەی حکومەت و کەمی خزمەتگوزاری توڕەن و نیگەرانن لەوەی کە دو پارتە سیاسیە گەورەکەی کوردستان قۆرخی ئابوریان کردوە.

کوردستان لەلایەن هاوپەمانێتی یەکێتی بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانی و پارتی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بەڕێوەدەبرێت کە 59کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە لە کۆی 111کورسی.
محەمەد تۆفیق دەڵێت "گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن بوەتە مەترسیەکی گەورە لەهەرێمەکەدا بۆ دەبێت بیگۆڕین"، پێشی وایە هێزە دەرەکیەکانی وەکو ئەمەریکا گرنگی نادەن بەوەی چی رودەدات لە کوردستاندا چونکە ئەمەریکا دەیەوێت کوردستان وەکو هەرێمێکی ئارام پیشان بدەن وەك بەهان هێنانەوەیەك بۆ داگیرکردنی عێراق.
یەکەم کۆبونەوەی جەماوەری لە 17ی شوباتدا لە سەرای ئازادی بو بۆ پشتگیری کردنی خۆپیشاندانەکانی میسر و تونس سازکرا. خۆپیشاندەران ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە لقی 4ی پارتی دەربڕی و لەوێ کۆبونەوە، شایەتحاڵەکان دەڵێن هەندێك لە خۆپشاندەران بەردیان گرتۆتە ئەو بارەگایە و پاسەوانەکانیش بە تەقە وەڵامیان داونەتەوە کە بو بەهۆی کوژرانی خۆپشاندەرێك.

محەمەد تۆفیق وتی: پارتی لە سلێمانی لایەنگریان کەمە بۆیە لە رێگەی خەڵکانی خۆیانەوە بە نهێنی هانی خۆپیشاندەرانیاندا بۆ توندوتیژی بۆ ئەوەی ببێت بە بەهانەیەك بۆ وەڵامدانەوەی خەڵك بەهێز و بۆ ئەوەی بە خەڵکیش بڵێت کە پارتی لەو ناوچانەشی کە لاوازە سڵناکاتەوە لە پەلاماردانی خەڵك و پیشانی بدات بە خەڵك کە ئەگەر لە سلێمانی تەقە لە خەڵك بکات دەبێت لە هەولێر و دهۆك چی بکات کە ناوچەی دەسەڵاتی ئەوە؟.

شێروان حامید قسەکەرێك بە ناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بارەگای سەرەکیان لە سلێمانیە دەڵێت ئەو کۆبونەوانە کە توندوتیژی لێکەوتەوە لە کاتی خۆپیشاندانێکی نا قانونیدا بو.
وتیشی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان (گۆڕان و هەردو پارتە ئیسلامیەکە) توڕەیی خەڵکیان بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی 2009دا نەیانتوانی زۆرینە بە دەست بێنن.

شێروان حامید وتیشی: "گۆڕان لە ساڵی 2006لە یەکێتی جیابونەوە و ئێستاش دەیانەوێت تۆڵەی خۆیان بکەنەوە".
محەمەد حەکیم وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کە یەکێکە لەو حیزبانەی پشتگیری خۆپیشاندانیان کرد رەتی دەکاتەوە کە ئۆپۆزسیۆن خۆپیشاندانی دەستپێکردبێت یان بارودۆخەکەیان بۆ بەرژەوەندی سیاسی بەکارهێنابێت.

محەمەد حەکیم دەڵێت "کێشەمان لەگەڵ هەمو شت هەیە، تۆڕی کارەبای باشمان نیە و ئاوی تەواو نیە". راشیدەگەیەنێت کە ئەوان لەگەڵ خەڵکن لە دژی گەندەڵی و داواکردنی ئازادی.

corruption and in favour of freedom."
After a rally at Sera Square on February 19, about 25 activists gathered at a shisha cafe, Vino's Casino, to organise a prolonged campaign, said one of the attendees, a lawyer named Karwan Kamal. The protest committee included teachers, writers, students and businessmen.
"We were not politicians. We were just people with requests," Mr Kamal said. Their demands included an end to corruption, the release of detained protesters, justice for the victims' families, an end to harassment of protesters and the withdrawal of the KDP and the PUK militias - the Peshmerga - from cities. The committee collected money from demonstrators and published a daily newsletter. On March 5, the group set up camp in Sera Square and played films to entertain about 500 people who intended to stay the night.
About 2am, masked security forces broke up the crowd with batons, Mr Kamal said. "People were panicking, running away from the square, and they arrested about 40 people."
As soon as the tents were evacuated, authorities set them alight, he said. Nonetheless, the protesters soon returned.
Masrour Barzani, a leading member of the KDP and son of the president, said the protests were in a "very limited area". He said the three opposition parties leading the protest collectively had more than 500,000 votes "but not even their own supporters came to the streets to support their way of raising their demands".
The government had responded to the protesters' demands by negotiating with the political parties, he said. The regional government had been "very responsive", he said.
"I don't think that anybody could deny that there is a certain level of corruption in Kurdistan, and I'm sure it's everywhere else too. I think, in some cases, it's highly exaggerated."
Daily rallies centred on Sera Square continued, where Rebin Hardi, a well-known author, regularly addressed the crowd.
He said he told them: "If you want to make a basic change in society, you have to make it peacefully, because if we change it by force we will be like them."
By April 19, security forces had regained control of Sera Square and the provincial governorate had banned unlicensed demonstrations, effectively snuffing out the protests.
On the same day, Mr Hardi was to speak at a rally in front of the court to demand justice for the victims. When he arrived, he was bundled into a bus with three other men and driven to a detention centre. He said he was severely beaten, showing pictures taken afterwards of his bruised arm, leg and face.
Mr Hardi was released later that day, but he is still defiant.
"The protesters sent a clear message to the

کاروان کەماڵی پارێزەر دەڵێت دوای کۆبونەوە جەماوەریەکەی 19ی شوبات، نزیکەی 25 چالاکوان لە کافتریای ڤینۆس کۆبونەوە بۆ پێکهێنانی کەمپەینێك و کۆمیتەی خۆپیشاندان پارێزەر و نوسەر و خوێندکار و بازرگانیشی لەخۆ گرتبو، ئێمە سیاسی نەبوین تەنها کۆمەڵێك خەڵك بوین کە داوامان هەبو، دواکانمان بریتی بو لە کۆتایی هێنان بە گەندەڵی و ئازادکردنی گیراوەکانی خۆپیشاندانەکان و دادپەروەری بۆ کەسوکاری قوربانیەکان دەستەبەربکرێت و کۆتایهێنان بە سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و کشانەوەی میلیشیاکانی یەکێتی و پارتی لە شارەکاندا.

ئەو کۆمیتەیە لە خۆپیشاندەران پارەی کۆدەکردەوە و رۆژنامەیەکی رۆژانەی بڵاوەدەکردەوە و لە رۆژی 3/5دا کۆمیتەکە کەمپێکیان لە سەرا دروست کرد و تەماشای فیلمیان دەکرد تا درەنگانێکی شەو، بەڵام لە نزیك سەعات 2ی شەودا کۆمەڵێك هێزی ئەمنی دەمامکدار بڵاوەیان بە خەڵکەکە کرد، کاروان کەمالیش دەڵێت خەڵکەکە رایان کرد بەڵام نزیکەی 40کەسیان لێ دەستگیرکردن.
بەڵام هەر دوای شێواندنی خێمەکان و سوتاندیان لەلایەن دەسەڵاتەوە، یەکسەر خۆپیشاندەران گەڕانەوە.

مەسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرتی کوردستان و کوڕی سەرۆکی هەرێم دەڵێت "خۆپیشاندان لە ناوچەیەکی زۆر سنوردار بو" و دەشڵێت سێ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکە کە سەرکردایەتی خۆپیشاندانیان دەکرد زیاتر لە 500 هەزار لایەنگریان هەیە کەچی لایەنگرەکانی خۆشیان نەهاتنە سەر شەقام بۆ بەشداریکردنیان لەو شێوازی داواکردنەدا. وتیشی حکومەتی هەرێم بە دانوستان لەگەڵ حیزبە سیاسیەکاندا وەڵامی داوای خۆپیشاندەرانی دایەوە و حکومەت وەڵامدەرەوە بوە بۆ خەڵك.

مەسرور بارزانی دەڵێت "کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات کە رادەیەك لە گەندەڵی لە کوردستاندا هەیە و دڵنیاشم لە هەمو شوێنێکی تریش هەیە و پێشم وایە کە موبالەغە کراوە لەوبارەیەوە".
خۆپیشاندانی رۆژانە لە سەرای ئازادی بەردەوام بو بە ئامادەبونی رێبین هەردی نوسەری بەناوبانگ.

رێبین هەردی دەڵێت بە خەڵکم وتوە "ئەگەر دەتانەوێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا بکەن پێویستە بە ئاشتیانە بیکەن چونکە ئەگەر بە زەبری هێز بیکەین ئەوا ئێمەش وەکو ئەوان دەبین".

لە 4/19دا هێزە ئەمنیەکان سەرایان کۆنترۆڵ کرد و پارێزگای سلێمانی هەمو خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەتی قەدەغە کرد،ە لەهەمان رۆژدا رێبین هەردی دەبو لە بەردەم دادگای سلێمانی قسە بۆ جەماوەری کۆبوەوە بکات بۆ داواکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیەکان. هەر کە گەیشتە ئەوێ یەکسەر لەگەڵ سێ کەسی تر دەستگیرکران و خرانە پاسێکەوە و بران بۆ زیندان.

رێبین هەردی دەڵێت زۆریان لێداوە و وێنەکانیشی پیشاندا کە دەست و رویان بریندار کردوە. لەهەمان رۆژدا ئازاد کرا بەڵام هێشتا لە مەترسیدایە.

رێبین هەردی دەڵێت "خۆپیشاندەران نامەیەکی ئاشکرایان ئاراستەی دەسەڵات کرد، کاتێك ئێمە نوسەران و رۆژنامەنوسان لە رابرودا قسەمان دەکرد تاك تاکە بو بەڵام ئێستا کۆمەڵێکی زۆر خەڵك بەرەیەکیان لە دژی گەندەڵی دروست کردوە".
سەرچاوە: رۆژنامەی ناشناڵ

| | |
|---|---|
| authorities. When we, writers and journalists, spoke out in the past, it was one by one.<br>"Now many people have made an alliance against corruption," he said. | |
| **Text 37** | |
| **ST** | **TT** |
| **Silenced Kurdish storytellers sing again**<br><br>**Constanze Letsch in Diyarbakir**<br><br>Dengbêj disappeared following the criminalisation of the Kurdish language after the 1980 military coup but have re-emerged<br><br>Dengbêj in Diyarbakir. The tradition stretches back to pre-Islamic times. Photograph: Constanze Letsch for the Guardian<br><br>It is one of the few places in Turkey where neither blasting pop music nor flatscreen televisions entertain visitors: in the House of Dengbêj, the professional reciters of epics have gathered. One singer, his hand cupped behind his ear, recites a love story in song, unaccompanied by musical instruments.<br>"I am the nightingale of Diyarbakir," says 80-year-old Seyithan Simsek, who has been a dengbêj, or epic singer, since he was aged seven. "But the art of the dengbêj was started by women. When a family member fell ill or was killed, and their pain was too much to bear, they started singing."<br>The dengbêj tradition reaches back to pre-Islamic times, but Simsek remembers whole villages gathering around him, eagerly listening to his songs. "Nobody would sleep. After dinner I started to sing, and I would not stop until the break of dawn."<br>With the arrival of radio, television and the computer, interest in the tales of the dengbêj diminished. Criminalisation of the Kurdish language after the military coup of 1980 finally silenced the storytellers, and many songs were lost.<br>"Not a single cassette was saved from the fascist period of [coup leader] Kenan Evren," one dengbêj says. "Every recording they found was burned or broken and buried, and the people they had found them with were beaten and arrested."<br>Ramzi Mutlu, a regular visitor though not a dengbêj, recalls: "They found a cassette in my house, one little cassette. It contained two or three songs in Kurdish. Because of it, I was tortured for two days and then went to jail for four months."<br>When in 1991 Turgut Özal legalised the use of Kurdish in recording and publishing, the dengbêj started to re-emerge. The Diyarbakir municipality inaugurated the House of Dengbêj in 2007; according to the singers there, it is the only one in the Kurdish region.<br>Not everyone believes the dengbêj are now free: "We are allowed to sing, but only the songs the government likes to hear," says one singer. Among | **حیكایەتخوانە كوردە بێدەنگكراوەكان جارێكی تر گۆرانی ئەچڕن**<br>لە پاش كودەتا سەبازیەكەی ساڵی 1980 دەنگبێژەكان لەبەرچاو ونبون، بەڵام ئێستا جارێكیتر دەركەوتونەتەوە<br>كۆنستانزە لێتچ لە دیاربەكر<br>وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: كاوە قەرەداخی<br><br>ئەمە یەكێكە لەو چەند شوێنە كەمەی لە توركیادا كە نە باهۆزی مۆسیقای پۆپ میوانەكانی كەیفساز دەكات و نە تەلەفیزیۆنی شاشە فلات لە خانەی دەنگبێژاندا داستانخوێنە شارەزاكان ( پرۆفیشناڵەكان) كۆبونەتەوە. یەكێك لە گۆرانیبێژەكان، دەستی لەبن گوێچكەی داناوە و بەبێ ئامێرەكانی مۆسیقا بە گۆرانی چیرۆكێكی ئەویندار ی دەخوێنێت.<br>"من بولبولی دیاربەكرم،" سەیزان سیمسك ی تەمەن 80 ساڵ وا دەڵێت، ئەو پیاوەی كە لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە دەنگبێژ یاخود گۆرانیبێژی داستانەكان بوە. " هونەری دەنگبێژی، لەلایەن ژنانەوە سەریهەڵداوە. كاتێ ئەندامێكی خێزان نەخۆش كەوتبێت یاخود كوژرابێت، و ئێش و ئازارەكەیان ئەوەندە زۆر بوبێت كە نەیانتوانیبێت بەرگەی بگرن، ئەوان هاتون دەستیانكردوە بەگۆرانی وتن ) لاواندنەوە: وەرگێر".(<br>نەریتی دەنگبێژی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، بەڵام سیمسك یادی دێت كە هەمو خەڵكی گوندەكە لە دەوری ئەو خڕدەبونەوە و بە پەرۆشەوە گویان بۆ گۆرانیەكانی دەگرت. "كەس نەدەخەوت، لەپاش خوانی ئێوارە من دەستم بە گۆرانی وتن دەكرد و هەتا بەری بەیان رانەدەوەستام".<br>لەپاش گەیشتنی رادیۆ و تەلەفیزیۆن و كۆمپیوتەر، ئارەزوی گوێگرتن لە حیكایەت و دەنگبێژان كەمبویەوە. لە كۆتاییدا بەتاوانكردنی زمانی كوردی لە پاش كودەتا سەربازییەكەی ساڵی 1980 حیكایەتخوانانی بێدەنگكرد. و گەلێك گۆرانیش لەناوچون.<br>"لە سەردەمی فاشیزمی كەنعان ئێفرن (رابەری كودەتاكە)دا یەك كاسێتیش نەپارێزرا." دەنگبێژێك وادەڵێت. " هەرتۆمارێكیان بدۆزیایەتەوە دەیان سوتان یاخود دەیانشكاند و دەیان كرد بەژێر خۆڵەوە، هەروەها ئەو كەسانەش كە لەلایان دەدۆزرایەوە لێیان دەدراو دەستگیردەكران".<br>رەمزی موتلو، یەكێك لە میوانە هەمیشەییەكان كە خۆی دەنگبێژنیە، لە یادێتی: " ئەوان كاسێتێكیان لە ماڵەكەمدا دۆزیەوە، یەك كاسێتی بچوك كە دو یاخود سێ گۆرانی كوردی تێدابو. بەهۆی ئەوەوە، بۆ ماوەی دو رۆژ ئەشكەنجەیان دام و دوای ئەوەش بۆ ماوەی چوار مانگ زیندانیكرام".<br>كاتێك كە توركێت ئۆزال لە ساڵی 1991دا بەكارهێنانی زمانی كوردی لە تۆماركردن و بڵاوكردنەوەدا یاساییكرد، دەنگبێژی جارێكیتر سەرهەڵدایەوە. لە ساڵی2007 دا ئەنجومەنی شارەوانی دیاربەكر خانەی دەنگبێژی كردەوە؛ بە گوێرەی وتەی گۆرانیبێژەكانی ئەوێ، ئەوە تەنها دانەیە لە هەرێمی كوردنیشندا.<br>هەمو كەسێك لەوباوەڕەدا نیە كە دەنگبێژ ئێستا ئازادبێت، "ئێمە رێگەمان پێدەدرێت كە گۆرانی بڵێین بەڵام تەنها ئەو گۆرانیانەی كە حكومەت حەز بە بیستنیان دەكات،" یەكێك لە گۆرانیبێژەكان وادەڵێت. لەناوخۆیاندا، هەندێ جار گۆرانی بە تێكۆشانی كورددا دەڵێن، بەڵام هەرگیز لەسەر تەلەفیزیۆن و تەختەی شانۆ نایڵێن. " تۆ بۆت هەیە گۆرانی دەربارەی ئەویندار ی بڵێیت، بەڵام دەربارەی سیاسەت نا. بەڵام كرۆكی هونەری دەنگبێژی دەبێت ئەوەبێت كە هەمو سوێ و پەژارە و نیگەرانیەكانی خەڵكی كورد دەربڕێت". |

| | |
|---|---|
| themselves, they sometimes sing about the Kurdish struggle, but never on TV or on stage. "You are allowed to sing about love, but not about politics. But the essence of the art of dengbêj is supposed to express all the sorrows and the worries of the Kurdish people."<br>Dengbêj do not receive a salary, but the municipality provides them with a free lunch and a bus ticket to the city centre, and the local Gün TV station pays a small fee for appearances. Hundreds of ballads and epics are npw gathered in a digital archive, and Kurds of all factions have started to take a more active interest in the singers, formerly dismissed as part of a feudal past.<br>Simsek thinks it is good there is a house where the dengbêj can freely gather and sing again, and says political pressure has decreased. With the Kurdish issue still unresolved, and with violence and political arrests on the rise, there remains much to be sung about. | دەنگبێژ موچە وەرناگرێت، بەڵام شارەوانی ژەمە نانخواردنی نیوەڕۆ و پسولەی سواربونی پاسیان بۆ ناوشار بە خۆڕایی دەداتێ. هەروەها وێستگەی گیول تیڤی ناوخۆییش مزێکی کەمیان دەداتێ بۆدەرکەوتن لە شاشەدا. ئێستا سەدان هەڵبەست و داستان لە ئەرشیفی ژمارەیی (دیجیتاڵ)دا کۆکراوەتەوە، کوردەکان لە هەمو دەستە و تاقمەکان دەستیانکردوە بەوەی کە گرنگی زیاتربدەن بە گۆرانیبێژەکان، هەرچەندە جاران وەك بەشێك لە رابردوی دەرەبەگایەتی رەتدەکرایەوە.<br>سیمسك پێیوایە کە ئەوە شتێکی باشە کە خانەیەك هەیە و دەنگبێژەکان بە ئازادی تێیدا کۆدەبنەوە و جارێکیتر گۆرانی دەڵێن، هەروەها دەڵێت فشاری سیاسی کەمبۆتەوە. لەکاتێکدا کە دۆزی کورد جارێ چارەسەرنەکراوە و توندوتیژی و گرتنی سیاسی لە زیادبوندایە، بۆیە گەلێك شت دەمێنێت کە گۆرانی دەربارەی بگوترێت.<br>سەرچاوە: guardian |
| **Text 38** | |
| **ST** | **TT** |
| **Why do people set themselves on fire?**<br>**By Kathryn Westcott BBC News**<br>Mohamed Bouazizi's mother and sister Leila (right) visited President Ben Ali at the end of December<br>Self-immolation is a rare form of political protest, but in the past few days a number of incidents of men setting themselves alight have been reported in North African countries - Algeria, Egypt and Mauritania.<br>These reports come in the wake of the self-immolation of 26-year-old Mohamed Bouazizi in Tunisia in December<br>The fact that his protest against local authorities helped set off a popular revolt has prompted commentators to ask whether the incidents in the other countries, although isolated, were inspired by the Tunisian event and whether the protesters were aiming to set off a similar chain of events in their nations.<br>In Cairo on Monday, one man set himself alight outside the parliament building, while another set himself on fire in front of the presidential palace in Mauritania.<br>On Tuesday, it was reported that a second man had set himself on fire in Egypt, and up to seven men had either tried to or succeeded in setting fire to themselves in different towns across Algeria over a period of a few days, with one reported fatality.<br>Middle East commentator Blake Hounshell writing for Foreign Policy.com raised the prospect of a "new trend".<br>"There is something horrifying and, in a way, moving about these suicide attempts. It's a shocking, desperate tactic that instantly attracts attention, revulsion, but also sympathy."<br>Parallels<br>Clearly the self-immolation of Mohamed Bouazizi has resonated across the region. | **بۆچیناڕازییە سیاسییەکان خۆیان دەسووتێنن؟**<br>و/ ئارام مەحمود ئەحمەد<br>خۆسووتاندن ڕووخسارێکی نایابی ناڕازیبوونی سیاسییە.<br>لەم ڕۆژانەی دواییدا چەند کەسێك لە تونس و جەزائیر و مۆریتانیا و میسر ئاگریان لە خۆیان بەرداوە ئەم ڕووداوانەش دوای ئەوە هاتن کە "محەمەد بوعەزیزی" گەنجێکی تەمەن 26 ساڵی تونسیی لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ڕابوردوودا خۆی سووتاند.<br><br>ئەم خۆکوژیەی "بوعەزیزی" کە بوو بە سەرچاوەی ڕاپەڕینی گشتی تونس چاودێرانی ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە کردۆتەوە، ئایا خۆسووتاندنەکانی وڵاتانی هاوسێش بەهۆی کاریگەری ئەم ڕووداوەوە بووە؟ ئایا ئەم ناڕازیانە کە خۆیان کردە قوربانی مەبەستیان هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی هاوشێوە بوو لە وڵاتەکانیان؟<br><br>لەم زنجیرە ڕووداوانەدا پیاوێك لە قاهیرە بەرامبەر تەلاری پەرلەمانی میسر خۆی سووتاند هەروەها پیاوێکی تر بەرامبەر تەلاری سەرۆکایەتی کۆماری مۆریتانیا خۆی سووتاند و دوای ئەوە هاوڵاتیەکی تری میسر خۆی سووتاند و لە شارە جیا جیاکانی جەزائیریش لەم چەند ڕۆژەی دواییدا حەوت کەس خۆیان سووتاندووە یان هەوڵیانداوە خۆیان بسووتێنن و ڕاگەیانراوە کە یەکێك لەو خۆسووتێنەرانە کوژراوە.<br><br>بەپێی نووسینی "بلیك هوشنل" شیکاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، "ڕەوەندێکی نوێ" دەستی پێکردووە.<br><br>لە درێژەدا دەڵێت ئەم خۆکوژیانە تاکتیکی وروژێنەرن و بە خێرایی سەرنج و هاودەردی جیهانیان ڕادەکێشن.<br><br>گومانی تێدا نییە کە هەموو جیهان هەستی بە ڕووداوی خۆسووتاندنی "محەمەد بوعەزیزی" کرد و جیهانی هەژاند.<br><br>"حسام الهمالوی" ماڵپەرنووسی میسریی بە BBC وت هاوڵاتیان بارودۆخی سیاسی تونس لەگەڵ هەلومەرجی خۆیاندا بەراورد دەکەن.<br><br>هەروەها لە درێژەدا دەڵێت: "هاوڵاتیانی میسر بە وردی |

Egyptian blogger Hossam el-Hamalawy told the BBC that people had been comparing the Tunisian political situation with their own.

"There is great interest. The Egyptian people and the Egyptian public have been following the events in Tunisia with so much joy, since they can draw parallels between the Tunisian situation and their own," he said.

Speaking on Monday after the initial incident in Egypt, Mr el-Hamalawy said the government would try to paint the attempted suicide as an isolated political act by a mentally unstable individual.

Self-immolation as a public protest is rare in the Muslim world, says Dr Michael Biggs, a lecturer at the department of sociology at the University of Oxford, who has researched self-immolation as a political protest.

The few exceptions include a wave of self-immolations by Kurds in the late 1990s, but these took place in Europe rather than on their home territory.

According to Dr Biggs, over the past few decades, hundreds of people have sacrificed their lives in this kind of protest, including Vietnamese Buddhists, Lithuanian nationalists, South Korean leftists, upper-caste Indian students and Kurdish nationalists in Western Europe.

But he says it is "new in this part of the world".

Dr Biggs says that, in recent times, a more reported method of people sacrificing their lives in the Muslim world has been suicide bombings.

John L Esposito, professor of religion and international affairs and of Islamic studies at Georgetown University and author of the Future of Islam, says Arab countries are witnessing a new phenomenon.

"Historically for Muslims, the act of suicide has always been seen as wrong - in the same way that it has for Christians. But what is happening at the moment has taken on a type of different symbolism," he says.

Mohamed Bouazizi's act was being seen as a new expression of resistance.

"The situation for youths in these countries is depressing; the level of loss of sense of purpose is stunning.

"What we have seen in these parts are movements towards different forms of resistance, transcending the traditional cultural and religious norms."

Prof Esposito says that even some Islamic scholars will argue that such acts will not necessarily be seen as simply the taking of a life, but as a demonstration of protest against social injustice.

"The sense of social justice is strongly rooted in the Koran," he says.

Because Islam prohibits the cremation of bodies, the idea of people setting themselves on fire is all the more shocking.

The spectacle of a violent death in a public place can also have an enormous impact.

چاودێری و بەدواداچوون دەکەن بۆ ڕووداوەکانی تونس، چونکە لێکچوونی زۆر دەبینن لە نێوان خۆیان و هاوڵاتیانی تونسدا".

شایانی باسە ئەم وتانەی "الهمالوی" دوای یەکەم خۆسووتاندن لە میسر دێن و لە درێژەدا وتی حکومەتی ئەم وڵاتە هەوڵیداوە ئەم ڕووداوە وەکو ڕووداوێکی دەروونیی لێکبداتەوە.

دکتۆر مایکڵ بیگز مامۆستای کۆمەڵناسی زانکۆی ئۆکسفۆرد کە لەبارەی نارەزایەتیە سیاسییەکانەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە دەڵێت لە جیهانی ئیسلامدا زۆر بەکەمی شۆڕشی سیاسی بەشێوەی خۆکوژیی دەردەکەوێت.

بە وتەی ئەو خۆکوژیی کوردەکان لە کۆتاییساڵی 1990دا لە ئەوروپا شێوازێکی تایبەتی بوو.

بە وتەی دکتۆر بیگز لە ماوەی چەند دەیەی ڕابوردوودا سەدان کەس لە جیهاندا بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان قوربانی کردووە.

ئەمەش بودایيە ڤێتنامیەکان و ناسیۆنالیستەکانی لیتوانیا و چەپەکانی کۆریای باشوور و خوێندکارانی خوێندنی باڵای سیستمی "کاست"ی هیندستان و ناسیۆنالیستە کوردەکان لە ئەوروپا دەگرێتەوە، بەڵام ئەو دەڵێت ئەمە ڕەوەندێکی نوێیە لە جیهانی ئیسلامدا.

دکتۆر بیگز درێژەی پێدەدا و دەڵێت لەم ساڵانەی دواییدا خۆتەقاندنەوە شێوازێك بووە کە زۆربەی مسوڵمانان بۆ ئەوەی خۆیان بکەنە قوربانی سوودیان لێبینیوە.

"جۆن سپۆزیتۆ" مامۆستای ئیسلامناس و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە زانکۆی جۆرج تاون و نووسەری کتێبی "چارەنووسی ئیسلام" دەڵێت وڵاتانی عەرەبی شایەتی دەرکەوتەیەکی نوێن: "مسوڵمانان هاوشێوەی مەسیحییەکان بەشێوەیەکی مێژوویی بە کارێکی هەڵە لە خۆکوژیی دەڕوانن، بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوویداوە سومبولێکی جیاوازە".

محەمەد بوعەزیزی وەك سومبولێکی بەرگری دەبینرێت. بە وتەی "سپۆزیتۆ" بارودۆخی گەنجان لەم وڵاتانەدا زۆر ناخۆشە.

هەستی بێ سوودی و داماوی باڵی کێشاوە بەسەریاندا".

پرۆفیسۆر سپۆزیتۆ درێژەی پێدەدا و دەڵێت ژمارەیەك زانای ئیسلامیش ئەمکارە بە خۆکوژی نازانن، بەڵکو بە نارازیبوونی دەزانن بەرامبەر نایەکسانی کۆمەڵایەتی، چونکە "یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری ڕەگی قوڵی لە قورئاندا هەیە".

ئەوەی کە مایەی سەرسوڕمانە لە دەرکەوتنی خۆسووتاندندا ئەوەیە لە ئیسلامدا سووتاندنی جەستەش حەرامە.
مردنی بە ئازار لەبەرچاوی ڕای گشتی کاریگەری قوڵی هەیە.

بە وتەی دکتۆر بیگز: "ئەمە کارێکی سیاسی سەرچاوە گرتووە لە بێ دەسەڵاتیەوە و لە هەمانکاتیشدا زۆر کاریگەرە، چونکە تاکەکان دەبێ ناچاربن و بەرێژەیەك لە نایەکسانی و لە نادادپەروەری بێزاربن کە ناچاریان بکات بەمکارە هەستن".

خودی چیرۆکی بوعەزیزی پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە میسۆلۆجی وڵاتەکەیدا.

لەیلا بوعەزیزی لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ بی بی سی وتی: "براکەم زیندووە و لەگەڵ ئێمەدایە.

"It is a desperate political act but also a very effective one. For someone to do this, they are very committed, the injustices are so serious that it is a credible signal of how bad things really are," says Dr Biggs.

Mohamed Bouazizi's own story is likely to have a significant place in the mythology of his country.

"My brother is alive in all of us. He offered us so much, he opened many doors for us because we can smell democracy and freedom now," his sister Leila Bouazizi told the BBC Arabic service in an interview.

While there is no direct evidence that events in Tunisia triggered those in Algeria, Egypt and Mauritania, Dr Biggs says that, historically, such acts have often been clustered.

Monk's protest

Dr Biggs says the act of self-immolation as a symbol of resistance really began with the Vietnam War.

Photographer Malcolm Browne's picture of an elderly Buddhist monk, Thich Quang Duc, engulfed in flames as he burned himself to death in Saigon in 1963, has become one of the iconic images of the war.

The initial self-immolation triggered a number of other such incidents by other monks, as well as self-immolations as far away as the US.

In 1965, Alice Herz, an 82-year-old pacifist, immolated herself on a Detroit street corner in an act of protest against the Vietnam War. This was followed by the suicide of Norman Morrison, who set fire to himself on the steps of the Pentagon.

"Herz and Morrison were not simply borrowing a form of protest that originated in Vietnam; they were deliberately re-enacting the fiery deaths of Buddhist monks in order to make the tragedy more immediate for the American public," says Dr Biggs.

And in 1969, a young university student named Jan Palach initiated the use of this form of protest against the Soviet Union, in an act of self-immolation in Wenceslas Square in Prague. Palach became a legend almost overnight and still has a significant place in Czech mythology.

A small wave of similar protests occurred elsewhere in communist Eastern Europe.

Death by fire as a form of protest is more prevalent in some countries, such as India, where it is relatively more common. In 1990, there was a massive wave of such suicides against affirmative action for lower-caste quotas.

Generally the response to such acts is one of horror but it is an act that also elicits sympathy, says Dr Biggs.

In many cases, he argues that "those rare individuals who were prepared to die for a collective cause knew that this sacrifice could have a tremendous impact".

In others, however, those who carry out this very personal form of protest can have little notion of what chain of events will follow.

ئەو زۆر دەرگای کردەوە، چونکە ئێستا ئێمە دەتوانین بۆنی دیموکراتی و ئازادی بکەین".

بەڵگەیەکی ڕوون لەبەردەستدا نییە کە نیشانی بدات ڕووداوەکانی جەزائیر و میسر و مۆریتانیا پەیوەنیدیان هەیە بە ڕووداوەکانی تونسەوە، بەڵام دکتۆر بیگز دەڵێت بەشێوەی مێژووییانە ئەم ڕووداوانە بەیەکەوە گرێدراون.

ناڕەزایی قەشە

دکتۆر بیگز دەڵێت خۆسووتاندن وەکو سومبولی بەرگری لە شەڕی ڤێتنامەوە دەستی پێکرد.

وێنەی قەشەیەکی بودایی کە لەلایەن "مالکۆم براون"ەوە گیراوە ساڵی 1963 لە سایگۆن لە کاتێکدا کە ئاگر هەموو جەستەی داگیرکردووە و سووتاندوویەتی، ئەمە ببوو بە دروشمی ئەم شەڕە.

ئەم خۆسووتاندنە بوو بە بڵێسەی خۆسووتاندنی ژمارەیەك قەشە و چەند ڕووداوێکی هاوشێوەی تر لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا لەوانەش ئەمریکا.

"ئالیس هێرتز" ئاشتیخوازی تەمەن 82 ساڵ لە ساڵی 1965دا وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر شەڕی ڤێتنام لە شەقامێکی شاری دیترۆیت ئاگری لە خۆی بەردا و دوای ئەوە "نۆرمەن مۆریسۆن" خۆی لەسەر پێ پلیکانەکانی پێنتاگۆن سووتاند.

دکتۆر بیگز دەڵێت: "هێرتز و مۆریسۆن شێوازی ناڕەزایەتی ڤێتنامیان دووبارە نەکردەوە، بەڵکو بە وریاییەوە وێنەی مەرگی ئاگراوی قەشە بوداییەکەیان دروستکردەوە بۆ ئەوەی ئەمجارە ئەم تراژیدیایە بخەنە بەرچاوی ڕای گشتی ئەمریکا".

ساڵی 1969 گەنجێك بە ناوی "یان پالاخ" بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر یەکێتی سۆڤێتی جاران لە مەیدانی "ڤاتسلاو سکە"ی "پراگ" خۆی سووتاند.

پالاخ بوو بەشێوە ئەفسانەیەکی بێهاوتا لە میسۆلۆجی "چیك"دا. دوای ئەوە شەپۆلێکی بچووك لە ناڕەزایەتیە هاوشێوەکان لە هەموو وڵاتە کۆمۆنیستیەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا دەستی پێکرد.

مردن بەهۆی ئاگرەوە وەکو دەربڕینی شێوازی ناڕەزایەتی لە وڵاتانی تری وەکو هیندستان بەربڵاوترە.

ساڵی 1990 شەپۆلێکی گەورە لەمجۆرە خۆکوژییە وەکو نیشانەیەك دژی پێشکەشکردنی بەشە ئیداری تایبەت بە چینەکانی لە "کاست" کەمتر بەڕێوەچوو.

دکتۆر بیگز دەڵێت هەڵوێست بەرامبەر ئەمجۆرە مردنە ترس و هاودەردیە.

لە درێژەشدا دەڵێت لە زۆربەی ئەم بارانەدا "کەسانی تایبەت کە خۆیان بۆ مردن لە پێناوی ئارمانێکی گشتیدا ئامادە دەکرد دەیانزانی ئەم خۆقوربانیکردنە کاریگەری قوڵ بە جێدێڵێت"، بەڵام بۆ کەسانێکی تر کە پەنا دەبەنە بەر ئەم شێوازە زۆر تایبەتیەی ناڕازی بوون، بەلایانەوە گرنگ نییە چ کاریگەرییەکی دەبێت.

**Text 39**

| ST | TT |
|---|---|
| **Iraq's Kurds satisfied with autonomy, premier says**<br>Iraqi Kurds are committed to preserving their country's borders despite their longtime yearning for an independent state, a leader of Iraq's autonomous Kurdish region told The Washington Times.<br>"You can never say never, and every Kurd deep down yearns for independence," said Barham Salih, prime minister of the Kurdistan Regional Government (KRG). "But I live in that neighborhood. The reality of politics, the reality of the region has certain obligations on one as you make your decisions.<br>"I genuinely believe that a democratic, federal Iraq may well represent a very viable option for the Kurds of Iraq," he said. "So far, we have proven that to be the case."<br>Mr. Salih, who met Tuesday with Vice President Joseph R. Biden, said the Kurds have shown they are more concerned with Iraq's stability and survival "than many of their Arab compatriots who are fighting it out over power in Baghdad."<br>The Kurdish leader was referring to the political struggle between Iraqi Prime Minister Nouri al-Maliki, a Shiite, and the Sunni-dominated bloc led by former prime minister Ayad Allawi.<br>"Should Iraq be dismembered, I can say that it won't be the Kurds who will be the agents of division," Mr. Salih said, vowing that the Kurds would not seek independence "so long as the constitution of Iraq is respected."<br>Iraqi Kurds compose about one-fifth of the country's 30.4 million people and are concentrated in its three northernmost, oil-rich provinces. They have enjoyed autonomy since the imposition of no-fly zones after the 1991 Persian Gulf War.<br>After Saddam Hussein's ouster, Kurdish politicians became power brokers in the central government as well, occupying the presidency and key ministries.<br>Questions about Iraq's future as a democracy and a single state have abounded since President Obama's announcement last month that the U.S. would withdraw all its troops by the end of the year.<br>Mr. Salih and other Kurdish leaders had supported a long-term U.S. military presence in Iraq, seeing it as a check against the central government and Kurdistan's meddlesome neighbors.<br>"Undeniably, we are concerned - and we must be concerned - about the new face [of Iraq] in the aftermarth of American redeployment from Iraq," he said, noting that Iraqi Kurds had benefited from U.S. military engagement during the past two decades.<br>But Mr. Salish said he hopes to find a "silver lining" in the situation. "The Kurd in me obliges me to be an optimist," he said.<br>Mr. Salih said the U.S. has a "range of policy tools" in the diplomatic, economic and cultural spheres to broaden its engagement with Iraq and with the KRG after the withdrawal of troops. | **د. بەرهەم ساڵح: هەموو کوردێك ئاواتی سەربەخۆییە**<br>خەندان- دانا تەیب<br>د. بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (واشنتۆن تایمز) ی ئەمریکی جەختیکردەوە سەرەڕای ئەوەی هەموو کوردێك ئاواتی سەربەخۆییە، تا ئێستا عیراقێکی دیمۆکراتی و فیدراڵی بژاردەیەکی زۆر پراکتیکیە بۆ هەرێمی کوردستان.<br>د. بەرهەم بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند:" هەموو کوردێك بە قووڵی ئاواتی سەربەخۆییە، بەڵام من لەو ناوچەیە دەژیم. لە کاتێکدا تۆ بڕیاردەدەیت واقعیەتی سیاسەت و ڕاستیەکانی ناوچەکە چەند داواکاریەکت بەسەردا دەسەپێنن."<br><br>ڕونیشیکردەوە:" من بەڕاستی پێموایە عیراقێکی دیمۆکراتی و فیدراڵی ڕەنگە بژاردەیەکی زۆر پراکتیکی بێت بۆ کوردەکانی عیراق، تائێستا ئێمە سەلماندومانە ئەوە بژاردەی ئێمەیە."<br><br>د. بەرهەم کە ڕۆژی سێشەممە لەگەڵ جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا-دا کۆبۆوە تەئکیدی کردەوە:" کورد زیاتر لە هاونیشتمانیانی عەرەب ، کە لەسەر دەسەڵات لە بەغدا شەڕیانە، نیگەرانی سەقامگیری عیراقن.<br><br>د. بەرهەم ئاشکرایکرد:" ئەگەر عیراق پارچە پارچەبێت، دەتوانم بڵێم کە کورد هۆکار و ئامرازی ئەو دابەشکردنە نابن" و جەختیکردەوە "هەتا دەستووری عیراق ڕێزی لێبگیرێت" کورد سەربەخۆیی ناوێت.<br><br>بەگوێرەی ڕۆژنامەکە کوردی عیراق لەکۆی (30.4) ملیۆن خەڵك پێنج یەکی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن و لە کاتی سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین لە ساڵی 1991 دا سەربەخۆیی خۆیان هەیە، و دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، سیاسەتمەدانی کورد کاریگەریان هەبووە لە دەسەڵاتی ناوەندی و سەرۆکایەتی و چەند وەزارەتێکی گرنگیان گرتۆتەدەست.<br>دوای ئەوەی مانگی ڕابردوو باراك ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، ڕایگەیاند تا کۆتایی ئەمساڵ هەموو هێزەکانی ئەو وڵاتە لە عیراق دەکشێنەوە، چەندین پرسیار لە بارەی داهاتووی عیراق وەکو وڵاتێکی یەکپارچە و دیمۆکراتی سەریهەڵداوە.<br><br>لەو بارەیەوە د. بەرهەم بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند:" بەدڵنیاییەوە ئێمە نیگەرانین، و پێویستیشە ئێمە نیگەرانبین، لەبارەی قۆناغی نوێی عیراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا" و ئاماژەیکردووە بەوەی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کوردەکان سوودیان بینیوە لە بوونی سەربازی ئەمریکی لە عیراقدا، و هاوکات ڕایگەیاندووە:" کوردبوونم واملێدەکات گەشبینبم."<br><br>د. بەرهەم وتیشی ئەمریکا چەند ئامرازێکی سیاسی هەیە لە بوارەکانی دیپلۆماسی و کلتوریدا کە دەتوانێت لەو ڕێگایانەوە دوای کشانەوە ئامادەیی و چالاکی خۆی لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا فراوانتربکات.<br>لەو بارەیەوە ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:" لە مانگی تەممووزدا حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێك لە ئامانجە درێژخایەنەکانی بەدەستهێنا ئەویش بریتیە لە کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بەڕێز د. بەرهەم وتی ئێستا ئەولەویەتی ئەو بریتیە لە پەرەپێدانی وەبەرهێنانی ئەمریکی لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا."<br>د. بەهەم ڕونیشیکردەوە:" ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی پەیوەندیەکی پڕکێشەیان هەیە لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا."<br>هەروەها لە کۆتایی لێدوانەکەیدا د. بەرهەم وتی :"کوردستان وەکو کۆمەڵگایەکی موسوڵمان سوپاسی ئەمریکا دەکات و ئەوەی |

| | |
|---|---|
| In July, the KRG achieved one of its longtime objectives: the opening of a U.S. Consulate in the region's capital of Erbil. Mr. Salih said his priority now is to promote U.S. investment in the oil-rich region.<br>"America and the West in general have had a troubled relationship with the Muslim world," he said. "Kurdistan stands out as a Muslim community that is grateful to the United States, that appreciates what the Americans have done to give us a chance at building a functioning, free society, and this model should continue, should be enhanced, should be supported - not just for Kurdistan but for the rest of Iraq and for the rest of the region." | ئەمریکیەکان کردیان بۆ ئەوەی هەلێك بدەن بە ئێمە کۆمەڵگایەکی کاریگەر و ئازاد بنیات بنێین بەرزدەنرخێنین و ئەم مۆدیلە پێویستە بەردەوام بێت و پەرەی پێبدرێت و پشتگیری لێبکرێت نەك تەنها بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ ناوچەکانی تری عیراق و هەرێمەکە. |
| **Text 40** | |
| **ST** | **TT** |
| **British MP: UK-Kurdish Relations Based On Economic Interests**<br>***By ROZH AHMAD***<br><br>A British Labor Party leader claims that the UK will remain a friend of the Kurds only if it's in Britain's economic interests and that oil is driving much of the relationship.<br><br>John McDonnell, a renowned MP from the opposition Labor Party and chair of the Labor Representation Committee, told Rudaw that Britain's foreign policy "is determined overwhelmingly by its economic interests... It's important for the Kurdish people to recognize the crude self-interest that has motivated Britain's policy toward the Kurdish people."<br><br>"Britain will be a friend to the Kurds in certain areas if it suits this country's economic interests but will ignore or be apathetic to Kurdish demands if not," he added.<br><br>The British government's foreign policies have been warmly welcomed by the Kurdistan Regional Government (KRG) and some British officials have vowed to boost their country's relations with the Kurds. McDonnell, however, indicated he does not trust the British government's foreign policy toward Kurdistan, arguing that Britain is sympathetic to Kurds in Iraq primarily because of the region's natural resources.<br><br>"Consequently, the British government wants to cement a strong relationship with the Kurdish region of Iraq as it wishes to seize whatever access it can to the area's natural resources," McDonnell said.<br><br>He claimed Britain will ignore problems facing Kurds in Turkey and Iran, where the UK has fewer economic interests than it does in Iraq's Kurdistan region.<br>"The UK government doesn't see that it is in the UK's economic interests to address in any serious way the | **جۆن ماکدۆناڵ، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ (رووداو): بەریتانیا بەرژەوەندی لە کوردستانە بۆیە خۆی وەک هاوپەیمانی کوردستان پیشاندەدات**<br>**رۆژ ئەحمەد**<br>**رووداو – لەندەن**<br>جۆن ماکدۆناڵ، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا لە فراکسیۆنی پارتی کاری ئۆپۆزسیۆنی بەریتانیا بە (رووداو)ی راگەیاند بەریتانیا تاوەکو ئەوکاتە هاوپەیمانی کوردە کە بەرژەوەندیە ئابورییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا پارێزراوبن، ئەو بەرژەوەندیەش بە شێوەیەکی گشتی سامانی سرووشتییە، بە تایبەتی نەوت.<br>جۆن ماکدۆناڵ، کە پەرلەمانتارێکی ناسراوی بەریتانیایە، یەکێکە لەسەرکردەکانی پارتی کار و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمیتەی نوێنەرانی پارتی کارە لە بەریتانیا. ئەو بۆچوونی خۆی لەسەر پەیوەندی بەریتانیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (رووداو) باسکرد کە ئەو پەیوەندییە هەندێ جار زۆر پتەو دەردەکەوێ و گوتی "ستراتیژی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا  بە پێی بەرژەوەندی ئابوری ولاتەکە ئاڕاستە دەکرێت، بۆیە زۆر گرنگە کورد لەو بەرژەوەندییەی بەریتانیا ئاگادار بن کە لەم دواییانەدا ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی بە ریتانیای کردووە بەرامبەر بە کورد".<br>هەروەها گوتیشی ڕاستە بەریتانیا ئەمڕۆ خۆی وەک هاوپەیمانی کورد نیشاندەدات، بەڵام هەر داوایەکی کورد کە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابورییەکانی یەک نەگرێتەوە، بەریتانیا پشتگوێی دەجات "راستە بەریتانیا هاوپەیمانە لە  هەندێک لایەنەوە کە بەرژەوەندی ئابووری خۆی تێدا پارێزراوە، بەڵام بۆ داواکرییە گەورەکانی کورد زۆر تووندە و بە پێچەوانەی ئەو هاوپەیمانێتیەش بڕیار دەدات."<br>**جۆن ماکدۆناڵ: بەریتانیا باس لە چەوسانەوەی کورد لە تورکیا و ئێران ناکات**<br>بەریتانیا کە بە دروستکەری دەوڵەتی عێراق و لکێنەری باشووری کوردستان بە عێراقەوە دادەنرێ. کاتی خۆی ئەرکە ئەخلاقییەکانی خۆی بەرامبەر کورد بەجێنەهێنا کە کەوتە بەر چەوساندنەوەی ئەو دەوڵەتەی ئەو بە بێ خواستی خۆی پێیەوەی لکاند. بەڵام لەدوای راپەڕینی 1991ی کوردستانەوە سیاسەتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێگەی پێشوازی لێکردن بوون، هەنووکەش هەروایە. لەبەرامبەر چەندین بەرپرسی بەریتانی بەتایبەت بەرپرسانی پارتی پارێزگارانی باڵی راست داوای پەیوەندیەکی زیاتری بەریتانیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام ماکدۆناڵ، بەپێچەوانەی ئەوانەوە رایگەیاند کە بڕوا و متمانەی بەسیاسەتی دەرەوەی وولاتەکەی نیە. چونکە بە ڕای ئەو بەریتانیا بۆیە لەگەڵ "کوردی عێراق" خۆی وەک هاوخەمێک نیشاندەدات چونکە قازانج و بەرژەوەندی یابووری |

oppression of Kurds in Turkey or the attacks on Kurdish communities by Iran," he claimed.

Bermuda-based Gulf Keystone Petroleum was a key investor in the region's oil industry, but the recent entry of two more prominent UK based international companies, Afren and Petroceltic International, marked a new stage for UK-based companies exporting oil from Kurdistan.

Afren, an oil and natural gas company based in London that had focused on pan-African exploration and production, snagged a US$588.25 million deal in Kurdistan, while Dublin-based Petroceltic International won two production contracts with the US firm Hess Corp.

The Financial Times recently reported that the semi-autonomous Kurdistan region exports an average of 175,000 barrels of oil per day, and officials project the figure will rise to 200,000 barrels per day by the end of the year.

The UK's coalition government is headed by Prime Minister David Cameron of the Conservative Party which lobbies for increasing the British presence overseas.

During a two-day visit to northern England, Rudaw interviewed ordinary Britons about their government's relations with Kurdistan. Not many knew where Kurdistan is located, but immediately opposed their government's involvement in the region upon learning it was in Iraq.

Some were even confused over whether Britain was "fighting the Taliban" or "Islamic fundamentalism" in Kurdistan.

"It's because we do not hear much about these nations and small regions in our media. Perhaps they don't want us to know about what our government is doing over there," said Simon Taylor, a school teacher at a secondary school in Leeds, northwest England.

Taylor has a general knowledge of Kurdish history because he has two Kurdish students.

Taylor said he was "extremely" concerned with British involvement in Middle East, including the Kurdistan region.

"I really don't understand what we are doing over there. We didn't help the Kurds when they needed us most in the 1980s, so apart from oil, I cannot find any other reason why our politicians would now argue for Britain to get more involved. They should clean up the mess here," said Taylor, referring to last week's riots in England.

هەیە لە سامانی سروشتی ناوچەکەدا.

ماکدۆناڵ ڕایگەیاند "حکومەتی بەریتانیا دەرەنجام خوازیارە کە پەیوەندیەکی کۆنکرێتی و توندوتۆڵ لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا دروست بکات، بۆئەوەی تاوەکو پێی دەکرێت دەست بەسەر تەواوی سامانە سرووشتیەکانی ئەو هەرێمەدا بگرێت". گوتیشی هەر لەبەر پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەی خۆیەتی کە بەریتانیا کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک تورکیا و ئێران پشتگوێدەخات، چونکە لەو پارچانەی کوردستاندا هێندە قازانجی ئابووری نییە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەستیدەکەوێت.

بۆ پاڵپشتی لە بۆچوونەکانی خۆی، زیاتر گووتی" ئاخر بەریتانیا دەزانێ لە قازانج و بەرژەوەندی ئابووری ئەودا نییە بە هیچ شێوەیەک باس لە چەوسانەوەی کورد بکات لە تورکیا یان ئەو پێشێلکاریانەی لە ئێران لەسەر کورد هەن".

یەکێک لەسەرەکیترین کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتی بەریتانی لە هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن پێترۆلیۆم Gulf Keystone Petroleumە. بەڵام هاتنی دوو کۆمپانیای دیکەی نەوتی بەریتانی بۆ کوردستان کە لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا گرێبەستەکانیان ڕاگەیێندران، کۆمپانیای ئەفرێن کە بارەگای لە لەندەنە لەگەڵ کۆمپانیای پێترۆسێلتیک ئینتەرناشناڵ کە بارەگای لە ولاتی ئێرلەندایە، دیسانەوە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیایان لە هەرێمی کوردستاندا خستە ژێر پرسیارەوەو هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانیشیان لەلایەن کۆمپانیا بەریتانییەکانەوە بردە قۆناغێکی نوێوە.

کۆمپانیای ئەفرێنی بەریتانی، کە کۆمپاینیا نەوت و غازی سرووشتییە و لە ساڵی 2004 دا وەک کۆمپانیایەکی پان-ئەفریکایی بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت دامەزرێندرا، بڕی گرێبەستەکەی لە هەرێمی کوردستان کە مانگی رابردوو راگەیەندرا، 588.25 ملیۆن دۆلارە و کۆمپانیای پێترۆسێلتیک ئینتەرناشناڵیش لەگەڵ کۆمپانیای هێس کە کۆمپانیایەکی دیکەی نەوتی ئەمریکییە، دوو کۆنتراکتی بەرهەمهێنانی دیکەیان لە هەرێمی کوردستاندا بەدەستهێنا.

بەپێی ڕاپۆرتێکی هەفتەی ڕابردووی رۆژنامەی ئابووری نێوداری بەریتانی Financial Times, هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 175.000 بەرمیلە نەوت هەنارده دەکات، کە پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی ئەمساڵدا بگاتە 200.000 بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

لە حکومەتە هاوپەیمانەکەی ئەمڕۆی بەریتانیادا کە لەلایەن دەیڤد کامیرۆنی سەرۆکی پارتی پارێزگارانی باڵی ڕاستەوە سەرکردایەتی دەکرێت، بەپێچەوانەی پارتی کاری ئۆپۆزسیۆن، ئەوان بەردەوام دووپاتی بەشداریکردنی حکومەتەکەیان دەکەنەوە لە کاروباری وڵاتانی دەرەوەی بەریتانیادا.

**زۆربەی بەریتانییەکان:**

**نازانین هەرێمی کوردستان لە کوێیە**

لەسەردانێکی دوو ڕۆژەدا بۆ شوێنە گشتییەکان لە باکووری ئینگلتەرە، (رووداو) لەسەر شەقام و شوێنە قەرەباڵخەکاندا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەریتانیەکان ئەنجامدا لەبارەی کار و پەیوەندی حکومەتەکەیان لە هەرێمی کوردستاندا. خەلکانێکی زۆر تەنانەت نەیاندەزانی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە کوێی گۆی زەوییەوەش، بەلام کە وشەی عێراقیان دەبیست تێدەگەیشتن کە هەرێمەکە لە ناکووری عێراقە، هاووڵاتیانی بەریتانی ڕاستەوخۆ بۆچوونی خۆیان دژی هەر جۆرە بەشداریکردنێک یان هاوپەیمانێتیەکی حکومەتەکەیان دەردەبڕێ.

سایمۆن تەیلۆر، کە مامۆستای قوتابخانەیەکی دواناوەندییە لە شاری لیدس لە باکووری ڕۆژئاوای بەریتانیا بە (رووداو) ی گووت : "ئێمە لەسەر ئەم میللەتانە شتێکی ئەوتۆ نابیستین لە میدیاکانمانەوە، پێدەچێ نەیانەوێت ئێمە بزانین کە حکومەتەکەمان سەرقاڵی چییە". سایمۆن تەیلۆر زانیاریەکی گشتی هەبوو لەسەر کوردستان و مێژووی هەرێمەکە، کە خۆی گوتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وانە بە دوو قوتابی کورد دەڵێتەوە لە یەکێک لە پۆلەکانی

<table>
<tr><td></td><td>قوتابخانەکەیدا. گوتیشی کە ئەو زۆر دژی چوونە ناوەوەی حکومەتی وڵاتەکەیەتی لە هەموو ناوچەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.<br>"بەڕاستی نازانم ئێمە کارمان چییە لە هەرێمی کوردستان؟ ئەوان کە زۆر پێویستیان بە ئێمە بوو لەساڵانی هەشتاکاندا ئێمە یارمەتیمان نەدان، بۆیە نەوتی لێدەرچێت پێموانییە هیچ شتێکی دیکە هەبێت کە وا لەسیاسیەکانمان بکات داوای بەشداریکردنی زیاتر بکەن لە کاروبارەکانی هەرێمی کوردستاندا. ئەوان بابێن ئەو زبڵدانە پاکبکەنەوە کە لێرەیە."<br>سایمۆن مەبەستی لە زبڵدان تاڵان و ئاژاوەکانی دوو هەفتەی ڕابردوو بوو لە بەریتانیا، کە زۆربەی شارە گەورەکانی بەریتانیای گرتەوە و لە شارەکانی لەندەن، بێرمینگهام، مانچستەر و لیڤەرپوڵ ئاژاوەگێڕان فەرهودی زۆربەی دوکانە بەناوبانگەکانیان کرد و بارەگاکانی پۆلیس و شوێنەوارە مێژوویی و ئۆتۆمبێلی سەر شەقامەکانیشیان سووتاند. ئاژاوەگێڕەکان زۆرینەیان پێکهاتبوون لە گەنجانی بێکار و هەرزەکاری تەمەن ژێر هەژدەساڵ.</td></tr>
<tr><td colspan="2">Text 41</td></tr>
<tr><td>ST</td><td>TT</td></tr>
<tr><td>UK mission seeks to benefit from Iraq oil boom<br>By Kiran Stacey and Elizabeth Rigby<br>More than 70 businesses will travel to Iraq next week as part of a government-led trade delegation that will seek to capitalise on the oil and gas boom in the area.<br>Nadhim Zahawi, a Conservative backbencher, will take the delegation to Erbil, the capital of the Kurdistan region of Iraq, as part of a wider government effort to spur trade with Britain. The group will be in Iraq from October 22-25.<br>Mr Zahawi said: “This is certainly a market that could be very important for us. It has vast wealth, but requires vast work in terms of constructions, services and banking, areas the UK is particularly strong in.”<br>The trip forms part of a global drive launched by ministers on behalf of British companies. Foreign embassies have been told to focus mainly on promoting trade, and the prime minister has led several trade delegations since taking office. The Middle East is a particular focus, with David Cameron stopping at Abu Dhabi to foster business links there on the way back from a trip to Afghanistan soon after becoming prime minister.<br>The companies going to Iraq include a subsidiary of BP, Petrofac and other oil and gas services companies. British businesses are hoping to take advantage of a natural resources boom which has seen the Kurds double their oil output to almost 200,000 barrels a day.<br>The rush to take part in the delegation also shows companies are willing to overlook the disputes over contracts and payments that have recently marked the experience of many international businesses operating in the area.<br>UK Trade and Investment, the government body running the trip, has become concerned that British companies are not well-positioned to take advantage of the new revenues expected from Iraqi oil, with German, French and Chinese industry having made</td><td>هەفتەی داهاتوو 70 بازرگانی بەریتانی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن<br>شاندی بازرگانی بەریتانی دەیانەوێت قازانج لە نەوتی کوردستان بکەن<br>رووداو- لەندەن<br>هەفتەی داهاتوو شاندیکی بازرگانی حکومەتی بەریتانیا، کە بەنیازن هەلی گەشەپێدانەی بواری نەوت بقۆزنەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.<br><br>نازم زەهاوی، ئەندام پەرلەمانی بەریتانی لەسەر لیستی پارتی پارێزگارانی دەسەڵاتدار، سەرپەرشتی ئەو شاندە دەکات کە بڕیارە هەفتەی داهاتوو 2011/10/22 بگاتە شاری هەولێر، ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی بەریتانیاو هەرێمی کوردستان.<br><br>زەهاوی لەمبارەوە گوتی "ئەو کارە بازاڕێکە بۆ ئێمەو رەنگە زۆر گرنگ بێتو سامانێکی زۆری هەبێت، بەڵام پێویستی بەکاری زۆر هەیە لەرووی بنیاتنانو خزمەتگوزاریو سیستەمی بانكو ئەو بوارانەی کە بەریتانیا دەستێکی باڵای تێدا هەیە".<br><br>شاندە بەریتانییەکە لە 70 بازرگان پێکدێتو بڕیارە چوار ڕۆژ لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە، ئەو گەشتەی بازرگانەکان بەشێکە لە "هەڵمەتی جیهانی" کە لەلایەن بەرپرسانی بەریتانییەوە پشتگیری کراوە بۆ ناساندنی کۆمپانیا بەریتانییەکانو باڵیۆزخانەکانی بەریتانیاش ئاگادارکراونەتەوە کە زیاتر جەخت لەسەر بازرگانیکردن بکەنەوە.<br><br>لەوکاتەی هاتووەنەتە سەر دەسەڵات، دەیڤد کامیرۆنی سەرۆکی وەزیرانی بەریتانی سەرۆکایەتی چەندین شاندی بازرگانی کردووەو بەتایبەت بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.<br><br>یەکێك لەو کۆمپانیایانەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات کۆمپانیای Petrofac، کە یەکێکە لە کۆمپانیا بچووکەکانی سەر بە کۆمپانیای زەبەلاحی BP و لەگەڵ چەندین کۆمپانیای دیکەی خزمەتگوزاری نەوت و غاز، کۆمپانیاکانی بەریتانیا دەیانەوێت دەستیان بگات بەو گەشەپێدانەی هەرێمی کوردستان بەخۆییەوە بینیووە لەبواری سامانە سروشتییەکان، کە ئێستاکە بەرهەمی رۆژانەیان نزیکەی 200 هەزار بەرمیلە.</td></tr>
</table>

<table>
<tr><td>an earlier push to secure business there. Two years ago, only one British company attended the Erbil international trade fair.<br>In a sign of how important Kurdish students could also become to the UK economy, several universities are also attending, including Sheffield, Durham and Derby. They will be looking to take advantage of the scholarships being offered by the Kurdistan Regional Government, which helped 800 students come to the UK last year.<br>Mr Zahawi’s appointment to head the delegation comes only 16 months after his election as an MP and reinforces suggestions that ministers are increasingly willing to let junior MPs lead initiatives if they have particular experience to add. Mr Zahawi was born in Baghdad to parents of Kurdish origin.<br>Mr Zahawi said: “I think that more backbenchers with specialist expertise and an interest in particular countries to which we want to export could get involved.”</td><td>پەرۆشی بازرگانە بەریتانییەکانیش بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی ئەو شاندە، هێمایەکە کە کۆمپانیاکان ئامادەن گرنگی بەو ناکۆکییە نەدەن کە لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە.<br><br>دەستەی بازرگانیو سەرمایەگوزاری بەریتانی کە سەرپەرشتی شاندەکە دەکات، نیگەران بووە لەوەی کۆمپانیا بەریتانییەکان باشتر خۆیان ئامادەنەکردووە لەوەی ئەو گەشەپێدانەی نەوتی عێراقی بقۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیاکانی وڵاتانی ئەڵمانیاو فەڕەنساو چین لە پێش ئەوانەوە بوون لە پیشەسازی نەوت و غازدا، دوو ساڵ لەمەوپێش تەنیا یەك کۆمپانیای بەریتانی بەشداری لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر کردبوو.<br>لە هەنگاوێکی دیکەشدا، چەندین نوێنەری زانکۆکانی بەریتانیا ئەندامی ئەو شاندەن، بەمەبەستی راکێشانی خوێندکاری کورد بۆ زانکۆکانیان و ساڵی رابردوو نزیکەی 80 خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی بەریتانیا وەرگیران.<br>لە رۆژنامەی Financial Times-ی ئینگلیزی وەرگیراوە</td></tr>
<tr><td colspan="2">Text 42</td></tr>
<tr><td>ST</td><td>TT</td></tr>
<tr><td>Turkish media call for unity following quake<br><br>The BBC's Tim Willcox has been in one of the worst affected town's Ercis<br><br>Sunday's earthquake in south-eastern Turkey has prompted some newspaper commentators to urge the nation to seize the moment to embrace reconciliation between ethnic Turks and Kurds.<br>Turkey's long-running conflict with the Kurdish insurgent PKK has escalated in recent months, with a rash of deadly attacks against the army prompting it to pursue the rebels into northern Iraq.<br><br>Some commentators also criticise inadequate controls over building standards after the quake, near the city of Van, which caused many buildings to collapse and killed hundreds of people.<br><br>One paper highlights some improvements that have been made in Turkey's ability to deal with such catastrophes since the 1999 earthquakes in north-western Turkey, which together killed more than 17,000 people.<br><br>At least one writer warns of the certainty of a quake eventually hitting the country's biggest city Istanbul, where the death toll would likely be considerably higher than in Van.<br><br>Bulent Korucu in Zaman<br>The earthquake has shown once again that we can unite. The aid sent from every corner of the country cures first of all the wounds of the heart before curing the wounds in the arm. It cures both the senders and receivers.<br><br>Mehmet Ali Birand in Posta</td><td>دوای زەمین لەرزەکان میدیای تورکیا بانگەواز بۆ یەکڕیزی دەکات<br><br>زەمین لەرزەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستانی تورکیا  (چەند ڕۆژنامەنوسانیان هاندا داوا لە هاولاتیان بکەن ئەم لەساتە وەختە بەدەرفەت بزانن بۆ بەرقەرار کردنی ئاشتی لەنێوان هەردوو نەتەوەی تورک و کورددا.<br><br>ململانێی درێژخایەنی تورکیا لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە لە چەند مانگی ڕابردوودا پێی نایە قۆناغێکی دژوارەوە  دوای ئەوەی پەکەکە چەندین پەلاماری خوێناوی دژی سوپا ئەنجام دا و سوپای هاندا شوێن چەکدارەکان بکەوێت لە باکوری عێراق.<br><br>هەروەها هەندێ لە ڕۆژنامەنوسان ڕەخنە لە خراپی کۆنتڕۆڵی ستانداردی بیناسازی دەگرن دوای زەمین لەرزەکە لە نزیک شاری وان کە بووە هۆی داڕمانی چەندین باڵەخانە و گیان لەدەستدانی سەدان کەس.<br><br>یەکێ لە ڕۆژنامەکان باس لە بەرەو پێشچوونی تواناکانی تورکیا دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکان لە دوای زەمین لەرزەکانی باکوری ڕۆژئاوای تورکیا لە ساڵی 1999، کە هەردووک زەمین لەرزەکان بوونە هۆی گیان لەدەستدانی زیاتر لە 17،000 کەس.<br><br>یەکێ لە نوسەرەکان هۆشیاری دەدات لە ڕوودانی زەمین لەرزە لە ئەستەمبوڵی گەورەترین شاری تورکیا، کە پێدەچێت ببێتە هۆی گیان لەدەستدانی ڕێژەیەکی یەکجار زیاتر لەوەی لە (وان) ڕوویدا.<br><br>بوڵند کوڕوجو لە ڕۆژنامەی زەمان<br>زەمین لەرزەکە ئەوەی نیشاندا کە دەتوانین جارێکی تر یەکڕیز بین. ئەو هاوکاریانەی لە سەراپای وڵاتەوە نێردراون برینی دڵەکان سارێژ دەکەن بەرلەوەی برینی جەستەکان سارێژ بکەن، سارێژی ئەوانەی دەستی هاوکاری درێژ دەکەن وە ئەوانەش کە دەستی هاوکاریان بۆ درێژ دەکرێت.<br><br>ئەحمەد علی بیران لە ڕۆژنامەی پۆستە<br>ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەستی هاوکاری درێژ بکەین. کاتی ئەوە</td></tr>
</table>

<table>
<tr><td>Now we should extend our helping hand. Now we should embrace them [Kurdish citizens living in Van and vicinity] with compassion. We should show Turkish-Kurdish solidarity in times of trouble. We should act right now if we want to win the hearts of our brothers of Kurdish origin. We should defeat the PKK through this approach - this would be much more effective than weapons.<br><br>Taha Akyol in Hurriyet<br>Poor construction still seems to be our weakness. Buildings collapsed like houses of cards… The contractors who build them, the municipal officials who issue licences and the controlling engineers who sign them should be found, exposed and tried as a deterrent to others.<br><br>Mahmut Ovur in Sabah<br>The pain is the same for every earthquake. Much of our country lies on fault lines and unfortunately we do not do anything about it.<br><br>Gungor Mengi in Vatan<br>Scientists discuss the earthquake in Van, but they do not discuss the certainty that Istanbul will be hit by an earthquake. It could happen any moment now, or in 50 years. The sooner we act the more lives we will save.<br><br>Murat Yetkin in Radikal<br>We know from the Van earthquake that our institutional infrastructure has improved - but that the human factor is still a problem in terms of controls and the implementation of rules. This has caused a lot of deaths.<br><br>Fehmi Koru in Star<br>No matter how many precautions we take, we are unprotected against nature. We understand how weak and unprotected human beings are and how delicate the line between life and death is when nature revolts against us. Natural catastrophes also make us equal as they do not distinguish between the rich and the poor or the Turk and the Kurd.</td>
<td>هاتووه به سۆزەوه له ئامێزیان بگرین [ئەو هاوڵاتیه کوردانەی له وان و دەورو بەری دەژین]. پێویسته له کاته دژوارەکاندا هاریکاری نێوان تورک و کورد دەربکەوێت. دەبێت هەر ئێستا دەست بەکار بین، ئەگەر بمانەوێت دڵی برا کوردەکانمان ببەینەوە. پێویسته بەم شێوازە پەکەکه ببەزێنین چونکه ئەم شێوازە زۆر کاریگەرتره له چەک.<br><br>تەها ئاکیۆڵ له ڕۆژنامەی حوڕڕیەته<br>خراپی بیناسازی خاڵی لاوازی ئێمەیه. بیناکان وەک پولی دۆمینه دادەڕمان... بیناسازەکان که دروستیان کردوون، شارەوانی که مۆلەتی پیداون، ئەندازیارە سەرپەرشتیارەکان که واژوویان کردووه، دەبێت بدۆزرێنەوه و دادگایی بکرێن و بکرێن به پەند بۆ کەسانی تر.<br><br>مەحمود ئوڤور له ڕۆژنامەی سەباح<br>ئازاری هەموو زەمین لەرزەکان وەک یەکه. زۆربەی خاکی ولاتەکەمان له سەر هێڵێ بوومەلەرزەیه، بەڵام بەداخەوه هیچ هانگاوێک نانێین لەوبارەوە.<br><br>گونگۆر مەنگی له ڕۆژنامەی وەتەن<br>زاناکان مناقەشەی زەمین لەرزە دەکەن له شاری وان، بەلام باس لەوە ناکەن که به دڵنیاییەوه زەمین لەرزە ئەستەمبولیش دەهەژێنیت. ئەمەش له هەر لەحزەیەکد ڕووبدات ڕوودەدات، ئێستا بێت یان پاشی 50 ساڵی تر. تا زووتر دەست بەکار بین، کەمتر قوربانی لێدەکەوێتەوە.<br><br>موراد یەتکین له ڕۆژنامەی رادیکاڵ<br>له زەمین لەرزەکانی (وان) ەوه بۆمان دەرکەوت که پێکهاتەی ژێرخانمان بەرەو پێش چووه، بەڵام هێشتا هۆکاری مرۆیی کێشەیه لەڕووی کۆنتڕۆل کردن و جێ بەجێ کردنی یاساوە. هەر ئەمەش هۆکاری گیان لەدەستدانی زۆرێک له قوربانیەکان بوو.<br><br>فەهمی کۆڕو له ڕۆژنامەی ستار<br>هەر هۆکارێکی پێشوەخت بگرینه بەر ناتوانین پارێزراو بین له کارەساتی سروشتی. تێدەگەین که مرۆڤ چەندە لاوازە و پەردەی نیوان ژیان و مردنیش چەندە تەنکه ئەوکاتەی که سروشت لێمان یاخی دەبێت. کارەساتە سروشتیەکان یەکسانی له نێوانماندا بەرپادەکەن بەوەی جیاوزی ناکەن له نیوان دەوڵەمەند و هەژار یان تورک و کورد.<br>سەرچاوە: BBCوەرگێڕانی: صابر حسن</td></tr>
<tr><td colspan="2">Text 43</td></tr>
<tr><td>ST</td><td>TT</td></tr>
<tr><td>Michael Knight to Gulan: The Federal Government is fighting back against the distribution of power to the regions and to the province<br><br>Michael Knight is senior researcher in Washington Institute for Near East Policy and specialist on military affairs and security in Iraq, Iran, Yemen, and the Arab Gulf Countries. The Professor Knight visited Iraq and the Gulf countries continuously as being a Pentagon Consultant, and he was one of the team members since 1990 that collected information about Iraq, and he also studied the lessons the United</td>
<td>راوێژکاری پێنتاگۆن بۆ کاروباری عێراق بۆ گوڵان: حکومەتی ئێستای عێراق دەیەوێت هەرێمەکان و پارێزگاکان ئەو دەستەڵاتەیان نەبێت که دەستوور پێی داون<br><br>”مایکل نایت تۆژەری باڵایە له ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزيك و تايبەتمەندە لەسەر کاروباری سەربازی و ئاسایشی عێراق و ئێران و یەمەن و دەوڵەتانی عەرەبی له کەنداو. پرۆفیسۆر نایت وەك راوێژکاری پێنتاگۆن زۆر بەچڕی سەردانی عێراق و دەوڵەتانی کەنداوی کردووه و لەساڵی 1990ـەوە یەکێك بووه لەئەندامانی ئەو تیمەی زانیاری لەسەر عێراق کۆکردۆتەوە، هەروەها دیراسەتی لەسەر ئەو وانانه کردووه که ئەمریکا لەهەردوو پرۆسەی سەربازی دژی عێراق له ساڵانی 1990ـەوه تائێستا ئەنجامیداون، ئێستا</td></tr>
</table>

States conducted in both military processes against Iraq in 1990 and up to the day. The Professor Knight is currently at Washington Institute for Near East Policy and is one of the prominent researchers on Iraq. Regarding to the current situations of Iraq and the withdrawal of the US Forces, we have contacted the Professor Knight and addressed few questions about the topic described above, and he replied to our questions in an exclusive interview to Gulan Magazine as the following:

* The main problem of the Arabic and Islamic countries is the presence of dictatorship and oppressive authorities. These regimes have violated human rights and oppressed the minorities and other ethnic groups in their country. So, we would like to ask you; why still these dictatorship regimes are in power?
- Well, I want to start by Iraq, I think what we were seeing with Libya, Syria and Iran is that oppressive regimes are a lot more difficult to get rid of than what might appear. So you look at Tunisia and Egypt doesn't pretty fast but the other places are held on for a lot longer. So some of these regimes and Saddam Hussein's regime would have been similar are very difficult ….., remember 1991 we saw that in Iraq it shows that these regimes got a lot of rebellions, and in terms with the amount of the physical power like in bring to the streets they are military powers, considerable.

* Iraq, unlike the Arabic and Islamic countries, was supposed to step toward democracy after the toppling of Saddam Hussein's regime, but as we notice; the Iraqi government is becoming totalitarian and violates the fundamentals of democracy. So, in your view; if Iraqi government back off the democracy development process, what happens to the future of Iraq?
- Well Iraq has a great deal of promise, a great deal of potential, and the oil and gas are important, but the most important thing about Iraq is that it can be the first multi-cultural, multi-ethnic federal democracy in the Middle East, it can be a real deal. And that is why it is so important for us to continue gradually and persistently pushing the democracy agenda in Iraq. The West should never give up on the democratization in Iraq, because a democratic Iraq is more important than any the other countries put together really, I truly believe that, you can get a democratic Iraq in hopefully one day a democratic Iran, the region would be stable for long term potentially. So what we see in the moment in Iraq is that the government is still acts early stage of development, it might take a couple more cycles of elections, and a new generations of leaders coming to position, probably before healthy democracy can grow in Iraq, and I'm sad about that, it would have been nice if the 2010 elections could have both together a nationalist government the head of real

پرۆفیسۆر نایت لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك یەكێكە لە تۆژە دیارەكانی دۆسێی عێراق، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر نایت كرد و لەسەر ئەو پرسانە چەند پرسیارێكمان ئاراستەكرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە" .

*كێشەی سەرەكی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەكان بریتییە لە بوونی دیكتاتۆر و دەسەڵاتە سەركوتكارەكان، ئەم دەسەڵاتانە مافەكانی مرۆڤ و مافی كەمینەكان و گروپە ئیتنییەكانی دیكەیان وڵاتەكەیان پێشێلكردووە، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی هێشتا ئەم دیكتاتۆرانە لەدەسەڵاتدان؟

-من نامەوێت باسی عێراقی ئەمڕۆ بكەم، ئەگەر بەخێرایی باسی ئەم ئەم مەسەلەیە بكەین، ئەوا ئەوەی لە لیبیا، سوریا و ئێراندا دەبینین، ئەو ڕاستیەیە كە ڕزگاربوون لە ڕژێمە سەركوتكارەكان زۆر دژوار نییە وەك ئەوەی دەردەكەوێت، وەك لە میسریش بینیمان، بەڵام لە شوێنەكانی دیكەدا بۆ ماوەیەكی درێژتر خۆیان ڕاگرتووە. هەندێ لەم ڕژێمانە، كە رژێمی سەددام حوسینیش هاوشێوەی ئەم ڕژێمانە بوو، ڕزگاربوون لێیان زۆر زەحمەتە، بۆ نموونە ئێمە لە ڕاپەڕینی 1991 لە عێراق بینیمان ئەم ڕژێمانە بەرگریەكی زۆریان هەیە، هێزێكی زۆریان لەسەر شەقام بەكارهێنا، واتە هێزی سەربازی ئەم ڕژێمانە هێزێكی گەورە و بەرچاو بوو .
*بەڵام بە پێچەوانەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەكانەوە چاوەڕوان دەكرا دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، عێراق بەرەو دیموكراسی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام هەروەك سەرنج دەدەین حكومەتی عێراق خەریكە دەگەڕێتەوە بۆ تۆتالیتاریەت و بنەما بنەڕەتیەكانی دیموكراسی پێشێل دەكات و جێبەجێیان ناكات، پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر حكومەتی عێراق لە پەرەپێدانی دیموكراسی پاشگەزبووبێتەوە، ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەكات؟
-عێراق توانایەكی زۆری هەیە، ئەگەرێكی زۆری سەركەوتنی لەبەردەمدایە، نەوت و گازەكەشی گرنگن، بەڵام گرنگترین شت لەبارەی عێراقەوە، ئەوەیە دەكرێت ئەم وڵاتە ببێتە یەكەم وڵاتی فرەكەلتور و فرەئیتنی و دەوڵەتێكی فیدراڵی و دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەكرێت ئەمە دەستكەوتی ڕاستەقینە بێت، لەبەر ئەوە گرنگە هەنگاو بە هەنگاو و لێبڕاوانە بەردەوام بین لە جێبەجێكردنی بەرنامەیەكی دیموكراتیانە لە عێراقدا، نابێت هەرگیز ڕۆژئاوا كۆڵبدات لە پرۆسەی بە دیموكراتیكردن لە عێراقدا، پێموایە عێراقێكی دیموكراتی لە هەر وڵاتێكی دیكە گرنگترە، من بە ڕاستی باوەڕم بەوە هەیە، چونكە ئەگەر عێراقێكی دیموكراتت هەبێت، بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێك بێت ئێرانێكی دیموكراتمان هەبێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە لە مەودای دووردا ناوچەكە سەقامگیر بێت .
ئەوەی ئێستا لە عێراقدا دەیبینین ئەوەیە حكومەت بە ڕاستی لە قۆناغی سەرەتایی بەرەپێشچووندایە، كە ڕەنگە پێویستی بە چەند خولێكی دیكەی هەڵبژاردن هەبێت و نەوەگەلێكی دیكە و سەركردەگەلێكی نوێ بێنەپێشەوە، پێش ئەوەی دیموكراسیەكی تەندروست لە عێراقدا گەشە بكات. من دڵتەنگم لەبارەی ئەوەوە، بەڵام شتێكی باش دەبوو ئەگەر هەڵبژاردنیساڵی 2010 سەریبكێشایە بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی ناسیۆنالیستی كە بەرنامەیەكی ڕاستەقینەی هەبێت، بەڵام بە داخەوە ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییداین، پارتە سیاسییەكان هێشتا كامڵ و پێگەیشتوو نین، سیستمە سیاسییەكە، دادگای فیدراڵی و چوارچێوەی یاسایی پارتە سیاسییەكان هێشتا ناكامڵن بۆ ئەوەی خاوەنی دیموكراسیەكی تەندروست بن لە عێراقدا. لەلایەكی دیكەوە بە دڵنیاییەوە دۆخەكە باشترە بە بەراورد بە سەردەمی سەددام حوسێن، ئەویش لە ڕووی حكومڕانیكردنەوە، چونكە بەلای كەمەوە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەدا دیموكراسی لە

| **10.** | In Latin America, friends of the United States marvel at its **passivity** as Hugo Chavez | لە ئەمەریکای لاتین، دۆستەکانی ئەمەریکا سەریان سوڕماوە لە **سستی وەلاَمدانەوەی** ئەو وڵاتە **بەرامبەر** | In Latin America, friends of America are surprised at the country's **slowness in** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | and Daniel Ortega systematically crush civil society organizations and independent media. | **کردارەکانی** هۆگۆ چاڤێز و دانیێل ئۆرتیگا لە سەرکوتکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان و میدیای سەربەخۆ لە وڵاتەکانیاندا. | **responding to** Hugo Chavez and Daniel Ortega's **actions** to suppress civil society, the organizations and independent media in the country. |
| **11.** | Other experts note that Islam in some ways is more **pro-business** than other major religions | هەندێکی تر لە شارەزایان پێیان وایە کە ئیسلام زیاتر لە ئایینەکانی تر **شیاوە بۆ ئیش و کار و بازرگانی** (پرۆ-بیزنس). | Other experts note that Islam is more **convenient** than other religions **for work and business** (pro-business) |
| **12.** | …that mission is now generally regarded in Washington as, at best, a waste of American lives and resources, and at worst **a monumental folly**… | ... لە ئێستادا میشنەکە بەشێوەیەکی گشتی لە ئەمەریکا بە بەفیرۆدانی ژیان و سەرچاوەی ئەمەریکییەکان دەدرێتە قەڵەم، لەوەش خراپتر **بڕیارێکی گەورەی شێتانە**... | …that mission is now generally regarded in America as a waste of American lives and resources, worse than this **a madly big decision**… |
| **13.** | As former Bush administration **strategist** Meghan O'Sullivan recently wrote in The Post, Iraq has fallen well short of both American and Iraqi expectations. | هەروەکو **بەرپرسی** پێشوی **ستراتیژییەکانی** ئیدارەی بۆش بەم دواییانە لە واشنتن پۆست نوسیویەتی، عێراق لەچاوی پێشبینیەکانی ئەمەریکاو عێراقییەکانیشدا شکستی هێناوە. | As former **head of strategies** of Bush administration recently wrote in The Washington Post, Iraq has fallen short in the eyes of the American and Iraqis expectations. |
| **14.** | The quasi-civil war that raged five years ago is **dormant**, and Iraq's multiple sects manage their differences through democratic votes and sometimes excruciating but workable negotiations. | نیمچە شەڕەکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر **وەکو نوستو وایە**و هۆزەو تیرە جیاوازەکانی عێراق حوکمی جیاوازییەکانیان لەڕێگەی دەنگدانی دیموکراسی و هەندێك جاریش لەڕێگەی دانوستانی قورس و زەحمەتەوە. | The quasi-war that raged five years ago **looks asleep**, and Iraq's different tribes and clans manage their differences through democratic votes and sometimes through hard and difficult negotiations. |
| **15.** | That means there is an obligation to make sure that the government is **financing** only that which is necessary. | ئەوەش لێرەدا بەو مانایە دێت کە بەرپرسیارێتییەك هەیە کە هەوڵبدەی حکومەت تەنیا **پارە بداتە** شتە پێویستەکان. | That means there is a responsibility to try that the government **pays money** only for necessary things. |
| **16.** | The UK is a **springboard** for growth for companies from around the world. | بەڕیتانیا **جێگای دەستپێکردنی** گەشەسەندنە بۆ کۆمپانیاکانی جیهانی. | The UK is a **starting point** for growth for world companies. |
| **17.** | Our consultants and engineers have a global reputation for delivering **world-class** projects, as well as basic infrastructure needs, including schools, hospitals and health centres. | ڕاوێژکار و و ئەندازیارە بەریتانیەکان ناوبانگی جیهانیان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی بڕۆژەی **سەرکەوتوو ونایاب،** هەروەها بۆ گەیاندن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژێرخانی ئابووری وەك قوتابخانە، نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی. | Our consultants and engineers have a global fame for delivering **successful and excellent** projects, also to deliver and provide infrastructure needs, such as schools, hospitals and health centres. |
| **18.** | …Obama has succeeded in toppling one of the most **loathsome** creatures on the international stage. | ...سەرۆك ئۆباما سەرکەوت لە ڕووخاندنی یەکێك لەو بوونەوەرانەی **زۆرترین ڕقی لەخۆی کۆکردبووەوە** لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی. | …President Obama succeeded in toppling one of those creatures **stuffed with most hatred** on the international arena. |
| **19.** | Rhodes' **anti-doctrine** stance reflects an irony about the Obama presidency. | بۆ شایەتی، هەڵوێستی ڕۆدس، کە **دژ بە بەکارهێنانی عەقیدەیە** لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا جۆرێك لە موفارەقە نیشان دەدات سەبارەت بەسەرۆکایەتی ئۆباما، | As evidence, Rhodes' attitude, which is **against using doctrine** in the field of foreign policy manifests a difference about Obama presidency. |
| **20.** | His administration committed itself to downplaying the war on terror. Remember the effort to **rebrand** 9/11-style terrorist attacks as "man-caused disasters"? | لەم چوارچێوەیەدا ئیدارەی ئۆباما خۆی پابەندکرد بە سووککردنەوەی گرنگی بە جەنگی دژ بە تیرۆر "دەبێت لێرەدا ئەو هەوڵەمان لەبیربێت بۆ **گۆڕینی ناوی** هێرشە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبەر بە "کارەساتی دەستکردی مرۆڤەکان". | Obama administration committed itself to downplaying the war on terror, we should remember the effort to **change the name of** 9/11 terrorist attacks as "human-caused disasters"? |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **21.** | If you obliterate terrorists with a **drone**, you don't have the messy political question of how to arrest, jail, interrogate or prosecute them. | چونکە تۆ کاتێك تیرۆریستان لەناو دەبەیت لەڕێگەی کوشتنیان بە **فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان**، ئەوا لەهەمانکاتدا خۆت لەلایەنی سیاسی پەیوەست بەچۆنێتی دەستگیرکردنی ئەو تیرۆریستانە و زیندانیکردنیان و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا ڕزگاردەکەیت ئینجا چ جای سەپاندنی حوکم بەسەریان و ئیدانەکردنیان. | Because when you obliterate terrorists with a **pilotless plane**, you get yourself rid of the political question of how to arrest and jail these terrorists, and interrogate them, let alone judging and condemning them. |
| **22.** | **The venture**, which now educates some 500 Iraqi students on the American model, is a sign of Iraqi Kurdistan's evolution toward a modern, flourishing society. | **ئەو دەستپێکردنە تازە** (زانکۆی ئەمریکی) کە نزیکەی (٥٠٠) خوێندکار لەسەر شێوازی ئەمریکی پەروەردەدەکات، نیشانەی پەرەسەندنی کوردستانی عیراقە بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و گەشەکردوو... | **This new start** (the American University), which now educates some 500 Iraqi students on the American model, is a sign of Iraqi Kurdistan's evolution toward a modern, flourishing society… |
| **23.** | Beyond the university, Kurdistan is **booming**, with an estimated economic growth rate for next year predicted to be as high as 12 percent. | جگە لە زانکۆی ئەمریکی، ئابوری کوردستان لە **لوتکەی گەشەکردندایە** بەخێراییەک کە بۆ ساڵی داهاتوو بە بڕی نزیکەی لەسەدا ١٢ خەمڵێنراوە. | Beyond the American university, Kurdistan economy is **in top growth**, at a rate that for next year is estimated to be nearly 12 percent. |
| **24.** | And unlike your typical Mideast oil economy… Kurdistan boasts **robust** political pluralism. | جیاواز لە ئابوری نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست... کوردستان شانازی دەکات بە فرە حیزبییەکی **بەهێزو چالاک**. | Different from the Middle East oil economy… Kurdistan is proud of **strong and active** political pluralism. |
| **25.** | I favored a **more robust** and decisive intervention when Obama seemed to **dither**… | وام بەباش دەزانی دەستوەردانی ئەمریکا لەو وڵاتە بەشێوەیەکی **بەهێزتر و یەکلایکەرەوەتر** بوایە، لەبەرئەوەی ئۆباما **ڕاڕاو دوودڵ** دەردەکەوت... | I favored a **stronger and more decisive** American intervention in that country, because Obama seemed **worried and hesitant**… |
| **26.** | Tunisia was not growing as **vigorously** as Egypt… | پەرەسەندنی ئابووری تونسی هێندەی میسر **بەهێز و بەگوڕ نەبوو**. | Tunisian economy growth was not as **strong and energetic** and that of Egypt. |
| **27.** | Though their power-sharing **arrangement** can appear corrupt and **stifling** to anyone not a member… | بۆیە **ڕێکەوتنی هاوبەشی** نێوانیان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بەجۆرێک لە گەندەڵی و **کارێکی قێزەون** هەژمار دەکرێت لەلایەن هەرکەسێکەوە کە ئەندامی ئەوان نەبێت. | Though their power-sharing **mutual agreement** is considered a kind of corrupt and **disgusting action** by anyone not their member… |
| **28.** | …they neglect to mention that most of these reserves lie outside the Kurdistan region in areas… whose riches constitute a potential **casus belli** for both Baghdad and Erbil. | ...ئەوان ئەوە پشتگوێدەخەن باسی بکەن کە زۆربەی ئەم یەدەگە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانە... سامانەکانی خەریکە **دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێك** لەنێوان بەغدا و هەولێردا. | …the neglect to mention that most of this reserve is outside the Kurdistan region in some areas… whose wealth are about **to cause waging a war** between Baghdad and Hawler. |
| **29.** | The aid sent from every corner of the country cures first of all the wounds of the heart before curing the wounds in the arm. It cures both the **senders** and **receivers**. | ئەو هاوکاریانەی لە سەراپای وڵاتەوە نێردراون برینی دڵەکان سارێژ دەکەن بەرلەوەی برینی جەستەکان سارێژ بکەن، سارێژی **ئەوانەی دەستی هاوکاری درێژ دەکەن** وە **ئەوانەش کە دەستی هاوکاریان بۆ درێژ دەکرێت**. | **…wound in the body… it cures those who extend helping hand** as well as **those to whom the helping hand is extended**. |
| **30.** | Recent events have called into question the extent of freedom and democracy in the region, and highlighted the lengths to which the government is willing to go to suppress **negative press**. | ڕوداوەکانی ئەم دواییەش ئەو پرسیارەی هێنایە ئاراوە کە سنوری ئازادی و دیموکراسی لە هەرێمەکەدا چەندە و حکومەت تا چەند ئامادەیە بۆ کپکردنی ئەو میدیایانەی کە دژین. | Recent events have called into question the extent of freedom and democracy in the region, and highlighted the lengths to which the government is willing to go to suppress **the media which are against it (the government)**. |
| **31.** | Among the many articles on **car bombings**, political | لەنێوان بابەتە زۆرەکانی **تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکرا** و گرێ کوێرەی | Among the many articles on **the explosion of bomed car**, |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | stalemate and social instability, the larger story of personal and educational development in the country sometimes gets lost. | سیاسی و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی، زۆر لە چیرۆکی پێشکەوتنە تایبەتی و فێرکارییەکان لەوڵاتدا زۆرجار وندەبن. | political stalemate and social instability, the larger story of personal and educational development in the country sometimes gets lost. |
| **32.** | …we lacked the comprehensive **counter insurgency** strategy and sufficient forces needed to provide security to the Iraqi people. | ...ئێمە ستراتیجیەکی تەواو و هێزی پێویستمان نەبو **بۆ روبەروبونەوەی گرویە یاخیەکان** بۆ ئەوەی ئاسیشی عێراقیەکان دابین بکەین. | …we did not have a complete strategy and sufficient forces **to counter the rebellion groups** to provide security to the Iraqis. |
| **33.** | Had Mubarak made the speech promising not to **run again** last year rather than on Feb. 1, he would have been hailed as a reformer ushering his country into a new era. | ئەگەر موبارەك ساڵی پار بەڵێنی بدایە کە **خۆی بۆ سەرۆکایەتی وڵات هەڵنابژێرێت** باشتر نەبوو تا 1ی شوبات. ئەوکات ناوبراو وەك چاکساز لەهەموو لایەنێکەوە پێشوازی لێ دەکراو میسریشی بەرەو قۆناغێکی نوێ دەبرد، | If Mubarak promised last year that **he would not candidate himself for the country's presidency** rather than Feb. 1, he would have been hailed as a reformer ushering his country into a new era. |
| **34.** | …who embarked on an ambitious effort to restructure the Egyptian economy, lowering **taxes** and **tariffs**, eliminating regulations and reducing subsidies. | بەم هۆیەشەوە توانی دووبارە بونیادی ئابووری میسر دابڕژێتەوە و **باجی ناوخۆ** و **هێنانی شمەکی دەرەوە بۆ میسر** کەم بکاتەوە و هەموو یاسایەك کە لەم بارەیەوە بووبێ، هەڵوەشاندەوە. | …who embarked on an ambitious effort to restructure the Egyptian economy, lowering **internal taxes** and **[the taxes of] importing foreign goods to Egypt**, eliminating regulations and reducing subsidies. |
| **35.** | On the crucial question of **political succession**, Mubarak bitterly disappointed many Egyptians, including several in his Cabinet… | لەبارەی ئەو پرسیارە گرنگەی میسریەکانەوە کە تایبەتە بە **حوکمی سیاسی بنەماڵەوە**. پێشتر موبارەك میسریەکان و تەنانەت چەندین کەسی نێو کابینەکەشی نائومێد کرد... | On the Egyptian's crucial question of **family political ruling**, Mubarak has previously disappointed the Egyptians and even several people in his Cabinet… |
| **36.** | It would hardly be a **cure-all**, but were Israel to offer a deal that Palestinians accepted… | ئەمەش هەنگاو و سیاسەتێکە سەختە **هەموو بابەتەکان چارەسەر بکات**، بەڵام ئیسرائیل داوای گفتوگۆی لەگەڵ فەلەستین کردووە و فەلەستینیش قبوڵی کردووە... | This is a step and a policy which is hard **to solve all the issues**, but were Israel to offer a deal that Palestinians accepted… |
| **37.** | McDonnell, however, indicated he does not trust the British government's foreign policy toward Kurdistan, **arguing** that Britain is sympathetic to Kurds in Iraq primarily because of the region's natural resources. | بەڵام ماکدۆناڵ، بەپێچەوانەی ئەوانەوە رایگەیاند کە بڕوا و متمانەی بەسیاسەتی دەرەوەی ووڵاتەکەی نیە. **چونکە بە رای ئەو** بەریتانیا بۆیە لەگەڵ "کوردی عێراق" خۆی وەک هاوخەمێک نیساندەدات چونکە قازانج و بەرژەوەندی یابووری هەیە لە سامانی سروشتی ناوچەکەدا. | But McDonnell, in contrast to them, declared he does not believe and trust his country's foreign policy. Because **in his opinion** Britain seems sympathetic to Iraqi Kurds because of its benefit and interest in the region's natural resources. |
| **38.** | What many **casual** observers fail to understand, however, is that the KRG and Baghdad are not arguing over oil revenues. | هەرچۆنێك بێت، ئەو ڕاستیەی زۆرێك لەو چاودێرانەی **سەرنج و بایەخی پێویست نادەن** و تێیناگەن ئەوەیە مشتومڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر داهاتەکانی نەوت نییە. | Anyway, the fact [that] many observers **who do not pay important attention** and do not understand that the argument between KRG and Baghdad is not over oil revenues. |
| **39.** | Leaders in both administrations agree that all oil produced anywhere in Iraq, including Kurdistan, will be **marketed** through the national-level State Oil Marketing Organization… | سەرکردەکانی هەردوو حکومەتەکە کۆکن لەسەر ئەوەی لە هەر شوێنێك نەوت بەرهەم بهێنرێت، لە نێویاندا کوردستان، ئەوا لە ڕێی دەوڵەتەوە **ڕەوانەی بازارەکانی دەرەوە دەکرێت**... | Leaders in both administrations agree that the oil produced anywhere, including Kurdistan, will be **sent to the outside markets** through the state… |
| **40.** | Well Iraq has a great deal of | عێراق توانایەکی زۆری هەیە، **ئەگەرێکی** | Iraq has a great deal of |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | promise, a great deal of **potential**, and the oil and gas are important | زۆری **سەرکەوتنی** لەبەردەمدایە، نەوت و گازەکەشی گرنگن، | capacity, a great deal of **possibility of success**, and its oil and gas are important, |
| **41.** | …the presence of the US Troops in Iraq has helped stirrup the kind of nationalism and extremism that has given some of the terrorist groups **recruit**. | ...بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا دەکرێت ببێتەهۆی هەڵکشانی ناسیۆنالیزم و توندڕەوی، کە بۆتە هۆی ئەوەی بیانوو بداتە دەست هەندێ لە گروپە تیرۆریستییەکان **بۆ هێنانی خەڵك بۆ ناو ڕیزەکانیان**، | …the presence of the American soldiers in Iraq can cause rising the kind of nationalism and extremism that has given a pretext to some of the terrorist groups **to bring people to their side**. |
| **42.** | Kurds came under pressure to return Maliki to the **premiership** from the US, but once the US has left, the Kurds will have little incentive to return Maliki to office. | کوردەکان لەلایەن ئەمریکاوە دەکەونە ژێر فشارەوە بۆ گەڕاندنەوەی مالیکی بۆ **پۆستی سەرۆك وەزیران**، بەڵام هەر کاتێك ئەمریکا وڵاتەکەی جێهێشت، ئەوا کوردەکان گوشارێکی کەمیان لەسەر دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی مالیکی بۆ دەسەڵات. | Kurds will come under pressure from America to return Maliki to **the position of Prime Minister**, but once the America has left the country, the Kurds will have little pressure to return Maliki to power. |
| **43.** | Sulaimani is an extremely safe city, the **local population** is welcoming and respectful of our university, and my students are eager, willing participants. | سلێمانی شارێکی زۆر ئارامە، **خەڵکی ئەم شارە** پێشوازی دەکەن و ڕێزیان هەیە بۆ زانکۆکەمان و فێرخوازەکانیشم بەشداربووی بەپەرۆشن. | Sulaimani is an extremely safe city, **the people of this city** are welcoming and respectful of our university, and my students are eager, willing participants. |
| **44.** | Can the Arab world develop pluralistic, **consensual** politics, with regular rotations in power, where people can live as citizens and not feel that their tribe, sect or party has to rule or die? | ئایا جیهانی عەرەبی دەتوانێت سیاسەتی گشتگیر و **یەکتر قبوڵکردن** پەرەپێبدات، بەبونی پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ دەسەڵاتدا، کە تێیدا خەڵك وەکو هاوڵاتی بژین و هەست نەکەن کە هۆزەکەیان، تایەفەکەیان یان حیزبەکەیان دەبێت یان دەسەڵاتدار بێت یان بمرێت؟ | Can the Arab world develop comprehensive and **accepting-each-other** politics, with an appropriate relation in power, where people can live as citizens and not feel that their tribe, sect or party has to rule or die? |
| **45.** | Still, lasting peace in Sudan will demand **far more** than a credible referendum. | لەپاڵ ئەمەشدا ئاشتی هەمیشەیی لە سودان پێویستی بە **زۆر هەنگاوی زیاتر** لە ڕیفراندۆمێکی باوەڕپێکراو بە ئەنجامەکانی هەیە. | Besides, lasting peace in Sudan will demand **many more steps** than a referendum with credible outcomes. |
| **46.** | The pain and cost of that war are some of the reasons the United States and its allies have **sworn off** intervention in Syria... | ئازارو تێچوەکانی ئەم جەنگە هۆکارێگەلێکن کە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی **بریاریانداوە** دەستێوەردانی سەربازی لە سوریا **ئەنجام نەدەن**... | The pain and cost of that war are some of the reasons that America and its allies have **decided not to carry out** intervention in Syria... |
| **47.** | Downtown hotels are replacing their war-scarred facades, and **uniformed** street sweepers are cleaning the Green Zone… | هۆتێلەکانی ناوەندی شار سەرقاڵی چاکردنەوەی زیانەکانی شەڕدان، خاوێنکارەکانیش **بەجلی یەك ڕەنگەوە** سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی ناوچەی سەوزن... | Downtown hotels are occupied with repairing the war damages, and **wearing same colour clothes** street sweepers are occupied with cleaning the Green Zone.... |
| **48.** | To sum up, the young men and women I've had the pleasure to interact with so far at AUI-S are the perfect students. They're bright, cheerful, engaged, respectful, and **highly motivated**. | بەکورتی ئەو کوڕ و کچە گەنجانەی کە من ئەو خۆشحاڵیەم پێبڕاوە لە زانکۆی ئەمریکی لە عیراق - سلێمانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم، فێرخوازی پێرفێکتن. ئەوان دڵخۆشن، بەڕێزن و **بۆ خوێندن بەپەرۆشن** | To sum up, the young men and women I've had the pleasure to interact with so far at AUI-S are the perfect students. They're bright, cheerful, engaged, respectful, and **eager to learn**. |
| **49.** | …the revised law is now unlikely to be approved and the Baghdad oil and gas licensing round, **scheduled for** January 2012, has been postponed. | ...پێ ناچێت یاسای پێشنیازکراوی نەوت وگاز پەسەند بکرێت، وە خولی مۆڵەتپێدانی نەوت و گاز **کە بریاربوو** لە کانونی دووەمی 2012 دا ئەنجامبدرێت، دواخرا. | …the revised law is now unlikely to be approved and the Baghdad oil and gas licensing round **which was supposed to be** conducted **in** January 2012. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **50.** | The **surge** in Afghanistan barely appeased hawks, while his rhetoric about withdrawal barely pleased doves. | کاتێ ئۆباما ستراتیژییەتی **زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمریکای** لەئەفغانستان بڕیار لێدا "هەڵۆکان" ڕەزامەندییەکی کەمیان نیشاندا و کاتێك لە خیتابێکیدا باسی لە کشانەوەش کرد قەناعەتی بە باڵی کۆترەکان نەهێنا. | When Obama decided on **increasing American troops** strategy in Afghanistan the hawks showed little satisfaction, while his speech about withdrawal did not persuade the doves. |
| **51.** | A **visitor** to Erbil, particularly, would be struck by the current consumer and construction boom. | **هەر کەسێکی بیانی کە سەردانی** هەولێر**دەکات** بە تایبەت سەرسام دەبێت بەو پێشکەوتنەی بواری بنیادنان و خزمەتگوزاری. | **Any foreigner who visits** Erbil, particularly, would be surprised by the development in the field of construction and services. |
| **52.** | ...any **visitor** to the Kurdish region of Iraq will be impressed by the public investment, infrastructure projects and new businesses visible at every turn. | ...**هەر کەسێك سەردانی** هەرێمی کوردستانی عێراق **بکات** ئەوا کاریگەردەبێت بە وەبەرهێنانی گشتی و پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و ئەو بیزنسە نوێ یانەی لەهەموو لایەکەوە تێبینی دەکرێت. | …**anyone who visits** the Kurdistan Region of Iraq will be impressed by the public investment, infrastructure projects and new businesses visible at every turn. |
| **53.** | Western countries stand fecklessly by as Russia and China **veto** action by the U.N. Security Council. | وڵاتانی خۆراوا بێدەنگ وەستاون لە ئاست **بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ دژی** بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتوەکان لە لایەن روسیاو چینەوە. | Western countries stand fecklessly by as Russia and China **the use of the right of veto against** action by the U.N. Security Council. |
| **54.** | **Crucially**, no Mikhail Gorbachev exists among the great powers that support the Arab dictators. | **سەرەکیترین خاڵ** ئەوەیە کە هیچ میخائیل گۆرباچۆفێك لە نێوان پشتیوانانی دیکتاتۆرەکانی عەرەب لە ڕۆژئاوادا بەرچاو ناکەوێت. | **The most essential point** is that no Mikhail Gorbachev can be seen among the great powers that support the Arab dictators. |
| **55.** | The windfall allows Baghdad to imagine that it can begin to deliver electricity, water, **sanitation** and other services at levels not seen since 2003. | خاوبونەوەی ئەو گەردەلولە لە ناکاوە دەرفەتێك بۆ بەغداد دەڕەخسێنێت تاکو کارەبا، ئاو، **خزمەتگوزاری تەندروستی** و خزمەتگوزارییەکانی تر دابین بکات بەجۆرێك کە لە ساڵی 2003وە نەکرابێت. | The fall of the sudden whirlwind allows Baghdad to imagine that it can begin to deliver electricity, water, **health service** and other services at levels not seen since 2003. |
| **56.** | …Kurdistan Region is **entitled** to do so by itself and that the Kurds can take serious and necessary steps in that respect. | …هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 چاوەڕێی حکومەتی بەغدا بکات و خۆی ئەو **مافەی** هەیە و دەتوانێت هەنگاوی جددی و گرنگی بۆ هەڵبگرێت، | …Kurdistan Region never needs to wait for Baghdad's government to implement the Article 140, as it **has the right** and is can take serious and important steps. |
| **57.** | Senior national-security aides gathered around a **speakerphone** in the Oval Office to listen to the call. | ...سەرجەم بەرپرسانی ئاسایشی نەتەوەیی لە نووسینگە شێوە هێلکەییەکەی کۆشکی سپیدا خڕبوونەوە **تەلەفۆنەکەیان دابوو بە بڵندگۆ** و گوێیان لە قسەکانی موبارەك گرتبوو. | ...the entire national security officials gathered in the Oval-shaped Office of the White House **giving the call to loudspeaker** and listening to Mubarak's call. |
| **58.** | When the Pew Research Center **surveyed** the Arab world last April, it found that Egyptians have views that would strike the modern Western eye as extreme. | کاتێك ناوەندی توێژینەوەی پێو لەمانگی نیسانی پێشوودا **توێژینەوەیەکی** لەمەڕ وڵاتانی جیهانی عەرەب **ئەنجامدا**و بەو ئاکامە گەشت کە میسریەکان تێڕوانینیان وایە کە ڕۆژئاوای مۆدێرن وەکو توندڕەو وەسف دەکەن. | When the Pew Research Center **conducted a research** the Arab world last April, it found that Egyptians have views that would strike the modern Western eye as extreme. |
| **59.** | More than two-thirds of households **surveyed** in Bangladesh reported that domestic violence caused an average loss of $5 a month… | زیاترلە دوو لەسەر سێی ئەو خێزانانەی کە **لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە** لە بەنگلادیش دەریانخستوە کەوا توندوتیژی خێزانی بۆتە هۆی لەدەستدانی تێکڕای 5 دۆلار مانگانە.... | More than two-thirds of families **who have beed researched upon** about in Bangladesh reported that domestic violence caused an average loss of $5 a month… |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **60.** | The fact that his protest against local authorities helped set off a popular revolt has prompted commentators to ask whether the incidents in the other countries, although isolated, were **inspired** by the Tunisian event… | ئەم خۆكوژیەی "بوعەزیزی" كە بوو بە سەرچاوەی ڕاپەڕینی گشتی تونس چاودێرانی ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە كردۆتەوە، ئایا خۆسووتاندنەكانی وڵاتانی هاوسێش **بەهۆی كاریگەری** ئەم ڕووداوەوە بووە... | The self-immolation of Mohamed Bouazizi became the source of Tunsian popular upsrising made observers whether the self-immolations in the neighbouring countries were **because of the influence** of thesis event… |
| **61.** | Relying on their curious interpretation of the Constitution, Baghdad then **blacklisted** any companies willing to sign separate deals with authorities in Erbil. | بە پشبەستن بەتەفسیرە نائاساییەكەیان، بەغدا هەر كۆمپانیایەك **دەخاتە لیستی ڕەشەوە** كە ئامادەی ئیمزاكردنی گرێبەستێكی جیا بێت لەگەڵ دەسەڵاتەكانی هەولێردا. | Relying on their curious interpretation of the Constitution, Baghdad then **put** any companies **into blacklist** that is ready to sign separate deals with authorities in Erbil. |
| **62.** | What is most **encouraging** though is to see Kurds debating these issues freely. | بەڵام ئەوەی **جێگەی خۆشحاڵییە** ئەوەیە كە دەبینی كورد لەنێو خۆیاندا بەئازادی گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلانە دەكەن... | What is **a place of pleasure** though is to see Kurds debating these issues freely… |
| **63.** | He went on to urge other democracies: "Don't stand idly by, don't be silent, when dissidents elsewhere are imprisoned and **protestors** are beaten." | بە وڵاتە دیموكراسییەكانیشی ڕاگەیاند: "دەستەوەستان مەوەستن و بێ دەنگ مەبن كاتێك دەبینن چەوساوەكان لە هەرشوێنێك دەخرێنە بەندیخانەو **ئەوانەی دەنگی نارەزاییشیان بەرزدەكەنەوە** ئازار دەدرێن". | He went on to urge other democracies: "Don't stand idly by, don't be silent, when dissidents elsewhere are imprisoned and **those who raise their vioice** are beaten." |
| | **b. Optional paraphrase of lexical items** | | |
| **1.** | The Arab TV network Al Jazeera has a big team **covering** Israel today. | تۆڕی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە لەمڕۆدا خاوەنی تیمێكی گەورەیە كە **هەواڵ دەربارەی** ئیسرائیل **بڵاو دەكاتەوە**. | The Arab TV network Al Jazeera has a big team **reporting news about** Israel today. |
| **2.** | Since President Obama has been having a rough time lately, let me **belatedly** congratulate him on his apparently successful policy of regime change in Libya. | بەو پێیەی سەرۆك باراك ئۆباما بە باردۆخێكی قورسدا تێدەپەڕێت، ڕێگەم پێبدەن پیرۆزبایی لێبكەم" **هەرچەند ئەگەر دواش كەوتبم**" لەسەر سەركەوتنی سیاسەتەكەی بەگۆڕینی ڕژێم لەلیبیادا. | Since President Barak Obama is going through a situation, let me congratulate him, **even if I am late**, on his policy success by changing regime in Libya. |
| **3.** | That sounds like it is **cost free**. | ئەوەش پێدەچێ **هیچی تێنەچێ**... | This seems **it does not cost anything**. |
| **4.** | Turkey's long-running conflict with the Kurdish insurgent PKK has **escalated** in recent months, with a rash of deadly attacks against the army prompting it to pursue the rebels into northern Iraq. | ململانێی درێژخایەنی توركیا لەگەڵ چەكدارانی پەكەكە لە چەند مانگی ڕابردوودا **پێی نایە قۆناغێكی دژوارەوە** دوای ئەوەی پەكەكە چەندین پەلاماری خوێناوی دژی سوپا ئەنجام دا و سوپای هاندا شوێن چەكدارەكان بكەوێت لە باكوری عێراق. | Turkey's long-running conflict with the PKK armed men has **stepped into a difficult stage** in recent months, after PKK carried out several bloodly attacks against the army prompting it to pursue the armed men in northern Iraq. |
| **5.** | This is hardly surprising but is another reason why the APPG seeks **to raise** the profile of Kurdistan and to build stronger and deeper commercial, political and cultural links. | ئەمەش شتێكی چاوەڕوانكراوە هەر بۆیە گروپی پارتەكانی بەریتانیا هەوڵی داوە ناوی كوردستان **بە خەڵک بناسێنێ** و پەیوەندیەكی سیاسی، ئابووری، كولتووری قوڵ دروست بكات. | This is an expected thing that is why the APPG has tried **to introduce** the name of Kurdistan **to people** and build a deep political, economic and cultural relation. |
| **6.** | Those who fought and **died** in the mountains and on the plains will never be forgotten in Kurdistan. | ئەوانەی شەڕیان كرد و لە چیا و دەشتەكان **گیانیان بەخشی** هەرگیز لە كوردستان لەبیر ناكرێن. | Those who fought and **sacrificed their lives** in the mountains and on the plains will never be forgotten in Kurdistan. |
| **7.** | The companies going to Iraq include a **subsidiary** of BP, Petrofac… | یەكێك لەو كۆمپانیایانەی سەردانی هەرێمی كوردستان دەكات كۆمپانیای Petrofac، **كە یەكێكە لە كۆمپانیا بچووكەكانی سەر بە كۆمپانیای زەبەلاحی** BP... | One of the companies visiting the Kurdistan region is Petrofac company **which is one of the small companies belonging to BP huge** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | **company**… |
| **8.** | “It is a **desperate** political act but also a very effective one… | به وتەی دکتۆر بیگز: "ئەمە کارێکی سیاسی **سەرچاوە گرتووە لە بێ دەسەڵاتیەوە** و لە هەمانکاتیشدا زۆر کاریگەرە… | According to Dr Biggs, “this is a political act **resulted from powerlessness** but at the same time is very effective… |
| **9.** | Secular dictators have ruled these lands for decades and **ruthlessly** suppressed all political activity. | دیکتاتۆرە عەلمانیەکان وا بۆ چەندین دەیە دەچێت ئەم ناوچەیە بەڕێوەدەبەن و **بێ گوێدانە هیچ بەهایەك** هەموو چالاکیەکی سیاسی سەرکوت دەکەن. | Secular dictators have ruled these lands for decades and **regardless of any values** suppressed all political activity. |
| **10.** | You want your citizens to be rich and **prosperous**, so that they will have a significant stake in the wealth and prosperity of the state itself. | خواستی ئەوەتان هەبێت خەڵکی ئێوە دەوڵەمەندو **خاوەن سەروەت بن**، بەو شێوەیە بەرژەوەندیەکی گەورەیان دەبێت لە پاراستنی سەروەت و گەشەکردنی خودی دەوڵەتەکە. | You want your citizens to be rich and **to own wealth**, this way they will have a great interest in protecting the wealth and development of the state itself. |
| **11.** | The neighbors are middling in some ways, but I think their **influence** is overestimated… | دەوڵەتە دراوسێکان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستتێوەردان دەکەن، بەڵام پێموایە موبالەغە کراوە لە **تەقدیرکردنی ئەو دەستتێوەردانانەدا**… | The neighbours are intervening one way or another, but I think **the extent of the interference** is exaggerated… |
| **12.** | …because there was participation in the very beginning because there was giving and take because there was **compromise**. | …لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە بەشداری جەماوەری هەبوو، لەبەر ئەوەی بەخشین و وەرگرتن هەبوو، لەبەر ئەوەی **ڕازی بوون بە چارەسەری مامناوەند** هەبوو. | …because there was popular participation from the beginning, because there was giving and take because there was **agreement on a middle-way solution**. |
| **13.** | …they are not interested in **compromise**, and are more interested in imposing their will on the others and enforcing their agenda… | …بایەخ بە **گەیشتن بە ڕێگاچارەی مامناوەند** نادەن، بەڵکو بایەخ بە سەپاندنی ئیرادەی خۆیان دەدەن بەسەر ئەوانیدیکەدا، بە سەپاندنی ئەجێندای خۆیان… | …they are not interested in **arriving at a middle-way solution**, but are interested in imposing their will on the others and imposing their agenda… |
| **14.** | …there has been no really attempt for resolution, it has been more sort of putting things off, and maybe doing a little bit of minor **compromise** here and there… | …هەوڵی ڕاستەقینە نەدراوە بۆ چارەسەرکردن، ئەوەی هەیە بریتییە لە دواخستنی کێشەکان، ڕەنگە لێرە و لەوێ **گەیشتن بە چارەسەری مامناوەندی** لەسەر کێشەی بچووك بەدی بکرێت… | …there has been no really attempt for resolution, what is there is putting the problems off, maybe **arriving at middle-way solution** on minor problems is seen here and there... |
| **15.** | …including the disputed territories and the defense of its **autonomous** oil policy. | …لە نێویاندا ناوچەناکۆکیی لەسەرەکان و بەرگری کردن لە سیاسەتی نەوتی هەرێمەکە **کە سیاسەتێکی سەربەخۆیە**. | …including the disputed territories and the defence of its oil policy **which is an independent policy**. |
| **16.** | Here, too, the world is **watching**. | لێرەش جیهان **چاوی لەسەر ڕووداوەکانە** | Here, too, the world is **keeping an eye on the events**. |
| **17.** | The U.S. joined in the U.N. Security Council **authorization** of a “no-fly zone,” to be implemented by France, the U.K. and the U.S. | ویلایەتە یەکگرتووەکان چووەپاڵ **بڕیارەکەی** ئەنجومەنی ئاسایش **بۆ سەپاندنی** ناوچەی دژەفڕین بەسەر لیبیادا کە هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەڕەنسا سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکەن | The United States joined in the Security Council **decision to impose** a no-fly-zone on Libya that each of the United States, Britain and France supervise its implementation. |
| **18.** | …the KRG recognises that citizens **assess** the effectiveness of any government by how well it provides good public services. | …حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانێ کە هاووڵاتیان **دەتوانن بڕیار لەسەر ئاستی** سەرکەوتوویی هەر حکومەتێك **بدەن** بەوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تاوەکو چەند سەرکەوتووە. | …the KRG recognises that citizens **can decide on the level of** success of any government by how successful the deliverance of its services is. |
| **19.** | **With plans** to quadruple the country's oil revenues over the next five years, the central | **بە لەبەرچاوگرتنی پلانەکانی وڵات** بۆ فراوانکردنی داهاتەکانی نەوت لە پێنج ساڵی ئایندەدا، حکومەتی ناوەندی پێویستی | **Taking into consideration the country’s plans** to increase the country's oil revenues over |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | government needs a relatively stable Kirkuk -- and Iraq… | به کەرکوکێك و عێراقێکی هەندێك سەقامگیرهەیە… | the next five years, the central government needs a relatively stable Kirkuk and Iraq… |
| **20.** | But, these are questions that are most large nations have to **deal with**, they are unfamiliar problems in the Middle East. | بەڵام ئەمانە پرسیارگەلێکن کە دەبێت زۆرێك لە نەتەوە مەزنەکان **دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەن**، ئەمانە کێشەگەلێکن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشنا نین پێی. | But these are questions that are most large nations have to **soften their hands and fingers with**, they are unfamiliar problems in the Middle East. |
| **21.** | Article 112, then, seems to form the whole point of the argument. It comes in two parts, and since it's so **contentious**, I will quote the full passage: | کەواتە پێدەچێت، ماددەی 112، خاڵی مشتومڕەکە بێت. کە لە دوو بەشدا هاتووەو لەبەرئەوەی **مایەی مشتومڕە** ئەوا تەواوی دەقەکەی وەردەگرین: | Article 112, then, seems to form the point of the argument. It comes in two parts, and since **it is subject to discussion**, we will take the full quotation: |
| **22.** | On litter, that means providing bins and bin-liners in convenient places, **encouraging** people not to drop litter… | لەبارەی پاشماوە و خۆڵ و خاشاکیشەوە، دەبێ حکومەت تەنەکەی زبڵ لە شوێنە گونجاوەکان دابنێ و خەڵك **هۆشیار بکاتەوە** لەوەی پاشماوە فڕێنەدەن… | Regarding litter and waste, the government should provide dustbins in convenient places, and **raise the awareness** of people not to drop litter... |
| **23.** | For all their historic suffering, a series of developments may now be changing the fortune of the Kurds in **fundamental** ways. | لەبەر ئەو هەموو کۆژانانەی بەدرێژایی مێژوو چەشتویانە، زنجیرەیەك لە گۆڕانکاری ئێستا لەوانەیە **بەشێوازی گرنگ و پێویست** بەختی کوردەکان بگۆڕێت. | For all those pains they have suffered throughout history, a series of developments may now be changing the fortune of the Kurds in in **an important and necessary** way |
| **24.** | Protests, after all, are **bad for** business, and business is booming in Kurdistan. | چونکە خۆپیشاندان لەدوای هەموشت **کاریگەری خراپی** بۆ بازرگانی **دەبێت**. | Because demonstration after all **will have bad effect on** business. |
| **25.** | **Even** Obama's audacious decision not only to continue but massively expand the policy of targeted killings has an oddly cautious flavor to it. | **دەتوانین ئەوەش بڵێین** بڕیاری ئازایانەی ئۆباما بە بەردەوامبوونی پرۆسەی کوشتنی بەئامانج و کارکردن لەسەر چەسپاندنی ئەو پرۆسانە ڕاڕایی پێوە دیاربوو، | **We can also say** Obama's bold decision to continue the programme of targeted killings and work on pursuing these processes appears to be hesitant. |
| **26.** | …last year after nine Turks had been killed by Israeli commandos on the Turkish **aid ship** Mavi Marmara bound for Gaza… | …کوشتنی نۆ کەسی تورکی لە سەر **کەشتی** "ماڤی مەڕمەڕە" **کە یارمەتی بار کردبو** بۆ غەزە لە سەر دەستی کۆماندۆی ئیسرائیل "دەکرا بنەمایەك بێت بۆ جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل"… | …the killing of nine Turkish people last year on the Mavi Marmara **ship that carried aid** bound for Gaza at the hand of Israeli commandos "could be a ground for war" against Israel… |
| **27.** | Many Iraqi Kurds are **unwilling** to do menial tasks, and the government and industries are forced to import foreign workers…. | زۆربەی کوردەکانی عێراق **نایانەوێت** کار بکەن کە حکومەت و لایەنە پیشەسازیەکانی ناچار کردوە کە کرێکاری دەرەکی بێنن… | Many Iraqi Kurds **do not want** to do menial tasks, and the government and industries are forced to import foreign workers… |
| **28.** | In the end, the authorities won this round of the battle by creating scenarios that **allowed** for the violent, massive and repressive military crackdown… | لەکۆتاییشدا، دەسەڵات ئەم خولەی ململانێکەی بردەوە لەڕێی دروستکردنی چەند سیناریۆیەك کە **ڕێگەخۆشکەر بون** بۆ ئەنجامدانی سەرکوتکردنی بەرفراوانی سەربازی توندوتیژانە…. | In the end, authority won this round of the conflict by creating scenarios that **paved the way** for conducting violently massive military crackdown… |
| **29.** | Elsewhere, on security, we fight **together** in the same trench against terrorists. | لەلایەکی دیکەوە ئێمە هەردووکمان **شان بە شانی یەکتری** لە یەك سەنگەردا دژی تیرۆریزم شەڕ دەکەین. | On the other hand, we both fight **shoulder to shoulder** in the same trench against terrorism. |
| **30.** | The Kurds maintain a high degree of political and cultural autonomy **under** the Kurdistan | کوردەکان **لەژێر سایەی** حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە باکوری عێراق ئاستێکی بەرز لە سەربەخۆیی ڕامیاری و | **Under the shade of** [thanks to] the KRG, the Kurds maintain a high degree of |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Regional Government in the north of Iraq. | ڕۆشنبیری خۆیان پاراستووه. | political and cultural autonomy. |
| **31.** | Mr Erdogan said… he had seen "grounds for war" against Israel last year after nine Turks had been killed **by** Israeli commandos on the Turkish aid ship Mavi Marmara bound for Gaza… | ئەردۆگان گوتی کە پارساڵ لە کاتی کوشتنی نۆ کەسی تورکی لە سەر کەشتی "ماڤی مەڕمەڕە" کە یارمەتی بار کردبو بۆ غەزە **لە سەر دەستی** کۆماندۆی ئیسرائیل "دەکرا بنەمایەك بێت بۆ جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل"... | Erdogan said that the killing of nine Turkish people last year on the aid ship Mavi Marmara bound for Gaza **at the hand of** Israeli commandos "could be a ground for war" against Israel… |
| **32.** | Here, too, the world is **watching**. | لێرەش جیهان **چاوی لەسەر ڕووداوەکانە** | Here, too, the world is **keeping an eye on the events**. |
| **33.** | It has vast wealth, but requires vast work in terms of constructions, services and banking, areas the UK is particularly **strong in**. | .. سامانێکی زۆری هەبێت، بەڵام پێویستی بەکاری زۆر هەیە لەرووی بنیاتنانو خزمەتگوزاریو سیستەمی بانك و ئەو بوارانەی کە بەریتانیا **دەستێکی باڵای تێدا هەیە**. | It has vast wealth, but requires vast work in terms of constructions, services and banking system, areas the UK **has a high hand in [has expertise in]**. |
| **34.** | In the end, the authorities won this round of the battle by creating scenarios that **allowed** for the violent, massive and repressive military crackdown… | لەکۆتاییشدا، دەسەڵات ئەم خولەی ململانێکەی بردەوە لەڕێی دروستکردنی چەند سیناریۆیەك کە **ڕێگەخۆشکەر بون** بۆ ئەنجامدانی سەرکوتکردنی بەرفراوانی سەربازی توندوتیژانە.... | In the end, authority won this round of the conflict by creating scenarios that **paved the way** for conducting violently massive military crackdown… |
| | **2. Paraphrase of idioms and metaphors** | | |
| **1.** | So, what's it like for an American educator to work with Iraqi college students in the classroom? Well, to be honest, **they had me at "hello."** | لەبەرئەوە، وەکو چی وایە کە مامۆستایەکی ئەمریکی لەگەڵ فێرخوازانی کۆلێژ لە عیراق وانە بڵێتەوە؟ بەڵێ، لەڕاستیدا **لەسەرەتاوە خۆشیان ویستم**. | So, what's it like for an American educator to work with Iraqi college students in the classroom? Well, to be honest, **from the beginning they liked me**. |
| **2.** | Ultimately, it is about **keeping any enemies in the making close**; that is, have a foot in Baghdad, be aware of behind-the-scenes developments… | دواجار گرنگە **لە دوژمنەکان دورنەکەویتەوە**، واتا پێیەکت لە بەغداد قایم بکەیت و ئاگاداری گۆڕانکاریەکانی پشت پەردەبیت... | Ultimately it is important **not to get away from your enemy**, that is, have a foot in Baghdad, be aware of behind-the-scenes developments… |
| **3.** | Iraq's isolation disrupted that but we are now very much **back on course** | ئابلۆوقەکانی عێراق، ئەو پەیوەندیەیان پچڕاند، بەڵام ئێستاکە سەرلەنوێ **گەڕاوینەتەوە بۆ دۆخی ئاسایی** | Iraq's sanction disrupted that relation, but we are once again **back to the normal situation**... |
| **4.** | Frankly, **it scares the hell out of me**. But I have to tell you, for a teacher, it doesn't get any better than this. | بەڕاستی **ئەوە زۆر دەمترسێنێت**، بەڵام پێویستە پێتان بڵێم، ئەم ڕەوشە بۆ مامۆستایەك هیچ لەوە باشتر نابێت. | In fact, **that frightens me so much**, but I have to tell you for a teacher this situation does not get better. |
| **5.** | …politics is a dirty game as politicians tend to fight for their own agenda, marginalizing the people and **paying lip service to their demands**. | ...سیاسەت گەمەیەکی قێزەونە کاتێك سیاسەتمەداران دەجەنگن بۆ جێبەجێکردنی ئەجندای خۆیان، کە زۆربەی کات لەسەر حسابی کەنارخستنی (تهمیش) خەڵکییە و **ڕاگوزەر سەیرکردنی داواکارییەکانی خەڵکە**. | …politics is a dirty game as politicians fight for their own agenda, mostly at the expense of marginalizing the people and **overlooking people's demands**. |
| **6.** | Either they don't care that they are detracting from Kurdistan's natural beauty – shame on them – or they expect someone else to pick it up for them. Who? Of course, **the buck stops with the state**. | ئەوان ڕەنگە هیچ گرنگی بەوە نەدەن کە سرووشتی کوردستان ناشرین دەکەن و ئەوە مایەی شەرمەزارییە، یان چاوەڕێدەکەن کەسێکی دیکە بۆیان هەڵبگرێتەوە. کێ؟ بێگومان **حکومەت بەرپرسیارە**، | Either they don't care that they uglify Kurdistan's nature– shame on them – or they expect someone else to pick it up for them. Who? Of course, the **government is responsible**, |
| **7.** | The government includes **most everyone who is** | حکومەت **زۆرینەی لایەنەکانی** لەخۆگرتوە جگە لە ئەیاد عەلاوی | The government includes **most of the parties**, except |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | **anyone**, except former prime minister Ayad Allawi | سەرۆك وەزیری پێشو. | former prime minister Ayad Allawi |
| **8.** | Neither side trusts the other enough **to let them run the whole show**. | هیچ لایەك وەك پێویست متمانەی بە لایەنەكەی دیكە نییە **بۆ ئەوەی ئیدارەی تەواوی پرۆسەكە بكات**. | No side trusts the other side enough **to manage the whole process**. |
| **9.** | …the practice that said that it was OK to kill a member of your own family and **get away with it**, so-called ‘honor killings’ | …وەك ئەو پراكتزەی كە یەكێك لە ئەندامی خێزانەكەت بكوژیت و **سزاش نەدرێی**، یان “شەرەفكوژی” | …such as the practice that you kill a member of your own family and **you will not get punished**, or ‘honor killing’ |
| **10.** | Given the good security situation and the energy of its people, Kurdistan **finds itself in a position to road test** plans and projects on behalf of the rest of Iraq. | بە ڕەچاووگرتنی بارودۆخی باشی ئاسایش و بەتوانایی هاوولاتیانی ئەو هەرێمە، كوردستان **بووەتە سەرەتایەك بۆ ئەنجامدانی** پرۆژەكان و جێبەجێكردنی پلانەكان لە جیاتی تەواوی بەشەكانی تری عیراق. | Taking into consideration the good security situation and the energy of the region’s people, Kurdistan **has become a start to carry out** the projects and the plans on behalf of the rest of Iraq. |
| **11.** | The dozens of lucrative contracts it has signed with international oil companies still remain **in legal limbo**… | هێشتا ئەو دەیان گرێبەستەی حكومەتی هەرێم لەگەڵ كۆمپانیاكانی نەوتی جیهانیدا ئیمزای كردوون لەحاڵەتی **نیمچە یاسایدا** ماوەتەوە… | The dozens of lucrative contracts it has signed with international oil companies still remain **in semi-legal conditions**… |
| **12.** | "Yes, I mean people are arrested and **people should have due process**… | "بەڵێ، من مەبەستم ئەوەیە خەڵك دەست بەسەر كراوە و **پێویستە ئەوان بەپێی یاسا مافەكانیان پارێزراو بێت**… | Yes, I mean people are arrested and **their rights should be protected according to law**… |
| **13.** | They readily volunteer answers to complicated questions that come up in class, and they are not afraid to openly explore unfamiliar ideas and concepts, asking numerous questions **along the way**. | ئەوان بەخۆشحاڵیەوە وەڵامی ئەو پرسیارە ئاڵۆزانەی لەناوپۆلدا دەوروژێنرێت دەدەنەوە و ئەوان ناترسن بەكراوەیی لە بیرۆكە و چەمكی نەناسراو بكۆڵنەوە و پرسیاری زۆر **لە میانەی وانەكاندا دەكەن**. | They gladly answer the complicated questions that are raised in class and they are not afraid to openly explore unfamiliar ideas and concepts, asking numerous questions **during the course of the lessons**. |
| **14.** | He said foreign powers, such as the US, "**don't give a damn** about what happens here" because they want to portray Kurdistan as a stable democracy to justify the invasion of Iraq. | پێشی وایە هێزە دەرەكیەكانی وەكو ئەمەریكا **گرنگی نادەن** بەوەی چی رودەدات لە كوردستاندا چونكە ئەمەریكا دەیەوێت كوردستان وەكو هەرێمێكی ئارام پیشان بدەن وەك بەهانە هێنانەوەیەك بۆ داگیركردنی عێراق. | He believes foreign powers, such as America, **don't care** about what happens here" because America wants to show Kurdistan as a stable region as a pretexts for the invasion of Iraq. |
| **15.** | This follows on from the UK’s presence at last year’s event, which was the largest British business delegation to Iraq **in recent memory**. | ئەمەش بە بەشداری بەریتانیا دێت لە پێشانگای ساڵی رابردوو، كە گەورەترین شاندی بازرگانی بەریتانی بوو بۆ كوردستان **لەماوەی رابردوودا**. | This follows on from the UK’s participation at last year’s fair, which was the largest British business delegation to Iraq **in the past time**. |
| **16.** | As I never **bought the argument** that Saddam had nukes that had to be taken out… | لەبەرئەوەی من تائێستا **گفتوگۆی ئەوەم نەكردوە** كە سەدام وزەی ناوەكی هەبوبێت و پێویستە بدۆزرێتەوە… | As I haven’t so far **been engaged in the conversation** that Saddam had nuclear enegry that had to be found… |
| **17.** | But medical bills and legal costs, lost wages and lower productivity, health costs including an increased risk of HIV - these are things **on which we can put a price**. | بەڵام خەرجیە پزیشكی و یاساییەكان، لەدەستدانی داهات و كەم بونەوەی بەرهەم، خەرجیە تەندروستیەكانی وەك ئەوەی مەترسیەكانی ئایدز چەند شتێكن كە ئێمە دەتوانین **نرخەكانیان بەهەند وەر بگرین**. | But medical bills and legal costs, lost wages and lower productivity, health costs including an increased risk of HIV - these are things **we take into consideration**. |
| **18.** | ExxonMobil was the latest, and the biggest, **to dip a toe in the water**. | ئیكسۆن مۆبیل دواترین و گەورەترین كۆمپانیایە **كە بێتە هەرێمەكەوە**. | ExxonMobil is the latest, and the biggestcompany, **to come to the region**. |

| | | | |
|---|---|---|---|
